وەزارەتی
ڕۆشنبیری
٨٠

کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی

و

بەراوردکرنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا

(لێکۆلینەوەیەکی شیکاریی بەراوردە)

عەزیز گەردی

هەولێر ١٩٩٩

حکوومەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

وەزارەتی ڕۆشنبیری

ژمارە (٨٠)

کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی

و

بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا

(لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری بەراوردە)

عەزیز گەردی

هەولێر

١٩٩٩

- کێشی شیعری کلاسیکی کوردی
- (نامەی ماجستێر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٨/٦/١٩٩٤.
- عەزیز گەردی
- چاپی یەکەم: ١٩٩٩
- تیپچنینی نووسینگەی کۆمپیوتەری **زانیار** / عبدالمطلب طاهر محمدامین
- سەرپەرشتیاری چاپ / ئەیوب محمد
- دەرهێنانی هونەری: دڵشاد ئەکرەم.
- چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.
- ١٠٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانی (١٧٢) ی ١٩٩٩- هەولێر.

پێشکەشە

- بە گیانی پاکی هەموو شاعیرە کلاسیکییەکانمان کە ئەم نامەیە زادەی چمکێکی زۆر بچووکی شیعرەکانیانە.
- بەو مامۆستا و برادەرە دڵسۆزانەی، بە قسەی خێر و هەڵوێستی چاک، دەرگای خوێندنی باڵایان بۆ کردمەوە کە ساڵەهای ساڵ بوو بە ڕوومدا داخرابوو.

بۆ لەمەو دوا

نووسەر، هەر لە بارەی کێشناسییەوە، ئەم بەرهەمانەشی ئامادەن:

- کێشناسیی کوردی
- ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی
- فەرهەنگی کێش و سەروا

ناوەرۆک

بابەت: لاپەڕە

پێشەکی...٩

بەشی یەکەم: پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو باسانەی لە سەر کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی نووسراون..١٥

پەراوێزەکانی بەشی یەکەم..٥٥

بەشی دووەم: کێش و ڕیتم و بنەماکانی کێشی شیعری جیهانی................٦٥

١-کێش و ڕیتم:..٦٧

-شیعر و پەخشان ٦٧

-کێش..٦٧

-ڕیتم ٧١

-کێش و ڕیتم ٧٣

-کێشی شیعر و مۆسیقا ٧٥

-مۆسیقای ناوەوە و ڕیتمی دەروون..٧٧

-کێش و بابەتی شیعر..٧٨

-کێشی نەتەوایەتی ٨٢

٢-بنەماکانی کێشی شیعری جیهانی:..٨٤

-دەنگ و جۆرەکانی کێش...٨٤

-سیستەمی کێشی هەندێ لە نەتەوەکان.......................................٨٦

-کێشی شیعری یۆنانی و لاتینی...٨٦

-کێشی شیعری هیندی کۆن (سانسکریتی).....................................٨٧

-کێشی شیعری عەرەبی ٨٨

-کێشی چۆنێتیی زمانە جەرمەنییەکان...٨٩

-کێشی شیعری چینی...٩١

-کێشی شیعری فەرەنسی..٩٢

-کێشی زمانە ئێرانییەکان...٩٣

-کێشی شیعری کوردی ٩٤

پەراوێزەکانی بەشی دووەم..٩٦

بەشی سێیەم: پوختەی زانستی عەرووز.......................................١٠٢

*ڕۆشنایی:...١٠٥

*تیپی وەستاو و تیپی بزواو ۱۰۷
*بنەڕەتەکان ۱۰۹
*پێیەکان: ۱۱۱
*کێشەکان..۱۱۵
*بازنەکان..۱۱۷
*گۆڕانی پێیەکان: ۱۲۲
پەراوێزەکانی بەشی سێیەم..۱۳۱
بەشی چوارەم: کێشی شیعری کلاسیکی کوردی:..۱۳۵
*کێشە باوەکان:..۱۳۸
١-کێشی هەزەج ۱۳۸
٢-کێشی ڕەجەز..۱۵۳
٣-کێشی ڕەمەل ۱۵۹
٤-کێشی سەریع..۱۷۲
٥-کێشی خەفیف ۱۷۵
٦-کێشی موزاریع..۱۸۳
٧-کێشی موجتەس..۱۹۲
٨-کێشی موتەقاریب..۲۰۱
٩-کێشی بەسیت..۲۰۶
کێشە باوەکان و ژمارەی بڕگەی قالبەکانیان..۲۱۰
*کێشە کەم بەکارهاتووەکان:..۲۱۳
١-کێشی کامیل..۲۱۳
٢-کێشی تەویل..۲۱٤
٣-کێشی موتەدارەك ۲۱۷
٤-کێشی مونسەریح..۲۱۸
٥-کێشی موقتەزەب..۲۱۸
٦-کێشی مەدید..۲۱۹
٧-کێشی وافیر..۲۲۰
پەراوێزەکانی بەشی چوارەم..۲۲۲
بەشی پێنجەم: هەندێ لایەنی تری عەرووزی
لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ۲۲۳

١-تێکەڵ کردنی کێشەکان:... ٢٣٥
-شێوەی تێکەڵ کردنی کێشەکان.. ٢٣٥
-جۆری کێشە تێکەڵ کراوەکان.. ٢٣٦
٢-موستەزاد:.. ٢٤٤
-بابەت و هۆی بەکار هێنانی موستەزاد...................................... ٢٤٨
-سیستەمی زیادکرنی تیکەکان... ٢٤٩
-کێشی موستەزاد... ٢٥١
٣-موەششەح:.. ٢٥٤
-کێشی موەششەح... ٢٥٥
-بنیاتی موەششەح.. ٢٥٦
-موەششەح لە شیعری فارسیدا.. ٢٥٧
-موەششەح لە شیعری کوردیدا.. ٢٥٨
-کێشی موەششەح لە کوردیدا.. ٢٦٠
٤-چوارین:.. ٢٦٣
-کێشی ڕوباعی.. ٢٦٤
-چوارین لە شیعری عەرەبیدا.. ٢٦٦
-چوارین لە کوردیدا.. ٢٦٧
-نموونەی کێشە عەروزیەکانی چوارین لە کوردیدا ٢٦٩
٥-کێشی عەروزی شیعری زاری گۆرانی.. ٢٧٤
پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم.. ٢٧٨

بەشی شەشەم: بەراوردکردنی کێشی شیعری

کلاسیکی کوردی لەگەڵ عەروزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا........ ٢٨٦
*گەلاڵە بوون و چەسپانی کێشی شیعری عەرەبی و فارسی و کوردی ٢٨٦
-سەرهەڵدانی شیعری عەرەبی و چەسپانی کێشەکانی............................ ٢٨٦
-سەرەتای شیعری فارسی و کێشەکانی...................................... ٢٨٨
-سەرەتای شیعری کوردی و کێشەکانی...................................... ٢٩٠
*کێشی عەروزی لە نێوان عەرەبی و کوردی و فارسیدا:........................ ٢٩٢
-عەروز لە نێوان عەرەبی و فارسیدا ٢٩٢
-عەروز لە نێوان فارسی و کوردیدا ٢٩٤
*بەراوردکرنی بنەماکانی کێشی شیعری عەرەبی و فارسی و کوردی ٢٩٥

١-دەنگ.. ٢٩٥
٢-برگە.. ٢٩٦
٣-پێ.. ٢٩٧
٤-زیحاف و عیللە ٢٩٨
٥-دێرە شیعر.. ٢٩٩
٦-قالبەکێشەکان.. ٣٠١
*بەراوردکردنی کێشە عەروزییەکانی کوردی لەگەڵ عەرەبی و فارسیدا..... ٣٠٢
١-کێشی هەزەج ٣٠٢
٢-کێشی ڕەجەز.. ٣٠٧
٣-کێشی ڕەمەل ٣٠٩
٤-کێشی سەریع.. ٣١٥
٥-کێشی خەفیف.. ٣١٧
٦-کێشی موزاریع.. ٣١٩
٧-کێشی موجتەس.. ٣٢٢
٨-کێشی موتەقاریب.. ٣٢٤
٩-کێشی بەسیت.. ٣٢٦
ئەنجام ٣٣٥
بیبلۆگرافیا.. ٣٣٩
ملخص البحث.. ٣٤٩
ABSTRACT.. ٣٥٠

پێشەکی

بابەتی نامەکە:

کۆنترین بەرهەمی ئەدەبی کە تا ئێستا لای هەموو نەتەوەکان مابێتەوە ئەوەیە کە لە قالبی شیعر داڕژاوە. یەکەم سەرهەڵدانی شیعر لەگەڵ گۆرانی و جوولەی لەش (سەما)پێکەوە هاتوون، جا ئەمەیان چ لە ویردی ئایینە کۆنەکان چەکەرەی کردبێ و چ لە کاتی ڕایی کردنی کاری ڕۆژانە دروست بووبێ. هەرچۆن بێ شیعر لە پەخشانی نووسراو کۆنترە و لەگەڵ جیاوازییەکانی تری شیعر و پەخشان، کێش و ڕیتم نیشانەیەکی سەرەکی و جیاکەرەوەی شیعر پێک دێنن. ئەگەرچی ڕیتم لە پەخشانیشدا هەیە، بەلام ڕیتمی پەخشان جیایە لە ڕیتمی شیعر، کەچی کێش تایبەتە بە شیعر و لە پەخشاندا بەرچاو ناکەوێ. کێش و ڕیتم لە شیعر بکەوە، شیعر دەبێ بە پەخشانێکی هونەری و بەس.

هەر زمانێك بە پێی تایبەتی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی خۆی، جۆرە کێشێکی تایبەتی هەیە، یان بنەمایەکی تایبەتی هەیەکێشەکانی لە سەر بنیات نراوە. کوردیش هەر لە کۆنەوە خاوەنی شارستانێتی خۆی و بەرهەمی فیکری و شیعری خۆی بووە. بەلام ئەوەندە هەیە شیعرەکەی، یان نەنووسراوەتەوە، یان نووسراوەتەوە، بەلام بەرزەبری ڕۆژگاری ناهەموارە کەوتووە و لە ناو چووە.

شیعری کۆنی کوردی بریتی بووە لە شیعری میللی ناوخەڵك، کە وەکو بەستە و گۆرانی بە سەرزاری خەڵکەوە بووە و لە کات و شوێنی خۆی بە شێوەی تایبەتی خۆی چڕاوە. ئەم جۆرە شیعرە هەر لە کۆنەوە تا ئێستا بە بێ پسانەوە بەردەوامی خۆی پاراستووە، بەلام ئەوەندە هەیە درەنگ‌دەست بە تۆمار کردنی کراوە. بۆیە لە پێش ئیسلامدا، بەڵگەیەکی پتەو و جێگەی بڕوامان نییە بۆ شیعری کوردی تا بزانین کێشەکەی چۆن بووە و لە سەر چ بناغەیەکەوە دروست بووە. هەندێ کەس باسی چوارینەکانی بۆرابۆزۆ ئەو شیعرەی بە هەورامی باسی شپرزە بوونی کوردی شارەزوور دەکا لە کاتی هاتنی لەشکری عەرەبی ئیسلامی و پارچە شیعرێکی بابا ڕوخی هەمزانی دەکەن، بەلام ئەمانە هیچێکیان بەڵگەی زانستی نییە بوونەکەیان بسەلمێنێ، زیاتر لەوە دەچێ کە

هەڵبەستراو(منتحل) بن.لە لایەکی تریشەوە هەندێ توژەرەوەهەوڵی ئەوە دەدەن کە زمانی ئێستای کوردی ببەنەوە سەر ئەڤیستا و ئەڤیستا بە بنچینەی زمانی کوردی دابنێن، ئەو زمانەی کە براون دەڵێ لەگەڵ پارسی کۆن وەك دایك و کیژ نەبوون بەڵکو وەکو جووتە خوشك وا بوون، بەلام ئەم بردنەوە سەر یەکە هەروا بە ئاسانی نایەتەدی، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی فیولۆجی و ئیتیمۆلۆجی و زانستانە هەیە، بۆیە ئەمیش هەر بە گریمانە دەمێنێتەوە، لای کەم بۆ ئێستا. جا دوا ڕۆژ لێکۆلینەوەی مێژوویی و زمانەوانی چی دەردەخا، ئەمە شتێکی ترە.

پاش بلاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ناو کورد و فارس و نەتەوە نا عەرەبەکانی تردا، هەم ئیسلام زۆر لایەنی شارستانێتی و ڕۆحی و فیکری ئەو نەتەوانەی گۆڕی، هەم ئەوانیش تا چەند سەدەیەك هەرخەریکی خزمەت کردنی ئایینی زمانی ئیسلام بوون کە عەرەبییە و زمان و ژیاریی نەتەوایەتی خۆیان، هەرهیچ نەبێ بەش بە حاڵی نووسین و تۆمارکردن، پشت گوێ خست.

یەکەم شاعیری کورد پاش ئیسلام کە بەرهەمێکی زۆری هەبێ و جێگایەکی دیار و پایەیەکی ئەدەبی و ئایینی بەرزی هەبێباباتاهیری هەمەدانییە کە لە سەدەی دەیەم و یازدەم(٩٣٥-١٠١٠) ژیاوە، پاش ئەویش مەلا پەرێشان و ئینجا مەلای جزیری و....

سەرهەڵدانی شیعری تۆمارکراوی کوردی پاش ئیسلام، لە بواری کێشەوە دوو ڕێچکەی گرتووە

-یەکەم: ئەو شیعرانەی بە کێشی خۆماڵی و لە سەر بنەڕەتی ژمارەی بڕگە داندراون، ئەمە سەراپای شیعری فۆلکلۆری کۆن و نوێ دەگرێتەوە لەگەڵ سەر لەبەری شیعری زاری گۆرانی"هەورامی"(جگە لە چەند پارچە هەڵبەستێکی شێخ شەهابەدین و صەیدی هەورامی)، ئەمەیان یەك تاقە کێشی بڕگەیی تێدا بەکار هاتووە کە کێشی دەییە(٥+٥)، لەگەڵ شیعری نوێی کوردی کەپاش جەنگی یەکەمی جیهانی ،لەگەڵ بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتی ناو گەلانی ڕۆژهەلات و لە ژێر کاریگەری بزووتنەوەی نوێخوازی شیعری تورکی و گەڕانەوەیان بۆ کێشی میللی و فۆلکلۆری، سەری هەڵدا.

دووەم: ئەو شیعرانەی کە بە کێشی عەرووزی دەست کاری کراو نووسراون.

هەر لە کۆنەوە کاریگەری ئەو عەرووزە لە ڕێگای ئەدەبی فارسییەوە هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردی. هەرچەندە کێشی عەرووزی بە پێچەوانەی کێشی کوردیی خۆماڵی لە سەر بنەڕەتی چەندیی بڕگە(واتە کورت و درێژی بڕگە)دروست بووە. لەم دوو جۆرە کێشەدا، ئێمە لەم نامەیەدا لە جۆری دووەم دەکۆڵینەوە و مەبەستمان بە کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی ئەو کێشە عەرووزییانەیە کە شاعیرانی کورد شیعریان پێ داناوە. ئەو کێشە عەرووزییانەی لەگەڵ هاتنی ئیسلام (بابا تاهیری هەمەدانی)هاتنە ناو شیعری کوردی و لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی وردە وردە کشانەوە و جێیان بۆ کێشی خۆماڵی چۆڵ کردەوە، واتە وەکو دەخیل ماوەی هەزار ساڵێك بە شیعری کوردییەوە جەڕان و لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نوێخوازی شیعری کوردی وازیان لێ هێنرا.

<u>هۆی هەڵبژارنی ئەم بابەتە بۆ ئەم ئەگەرانە دەگەڕێتەوە:</u>

-کێشی عەرووزی پانتاییەکی فراوانی لە کێشی شیعری کوردی داگرتووە. هەرچەندە ئەم کێشە عەرووزییانە ئێستا ڕەت کراونەتەوە و زۆر کەم بەکار دێن، ئەویش لە لایەن ئەوانەی کە ڕۆشنبیرییان بە زۆری عەرەبی ئیسلامییە و زەوقیشیان لە شیعری کلاسیکی بە عەرووز نووسراو تێ نەپەڕیوە و کێشی نوێ نایانبزوێنێ، بەلام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم لایەنە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی فراوان هەیە بۆ ساغ کردنەوەی ئەو کێشە عەرووزییانەی بە زۆری لە کوردیدا بەکار هاتوون و ئەوانەی کەم و بە دەگمەن بەکار هاتوون.

-کێشی شیعری کلاسیکی(کێشی عەرووزی) پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی فراوان هەیە کە پشکنینی زۆربەی شیعری کلاسیکی بگرێتەوە و لە بەر ڕۆشنایی ئەم پشکنینە فراوانەدا ئەو کێشانە دەست نیشان بکرێن کە زۆر بەکار هاتوون و ئەوانەیش کە کەم بەکار هاتوون، یان هەر بەکار نەهاتوون، لەگەڵ دیارکردنی زیحاف و عیللەکانی هەر کێشێك لە کوردیدا، هەروەها دۆزینەوەی ئەو قالبە کێشانەی کە لە ئەفراندنی(ابداع)شاعیرانی کوردن و لە عەرەبی و فارسیدا بەکار نەهاتوون.

-شارەزایی پەیدا کردن لە بارەی کێشە عەرووزییەکانی کوردی یارمەتیمان دەدا بۆ ئەوەی بتوانین بە سەر ساغ کردنەوەی شیعری کلاسیکیدا زاڵ بین و

دەستنووسی کۆنی شیعری کلاسیکی بە دروستی و بێ هەڵە و کەم و کورتی بڵاو بکەینەوە.

-ئاگاداربوونی کێشە عەروزییەکانی کوردی دەبێ بە ڕێنماییەك بۆ دۆزینەوەی هەر هەڵە و ناتەواوییەك کە لە ساغ کردنەوە و بڵاو کردنەوەی شیعری کلاسیکیدا کرابێ. زانستی عەروز وەکو ئامێرێکی ورد ئەو پێ (تفعیلە)یەمان بۆ دیار دەکا کە هەڵەی تێدا کراوە و ڕادەی هەڵەکەیش دەست نیشان دەکا، جا چ لە ژمارەی برگەکانی پێیەکە دابێ و چ لە جۆری برگەکان. ئەوەی شارەزای زانستی عەروز بێ و بە وردی بە دیوانە کوردییەکاندا بچێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە تاك و تووك نەبێ کە عەروززان کردوویانە، ئەوانەی تر هیچیان لە هەڵەی زەق و پەڵەی نەشاز بەدەر نین، بگرە دیوانی وا هەیە دەبێ دووبارە ساغ بکرێتەوە و بڵاوبکرێتەوە.

-تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی عەروزی وا لە کوردیدا نییە کە زۆربەی شیعری کلاسیکی گرتبێتەوە. ئەوەی کراوە بریتییە لە چەند باس و لێکۆڵینەوەیەکی کورت و یەك لایی و پچڕ پچڕ کە زۆر جار لە شێوەی وتار و کەمتر لە شێوەی نامیلکە و جار و باریش لە دوو توێی باسی فراوانتردا دەرکەوتووە. ئەم باسەی ئێمە هەوڵێکە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی نەختێ فراوانتر و شی‌کردنەوەی زۆربەی شیعری کلاسیکی لە ڕووی کێشەوە و دیارکردنی تایبەتێتییەکانی کێشی عەروزیی بەکار هاتوو لە شیعری کوردیدا. لە هەمان کاتیشدا بڕوامان وایە کە کارەکەی ئێمەش هەر هەموو شیعری کلاسیکی نەگرتۆتەوە، چونکە ئێمە هەر تەنیا دەستمان بە دیوان و کۆمەڵە شیعرە چاپکراوەکان گەیشتووە، لەوانیش ڕەنگە دیوان و کۆمەڵە شیعر هەبێ ئێمە نەماندیبێ، جگە لەوە دەشێ سەدان دەستنووسی شیعری کلاسیکی هەبێ و هێشتا چاپ نەبووبن و نەمان دیبێ، سەرەڕای ئەو شیعرانەی کە بە ناو گۆڤار و ڕۆژنامە کۆن و نوێکاندا بڵاوبوونەتەوە. هەرچەندە ئێمە لە چاو خشاندنێکی خێرای ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا نەمان دی هیچ کێش، یان قالبە کێشی وا بەکار هاتبێ کە لە دیوان و کۆمەڵە شیعرەکاندا نەبێ.

<u>پرۆگرامی نووسین:</u>

ئەم لێکۆڵینەوەی لێرە ئەنجام دراوە، چەند بەشێك دەگرێتەوە کە هەر یەکە

لایەنێکی بابەتەکە شی دەکاتەوە و بە هەموویان چوار چێوەی گشتی بابەتەکە دەکێشن.

لە بەشی یەکەمدا، ئەو باس و نووسین و لێکۆڵینەوانەمان بە شێوەیەکی زانستی هەڵسەنگاندووە کە تا ئێستا لە بارەی کێشی عەرووزییەوە کراوەن، هەر لە ئەحمەدی خانییەوە کە لە(نەوبەهار) دا ناوی کێش و پێیەکانی هەر پارچەیەکی هێناوە تا دەگاتە لێکۆڵینەوە عەرووزییەکانی سەردەمی ئێستامان و هەوڵمان داوە بەشداری هەریەکێکیان دەست نیشان بکەین و ئەگەر هەڵە و ناتەواوییەکی زانستی هەبێ دیاری بکەین و ڕاستی بکەینەوە.

لە بەشی دووەمدا، باسێکی کورت و خەستی هەندێ لایەنی تیۆری کێش و ڕیتم و مۆسیقامان کردووە و پەیوەندیکێش و ڕیتم و کێش و بابەت و کێشی نەتەوەیی و بنەمای کێشی شیعری جیهانیمان شی کردۆتەوە، وەك بناغەیەکی زانستی و ڕێ خۆشکردنێك بۆ چوونە ناو کێشی شیعری کوردی و بە تایبەتی کێشی عەرووزی.

لە بەرئەوەی کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی (کێشی عەرووزی) لە سەر بناغەی عەرووزی عەرەبییەوە هاتووە، لە عەرەبییەوە فارس وەریان گرتووە و بە پێی زمانی خۆیان دەستکاریان کردووە و کوردیش چی کێش و قالبەکێشی لەگەڵ سەلیقە و خاسییەتی دەنگسازی خۆی گونجابێ لە فارسییەوە وەری گرتووە و خاسیەتی خۆشی تێدا پیشان داوە، بۆیە بە پێوستمان زانی بەشی سێیەم بۆ پوختەیەکی زانستی عەرووز تەرخان بکەین و لە دەنگی بزوێن و نەبزوێنەوە تا دەگاتە ڕوکنەکان و (پێ) تەفعیلەکان و کێش (بەحر)ەکان و بازنەکان و زیحاف و عیللەکان، هەمووی بە کورت و خەستی ڕوون بکەینەوە، وەك دەروازەیەك بۆ چوونە ناو کێشی عەرووزی کوردی.

بەشی چوارەم بریتییە لە شیکردنەوەی ئەو کێشە عەرووزییانەی لە کوردیدا بەکار هاتوون: ئەوانەی کە بە زۆری بەکار هاتوون و ئەوانەی کەم و دەگمەن بەکار هاتوون یان هەر بەکار نەهاتوون . لەوانەی بە زۆری بەکار هاتوون هەموو قالبە جیاوازەکانمان دیارکردووە و نموونەی شیعری کلاسیکیمان بۆ هەر کێش و قالبێك هێناوە. ئینجا زیحاف و عیللەکانی هەر کێشێکمان بە جیا دەست نیشان کردووە. ئەوەشمان لەو سەرژمێرییە فراوانە

دەست کەوتووە کە بۆ زۆربەی دیوان و کۆمەڵە شیعرەکان کردوومانە.

لە بەشی پێنجەمدا، باسی هەندێ بابەتی ترمان کردووە کە یان تایبەتن بە شاعیرانی کورد، وەکو تێکەڵ کردنی چەند کێشێکی عەرووزی، یان کێشی عەرووزی و کێشی خۆماڵی، یان لەو هونەرانەن کە تا ئێستا بە وردی و زانستی لێیان نەکۆڵراوەتەوە، بە تایبەتی لە کێشەکەیان، وەکو موستەزاد و موەششەح و چوارین، کە پاش شیکردنەوەی تەکنیکی هەریەکێکیان، ئەو کێشە عەرووزییانەمان دەست نیشان کردووە کە لە کوردیدا بۆ هەریەکێکیان بەکار هاتووە.

بەشی شەشەم بریتییە لە بەراورد کردنی کێش و قالبە کێشەعەرووزییەکانی شیعری کلاسیکیی کوردی کە لە بەشی پێنجەمدا دەست نیشانمان کردوون لەگەڵ کێش و قالبە کێشەکانی عەرووزی عەرەبی و فارسی. لە بەراورد کردنی هەرکێشێکدا ئەو قالبانەمان جیا کردۆتەوە کە لە کوردیدا هەن و لەگەڵ فارسی یان لەگەڵ عەرەبی یان لەگەڵ هەردووکیان هاوبەشن و نموونەمان بۆ کێشە هاوبەشەکان هێناوە. ئەگەر لە کێشێکدا قالبی تایبەتی لە کوردیدا هەبێ کە لە عەرەبی و فارسیدا نموونەی نەبێ، ئیشارەتمان بۆ کردووە و بە خاسیەتێکی تایبەتی ئەفراندنی کوردیمان داناوە. جگە لە بەراورد کردنی قالبەکانی هەرکێشێك، هونەرەکانی موستەزاد و موەششەح و چوارینیشمان لە نێوان کوردی و عەرەبی فارسیدا بەراوردکردووە بۆ ئەوەی تایبەتێتی کوردی هەریەکێکمان بۆ دەربکەوێ.

لە کۆتاییدا ئەو ئەنجامانەمان بە کورتی نووسیوە کە لە سەراپای لێکۆڵینەوەکەماندا بۆمان ڕوون بوونەتەوە، بە تایبەتی ئەو خاڵانەی کە زیاتر خاسییەتی عەرووزی شیعری کلاسیکیی کوردی پێشان دەدەن.

بەشی یەکەم

پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو باسانەی لە سەرکێشی شیعری کلاسیکی کوردی نووسراون

هەرچەندە ئەدەبی کوردی لە چاو ئەدەبی نەتەوە پێشکەوتوەکان لێکۆڵینەوەی کەم لە سەر کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا نووسەرانی کورد کەم و زۆر، بە پێی توانا، هەر کەسە لە ئاستی خۆیەوە، خەریکی لێکۆلینەوەی سووچێکی ئەدەبی کوردی بووە. کێشی شیعری کلاسیکیی کوردیش یەکێکە لەو لایەنانەی کە هەندێ لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە، بەلاَم بە فراوانی و هەمە لایەنی لێی نەکۆلَراوەتەوە. لە کۆنەوە تا ئێستا هەندێ وتار و نامیلکەو کتێب لە بارەی کێشی شیعری کلاسیکییەوە بلاَوکراونەتەوە. وا لێرەدا بە کورتی گرنگترینی ئەو باسانە دەخەینە بەرچاو و بە پێی توانا هەڵیان دەسەنگێنین:-

*کۆنترین نووسینی کوردی کە باسی کێشی عەرووزیی و پێ (تفعیلە) و کێش (بەحر) ەکانی تێدا بێ (نەوبەهاری) ئەحمەدی خانییە [1]. خانی دوای پێشەکی، نەوبەهارەکەی دابەشی سێزدە پارچە کردووە و لە سەرەتای هەر پارچەیەکدا دێرە شیعرێکی گشتی بەو کێشە هێناوە کە ویستوویەتی پارچەکەی پێ دابڕێژێ و پاش ئەو دێرە ئینجا لە دێری دووەمدا پێیەکان و ناوی کێشەکەی هێناوە. بۆ دێری سێیەم ئینجا هاتۆتە سەر فەرهەنگۆکەکەی. بۆ نموونە سەرەتای یەکێ لە پارچەکانی [2] بەم دوو دێرە دەست پێ دەکا:

گەردێ تە مەقسوودەك هەبی لازم دقێ لێ بی ب لەز
خاسما تە مەعبوودەك هەبی دائم د ئەمرێ وی ببەز
مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن
سالم موسەممەن هەر ئەڤە ئەی تالیبێ بەحرا ڕەجەز [٣].

خانی هەرسێزدە پارچەی لە سەر ئەم کێشانە هۆنیوەتەوە:

١-هەزەج: سێ قالبی هەزەجی بەکار هێناوە:

أ-هەزەجی مەکفووفی مەحزووفی موسممەن، پارچەی (١).

ب-هەزەجی ئەخرەبی موسممەن، پارچەی (٩).

جـ-هەزەجی سالمی موسممەن، پارچەی (١٢).

٢-کێشی ڕەجەز: چوار قالبی ڕەجەزی بەکار هێناوە:

أ-ڕەجەزی مەتوی مەخبوون، پارچەی (٢).

ب-ڕەجەزی سالمی موسەممەن، پارچەی (٤).

جـ-ڕەجەزی مورەففەل، پارچەی (٥).

د-ڕەجەزی مەتوی، پارچەی (١٠).

٣-کێشی ڕەمەل: دوو قالبی ڕەمەلی بەکار هێناوە:

أ-ڕەمەلی شەشیی مەحزووف، پارچەی (٣).

ب-ڕەمەلی مەقسووری موسەممەن، پارچەی (٧).

٤-کێشی موزاریعی ئەخرەب، پارچەی (٦).

٥-کێشی سەریعی مەتوی، پارچەی (١١).

٦-کێشی بەسیتی مەتوی، پارچەی (٨).

٧-کێشی موتەقاریبی مەقسوور، پارچەی (١٣).

پارچەی یەکەم کە نووسیویەتی لە سەر کێشی (هەزەجی مەکفووفی مەحزووفە) دەبوایە پێیەکانی (مفاعیلُ، فعولن، مفاعیلُ فعولان) نەك وەك ئەو نووسیویەتی (مفاعلن فعولن مفاعلن فعولن)(٤). چونکە بە نۆرە پێیەك کەففی دەچێتە سەر دەبێ بە (مفاعِلُ) و پێیەك حەزفی دەچێتە سەر دەبێ بە (فعولن). وا باشتر بوو ناوی ئەم قالبە کێشەی بنایە (هەزەجی هەشتی مەقسوور): چونکە عەرووز و زەربی دێری یەکەم و هەر هەموو زەربەکانی سەراپای پارچەکە مەقسوورن (مفاعیلْ-فعولان) نەك مەحزووف (فعولن) وەکو: (نە مەعرووف، موسلمان، ژبۆوان ....). عەرووزەکانیش لە نێوان مەقسوور (مفاعیلْ-فعولان) و مەحزووف (فعولن) دەخولێنەوە. ئەو پێیانەش کە دەبێ مەکفووف بن بە پێی قالبی کێشەکە، هەموویان بە مەکفووفی نەهاتوون. هەیانە بە سالمی هاتووە وەکو (ئیمامن ئەی-دێری (٥)، یان، موحەممەد ما-مفاعیلن-دێری) (٩)، جاری واش هەیە لە باتی کەف قەبزی چۆتە سەر، وەکو (ڕەسوولە ئەی-مفاعلن- دێری (٤)، یان خەلیفە چا-مفاعلن -دێری (٥).) ....هتد.

لە پارچەی سێیەمیندا کە نووسیویەتی لە (بەحری ڕەمەلی مەحزووفە). پێیەکانی بەم جۆرە نووسییوە: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتْ)(٥). لە خوێندنەوەی ئەم پارچەیەدا، دەردەکەوێ کە هەموو دێرەکان زەربەکانیان مەقسوورە (فاعلاتْ) نەك مەحزووف (فاعلن) و دێری یەکەمیش موسەرڕەعە، واتە عەرووز و زەربی لە سەر یەك کێشە (فاعلاتْ). عەرووزی دێرەکانی تریش لە نێوان مەحزووف و مەقسوور دا دەسوڕێنەوە و زۆربەشیان مەقسوورن. بۆیە دەبوایە ئەم قالبەش بە ڕەمەلی مەقسوور ناو ببا نەك ڕەمەلی مەحزووف،

چونکە بینای کێش لە سەر زەربە نەك عەروون.

*ئی بی سۆن لە کتێبی (ڕێزمانی کوردی)دا[(٦)]، کە دێتە سەر باسی شیعر (ل١٦٠-١٧٠) قسە لە کێشی شیعری کوردی دەکا. کارەکەی سۆن لە بارەی کێشی شیعری کوردییەوە دەکرێتە دووبەش: بەشێکیان باسی کێشی عەروزییە و بەشەکەی تر باسی کێشی خۆماڵییە. باسی شیعری عەروزیش دوو لایەن دەگرێتەوە: لایەنێك دەست نیشان کردنی کێشەکانی نەوبەهاری خانییەو لایەنەکەی تر دەست نیشان کردن و نموونە هێنانەوەی هەندێ کێشی شیعری نالی و جزیرییە. لە باسی کێشەکانی نەوبەهاردا، سۆن (١١) کێش و قالبی جیاوازی دیارکردووە، بەلاّم لەم دیارکردنەدا تووشی گەلێ تێکەلاّوی و ناتەواوی بووە. سۆن ناوی ئەم کێشانەی بەڕیز نووسیوە گوایە خانی لە نەوبەهار دا بەکاری هێناون:

(١-هەزەجی مەکفووفی مەحزووف. ٢-ڕەجەزی مەخبوون. ٣-ڕەمەلی مەحزووف. ٤-ڕەجەزی موسەممەنی سالم. ٥-ڕەجەزی مورەففەل. ٦-ڕەجەزی ئەخرەب. ٧-مونسەریحی موسەممەنی ئەخرەب. ٨-هەزەجی ئەخرەبی موسەممەن. ٩-ڕەمەلی مەتوی. ١٠-هەزەجی موسەممەنی سالم. ١١-مونقەزیبی مەقسوور)[(٧)].

بەرامبەر هەر یەکێکیان ناوی پێیەکان و ڕەمزی برگەی کورت (ب) و درێژی (-) دیار کردووە، بەلاّم نەیگوتووە کام پارچەی نەوبەهار لە سەر کام کێشە و نموونەی بۆ هیچێکیان نەداوە. ئەگەر بەراوردێك لە نێوان لیستە وشکەکەی سۆن و کێشی پارچەکانی نەوبەهاری خانیدا بکەین، دەگەینە ئەم ڕاستییانەی خوارەوە:-

١-کێشەکانی ژمارە (١، ٢، ٤، ٥، ٨، ١٠)لای سۆن، لە پارچەکانی نەوبەهاردا هەن.

٢-شەش کێش و قالبە کێش لە نەوبەهاردا هەن، سۆن ناوی نەبردوون، وەکو: هەزەجی ئەخرەبی موسەممەن، ڕەجەزی مەتوی مەخبوون، ڕەمەلی مەحزووف، ڕەمەلی مەقسووری موسەممەن، سەریعی مەتوی، بەسیتی مەتوی.

٣-هەندێ کێش کە سۆن ناوی بردوون و برگە و پێیەکانی نووسیون لە نەوبەهاردا هەن، بەلاّم سۆن ناوەکانی بە ڕاستی نەهێناون وەکو:

أ-لـه ژمـاره (٢) دا، كێشـهكهی بـه (ڕهجـهزی مـهخبوون)(٨) نـاو بـردووه، كـهچی لـه نهوبـههاردا (ڕهجهزی مـهتوی مـهخبوون) ههیـه(٩).

ب-لـه ژمـاره (٦) دا، نـاوی (ڕهجـهزی ئـهخرهب)ی هێنـاوه(١٠). ئهمـه هـهر نـابێ، چونكـه تهفعیلـهكانی ڕهجـهز بریتـین لـه (مسـتفعلن). ئـهم پێیـهش (مسـتفعلن) بـه سـهبهبی سـووك (مُـسْ) دهسـت پـێ دهكـا و قـهت خـهرب ناچێتـه سـهر، چونكـه خـهرب دهچێتـه سـهر ئـهو پێیانـهی بـه وهتـهدی كۆ(١١) دهسـت پـێ دهكـهن وهكـو (مفـاعیلن)، (فعولـن). بـه گوێـرهی ئـهو بڕگـه و تهفعیلانـهی سـۆن بـۆ ئـهم كێشـهی دانـاوه (مفعـولُ فـاعلاتن، --ب/-ب--) ئـهم كێشه موزاریعـی ئهخرهبـه نـهك ڕهجـهزی ئـهخرهب. ئهمـه لـه نهویههاریشدا ههیـه و پارچـهی (٦)ی پـێ هۆنراوهتـهوه.

جـ-لـه ژمـاره (٧) دا، نـاوی (مونسـهریحی موسـهممهنی ئـهخرهب)(١٢)ی هێنـاوه. جـارێ خـانی كێشـی مونسـهریحی هـهر بـهكار نـههێناوه لـه نهوبـههاردا، ئینجـا بـه گوێـرهی ئـهو پێیانـهی بـۆ كێشـهكهی دانـاوه (مفعـولُ فـاعلاتن ، --ب/-ب--) ئـهم كێشـهیش هـهر موزاریعـی ئهخرهبـه نـهك مونسـهریح. بـه مـهوه سـۆن، بـێ ئـهوهی ئاگـادار بـێ، دووجـار لـه ژێـر دوو نـاوی جیـاوازدا كێشـی موزاریعـی ئـهخرهبی نووسـیوه. جارێكیـان لـه ژمـاره (٦) و جـارێك لـه ژمـاره (٧) دا. لـه هـهردوو باریشدا نـاوی پێیـهكان و ڕهمـزی بڕگـهكانی وهكـو یـهك دانـاوه.

د-لـه ژمـاره(٩) دا، سـۆن نـاوی ڕهمـهلی مـهتوی نووسـیوه. ئهمـه هـهر نـابێ، چونكـه پێیـهكانی ڕهمـهل بریتـین لـه (فـاعلاتن). (فـاعلاتن) قـهت زیحـافی (تـهی) ناچێتـه سـهر. (تـهی) بریتییـه لـه فڕێدانـی چـوارهم تیپـی وهسـتاو لـه سـهبهبدا(١٣). چـوارهم تیپـی (فـاعلاتن) (ل)ه. ئـهم لامـه، یهكـهم لـه نـاووهتـهدی كـۆ(علا) دایـه نـهك سـهبهبی سـووك، دووهم بـزواوه (مهفتووحـه) و وهسـتاو نییه. بـه گوێـرهی ئـهو ڕهمـز و پێیانـهی لـه تهنیشـت نـاوی كێشـهكه نووسـراون (مفتعلن، -ب ب -)، كێشـهكه كێشـی ڕهجـهزی مهتوییـه نـهك ڕهمـهلی مـهتوی. ڕهجـهز و ڕهمهلی لێ تێكـهڵ بـووه.

هـ-لـه ژمـاره (١١) دا، نـاوی كێشـهكهی نووسـیوه (مهنقـهریبی مهقسـوور). ئاشـكرا دیـاره ئهمـه مونقـهریب نییـه. موتهقاریبـه. لـه تهنیشـت ئـهم كێشـهدا، سـۆن ئـهم تێبینیـهی نووسیوه:

((ئەمە کێشێکی تایبەتە بە فارسی))[١٤]. ڕاستە ئەم کێشە لە فارسیدا هەیە و تەنانەت شانامەی فیردەوسی هەر بەم کێشە هۆنراوەتەوە[١٥]، بەڵام ئەمە مانای وا نییە کە تایبەت بێ بە فارسی، چونکە ئەم کێشە لە عەرەبیشدا هەیە و لەگەڵ کێشی موتەدارەك بازنەی پێنجەمی نیزامی عەرووزیی خەلیلی پێك هێناوە. ئەم کێشە لە کوردیشدا بەکار هاتووە. بەڵام ئەوەندە هەیە هەندێ عەرووززانی ئێرانی ڕایان وایە هەندێ لەو کێشانەی خەلیل دیاری کردوون پێش خەلیلیش لە فارسیدا بەکار هاتوون. یەك لەو کێشانە کێشی موتەقاریبە. خانلەری لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی وەرگرتووە کە موتەقاریب لە شیعری عەرەبی جاهیلیدا بەکار نەهاتووە و دەڵێ: (یەکەم جار لای دەقیقی تووشی ئەم کێشە دەبین کە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و تەواو چەسپاندوویەتی)[١٦].

دوای نەوبەهاری خانی، سۆن دێتە سەر باسی کێشی شیعرەکانی شێخ ئەحمەدی جزیری و دەڵێ:"تنوّع لە شیعرەکانی کەمترە"[١٧]. مەبەستی ئەوەیە لە چاو نەوبەهاری خانی تنوّعەکە کەمترە. ئینجا کێشە هەرە باوەکانی لای جزیری بەم کێشانە دەست نیشان دەکا:-

١-ڕەجەزی چوار (مستفعلن) (مەبەستی ئەوەیە هەر لەتێك "نیو دێرە شیعر، مصراعێك" چوار (مستفعلن)ە لەگەڵ هەندێ قالبی تری ئەم کێشە، بەڵام قالبەکانی دیار نەکردووە.

٢-هەزەجی چوار (مفاعیلن) (دیسان مەبەستی ئەوەیە هەر لەتێك چوار جار (مفاعیلن)ی تێدا دووبارە دەبێتەوە). لەگەڵ هەندێ قالبی تری ئەم کێشە. لێرەشدا قالبەکانی دیار نەکردووە.

٣-ڕەمەل، دەڵێ قالبی تری هەیە بەڵام قەت بە سالمی بەکار نەهاتووە[١٨].

ڕاستە ڕەمەل لە کوردیدا زۆر کەم بە هەشت پێی سالم بەکار هاتووە، بەڵام هەر جزیری خۆی هۆنراوەیەکی بە ڕەمەلی هەشتی سالم هەیە کە سەرەتاکەی ئاوها دەست پێ دەکا:

موحبەتی میحنەت د زۆرن حوب دبێم بێ شك بەڵایە

- ب - - / - ب - - / - ب - - / - ب - -

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

عومر و ژی خوەش (پێ) دبوورن صۆتن و دەرد و بەلأیە(١٩)

-ب - - / - ب - - / - ب - - / - ب - -

فـاعلاتن فـاعلاتن فـاعلاتن فـاعلاتن

ئەمـە، ئەگـەر کۆتـایی لەتـەکان درێژبکرێتـەوە(اشـباع). خـۆ ئەگـەر درێـژ نەکرێتـەوە و هـەروەکـو خـۆی بمێنێتـەوە، ئـەوا تەفعیلـەکانی کۆتـایی دەبـن بـە (فـاعلاتُ) و قالبەکـە دەبێ بە (رەمـەلی هەشتیی مـەکفووف).

دوای جزیـری، سۆن هاتۆتـە سـەرباسی نـالی و شیعرەکانی و دەڵـێ:

(ئەمـەی خـوارەوە شـیعرێکی نالییـە کـە نووسـەرێکی سـەرەتای سـەدەی هەژدەمینـە)(٢٠). نـالی لـە سـەدەی هـەژدەمین نـەژیاوە، بـەڵکو لـە نیـوەی یەکـەمی سـەدەی نۆزدەمـین ژیـاوە و دوا لێکۆڵینـەوە (١٨٠٠-١٨٧٣) ی بـۆ سـاڵی بـوون و مردنـی دانـاوە(٢١). پاشـان چـەند دێـرە شـیعرێکی نـالی لـە ڕووی کێشـەوە شـی کردۆتـەوە و برگـەکانی بـە ڕەمزی کـورت و درێـژ دەسـت نیشـان کـردووە، بێ ئـەوەی نـاوی کێشـەکان بێنـێ، تـەنیا یـەك پارچـە نـەبێ کـە گوتوویـەتی، لـە سـەرکێشی هـەزەجی موسەددەسـی مەحزووفـە(٢٢).

*شـێخ نـووری شـێخ سـالح، لـە ڕۆژنامـەی (ژیـان) ی سـاڵی (١٩٢٦-١٩٢٧) دا، زنجیرە وتـارێکی لـە بـارەی لێکۆڵینـەوەی ئەدەبییـەوە لـە ژێـر نـاوی (ادبیـات کـردی)دا بـڵاو کردۆتەوە(٢٣). لـەم زنجیـرە وتـارەدا، چـەند ئەڵقەیـەکی بـۆ باسـی کێشی شیعری کـوردی تـەرخان کـردووە. شێخ نـووری دوای پێناسـەکردنی کێش، دوو جـۆرە کێش لـە یـەك جـودا دەکاتـەوە: (وزن هجـائی و وزن عروضـی)(٢٤). کـە دێتـە سـەرکێشی عـەرووزی، دەڵـێ: (وزن عروضـی بـە اعتبـار حرکـات و سـکنات تـوازن و تناسـبی هەیـە)(٢٥). واتـە وەکـو عەرەبییەکـە لـە ڕوانگـەی تیپـی موتەحـەرپك و ساکینەوە دەچێتـە نـاو زانستی عـەرووزەوە. پاشـان بـۆ زیـاتر ڕوون کردنـەوەی بنـەمای کێشی عـەرووزی باسـی دوو جـۆرە (هجـا) واتـە برگـە دەکـا. (هجـای ممدود-برگـەی درێـژ) و (هجـای مـەقصور-برگـەی کـورت) و نموونـەی ئـەم دوو جـۆرە برگەیـە بـە وشـەی (غـالب) دێنـێ. لـە شـی‌کردنەوەدا، (غـا) بـە مـەمدوود و (لـب) بـە مەقسـوور دادەنـێ هـەرلەبـەر ئـەوەی یەکـەمیان بزوێنەکـەی درێـژە (ا) و دووەمیـان بزوێنەکـەی کورتـە (ـــِ) کـە ئەمـە لـە زانسـتی عـەرووزدا ڕاست نییـە. وایـە ئەگـەر تیپی نـەبزوێن بزوێنێکـی درێـژی بـە دوا دا بـێ وەکـو (ا، و،

ی) بڕگـەی درێـژ دروسـت دەکـا و ئەگـەر بزوێنێکـی کورتـی بـە دوا دا بـێ وەکـو (ـُـ، ـِـ، ـَـ)بزوێنـی کـورت دروسـت دەکـا، بـەڵام ئەگـەر نـەبزوێنێك بزوێنێکـی کـورت و ئینجـا نـەبزوێنێکی وەسـتاوی بـە دوادا بـێ دیسـان بڕگـەی درێـژ دروسـت دەکـا. لـە نموونەکـەی شـێخ نووریـدا، (غـا) بڕگـەی درێـژە چونکـە بریتییـە لـە سـەبەبێکی سـووك (تیپێکی بـزواو -غـَ) +تیپێکی وەسـتاو-ا) ،(لِـبْ) یـش هـەر بڕگـەی درێـژە و کـورت نییـە وەکـو شـێخ نـووری بـۆی چـووە، چونکـە ئـەویش وەکـو بڕگـەی پێشـەوە بریتییـە لـە سـەبەبێکی سـووك (تیپێکـی بـزواو (لِ) و تیپێکـی وەسـتاو (ب)).

شـێخ نـووری بـۆ ڕەمـزی بڕگـەی کـورت و بڕگـەی درێـژ ئـەم دوو نیشـانەیەی دانـاوە(- ـــ). ئـەم ڕەمزانـە لای هیـچ عـەرووززانێکـی تـر بـەکار نـەهاتوون، تایبـەتین بـە شـێخ نـووری خۆیـەوە. پاشـان شـێخ نـووری نـاوی تـەنیا پێنـج کێشـی بـردووە (ڕەمـەل، هـەزەج، موازیـع، موتـەقاریب، خـەفیف ..)[٢٦]. کـە دێتـە سـەر کێشـی شـیعری کلاسـیکیی کـوردی، دەڵـێ:(قسـما لـە محیـط کردسـتان دا زیـاتر استعمال اکریـن، لیرەدا نیشـان ادریـن)[٢٧]. دوا بـە دوای ئەمـە ڕەمـز و تیپـەکانی نۆ قالبـە کێشـی جـۆرا و جـۆر دەنووسـێ، بـێ ئـەوەی نـاوی کێشـەکان بـدا، بـەڵام لـە نموونـەکان و ڕەمـزی بڕگەکانـەوە دیـارە کـە کێشـەکان ئەمانـەن:(١-ڕەمـەلی هەشـتی مـەحزووف، ٢-ڕەمـەلی هەشـتیی مـەخبوونی مـەحزووف، ٣-ڕەمـەلی شەشـیی مـەخبوونی مـەحزوون، ٤-هـەزەجی هەشـتیی سـالم، ٥-هـەزەجی شەشـیی مـەحزووف، ٦-هـەزەجی هەشـتیی ئـەخرەبی مـەکفووفی مـەحزووف، ٧-موزاریعـی ئـەخرەبی مـەکفووفی مەقسـوور، ٨-ڕەجـەزی هەشـتیی مـەخبوون، ٩-موجتەسیهەشـتیی مـەخبوون))[٢٨]. وەك دیـارە شـێخ نـووری لـەم وتـارەیدا تـەنیا باسـی پێنـج کێشـی جیـاوازی کـردووە (هـەزەج، ڕەمـەل، موزاریـع، ڕەجـەز، موجتـەس) و ئەوانـەی دی قـالبی تـری ئـەم کێشـانەن. هـەر لـە باسـی کێش دا، شـێخ نـووری باسـێکی موسـتەزادی کـردووە و هـۆی نووسـینی موسـتەزادی بـەوە لێـك داوەتـەوە کـە بـۆ ئـەوەی ئاوازەکـەی (کـەلال ئـاوەر) نـەبێ (بـین بـین لـە بعضـی جیگـای وزنکـدا لـبراوی کـە تنویعـك بـدرێ بـە آهنگـی وزنەکـە، لـەعین وزن بعضـی شکل وپارچـە عـلاوە اکـری)[٢٩] و نموونـە بـەوە دێنێتـەوە (مثـلا وزنیـك کـە همـوی لـە سـر(مفعـول مفـاعل فعولـن) ببێژرێلـە بینی مصرەعاکـا شـکلی بچـوك لم وزنـە

عـلاوه اكـری وكـو (مفعـول و فعولـن)[٣٠] بـەلام ئێمـە هیـچ شـیعری كوردیمـان نـەدیوه لـە سـەر كێشی (مفعـولُ مفـاعیلنُ فعولـن)[٣١] بێ و كرابێ بـە موسـتەزاد. لـە كوردیدا موسـتەزاد تـەنیا لـەو كێشـانە دەبێ‌كـە هـەر لـەتێكیان چـوار پێیـە، دووی كورتیـان وەكـو تیكـەی زیـاد دووبـاره دەبنـەوە كـە ئـەوانیش بریتـین لـە پێی یـەكـەم و چـوارەم. پاشـان شـێخ نـووری دوو جـۆری موسـتـەزادی بـە نموونـەوە داوه كـە كێشـەكەیان جیایـە، بـەلام نـاوی كێشـەكانی نـە نووسـیوه. ئـەم دووەش یـەكـەم لـە سـەر كێشـی هـەزەجی ئـەخرەبی مـەكفووفی مەحزووفـە و دووەم لـە سـەر كێشـی موزاریعـی ئـەخرەبی مـەكفووفی مەحزووفـە.

*گۆران سالّی ١٩٦١ زنجیره موحازەرەیەكی بۆ قوتابیانی بەشی كوردی كۆلێجی ئادابی زانستگای بەغدا دا. موحازەرەكانی لە بارەی رەخنەی ئـەدەبی بـوون و كێشی شیعری گرتبووەوه[٣٢]. گـۆران باسی بنـەمای كێشی شیعری یۆنـانی و رۆمـانی و فـەرەنسی و ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی دەكا، بەلام ناچێتە ناو كێشی عەرووزییەوە، چ لە عەرەبی و چ لە فارسی و چ لە كوردی. نەباسی روكن و پێیەكان دەكا . نەباسی كێش و بازنەكان و نەباسی زیحاف و عیللەكان . بەكورتی خۆی لە قەرەی كێشی عەرووزی نەداوە، بەلام لەگەلّ ئەوەشدا گۆران خۆی ئاگاداری عەرووز بووە، هەروەكو لەپێشەكی (بەهەشت و یادگار) دا دەلّێ : (بەشی زۆری كۆنەكان بە وەزنی عروضـی وەكوردی‌یەكی كۆنی تێكەلاو بە زمانی بێگانە نووسراون)[٣٣] .ئینجا دەلّێ:(تا چەند سالّێك لەمەو بەر بە وەزنی عروضی شیعرم وتـوە، بـە وەزنی پەنجـەش لـە زۆر كۆنـەوە، بـەلكو لەگـەلّ وەزنی عروضـی شـان بـە شـانی یـەك دەسـتم كـردوه بـە هەلّبەسـت دانـان...)[٣٤]. پاشـان دەلّێ:(تا لەم چەند سالّەی دواییدا وەزنی عروضم بە تـەواوی، وەلام وایە بۆ ئیجگاری بەرەلا كرد)[٣٥]. تەنانەت گۆران هەولّیشی داوە كێشی عەرووزی و خۆمالّی لە یەك هونراوە دا كۆبكاتەوە[٣٦].

د.مارف خەزنـەدار سالّی ١٩٦٢ (كێش و قافیـە لـە شـیعری كـوردی دا)[٣٧]ی لـە دەرەوەی ولّات نووسی و لـە بـەغدا بلاوی كـردەوه.ئـەم نامیلكـەیە بریتییـە لـە باسێكی گشتی و خێرای ترازووی كێشانی شیعر و كێشی زمانە هیند و ئەوروپییـەكان و كێشی شیعری عەرەبی و پەنجـە لـە شیعری كوردیدا و بـە باسێكی قافیـە كۆتـایی هێنـاوه. لە بەشی عەرووزی عەرەبیدا (ل١٦-٢١) باسی سەبەب و وەتـەد و فاسیلە و هەشت پێیە (تفعیلە) بنچینەییەكانی كردووه[٣٨] و ناوی (١٥) كێشی عەرەبی نووسیوه. لە ناوی

ئەم كێشانەی خەلیل داینـاون، دواكێشی موتـەدارەكی نووسـیوە و ئەمەیشی وەك لـە پەراوێزەوە ئیشارەتی بـۆ كـردووە لـە (ڕازی) وەرگرتـوە. ئەگـەر بڕوامـان وابێ خـەلیل تەنیا(١٥) كێشی زانیوە، دواكێش دەبێ موتەقاریب بێ نەك موتەدارەك، كەچی لێرەدا ناوی موتەقاریب لەگەڵ پازدە كێشەكەدا نەهاتووە. بۆ كێشی شازدەم دەڵێ: (هەرلە دەوربەری خەلیل خۆیدا، ئەخفەش بەحرێكی تری خستە سەر بەحرەكانی خەلیل، واتە كردی بە شانزە بەحر، بەڵام خەلیل ئەمەی پەسند نەكرد)[٣٩]. بەڵام ناوی ئەو بەحرەی نە نووسیوە كە دەڵێ ئەخفەش زیادی كردوە. ئەو بەحرەی گوایە ئەخفەش زیادی كردووە (موتەدارەكە). لە بارەی ئەو پازدە كێشەی دەیدەنە پاڵ خەلیل و ئەو كێشەی بۆ ئەخفەشی دەبەنەوە ڕای جیاواز لە نێوان عەرووززانەكاندا هەیە. هەیانە دەڵێ خەلیل هەرشازدە بەحرەی زانیوە و ئەخفەش تەنیا ئیددیعای كردووە كە ئەو كێشەی داهێناوە وانییە، هەشیانە دەڵێ نەء خەلیل ئاگاداری موتەدارەك نەبووە، ئەخفەش دۆزیویەتەوە. ئەوەی لە نیزامی وردی بازنەكانی خەلیل ورد بێتەوە ڕای یەكەم پەسند دەكا[٤٠]. ئینجا دەچێتە سەر گۆڕانی پێیەكان و دەڵێ گۆڕانی پێیەكان پێی دەگوترێ زیحاف و ناوی عیللەی نەهێناوە كە ئەویش هەرگۆڕانی پێیەكانە بەڵام لە چەشن و ئەركدا لە زیحاف جیایە. پاشان ئەو ڕاستییە باس دەكا كە لەبەرئەوەی زمانی عەرەبی و فارسی جیان (كێشانی شیعری فارسی بە عەرووزگەلێ تەكەللوفی تیا كراوە)[٤١]. جا بۆ ئەوەی فارس عەرووزی عەرەبی لەگەڵ زمانی خۆیان بگونجێنن (هەندێ بەحری تازەیان داهێناوە)[٤٢]، وەكو غەریب یان جەدید، قریب، مشاكل. لە بارەی زیحافەكانی فارسیش دەڵێ:(دیسانەوە زیحافەكانی خەلیل بەشیانی نەكردووە هێناویانە (١٣) زیحافی تریان داناوە)[٤٣].

*علاءالدین سجادی ساڵی ١٩٦٧ كتێبی (ئەدەبی كوردی و لێكۆڵینەوە لە ئەدەبی كوردی)[٤٤] بڵاو كردەوە. لەم كتێبەدا كە دێتە سەر (جیایی هۆنراوە و پەخشان)، كێش بە نیشانەیەكی سەرەكی جیاوازی نێوان هۆنراوە و پەخشان دادەنێ و لە باسی كێشی عەرووزدا ناوی هەر شازدە بەحر و سێ كێشە نا عەرەبییەكە دێنێ و سەبەب و وەتەد و فاسیلە ڕوون دەكاتەوە و هەشت پێیە بنجییەكە دەنووسێ. لە كێشەكان تەنیا سێ كێشی بە پێ و نموونەوە نووسیوە: درێژ، موجتەس، ڕەمەل. مەبەستی لە كێشی درێژ (طویل)ی عەرەبی نییە بەڵكو مەبەستی موتەقاریبە چونكە پێیەكانی موتەقاریبی بۆ داناوە (فعولن فعولن

فعولن فعولن)[٤٥]. بەڵام دیاری نەکردووە بۆچی ناوەکەی گۆڕیوە.

بۆ ساڵی ١٩٦٩-١٩٧٠، سجادی کتێبێکی تری چاپ کرد بە ناوی (نرخ شناسی)[٤٦]. لەم کتێبەدا لە دوو جێ باسی عەرووز دەکا. یەکەم جار لە ژێر ناوی "شتە تایبەتییەکانی هۆنراوەی کوردی"، لە خاڵی سێیەم، لە باسی عەرووزدا دەڵێ:(لە دەوری ناوەڕاستی هۆنراوەی کوردیدا، ئەم هۆنراوەی کوردییە ئالا بە کێشی عەرووزەوە)[٤٧]. پاش ئەم ڕایە (خەندەکەی بابی)ی دڵدار بە نموونەی شیعری ئازادی کوردی دێنێتەوە و ڕای بەرامبەر بەو شیعرە ئەمەیە:(ئەو کێشە عەرووزانە کە هەبوون و هەن لە هۆنراوەی کوردی گێجی ناوەڕاستا، لەمانە دا نین).[٤٨] پاشان دەڵێ:(کەوتۆتە سەر ڕێچکەیەکی ڕۆمانتیک. ئەمە نەك هەر لە بەرەلاکردنی ڕێگای عەرووزیدا، بەڵکو لە چەشنی گوزارەش دا...)[٤٩] لە ڕاستیدا ئەم هۆنراوەیەی دڵدار ئازاد نییە و لە عەرووزیش دوور نەکەوتۆتەوە وەکو سجادی بۆی چووە، بەڵکو لە سەر کێشی عەروزی هۆنراوەتەوە و کەوتۆتە قالبی جۆرە (موەششەح)ێکەوە.[٥٠] ئەم هۆنراوەیە هەمووی لە سەر کێشی هەزەجە کە پێیەکەی (مفاعیلن)ە. ئەوەندە هەیە دوو قالبی جیاوازی هەزەجی (هەشت پێی و چوار پێی) تێك هەڵکێشاوە. ئەم هۆنراوەیە حەفت پارچەیە و هەر پارچەیەکی حەفت لەتە. لە هەموو پارچەکاندا، لەتی (١،٢،٣،٤،٧) بریتییە لە چوار (مفاعیلن) و لەتی (٥،٦) بریتییە لە دوو (مفاعیلن)[٥١]. دەستووری هاتنەوەی سەروای لەتەکانیش بەم جۆرە (أ ب أ ب جـ جـ ب).

دوای ئەمە سجادی بەشێکی کتێبەکەی بۆ (کێش و بەشەکانی لەگەڵ سەروا) (ل٩٧-١٣٠) تەرخان کردووە. ناوی ڕوکن و پێ و کێشە عەرووزییەکانی هێناوە و باسی پێکهاتنی دێرە شیعری کردووە. ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە سجادی بۆ یەکەم جار هەوڵی داوە زاراوە عەرووزییەکان بکا بە کوردی، وەکو (صدر- سینگ، عروض-داوێن، ابتدا-سەرەتا، سبب-هۆ، وتد-سنگ، فاصلە-ناوجێ). لە وەرگێڕانی سەبەبدا ڕاست بۆی نەچووە، چونکە سەبەب لە زمانی عەرەبیدا پەتە نەك هۆ. ڕاستە یەك لە ماناکانی سەبەب (هۆ)یە بەڵام لێرە، لە باسی عەرووزدا پەتە، چونکە زۆربەی زاراوەکانی زانستی عەرووز لە ڕەشماڵی کۆچەرییان وەرگیراون، وەکو: سەدر، عەجز، سەبەب، وەتەد، فاسیلە...

عەرووززانە عەرەبەکانیش هەروایان لێك داوەتەوە. (سەبەب لە زماندا بە مانای پەت هاتووە و لە زانستی عەرووزدا بە دوو تیپ دەگوترێ بە دوای یەکەوە بێن. جا ئەگەر هەردووکیان بزواو (متحرك) بوون ئەوە سەبەبی گرانە وەکو لـَمَ، غدِ، خۆ ئەگەر یەکەم بزواو و دووەم وەستاو (ساکن) بوو ئەمە سەبەبی سووکە وەکو هَبْ، لـِیْ ...)[٥٢]. هەروەها لە وەرگێڕانی (فاصلە) دا نەیپێکاوە چونکە فاسیلە ناوجێ نییە. فاسیلە بەو دوو پەتە درێژە دەگوترێ کە لە پێشەوە و لە پاشەوە ڕەشماڵی پێ قایم دەکرێ بۆ ئەوەی (با) هەڵینەتەکێنێ[٥٣]. ئینجا باسی کێشی عەرووزیی کردووە و پێیەکانی دیارکردوون و نموونەی عەرەبی و فارسی و کوردی بۆ هێناون. کێشەکان ئەمانەن: (موتەقاریب، موجتەسی مەخبوونی مەقسوور، ڕەمەلی مەقسوور). لە شیکردنەوەی ڕەمەلی مەقسوورا دەڵێ: (مەقسووریشە چونکە لێی کورت کراوەتەوە، (فاعلاتن) ئەبێ بە (فاعلاتْ) وە (فاعلاتْ) ئەبێ بە (فاعلن) ..)[٥٤]. ڕاستە (فاعلاتن) بە عیللەی قەسر دەبێ بە (فاعلاتْ) بەلام (فاعلاتْ) قەت نابێ بە (فاعلن)، بەڵکو دەبێ بە (فاعلان). لە کۆتایی باسەکەیدا دەڵێ: (هەندێ کێش و ئاوازە هەن لە کوردیدا، ئەوانە بە هیچ جۆر، نە کێش و نە ئاوازەیان لە عەرووزی عەرەبیدا هەر نییە، بەڵکو ئەبێ کێش و ئاوازی خۆیان تایبەتی بێ، تایبەتیش بێ هەر بە کوردییەوە)[٥٥]. ئینجا بۆ پشتگیری ئەم قسەیەی شیعرێکی شێخ ڕەزا و شیعرێکی وەفایی بە نموونە دێنێتەوە. هەرچەندە شیعرەکەی وەفایی دەرچوونە لە عەروون، بەلام شیعرەکەی شێخ ڕەزا عەرووزییە. شیعرەکە ئەمەیە:

مەریووتە حەیاتم بە سولەیمانی یو خاکی

خۆزگەم بە سەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی

دیارە ئەم کێشە کێشێکی عەرووزییە و پێیەکانی هەرلەتێکی بریتییە لە (مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن) و کێشەکە هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووفە.

سجادی لە پەراوێزی ل١٢١-١٢٦ ی کتێبەکەیدا پێناسەی زیحاف و عیللەکانی کردووە و لە زۆر جێدا تووشی هەڵە و کەم و کورتی بووە، وەکو:

آ-لە باسی (تەی) دا دەڵێ: (ئەو تەفعیلەیە کە پیتی چوارەمی ساکنە، ئەو ساکنە لا ئەبرێت، ئەمەش لە (مستفعلن، متفاعلن، مفعولاتُ) دا ئەبێ

...لـه (متفـاعلن) دا ئـەلف ئـەرِوا (متفعلـن) ئەمێنێتـــەوە (مفتعلـن) ئەخرێتـە شـوێنی)[٥٦]. جگـە لـەوەی هـەندێ عـەرووززان لایـان وایـە (ـەی) ناچێتـە سەر (متفـاعلن) چونکـە (تـەی) زیحافـە و زیحـاف تـەنیا دەچێتـە سـەر سـەبەب، کـەچی (١)ی (متفـا) چـواردم تیپی فاسـیلەی بچووکـە. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەگـەر گریمـان (متفـا) بـە دوو سـەبەب دابنـدرێ- گـران و سـووك و تـەی بچێتـە سـەر دەبـێ بـە (مُتْفعِلـنْ) و قـەت (مُفْتَعِلـنْ) ناخرێتـە شـوێنی، وەکـو ئـەو دەڵـێ، چونکـە بڕگـەکانی (مُتْفعلـن) بـەم جۆرەیـە (ب ب ب ب -)، کـەچی بڕگـەکانی (مُفْتَعِلـنْ) بـەم جۆرەیـە (- ب ب -) ئەمانـە یـەك شـت نـین.

ب-لـە باسی (شـەکل) دا دەڵـێ: (شکل لـە خبن و کـف دروسـت ئـەبێ. ئەمـە لـە (فـاعلاتن) و (مسـتفعلن) دا ئـەبێ .. لـە (مسـتفعلن) دا (س، ن)لائـەچن کـە یەکـەمیان سـاکنی سـەبەبی سـووکی یەکـەم و دووەمیـان سـاکنی وەتـەدی کۆمەڵـە، ئەمێنێتـــەوە (متفـع لُ)..)[٥٧].ناتەواوییەکـە لـە (مسـتفعلن) دایـە، ئـەو (مسـتفعلن)ی بەسـەر یەکـەوە نووسـیوە کـە لـە (سـەبەبی سـووك +سـەبەبی سـووك +وەتـەدی کـۆ) پێـك دێ. ئـەم (مسـتفعلن)ە خـەبنی دەچێتـە سـەر بـەلام قـەت کـەفی ناچێتـە سـەر، چونکـە کـەف زیحافـە، زیحـاف دەچێتـە سـەر سـەبەب نـەك وەتـەد. لـە (مسـتفعلن) دا، (ن)ی کۆتـایی لـە وەتەدایـە وەکـو خۆیشـی گوتوویـەتی نـەك لـە سـەبەبدا، ئەمـەش نـابێ. جـا (مستفعلن) کـە کـەفی نەچێتـە سەر، شەکلیشی ناچێتـە سەر، چونکـە شـەکل بریتییـە لـە خـەبن و کـەف پێکـەوە.

جـ-لـە پێناسـەی (قـەتع) دا، دەڵـێ: (ئەمـە لـە تەفعیلەیـەکدا ئـەبێ کـە ئاخیرەکـەی وەتـەدێکی کۆمـەڵ بـێ، لـەم وەتـەدە پیتـە نەجوولاوەکـەی ئـەڕوا و ئـەو جـولاوەی کـە لـە پێـش ئـەو نەجولاوەیـە ئـەکرێ بـە نـەجولاو، ئەمـەش لـە (مسـتفعلن) و (فـاعلن) دا ئـەبێ.. (مسـتفعلن) بـە قـەتع دەبـێ بـە(مسـتفعلْ) و (فعولـن) ئەخرێتـە شـوێنی ..)[٥٨]. ڕاسـتە (مسـتفعلن) بـە قـەتع دەبـێ بـە (مسـتفعلْ) بـەلام ڕاسـت نییـە (فعولـن)ی بخرێتـە شـوێن، ڕاسـت ئەوەیـە (مفعولـن)ی بخرێتـە شـوێن، چونکـە (مسـتفعلْ، مفعولـن) هـەردووکیان بڕگـەکانیان بـەم جۆرەیـە (- - -).

د-لـە پـەڕاوێزی ل(١٢٥)، لـە ژمـارە (٦) دا، پێناسـەی (حـەزف...) دەکـا و دەڵـێ: (ئەمـە لـە (مسـتفعلن) دا ئـەبێ، وەتـەدە کۆمەڵەکـەی کـە (علـن)ە

لائەبەی، ئەمێنێتەوە (مستف)، (فعلن) ئەخرێتە شوێنی...)[٥٩]. ئەمە بە هیچ جۆرێ پێناسەی حەزف نییە. حەزف بریتییە لە (فڕێدانی سەبەبی سووك لە کۆتایی تفعیلەدا وەکو (لن) فڕێ بدەین لە (مفاعیلن)، دەبێ بە (مفاعی) و دەگۆڕێ بۆ (فعولن)..[٦٠]. ئەو پێناسەی ئەو داویەتی پێناسەی حەزز (حذذ)ە نەك (حذف). ئەگەر دامان نا مەبەستی حەزز بێ و هەڵەی چاپ بێ بووبێ بە حەزف، شتێکی تر دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە حەززتایبەتە بە کێشی کامیل و بریتییە لە فڕێدانی (علن) لە (متفاعلن) و ئەوەی ماوە (متْفا)، (فعِلنْ)ی دەخرێتە جێ[٦١].

ﻫ-لە باسی سەلم (صلم) دا نووسیویەتی :(ئەم سەلەم لە (فاعلاتن) و (مفعولاتُ) دا ئەبێ)[٦٢]. ڕاستییەکەی سەلم ناچێتە سەر (فاعلاتن)،تەنیا دەچێتە سەر (مفعولاتُ).ئەمە (تەنیا دەچێتە سەر سەریع کە پێیەکانی بریتین لە (مستفعلن مستفعلن مفعولات) دوو جار. ئەگەر (لاتُ)ی لێ لابدرێ دەبێ بە (مفعو) و دەگۆڕێ بۆ (فعْلن)..)[٦٣].بۆیەش سەلم ناچێتە سەر (فاعلاتن) چونکە (فاعلاتن) بە سەبەبی سووك کۆتایی دێ و (سەلم)یش بریتییە لە فڕێدانی وەتەدی بلاّو لە دوا پێدا، وەکو (فڕێدانی (لاتُ) لە (مفعولاتُ)دەمێنێتەوە (مفعو) و دەگۆڕێ بۆ فعْلن..)[٦٤]. لە لایەکی تریشەوە گۆڕانی (فاعلاتن) بۆ (فاعلْ) کە دەبێ بە (فعْ لن) ئەمە بەترە نەك سەلم وەك خۆیشی لە پەراوێزی ل(١٢٦) دا لە ژێر ناوی بەتردا باسی کردووە.

بەلاّم دەبێ ئەوەش بگوترێ کە فارسەکان (سەلم) یان تایبەتی کردووە بە (فاعلاتن). (سەلم) لای ئەوان وەکو (بەتر)ی عەرەبی وایە (حەزف + قەتع)، (فاعلاتن) دەکا بە (فع لن). ڕەنگە مامۆستا مەبەستی ئەمە بێ.

و-لە باسی عیللەدا دەڵێ: (عیللەت گسۆڕانێکە کە لە ئاخیری تەفعیلەوە ئەبێ. کە لە (عروض-عەرووز)ەکەیا هەبوو، ئەبێ لە (ضرب-زەرب)ەکەشیا هەبێت ..)[٦٥]. ئەمە مەرج نییە چونکە عیللەکە لە عەرووز هەبوو مەرج نییە لە زەربەکەشدا هەبێ. هەر کێشێك (بەحرێك) چەند عەرووز و زەربێکی جیاوازی هەیە.

سجادی لە باسی پێنج کێشەکەی بەرایی (تەویل، مەدید، بەسیت، کامیل، وافیر) دا دەڵێ: (لە کێشە تایبەتییەکانی زمانی عەرەبین. واتە هەر عەرەب

هۆنراوەیان لە سەر داناوە، کورد و فارس نەچوەتە دڵیانەوە..)(٦٦). هەرچەند ئەم کێشانە لە عەرەبیدا زۆر بەکار هاتوون، بەڵام لە فارسی و کوردیشدا زۆربەیان نموونەیان هەیە، با بە زۆریش بەکار نەهاتبن. لە فارسیدا قەیسی رازی نموونەی جۆرا و جۆری بۆ هەر پێنج کێش و قالبە جیاجیاکانیان هێناوە(٦٧). لە کوردیشدا، تەویل لە سێ چوار جێگادا هاتووە، نالی و قانیع و مەلا عبدالکریمی مدرس بەکاریان هێناوە. بەسیت لەو کێشە دەگمەنانە نییە، وەکو زۆر کێشی تر بەکار هاتووە. جزیری و نالی وناری و ئەحمەد موختار و ئەدەب و سەفوەت و سالم و لوتفی و ئەسیری و وەفایی شیعریان پێ داناوە. مەدید، مەلا عبدالکریمی مدرس نموونەیەکی بۆ داناوە. مەلا عبدالکریم بۆ وافیریش نموونەیەکی داناوە بەڵام هەموو دێرەکان بە زیحافی عەسب (عصب)بووین بە (مفاعیلن)و بەمەوەش وەکو هەزەجی لێ هاتووە و هیچ پێیەکی وافیر(مفاعلتن) بە ساغی نەماوەتەوە. کاملیش بێخود و ئەحمەد موختار و شاهۆ و مەلا عبدالکریم یەکە و هۆنراوەیان لە سەر هەیە.

*هەردی ساڵی ۱۹۷۱ وتارێکی پوختە و زانستی لە گۆڤاری (برایەتی) دا بلاوکردەوە بە ناوی (کێش لە شیعری کوردی دا)(٦٨). هەردی لەم وتارەدا کێشی برگەیی و کێشی عەروزی لێك جودا کردۆتەوە. لە باسی کێشی عەروزیدا، ڕوکن و پێیە بنجیبەکانی شیکردۆتەوە و دوو پێی بۆ نموونە کەرت کردووە.پاشان بە درێژی باسی سێ کێشی هەرە باوی عەروزیی کردووە لە شیعری کوردیدا (ڕەمەل و هەزەج و موزاریع). بۆ ڕەمەل یەك قالب و بۆ هەزەج چوار قالب و بۆ موزاریع یەك قالبی هێناوە و یەکە و چەند نموونەیەکی بۆ هێناون. هەردی لە شوێنێکدا زۆر باشی بۆچووە کە دەڵێ: (بۆ ئەوەی بزانین شاعیرانی کورد کام کێشیان پتر بەکار هێناوە پێویستمان بەوەیە کە دیوانی هەموو ئەو شاعیرانە بپشکنین کە بە کێشی عەروز شیعریان ووتووە...)(٦٩). ئینجا دەڵێ: (پێش ئەم هەنگاوە هەر قسەیەك لەم بارەیەوە بکرێ گۆترەیە و لە بۆ چوونێکی تێکرایی تێپەڕ ناکات...)(٧٠). کەچی پێش ئەم جۆرە پشکنینە گشتییەی خۆی داوای دەکا، هاتووە ڕایەکی داوە کە لە ڕاستییەوە دوورە، دەڵێ کورد و فارس (بە پێی سروشتی زەمانەکانیان گەلێ کێشیان فرێ داوە، وەکو کێشی (وافیر و بەسیت و تەویل و مەدید)...)(٧١). لە پەراوێزی ژمارە (٦)یشدا نووسیویەتی: (لە ڕاستیدا هەتا ئێستا دوو سێ هەڵبەستێکم لە کوردیدا دیوە لە سەر کێشی کامیل وتراون..). هەردی نەدەبوو پێش

پشکنینی گشتی بڕیاربدا کورد ئەم کێشانەی فڕێ داوە، جگە لەوەی خۆی نموونەی کامیلی دیوە و ئەگەر پشکنینەکەی کردبا نموونەی تەویلیشی دەدۆزییەوە، خۆ بەسیتیش نموونەی هەرزۆرە لە کوردیدا وەکو لە هەڵسەنگاندنی ڕاکەی سجادیدا باسمان کرد.

لێرەدا دەبێ باسی وتارەکەی تری هەردیش بکەین کە بە ناوی (بنەڕەتی کێشی عەرووز و کێشی دوو هۆنراوە) لە گۆڤاری کاروان دا[72] بلاوی کردۆتەوە. هەردی لەم وتارەیدا هەندێ هەڵەی بیماری ڕاست کردۆتەوە و جیاوازی کێشی موجتەس و موزاریعی ڕوون کردۆتەوە کە هەندێ جار ئەوەندە لێک نزیک دەبنەوە بە زیحافێک دەناسرێنەوە.

ڕەئووف عوسمان لە ژمارە (١٢)ی گۆڤاری (برایەتی)دا، وتارێکی لە سەر (کێشی شیعری کوردیدا) ی هەردی بلاو کردەوە بە ناوی (چەند سەرنجێک دەربارەی کێش لە شیعری کوردی دا-لە نووسینی مامۆستا ئەحمەد هەردی)[73]. ڕەئووف لە باتی هەڵسەنگاندنی زانستی وتارەکەی هەردی لە زۆر جێگادا خۆی تووشی کەم و کورتی بووە. بۆ نموونە لە بارەی کێشی هەزەجەوە دەڵێ: (کێشی هەزەجی هەشت هەنگاوی مەحزووفی لە ناو ڕیزی کێشەکانی عەرەب دا سەرژمێر کردووە، واتە بە یەکێ لە کێشەکانی عەرووزی داوەتە قەڵەم. لێرەدا ئەم کێشە بە هیچ کلۆجێ لە شیعری عەرەبی دا نی یە..)[74]. ئێمە دەزانین هەزەج لە بازنەی عەرووزی خۆیدا بریتییە لە (٦) (مفاعیلن)، بەلام لە عەرەبیدا تەنیا بە مەجزووئی (٤ مفاعیلن) بەکار هاتووە، کەچی لە فارسی و کوردیدا زۆر ئاساییە کە بە ٨پێی و٦پێی و٤پێی و بە مەحزووفی و....بەکار بێ. لە شوێنێکی تردا لە باسی کێشی مەدید دا دەڵێ:(کێشی مەدید کە هەموو تەفعیلەکانی پێک هاتووە لە (متفاعلن ب ب - ب -)..)[75]. ئەمە ڕاست نییە چونکە پێیەکانی مەدید بریتین لە (فاعلاتن فاعلن فاعلاتن فاعلن)2x،نەک (متفاعلن). خۆ ئەگەر (متفاعلن) ٦ جار دووبارە بێتەوە ئەوە کێشی کامیل پێک دێنێ نەک مەدید. لە جێگایەکی تردا لە کێشانی چەپکە دەنگێکدا دەڵێ:(لە جیاتی فاعلاتن، فاعلاتُ (-ب-ب) ئەنووسرێ کە ئەمە بە نەنگێکی عەرووزی دائەنرێ و پێی ئەوترێ-قصر.)[76]. گۆڕانی (فاعلاتن) بۆ (فاعلاتُ) کە بریتییە لە فڕێدانی حەفتەم تیپی وەستاوی پێ لە سەبەبدا پێی ناگوترێ قەسر (قصر)، بەڵکو پێی دەگوترێ

کەف (کف). قەسر ئەمە نییە، قەسر بریتییە لە فڕێدانی حەفتەم تیپی ساکنی سەبەب و وەستاندنی تیپی پێشەوەی (٧٧). (فاعلاتن) بە قەسر دەبێ بە (فاعلاتْ-ب-.) نەك (فاعلاتُ-ب-ب). وتارەکەی ڕەئووف زۆر ناتەواوی تری تێدایە، بۆیە ئەمەندە بەسە.

*نووسەری ئەم نامەیەش کاتی خۆی وتارێکی لە سێ ژمارەی هاوکاریدا لە سەر هەردوو وتارەکەی هەردی و ڕەئووف بلاوکردەوە (٧٨) و کەم و کورتییەکانی ووتارەکەی ڕەئووفی ڕاست کردەوە.

*د.ئیحسان فوئاد ساڵی ١٩٧٢، وتارێکی لە گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیاتی زانستگای بەغدا بلاوکردەوە بە ناوی (دوو کێشی عەرووزی لە شیعری کوردی تازەدا) (٧٩). د.ئیحسان ساڵانی ١٩٣٠-١٩٤٥ بە قۆناغی گواستنەوە دادەنێ و باسی دوو کێشی عەرووزی دەکا کە پاش ئەو قۆناغەش لە شیعری کوردیدا هەر بەکار هاتوون. کێشی ڕەمەل و هەزەج. ئەمەیشی لای سێ شاعیر وەرگرتووە کە دوای پیرەمێرد و گۆران شیعریان بە عەرووز گوتووە ئەوانیش هەردی و دڵدارو دیلانن. لەم دوو کێشە تەنیا یەکە و قالبی لێ وەرگرتوون و بەس. هەزەجی هەشتیی سالم و ڕەمەلی هەشتیی مەحزووف، بە دوای نموونەی قالبەکانی تری هەزەج و ڕەمەلدا نەگەڕاوە، نەوەك دڵنیام دەستی دەکەوت. هەر دوور نەڕۆین لەو سێ شاعیرەی وەری گرتوون دڵدار ڕەمەلی شەشیی مەقسووری هەیە (ئەی ڕەقیب) (٨٠).

د.ئیحسان لە باسەکەی دەگاتە ئەو ڕاستییە کە مانەوەی ئەم دوو کێشە پاش قۆناغی گواستنەوەش نیشانەی ئەوەیە کە گونجاوترین کێشی عەرووزین بۆ هۆنراوەی کوردی (٨١).

*عەلی فەتاح دزەیی ساڵی ١٩٨٥ کتێبێکی سەربەخۆی لە بارەی دوو بەرهەمی شیعری فێرکردن (دوو فەرهەنگۆك) بلاوکردووەتەوە (٨٢). لەم کتێبەدا بە ڕاشکاوی باسی ناوەڕۆك و فۆرمی نەوبەهاری خانی و ئەحمەدیی شێخ مارفی نۆدێ دەکا. لە باسی قالب و فۆرمدا باسی کێشی فەرهەنگۆکەکان دەکا.

عەلی فەتاح دزەیی لە بەشی یەکەمدا بە وردی و زانستی کێشەکانی نەوبەهاری ئەحمەدی خانی دەست نیشان کردووە و کەم کورتی چاپەکانی

ڕاست کردۆتەوە. لە بەشی دووەمیشدا هەوڵی داوە کێشەکانی فەرهەنگۆکەکەی ئەحمەدی لێک جیا بکاتەوە بەڵام بە تەواوی بۆی نەچۆتەوە سەر یەک هۆی ئەمەش بۆ هەڵە و ناتەواوی چاپەکان دەباتەوە:(ئەوەندە هەڵە و چەوتی لە چاپەکان دا هەن بە جارێک کاریان لە مۆزیقا و کێشی بەیتەکانی کردووە و زیانێکی زۆریان بەم کتێبە نایابە گەیاندووە..)(٨٣). هەرچەندە هەندێ پارچەی ئەحمەدی ناوی کێشەکەیان لە پێشەوە نووسراوە، وەکو کێشی موتەقاریب و کێشی ڕەمەل بەڵام عەلی فەتاح دزەیی هەموو پارچەکانی بۆ نەبراوەتە سەر کێشە عەرووزیەکان.

*تێلی ئەمین وتارێکی لە (ڕۆشنبیری نوێ) بڵاوکردەوە بە ناوی (کێش لە مەم و زین دا)(٨٤). تێلی هەوڵی داوە بسەلمێنێ کە مەم و زین لە سەر کێشی عەرووزی نییە و بە کێشی خۆماڵی هۆنراوەتەوە. لە باسی خانی و بەکار هێنانی کێشی عەرووزیدا دەڵێ:(خانی شارەزا بوو د هەمی دەریایێت عەرووزێت خەلیلی دا، بەرهەمەکی خو بناڤێ (نوبهار) ل دویڤ ڤان عەرووزا یێ دەینای و ناڤێ هەمی دەریا دگەل تەفعیلێت وان یێت دیارکرین..)(٨٥). خانی قەت (هەمی دەریا)کانی لە (نوبهار) دا بەکار نەهێناوە وەکو تێلی دەڵێ، بەڵکو تەنیا (٧) دەریا-بەحر-کێش-ی بەکار هێناوە، لەگەڵ چەند قالبێکی جیاوازی هەندێ لەو (٧) کێشە، وەکو لە هەڵسەنگاندنی نەوبەهار دا ڕوون کرایەوە. تێلی لە پەراوێزی ژمارە(٩)ی وتارەکەیدا دەڵێ:(خانی سێزدە دەریایێت عەرووزی د نوبهاری دا ب کار هینایین.)(٨٦) ئەم قسەیە و قسەکەی پێشووی تێک ناکەنەوە. لەوێ گوتی هەمی دەریاکانی بەکار هێناوە، واتە هەر شازدە، لێرەش دەڵێ خانی سێزدە دەریای عەرووزی بەکار هێناوە. خانی سێزدە کێشیشی بەکار نەهێناوە، تەنیا (٧) کێشی بەکار هێناوە، شەشەکەی تر قالبەکێشی جیاوازی هەندێ لە کێشە بەکار هاتووەکانن. تێلی زۆر هەوڵی داوە بسەلمێنێ کە مەم و زین بە کێشی خۆماڵی نووسراوە نەک عەرووزی بەڵگەیشی ئەمانەیە: ١)ئەو هەزەجەی خانی مەم و زینی پێ هۆنیوەتەوە (مفعولُ مفاعلن فعولن- ئەخرەبی مەقبوزی مەحزووف)لە عەرووزی عەرەبیدا نییە.

٢)خانی لە نەوبەهار دا ئەم کێشەی بەکار نەهێناوە.

٣)هەموو دێرەکانی مەم و زین بە کێشی خۆماڵی (لەتی=٥+٥)دەکێشرێن.

هەروەك بیمارڕەتی كردۆتەوە(٨٧) ئەم بەڵگانە هیچیان زانستی نین.
یەكەم زۆریەی ئەو كێشە عەروزییانەی لە فارسی و كوردیدا بەكارهاتوون، لەبەرتایبەتێتی ئەو دوو زمانە و جیاوازییان لەگەڵ زمانی عەرەبیدا، شێوە و قالبی تریان وەرگرتووە. هەمیشە كت و مت وەكو عەرەبییەكە بەكار نەهاتوون.
دووەم خانی كە ئەم كێشەی بەم قالبە لە نەوبەهاردا بەكارنەهێناوە مانای وانییە كە ئەم كێشە بەم قالبە نییە. خۆ زۆر كێشی تریش هەن كە خانی لە نەوبەهاردا بەكاری نەهێناون و هەشن. سێیەم، كێشانی مەم و زین بە كێشی خۆماڵی واتە بە ژمارەی بڕگە شتێكی زۆر ئاساییە، چونكە زۆربەی زۆری كێش و قالبە عەروزییەكان لە كوردیدا ژمارەی بڕگەی دێرەكانیان وەكو یەك دەربەچێ. ئەمەش هەرگیز لە عەروزیاتیان ناخا، چونكە كێشی عەروزی پەیڕەوی سستەمێكی وردی بە دوای یەكدا هاتنی بڕگەی كورت و درێژ دەكا كە ئەمە لە كێشی خۆماڵی كوردیدا ڕەچاو ناكرێ. ئەو قالبە هەزەجەی خانی بۆ مەم و زینی بەكارهێناوە لە فارسیدا بۆ چیرۆكە شیعری وەكو لەیلا و مەجنوونی نیزامی گەنجەوی بەكارهاتووە.
*د.زاهیر لەتیف كەریم لە تێزی دكتۆراكەیدا كە ساڵی ١٩٨٥ بە ناوی (لێكۆڵینەوەیەكی بەراوردكاری شیعری ئازاد لە عەرەبی و كوردیدا-بەرهەمە ئەدەبییەكانی سەیاب وگۆران)(٨٨) پێشكێشی كۆلیجی ئەدەبیاتی زانكۆی گلاسكۆی كردووە، بەشی سێیەمی بۆ كێش و سەرواى شیعری كوردی تەرخان كردووە(٨٩). لە بارەی كێشی بڕگەیی تەقلیدی و كێشی عەروزییەوە دەڵێ:(پاش غەزووی ئیسلامی، كوردیش وەكو زمانەكانی تر كە كەوتنە ناو جیهانی ئیسلامی، بە گشتی كێش و شێوە شیعرییە عەرەبییەكانیان بەكار هێنا. لەگەڵ ئەمەشدا، هەرهیچ نەبێ بۆ ماوەیەك، شێوە بڕگەییە تەقلیدییەكانی شیعری كوردی شان بە شانی شێوە بێگانەكان هەرمان. بۆ نموونە بابا ڕوخی هەمەدانی (٨٤١ز مردووە)، كە دەشێ بە یەكەم شاعیری نەتەوایەتی دابندرێ لە ئەدەبی كوردیدا، بە شیعری بڕگەیی هەجووی خەلیفەی عەبباسی كردووە. بابا تاهیری هەمەدانی (عوریان) یش (٩٣٥-١٠١٠ز) ڕوباعییەكانی بەم شێوەیە هۆنیوەتەوە...)(٩٠). بابا ڕوخی هەمەدانی نییە (هەمزانی)یە، ئەوە بوو كە لە كاتی شۆڕشەكانی جعفر بن حسن

الکردیدا دژی خەلیفەی عەبباسی المعتصم باللە.. شیعرەکانی گوتووە.[91] لە بارەی ڕوباعییەکانی بابا تاهیریشەوە، ئەم ڕوباعییانە بە کێشی برگەیی نین، بە کێشی عەرووزین و هەر هەموویان لە سەر کێشی هەزەجی شەشیی مەحزووف، یان مەقسوور داندراون.

د.زاهیر لە باسی کێشە عەرووزییە بەکار هاتووەکان لە کوردیدا دەڵێ:(شاعیرە نوێکان کە هێشتا بە کێشی کلاسیکیی (عەرەبی) دەیاننووسی، مەیلی کێشە سادەکانیان دەکرد وەکو: هەزەج کە ڕەگەزی بنچینەیی بریتییە لە سێ جار (مفاعیلن) لە هەر لەتە دێرێکدا، ڕەمەل سێ جار (فاعلاتن) لە هەر لەتێکدا، بەسیت (مستفعلن و فاعلن) بە نۆرە، موزاریع (مفاعیلن فاع لاتن مفاعیلن). لە عەرەبیدا هەزەج و ڕەمەل هەر بەیتێکیان (٦) تەفعیلەیەکەچی لە کوردی و لە فارسیدا هەر بەیتێکیان (٨) تەفعیلەیە)[92] . هەزەج و ڕەمەل لە فارسی و کوردیدا تەنیا (٨)پێ نین. هەر یەکە کۆمەڵێ قالبی هەیە و قالبەکان لە نێوان (٨) و (٦) و (٤)پێدان لە هەر دێرێکدا. د.زاهیر خۆیشی پاش ئەوەی سێ نموونەی بۆ هەزەجی هەشتی هێناوە، بۆ ڕوونکردنەوەی عیللەی حەزف کە فڕێدانی دوا سەبەبی سووکە لە پێدا، (مفاعیلن) دەبێ بە (مفاعی) و دەگۆڕێ بۆ (فعولن)، نموونەی بە دێرە شیعرێکی (٦)پێیی هێناوە[93] . پێشتریش لە ل (٤٥) دا، لەو کێشە عەرەبییانەی کە بە زۆری لە کوردیدا بەکار هاتوون ئیشارەتی بۆ (سەریع و خەفیف و هەزەج و ڕەمەل و موزاریع) کردووە.

*عبدالرزاق بیمار عەرووزانێکی دیار و ناسراوە. تا ئێستا یەکەم نووسەری کوردە بە شێوەیەکی زانستی و نەختێ فراوان باسی زۆر لایەنی کێشی عەرووزی لە کوردیدا ڕوونکردۆتەوە. (بیمار) وتارێکی لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری) بڵاوکردەوە بە ناوی (سێ کێشی عەرووزی لە هەڵبەستی کوردیدا)[94] . سێ کێشەکە موزاریع و موتەقاریب و خەفیفن. بۆ موزاریع چوار لک (قالب)ی نووسیوە. هەردی لە گۆڤاری کاروانداً[95] ئەم وتارەی (بیماری) هەڵسەنگاند و پاش ڕوونکردنەوەی جیاوازی نێوان موزاریع و موجتەس دەریخست کە دوو قالب لەو چوار قالبەی بیمار بە موزاریعی داناون، موزاریع نین، موجتەسن. دوو قالبەکەش ئەمانەن: موزاریعی هەشت تاکی مەقبووزی مەحزووف و موزاریعی

هەشت تاکی مەقبووزی مەخبوونی مەحزووف. بیمار لە وتارێکی تردا بە ناوی (سەرنجە بە نرخەکانی مامۆستا هەردی)(٩٦) دانی بە ڕاست کردنەوەی هەردی‌نا و پاشان کە ئەم وتارەی خستە ناو کتێبەکەیەوە (کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی)(٩٧)، ئەم دوو قالبەی فڕێ‌دا کە بە موزاریعی زانی‌بوون و موجتەس دەرچوون.

بیمار وتارێکی تری هەر لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا بلاوکردەوە بە ناوی (عەرووز لە هەڵبەستی کوردی دا)(٩٨). لەم وتارەدا باسی کێشی هیجایی و کێشی عەرووزی دەکا و لە باتی تیپی بزواو و وەستاو، بڕگەی کورت و درێژ دەکا بە بنەمای دەست نیشان کردنی کێشەکان.

بۆ ساڵی ١٩٩٢، بیمار ئەم وتارەی لەگەڵ چەند باسێکی تری عەرووزیدا بە کتێبێك بلاوکردەوە بە ناوی (کێش و مۆسیقا لە هەڵبەستی کوردی دا). ئەم کتێبەی بیمار یەکەمین کتێبی کوردی سەربەخۆیە کە بۆ کێشی عەرووزی تەرخان کرابێ. بیمار لەم کتبەدا باسی بڕگە و پێ و زیحاف و عیللە و کێش و بازنەکان دەکا و لە کێشە عەرووزییەکانی کوردی دوازدە کێشی بە کۆمەڵێك (قالب)ەوە شی‌کردۆتەوە و نموونەی بۆ هێناون. ژمارەی کێش و قالبەکان گەیشتۆتە (٣٤) قالب. بیمار لەم باسەیدا بڕگەی کورت و درێژ دەکا بە بنەمای هەڵسەنگاندنی کێشەکان و بڕگەی کوردی دەکا بە دوو جۆر (کورت و درێژ)(٩٩). بەم پێیەش حەزف و قەتع و قەسر یەك بەهای کێشانەیان دەبێ. بۆ نموونە ئەگەر (-)بۆ بڕگەی درێژ و (ب) بۆ بڕگەی کورت دابنێین، (فعولن) بە حەزف دەبێ بە (فعو،ب -) و بە قەسر دەبێ بە (فعولْ،ب -). ڕەمزی هەردووکیان وەکو یەکە. بیمار لە باسی (موتەقاریب) دا دوولکی (قالبی) لێك جوداکردۆتەوە (تەواو و مەقسور). وا چاك بوو لە باتی مەقسوورەکە ناوی مەحزووفی دابنایە، چونکە بە پێی کەم بوونەوەی یەك بڕگە لە کۆتایی پێدا حەزف و قەسر یەك مانایان دەبێ و بیماریش لە پێی بەحرەکانی تردا کەم بوونی یەك بڕگەی بە حەزف داناوە. لە باسی زیحاف و عیللەکاندا، بیمار هەوڵی داوە کورتیان بکاتەوە، بەلام لە هەندێ جێدا ڕاست دەرنەچووە، بۆ نموونە لە باسی (قەتع) دا وای پێشان داوە کە (فاعلاتن، -ب --) بە قەتع دەبێ بە (فالاتن، ---)(١٠٠) کە ئەمە قەتع نییە. قەتع بریتییە لە (فڕێدانی

دوا تیپی وەستاوی وەتەدی کۆلە کۆتایی پێ وەوەستاندنی تیپی بزواوی پێشەوەی)(١٠١) ، ئەوەی ئەم دەڵێ تەشعیسە (التشعیث)(١٠٢) . لە باسی ئەخرەبدا نووسیویەتی (ئەخرەب (قەتع و کەف پێکەوە).لابردنی برگەی کورتی یەکەم و کورت کردنی برگەی درێژی دوایی لە هەزەج و موزاریع دا. مفاعیلن ب - - -، دەبێ بە فاعیلُ، - - ب، (مفعولُ) ...)(١٠٣).ڕاستە ئەم گۆڕانەی باسی دەکا و نموونەکەشی ئەخرەبە، بەلاّم ئەخرەب بریتی نییە لە قەتع و کەف پێکەوە، بەڵکو بریتییە لە (خەرم و کەف پێکەوە)(١٠٤) . لە جیاکردنەوەی قالبەکانی هەزەجدا، قالبێکی ناو ناوە (هەزەجی هەشتیی مسمط)(١٠٥) تەسمیت سەربە کێش نییە،واتە هیچ کێش و قالبێك نییە ناوی تەسمیت بێ، تەسمیت دەشێ لە هەر کێشێك بێ، بەلاّم زیاتر لەو کێشانە دەبێ کە هەشت پێین، وەکویەسیت و هەزەج و... تەسمیت خۆی سەر بە هونەری سەروایە و زۆر جۆری هەیە و یەك لە جۆرەکانی ئەوەیە کە لە هەر دێرە شیعرێکدا لەتەکان ببن بە دوو پارچە و لە هەر دێرێکدا سێ پارچەی پێشەوە هاو سەروا بن و پارچەی چوارەم و کۆتایی دێرەکە سەروای لەگەڵ سەروای گشتی هۆنراوەکەدا یەك بگرێتەوە(١٠٦) . دەبوایە بیمار وەك هونەرێك باسی تەسمیت بکا نەك وەك قالبێکی هەزەج. بیمار لە شیکردنەوەی کێشی ڕەجەزدا ئەو گۆڕانانە دەست نیشان دەکا کە دێنە سەر پێی (مستفعلن)، یەك لە گۆڕانەکان خەبل (خەبن و تەی) داناوە(١٠٧)گوایە (مستفعلن) خەبلی دێتە سەر و دەبێ بە (فعو) یا (فعولن). ئەمە ڕاست نییە چونکە (مستفعلن) خەبن و تەی بێتە سەر دەبێ بە (مُتَعِلن ب ب ب -) دەگۆڕێ بۆ (فَعِلَتُن).(مستفعلن) ئەگەر تووشی تەخلیع (خەبن و قەتع) ببێ کە لە کێشی مەجزوئی بەسیتدا دێ، دەبێ بە (فعولن).

*عەبدوللاتاهیر عومەر لە گۆڤاری (کاروان) دا وتارێکی لە سەر تەخمیس بلاّوکردۆتەوە.(١٠٨) کە دێتە سەر ڕوخساری تەخمیس (بە پێنج کردن)، لە کێش و سەروا دەدوێ و لە بارەی کێشی عەرووزییەوە دەڵێ: (لێرەدا دەتوانم بڵێم شتێکی گران نییە کە شاعیری سەردەم فێری دوو کێشی هەزەج و ڕەمەل ببێت بە خۆیان و مەجزووئەکانیانەوە کە دەکاتە چوار کێش. باوەڕم وایە (٨٠-٩٠٪)ی هەڵبەستی ئەستوونی کوردی لە سەر ئەم چوار کێشە دانراوە. شایانی

باسە، یەکەی پێوانە ، واتە تەفعیلەکانی هەزەج بریتییە لە (٤ مفاعیلن) و هی مەجزووئی هەزەج لە (دوو مفاعیلن +فعولن) پێک دێ و تەفعیلەکانی ڕەمەلی تەواویش بریتیە لە (٣ فاعلاتن + فاعلن) بەلاّم هی مەجزووئەکەی لە (٢فاعلاتن +فاعلن) پێک دێ. ئیتر بۆچی بتوانین دەیان سەرچاوەی ئەدەبی بێگانە هەرس بکەین و نەتوانین ئەم زانستە ڕەسەنە هەرە پێویستە فێر ببین..)(١٠٩) . کە دەڵێ هەزەج بریتیە لە (٤مفاعیلن) دیارە مەبەستی لە یەك لەتە دێرە و بۆ ئەسلە کێشەکە. ئەمە ڕاست نییە، چونکە هەزەج لە بازنەی خۆیدا بە (٣ مفاعیلن ×٢) هاتووە بەلاّم لە عەرەبیدا قەت بە (٦مفاعیلن) واتە بە سالی بەکار نەهاتووە، کەچی لە فارسی و کوردی دا بە (٨ مفاعیلن) و (٦ مفاعیلن) و (٤مفاعیلن) بەکار هاتووە و ئەوانیش بە زۆر قالبی جیا جیا. عەبدوللا (٢مفاعیلن +فعولن)ی بە مەجزووئی هەزەج داناوە. ئەمە مەجزووء نییە، چونکە سێ پێیە، ئەوەندە هەیە پێی سێیەم عیللەی حەزفی هاتۆتە سەر (مفاعیلن) بووە بە(فعولن). قالبە کێشەکە بریتییە لە هەزەجی شەش پێی مەحزوف مەجزووئی هەزەج بریتییە لە (٢) (مفاعیلن) لە هەر لەتە دێرێکدا. لە ڕەمەلیشدا تووشی هەمان هەڵەی هەزەج هاتووە. دیارە هۆیەکەشی ئەوەیە کە مەجزووء و مەحزووفی لێك جودا نەکردۆتەوە. پاشان عەبدوللا باسی کێشێك دەکا کە گۆران بەکاری هێناوە و دەڵێ:(کێشێکی هەرە قورسی بەکار هێناوە بۆ دارشتنی تابلۆ پارازاوەکەی - ئێوارەیە وا هەڵگرە سا گۆرەیی تازە-کە ئێستاش من نازانم ئەو کێشە چ کێشێکە و ڕەنگە دە ساڵ زیاتریش بێت هەڵبەستی لە سەر نە نووسراوە مەگەر بە دەگمەن. وەك بێتەوە بیرم مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە نرخ شناسی دا-بە داخەوە لە بەردەستم دا نییە- دەڵێ ئەم کێشە خۆماڵییە و تەفعیلەی بە سەردا ناچەسپێت ، بەلاّم دڵنیام مامۆستا ئەحمەد هەردی دەربارەی ئەم کێشە وتی تەفعیلەی بە سەر دا دەچەسپێ. بەم شێوەیەش تەفعیلەکانی لە سەر دەفتەرێکی من نووسی: مستفعلن مفعول مفاعیلن فعولن ..)(١١٠) . ئەو کێشەی کە عەبدوللا باسی دەکا لەوسەخت و دەگمەنانە نییە کە ئەو بۆی چووە. بریتییە لە کێشی (هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف -مفعول مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن) کەرت کردنەکەیشی بەم جۆرەیە:

ئێوارەیــە وا هــەڵگرە سـا گۆزەیـی تـازە

- - ب ا   ب - - ب ا ب - - ب ا ب - - ا

مفعول   مفاعیلُ   مفــاعیلُ فعولــن

ڕێـی کـانی قوبـان مونتــەزیری جیلوەیـی تـازە(١١١)

- - ب ا ب - - ب ا ب - - ب ا ب - - ا

مفعول   مفاعیلُ   مفــاعیلُ   فعولــن

پێـی (٤) و (٨) برگــەی کۆتاییـان کورتــە، بــەڵام لـێرەدا حەرەکەکـەیان ئیشـباع دەبێ و دەبن بـە برگـەی درێـژ.

ئــەم لقــە کێشــەی هــەزەج لــە فارسـی و کوردیـدا گــەلێ زۆرە. عــەرەبی خــۆی لــە وتارەکــەی برایــەتیدا باســی ئــەم کێشــەی کــردووە ولــەوێ ڕاکــەی ســجادی هەڵســەنگاندووە کـە ئـەم کێشـەی بـە کێشی خۆمـاڵی دانـاوە نـەك عـەرووزی، بۆیـی قــەت ناشـێ هــەرەبی ئــەم هۆنراوەیــەی (گــۆران)ی لــە ســەر دەفتــەری عــەبدوللا تاهیردا بـەم جۆرەکـەرت کردبێ کـە ئـەو دەڵێ، چونکـە ئەمـە سـەر بـە هیـچ کێشـێك نییـە و عـەرووززانێکی وەکـو هـەرەبی ئـەم شیعرە بـەم جـۆرە کـەرت ناکـا.

عــەبدوللا تاهــیر وتــارێکی تــری بــە نــاوی (ســەرەتایەك دەریــارەی کێـش لــە هەڵبەسـتی کوردیـدا) بـە دوو ئەڵقـە لـە گۆڤـاری (سـروە) دا بڵاوکـردەوە(١١٢). لـە ئەڵقــەی دووەمــدا بەشــێکی بــۆ باســی کێشـی عــەرووزی و بەشــێکی بــۆ کێشـی خۆمــاڵی تــەرخان کــردووە. لــە کێشـی عــەرووزیدا هــەمان هەڵــەکانی وتارەکــەی گۆڤـاری (کـاروان)ی لـە بـارەی هــەزەج و ڕەمــەل دووبـارە کردۆتـەوە و هیچـی نوێـی تێدا نییـە.

*د .عــەبدوللا محەمــەد ئەحمــەد (حــەداد) لــە تــێزی دکتۆراکــەیدا کــە ســاڵی ١٩٨٨ بــە نــاوی (لێکۆڵینەوەیــەکی مێژوویــی ئــەدەبی کــوردی کوردســتانی خــواروو ١٨٢٠-١٩٢٠)(١١٣) پێشکێشــی زانــکۆی ســۆڤیەتی کــردووە، بەشــێکی (ل ٣٤٨-٣٧٢) بــۆ کێشـی شــیعری کــوردی ئــەو قۆناغــە ١٨٢٠-١٩٢٠ تــەرخان کــردووە. (د.عــەبدوللا)لــە پێیــەکان (تەفعیلــەکان) نــاوی (١٧)پــێ و (٦) کێشـی لــە (دوفـو شـکور) وەرگرتــووە(١١٤). ئــەم (١٧)پێیــە، (٨)یــان پێـی بنچینــەیین و (٩) یــان موزاحــەفن واتــە گۆڕانیــان بەســەر داهــاتووە. پێـی موزاحــەف گــەلێ لــەم (٩)یــە زیــاترە و هــەموو عەرووززانــەکان باسـیان کــردوون، بــەڵام نــە (د.عــەبدوللا)و نــە دو

فوشکور نەیانگوتوە لە سەرچ بنەمایەك ئەم (٩)پێیە موزاحەفەیان خستۆتە پاڵ پێیە بنچینەییەکان. تەنیا دوفوشکور ئەوەندە دەڵێ:(پێیە عەرەبییەکان کە لە لێکۆڵینەوە کۆنەکانی عەرووزی فارسیدا دەیانبینین ئەمانەن...)(١١٥) بەلام پێیە هەرە کۆنەکانی عەرووزی فارسیکە لای عەرووزانی هەرە کۆنی فارسی قەیسی ڕازی هاتووە(١١٦)گەلێ لەمانە زیاترە.

(د.عەبدوللا)ڕەمزی پێیەکانی یەك نەخستوە. دوو جۆرە ڕەمزی بەکار هێناوە چونکە لە دوو سەرچاوەی جیاوازی وەرگرتوون. ئەوەی لە دوفوشکوری وەرگرتوە وەکو ئەو ڕەمزی (٠)و(-)ی بۆ بڕگەی کورت و درێژ داناوە و ئەوەی لە (بیمار)ی وەرگرتووە وەکو ئەو ڕەمزی (ب)و(-)ی بۆ بڕگەی کورت و درێژ داناوە. وا چاك بوو (د.عەبدوللا)یەکێ لەم دوو جۆرە ڕەمزە پەسند بکا و لە هەموو بابەتەکەدا بەکاریان بێنێ. پاشان کە بە ڕەمز پێیەکانی شەش کێشەکەی دیاری کردووە، نەگەڕاوەتەوە سەر ئەسلی کێشەکان لە بازنەکانیاندا بۆ ئەوەی ئەسلەکەیان بنووسێتەوە، بەڵکو هەروەکو دوفوشکور یەکە و قالبی کێشەکانی نووسیوە و بەس. لەمەشدا تەنیا پێیەکانی کێشی موتەقاریب و موتەدارەك وەکو ئەسلی بازنەی خۆیان هاتوون، بەلام چوارەکەی تر نەء. هەزەج و ڕەمەل و ڕەجەزی بە چوار پێ نووسیوە بۆ هەر لەتێك .ڕاستە کورد و فارس ئەم سێ کێشەیان بە هەشتیی و شەشیی و چواریی بەکار هێناوە، بەلام لە بنچینەدا لە ناو بازنەی خۆیاندا کە هەر سێکیان لە یەك بازنەدان (بازنەی سێیەم)، هەریەکە بە (٦) پێ هاتووە(١١٧) .بۆخەفیفیش ئەسلی پێیەکانی نەنووسیوە کە بریتییە لە (فاعلاتن مستفع لن فاعلاتن)(١١٨) بەڵکو پێیەکانی بەم جۆرە داوە (فاعلاتن مفاعلن فعلاتن) کە پێی دووەم و سێیەم خەبنیان هاتۆتە سەر. کە دێتە سەر کێشەکان، لە (ل٣٦٢) دا قسەیەکی سجادی لە نرخ شناسی وەردەگرێ، ئەوەی کە دەڵێ:(پێنج کێشەکەی بەرایی لە کێشە تایبەتییەکانی عەرەبین، واتە هەر عەرەب هۆنراوەیان لە سەر داناون..)(١١٩) . ئەم قسەیە لە ڕووی زانستییەوە دروست نییە وەك لە هەڵسەنگاندنی نرخ شناسیدا ڕوونمان کردەوە، دەبوایە (د.عەبدوللا)بێ ڕاست کردنەوە ڕاکەی وەرنەگرتایە. کە دێتە سەر نموونەی تەتبیقی، یەك کێش شی دەکاتەوە کە کێشی موزاریعە و چوارلقی

موزاریـع لـە (بیمـار) وەردەگـرێ و دەڵـێ: (ڕاسـتی، وا دیـارە کـە کێشـی موزاریـع زۆر جـۆری هەیـە، بیمـاری نووسـەری کـورد، لـە وتـارێکی نـاوازەدا، چـوار جـۆری لێ دەسـت نیشـان کـردووە)[١٢٠]. مەبەسـتی وتـاری (سـێ کێشـی عـەرووز لـە هەڵبەسـتی کـوردی دا)ی بیمـارە کـە لـە ژمـارە (١١٠)ی ڕۆشـنبیری نویـدا بـڵاوی کردۆتـەوە. (بیمـار) لـەوێ ئـەم چـوار جـۆرەی بـە موزاریـع دانـاوە: (١) موزاریعـی ئـەخرەبی مـەکفووفی مـەحزووف (٢) موزاریعی هەشت تاکی ئـەخرەب. (٣) موزاریعـی هەشـت تـاکی مـەقبووزی مـەحزووف. (٤) موزاریعـی هەشـت تـاکی مـەقبووزی مـەخبوونی مـەحزووف. (د .عـەبدوللا) هـەرچوار جـۆری بـە بـێ ساغ کردنـەوە(تحقیـق) ، کـت و مـت بـە نموونـەوە وەرگرتـوە. ڕاسـتی لـەم چـوار جـۆرە تـەنیا جـۆری یەکـەم و دووەم موزاریعـن، دوو جۆرەکـەی تـر موزاریـع نـین، هـەروەکـو کـاتی خـۆی (هـەردی) لـە گۆڤـاری (کـاروان) دا[١٢١] ئـەم هەڵـەی بـۆ بیمـار ڕاسـت کـردەوە و (بیمـاریش)لـە (هاوکـاری)، لـە وتـارێکدا بـە نـاوی (سـەرنجە بەنرخـەکانی مامۆسـتا هـەردی)[١٢٢] سوپاسـی هـەردی کـرد بـۆ ئـەو ڕاسـت کردنەوەیـە و هـەردیش لـە هاوکـاری ژمـارە (٨٩٧)[١٢٣]دا لـە وەڵامـی وتارەکـەی بیمـاردا هـەندێ ڕای عـەرووزی تـری پێشـان دا و موناقەشـەی هـەندێ بـیر و ڕای عـەرووزیی بیمـاری کـرد. (د .عـەبدوللا) نـەدەبوو هەڵـەی بیمـار دووبـارە بکاتـەوە، دەبوایـە یـان خـۆی بـە وردی سـاغی بکردایـەوە و ئـەو جـۆرە (قالبـە) نـا موزاریعـەی بیمـار بـە موزاریعـی دانـاون، وەری نـەگرتبان، یـان لانـی کـەم ئاگـاداری ڕاسـت کردنەوەکـەی هـەردی و ئـەو نووسـین و وەڵامانـەی هـەردی و بیمـار بوایـە کـە هـەر هەموویان لانـی کـەم سـاڵێك پێش نووسـینی تێزەکـەی ئـەو بڵاوکراونەتـەوە.

د .عـەبدوللا کـە دەچێتـە سـەرلێکدانەوەی پێیـەکان، ڕەمـزی (ب -) بـۆ بڕگـەی کـورت و درێـژ بـەکار دێنـێ، بـەڵام لەبـەر جیـاوازی ئاراسـتەی نووسـینی ئـەلف و بێـی لاتینـی کـە فەرەنسـی پـێ دەنووسـرێتەوە، زۆر جـار ڕەمـزی پێیـەکان تێکـەڵ بووینـە وەکـو لـە (ل ٣٤٨) دێـری (٢) دا ڕەمـزی بڕگـەکانی پێـی (**Mufacilun**) ی بـەم جـۆرە دانـاوە(--- ب) کـە ئەمـە بـۆ ئاراسـتەی نووسـینی لاتینـی زۆر ڕاسـتە کـە لـە چەپـەوە بـۆ ڕاسـتە دەخوێندرێتـەوە، کـەچی ڕەمـزی بڕگـەکانی هـەمان پێـی لـە (ل٣٧٠)،دێـری (٢) دا بـەم جـۆرە نووسـیوە(ب ---)کـە پێچەوانـەی ئـەوەی پێشـووە. لـە (ل٣٧٠)شـدا ڕەمـزی (**Facilun**)ی بـەم جـۆرە دانـاوە(ب ب -) کـە

بە پێی ئاراستەی نووسینی لاتینی دەبێ بەم جۆرە بێ (- ب ب). لە هەمان لاپەڕەدا بۆ پێی (Mafacilun) ئەم ڕەمزانەی داناوە(ب -ب -) کە دەبێ بەم جۆرە بێ (-ب -ب).

*د. وریا عومەر ئەمین وتارێکی لە گۆڤاری (ڕۆشنبیریدا) بلاوکردەوە بە ناوی (شەپۆلەکانی شیعری کوردی)[(١٢٤)]. د. وریاسێ جۆرە شیعری لە ڕووی کێشەوە لە یەك جیا کردۆتەوە: شیعری عەرووزی و خۆماڵی و شیعری ئازاد.

د. وریا هەندێ زاراوەی عەرووزی کردووە بە کوردی، یان بلێین زاراوەی کوردی بۆ داناون، وەکو کێش بۆ بەحرو لا باڵ بۆ میسراع و گرێ بۆ تەفعیلە. بە خشتە پێکهاتنی هەشت گرێ بنجییەکە و گرێی هەر شازدە بەحرو زیحاف و عیللەکانی پێشان داوە. لە دیار کردنی گرێی شازدە کێشەکە، کێشەکان چۆن بەکار دێن وای نووسیون[(١٢٥)] نەك بەو جۆرەی لە بنچینەدا و لە ناو بازنەی خۆیاندا هاتوون. وا چاك بوو بۆ مەدید هەر هەشت پێ (فاعلاتن فاعلن٤x) و بۆ ڕەمەل هەر شەش پێی (فاعلاتن)و بۆ هەزەج هەر شەش (مفاعیلن) و بۆ موجتەس (مستفع لن فاعلاتن فاعلاتن) و بۆ موقتەزەب (مفعولات مستفعلن مستفعلن) و بۆ موزاریع (مفاعیلن فاع لاتن مفاعیلن) و بۆ مەتەدارەك هەشت (فاعلن) و بۆسەریع (مستفعلن مستفعلن مفعولات) و بۆوافیر شەش (مفاعلتن) بنووسێ. د. وریا لە بارەی ژمارەی زیحاف و عیللەکانەوە دەڵێ:(دامەزرێنەری زانستی عەروون، خەلیل ابن احمد الفراهیدی(٩٤-١٧٥ك)، (٢٣)زیحافی دەست نیشان کردووە، دوای خۆی زۆرتری خراوەتە سەر، جگە لە عیللەکان کە ژمارەیان لەوان کەمتر نابێ).[(١٢٦)] ژمارەی زیحافەکان (٢٣) نییە، چونکە هەر بە گوێرەی خشتەکەی خۆی زیحافەکان ژمارەیان (١٢) یە، (٨)ی تاك و (٤)ی لێکدراو. بە زیحاف و عیللە و ئەو زیحافانەی وەکو عیللە بەکار دێن ژمارەیان (٢٦) دەکا. دکتۆر دەڵێ عیللەکان ژمارەیان لەوان کەمتر نابێ، مەبەست لە زیحافەکانە کە بە (٢٣)ی داناون. ڕاستی ژمارەی زیحاف و عیللەکان بەم جۆرەیە: زیحاف (١٢)، عیللە (١٢)، عیللەی وەك زیحاف بەکار هاتوو (٢). هەمووی دەکاتە(٢٦).[(١٢٧)] دکتۆر وریا لە بارەی خشتەی زیحاف و عیللەکانەوە نووسیویەتی:(بەشێکی ئەم زیحاف و عیللانە لەم نەخشەیەدا ڕونکراوەتەوە. ئەم خشتەیە دەتوانرێ فراوان بکرێ و

هەموو زیحاف و عیللەیێکی بخرێتە ناو).[128] زیحاف و عیللەی عەرەبی هەر ئەوەندەن و بەس، جگە لەوەی کە خەرم بە گوێرەی هاتنی زیحافی تر لە هەمان پێی ئەخرەمدا کۆمەڵێ ناوی بۆ داندراوە وەکو:(ثلم، ثرم، عضب، قصم، حجم، عقص، شتر،خرب).[129] کەچی لە فارسیدا هەندێ زیحافیان زیادکردووە بۆ ئەوەی کێش و پێیەکان لەگەڵ سروشتی زمانی فارسی بگونجێن.[130] پاشان دکتۆر وریا نموونە بۆ سێ کێش دێنێ. لە کێشی هەزەجدا کە نموونەی هێناوە، پێی (نی یە وەك من)ی بەم جۆرە دابەش سەر برگەی کورت و درێژکردووە (ب ب- -). ئەگەر پێیەکە بە ڕووتی وەربگرین ئەمە ڕاستە، بەڵام لە ڕەوتی دێرە شیعرەکە و لە ئاوازی کێشەکەدا دەنگی (ە) لە (نی یە) دا دەبێ بکرێ بە (ا) و بخوێندرێتەوە (نی یا وەك من). ئەوسا دابەش بوونی برگەکان بەم جۆرەی لێ دێ (ب---، مفاعیلن). ئەم درێژ کردنەوەیە دەبێ بکرێ چونکە دێرەکە لە سەر کێشی هەزەجە (مفاعیلن)، ڕوکنی یەکەمی (مفاعیلن)یش وەتەدی کۆیە (مفا)و هیچ زیحاف یان عیللەیەکیش لە عەرووزدا نییە ڕێگا بە فڕێدانی (ا)ی (مفا)بدا و بمێنێتەوە (مفَـ) تا پێیەکە ببێ بە (مَفعِیلن ب ب - -).جگە لەوەش دکتۆر وریا لە سەر ئەم پێیە کە (ب ب - -)ی بۆ داناوە نووسیویە (فعلاتن) کە مفاعیلن بە هیچ جۆرێ نابێ بە فعلاتن. ئینجا لە ڕون کردنەوەی ئەم گۆڕانەدا دەڵێ:(گرێی دووەم و چوارەم بوونەتە فعلاتن. لێرەدا زیحافی (خەبن) ی تێکەوتووە...)[131]. ڕاستە خەبن (فاعلاتن) دەکا بە (فعلاتن) بەڵام پێیەکە لە ئەسلدا فاعلاتن نییە، (مفاعیلن)ە. (مفاعیلن) قەت خەبنی ناچێتە سەر. لە باسی کێشی سەریعدا، دێرێکی نالی بە نموونە هێناوە و بەم جۆرە ڕەمزی برگە و پێیەکانی نووسیوە:

-- بٓ ا　　- - ب - ا　　- - ب ـا　　ب ـا

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور

مستفعلن　مستفعلن　مستفعلن　فعول

ئەو پێیانە بە هیچ جۆرێ، نە لە عەرەبی و نە لە فارسی و نە لە کوردیدا بۆ سەریع دانەنراون. سەریع لە عەرەبیدا بریتییە لە (مستفعلن مستفعلن مفعولات)2x. ئەمە لە ناو بازنەکەیدا بەڵام لە کاتی بەکار هێناندا قەت بەو جۆرە بەکار نەهاتووە. عەرووز و زەربی دەگۆڕێن. (٤) عەرووز و (٦) زەربی

هەیە (١٣٢) لە فارسی و کوردیشدا زۆر قالبی وەرگرتووە، بەڵام قەت بەو جۆرە نەهاتووە کە دکتۆر باسی کردووە. ئەم جۆرە کەرت کردنەی ئەو، کێشەکە بەلای ڕەجەزدا دەبا نەك سەریع، چونکە پێیەکانی بریتین لە (مستفعلن) و لێرەش سێ پێی (مستفعلن) هاتووە و چوارەم بووە بە (فعولْ). (مستفعلن) دەبێ بە (فعولْ) ئەگەر ئەم سێ گۆڕانەی بەڕیز بێتە سەر (قەتع+خەبن+قەسر).. بەڵام ئەم کێشە ڕەجەز نییە، کێشێکی زۆر باوە لە شیعری فارسی و کوردیدا، ئەویش کێشی (موزاریعی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوورە -مفعول فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لان). کەرت کردن و دابەش کردنی برگە و پێیەکانیشی بەم جۆرەیە:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادەی خۆش مرور

- - ب ا - ب - ب ا ب - - ب ا - ب -.

مفعول فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لان

وەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور

- - ب ا - ب - ب ا ب - - ب ا - ب -.

مفعول فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لان

*د. کەمال مەعرووف مستەفا لە تێزی دکتۆراکەیدا کە ساڵی ١٩٩٠ بە ناوی (بزووتنەوەی نوێخوازی لە شیعری کوردیدا ٩١٤-٩٦٥) پێشکێشی زانکۆی سۆربۆنی حەفتەمی کردووە، باسێکی کێشی شیعری کوردی کردووە. پێناسەی سەبەب و وەتەد و فاسیلەی کردووە و نموونەکانی لە سجادی وەرگرتووە. ئەویش ئەو ڕا گشتییەی لە سجادی وەرگرتووە کە (تەویل و بەسیت و مەدید و وافیر و کامیل لە زمانی عەرەبی و ئەدەبی عەرەبی نەبێ بەکار نایەن) (١٣٣). بێ ئەوەی خۆی ساغ بکاتەوە کەئایا ئەو پێنج کێشە هەر هیچ لە کوردیدا نین، یان ئەگەر هەن ڕادەی بەکار هێنانیان چۆنە. لە هەڵسەنگاندنی ئەم ڕایەی سجادیدا ئەمەمان ڕونکردۆتەوە. لە (ل٣٤٦) لە باسی کێشی موزاریعدا دەڵێ: (موزاریعی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف، بریتییە لە دەستکاری کردنی حەفتەم تیپی نەبزاوی مفاعیلن ب - - -، کە دەبێ بە مفاعیلُ، ب - - ب، ئەخرەبیش بریتییە لە فڕێدانی میم و نوون لە

مفـاعیلن دەبێ بـە مفعـولُ - - ب، مـەحزووفیش بریتییـە لـە گۆڕانـی فـاعلاتن بـۆ فـاعلاتْ -ب -، کـە دەبـێ بـە فـاعلن -ب -،...)[١٣٤]. (فـاعلاتن) بـە حـەزف نـابێ بـە (فـاعلاتْ)، دەبـێ بـە (فـاعلن)، چونکـە ئـەم دووە یـەك نـین. یەکـەم قەسـرە، دووەم حەزفـە. بۆیـە قـەت (فـاعلن) لـە جێـی (فـاعلاتْ) دانـانرێ بـەو شـێوەی بـۆ نموونـە کـە (مفعـولُ) لـە جێـی (فـاعیلُ) دادەنـرێ. ئەمـە هەڵەیـەکی سـجادییە کـە لـە (نـرخ شناسـیدا) لـە باسـی ڕەمـەلی مەقسـوور دا نووسـیویەتی (فـاعلاتن ئـەبێ بـە فـاعلات وە فـاعلات ئـەبێ بـە فـاعلن).[١٣٥] د.کمـال جگـە لـەوەی ئـەم هەڵەیـەی سـجادی دووبـارە کردۆتـەوە ئیشـارەتی بـۆ ئـەو سـەرچاوەش نـەکردووە، ئیشـارەتی بـۆ سـەرچاوەیەکی عـەرەبی کـردووە، نـاوی خـەلیلی[١٣٦] بـە سـەرەوەیە، کـە قـەت نـاکرێ خـەلیل ئـەو هەڵـە زەقەیـە بکـات. لـە بـارەی کێشـی ڕەمـەل دەڵـێ (یاسـای بنچینـەیی ئـەم کێشـە بریتییـە لـە چـوار جـار دووبـارە بوونـەوەی فـاعلاتن لـە لەتـە دێڕێکـدا..)[١٣٧]. ئەمـە لـە فارسـی و کوردیـدا بۆتـە هەشـت، ئـەگینا یاسـای بنچینـەیی ڕەمـەل لـە نـاو بازنـەی خـۆی بریتییـە لـە (٣) جار (فـاعلاتن) لـە هـەر لەتـە دێڕێکدا نـەك چـوار. ئـەم ناتەواوییـە لـە باسـی کێشـی هـەزەجیش دووبـارە بۆتـەوە کـە ئەسـلی کێشـەکەی بـە چـوار مفـاعیلن دانـاوە بـۆ هـەر لـەتێك، کـە لـە ڕاسـتیدا سـێیە. لـە دانـانی ڕەمـزی بڕگـە و پێـدا، لـە سـێ نموونـەدا پێـی کۆتـایی بـە (فـاعلُ)دانـاوە لـە بـاتی (فـاعلن) کـە ئەمـە لـە زانسـتی عـەرووزدا نـابێ، چونکـە هیـچ گۆڕانـی عـەرووزی، زیحـاف یـان عیللـە، نییـە (فـاعلن) بکـا بـە (فـاعلُ). لـەم بـارەدا دەبێ بـۆر (ضمـة) کـە درێـژ بکرێتـەوە بـۆ (و) و ئەمـە لـە عـەرووزدا بـە ئشـباع ناسـراوە. پێیـەکانیش ئەمانـەن:(سـێ بەشـە ل٣٢٩) (توانــەوەل٣٢٩) (زەردەوە ل٣٣٠) (چاڵــەوە ل٣٣١). لـە باسـی کێشـی خـەفیفدا، دێـرە شـیعرێکی گۆڕانـی بـە نموونـە هێنـاوە، بـەڵام لـە کـەرت کردنەکـەیدا سـەرنەکەوتووە. بـەم جـۆرە کردوویـەتی:

مەدەنییەت گو | لی بەهاری | حەیات
مەدەنییەت هە | وای نەشو | نوما[١٣٨]

فاعلاتن مستفعلن فاعلن

کـەرت کـردن و بڕگـەی کـورت و درێـژ و پێیـەکانی ئـەم دێـرە بـەم جۆرەیـە:

مەدەنییەت | گوڵی بەها | ری حەیات

ب ب - - | ب ـ ب ـ | ب ب -.

فعلاتن مفاعلن فعلان

مەدەنییەت | هەوایی نەش | ئو نوما

ب ب - - | ب ـ ب ـ | ب ب -

فعلاتن مفاعلن فَعِلن

دێـره شیعرەکە لـە سـەر کێشـی خـەفیفی مـەخبوونی مەحزووفـە و عەرووزەکـەی مـەخبوونی مەقسـووره.

لـە هـەردوو لەتـە دێـردا، پێـی یەکـەم تووشـی خـەبن بـووه (فـاعلاتن ــــ فعلاتـن)، پێـی دووەمیش هـەر تووشـی خـەبن بـووه (مسـتفعلن ــــ مفـاعلن) کـەچی پێـی سـێیەم (عـەرووز) لـە لـەتی یەکـەمدا تووشـی خـەبن و قەسـر بـووه (فـاعلاتن ــــ فعـلانْ) و لـە لـەتی دووەمـدا زەرب تووشـی خـەبن و حـەزف بووه.(فـاعلاتن ـــ فعِلـن).

د.کـەمال لـە لێـك جوداکردنـەوەی کێشـی عـەرووزی و کێشـی برگـەیی باشـی بـۆ نـەچووه. لـە زۆر شـوێنندا کـە نموونـەی بـۆ کێشـی خۆمـاڵی هێنـاوه، شـیعری عـەرووزی نووسـیوه، بـۆ نموونـە، بـۆ کێشـی(١١) برگـەی خۆمـاڵی ئـەم نموونـە عەرووزییانـەی دانـاوه:

آ-هـەزەجی شەشـبی مـەحزووف، دوو نموونـەی (ل٣٦٧)، نموونـەی دووەمـی (ل٣٦٨)، نموونـەی یەکـەمی (ل٣٧١)، نموونـەی دووەمـی (ل٣٧٢).

ب-ڕەمـەلی شەشـبی مـەحزووف، نموونـەی یەکـەمی (ل٣٦٩).

بۆ کێشی (١٥) برگـەی خۆمـاڵی ئـەم نموونـە عەرووزییانـەی دانـاوه:

آ-ڕەمـەلی هەشـتیی مـەحزووف، نموونـەی یەکـەمی ل٣٧٧.

ب-هـەزەجی هەشـتیی مـەحزووف، نموونـەی یەکـەمی ل٣٧٨.

جگە لەمانە چەند کێشێکی تـری عەرووزیشی هـەر بـە خۆمـاڵی دانـاوه، وەکـو:

آ-هـەزەجی هەشـتیی ئـەخرەب، نموونـەی دووەمـی ل٣٧٥.

ب-هـەزەجی هەشـتیی ئـەخرەبی مـەکفووفی مـەحزووف، نموونـەی یەکـەمی ل٣٧٦.

جـ-موزاریعـی هەشـتیی ئـەخرەبی مـەکفووفی مـەحزووف، نموونـەی دووەمـی ل٣٧٦.

*محمد بكر نامەی ماجستێرەکەی لە بارەی کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردییە(١٣٩). لە پاشکۆی ژمارە (٢) دا باسی (سنووری عەرووز و کێشی خۆماڵی دەکا). کە دێتە سەر کێشی شیعری (ئارەق...)ی وەفایی کە هێمن دەڵێ کێشی ئەم غەزەلە وێ دەچێ ئیبداعی خۆی بێ، محمد بکر ڕای وایە ئەم هۆنراوەیە لە دەوری کێشی موتەقاریب و موتەدارەك دەخولێتەوە. کەچی پاش شیکردنەوەی شیعرەکە دەردەکەوێ کە کێشەکە هەمووی لە سەر کێشی هەزەجی ئەخرەمە، هەموو پێیەکان تووشی خەرم بوون کە یەکێکە لەو عیللانەی وەکو زیحاف بەکار دێن و بریتییە لە فرێدانی (م)ی (مفاعیلن) و دەمێنێتەوە (فاعیلن) و دەگۆڕێ بۆ (مفعولن). ئەوەندە هەیە لە هەندێ شوێندا پێیەکە لە باتی ئەخرەم بۆتە ئەخرەب و بزوێنی کورت هەیە مۆسیقای شیعرەکە وا دەخوازێ بە درێژی بخوێندرێتەوە، ئەم دیاردەیەش لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا زۆرە. با جارێ ئەم دێرە کەرت بکەین:

توخدا زولفت لابە با تێر کولمت ماچ کەم

--- ا--ب ا --- ا ---

مفعولن مفعول مفعولن مفعولن

ڕێی بولبول با نەگرێ لەو باغە پەرژینت(١٤٠)

--- ا --- ا -- ب ا ---

مفعولن مفعولن مفعول مفعولن

ئەوەندە هەیە، لە جیاتی (توخودا) دەبێ بە خێرایی بخوێندرێتەوە (توخدا). وەکو دیارە پێی (٢) و (٧) جگە لە خەرم کەفیشیان هاتۆتە سەر. کۆبوونەوەی (خەرم +کەف) پێی دەگوترێ خەرب. ئەمە لە هەزەجدا ڕێی دراوە. واتە پێیەکانی لە نێوان (ئەخرەم) و (ئەخرەب) دان.

محمد بکر لە پاشکۆی ژمارە (٣) دا باسی کامیل و تەویلی کردووە کە یەکەو هۆنراوەی بەم دوو کێشە دیوە.(١٤١) نموونەی کامیلی لای شێخ نووری و تەویلی لای بیمار دیوە. بیمار شیعرەکەی نالی لە ژمارە (١١٣)ی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ بەم جۆرە نووسیوە:

دەروونی لیدار یششارەزووری وەبــــەردیهی
کە فرمێسکی گەرمهی ئیلا ئاوی سەردیهی

محمد بکریش یەکسەر شیعرەکەی لەو وەرگرتووە، بێ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر دیوانی نالی چاپی (د.مارف)، یان چاپی مەلا عبدالکریم کە هەردووکیان بە ئاسانی دەست دەکەون، چونکە ئەم شیعرە کت و مت بەو جۆرە نییە کە بیمار نووسیویەتی. پاشان بیمار خۆی شیعرەکەی لە سەر چاپی مەلا عبدالکریم ڕاست کردۆتەوە، کەچی هەڵەکە لای محمد بکر هەروەکو خۆی دووبارە بۆتەوە. محمد بکر لە جێیەکی تردا ڕووی ڕەخنە دەکاتە بیمار کە پێیەکانی ئەم دێرەی سالی:

مەی گەرحەرام و تاڵە ساقی بە چاوی مەستت
اشـهی لـنـا و احـلـی مـن قـبلة الـعذاری

بەم جۆرە داناوە (مستفعلن فعولن مستفعلن فعولن). جا دەڵێ: (هیچ کێشێکی باوی عەرووزی ئەو تەفعیلانەی نییە و هەردوو دێرەکە بە کێشی موزاریعی ئەخرەب-مفعول فاع لاتن مفعول فاع لاتن- هۆنراوەتەوە...)(١٤٢) ئەوەی جێی سەرنج بێ بیمار پاشان کە ئەم دێرەی خستۆتە ناو کتێبەکەیەوە (کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی) بەم جۆرەی محمد بکر (مفعول فاع لاتن مفعول فاع لاتن) پێیەکانی دیار کردوون. ئەمە ڕاستە کە ئەم دێرە موزاریعە و پێیەکانیشی ئەوەیە کە محمد بۆی داناوە، بەلام دەمەوێ لێرەدا ئەوە بڵێم کە شیعر هەیە دوو جۆرە کێش و زیاتر هەڵدەگرێ. هەر بۆ نموونە ئەگەر دێرێک لە ڕەجەزی هەشتیی مەخبوون وەربگری (مفاعلن مفاعلن مفاعلن مفاعلن) دەشێ بڵێی هەزەجی مەقبوورە، یان کاملی مەوقووسە، یان وافیری مەعقوولە. ئەگەر لە دێرێکیدا یان لە سەراپای هۆنراوەکەدا پێیەک بە ساغی نەمابێ، پێ بچینەوە سەر ئەسلەکەی. جا هەر چەندە ئەو کێشەی سالم شیعرەکەی پێ هۆنیوەتەوە لە فارسی و کوردیدا هەر بە موزاریعی ئەخرەب لێک دراوەتەوە، بەلام ئەم کێشە لانی کەم دوو جۆرە کێشی تر هەڵدەگرێ:

(١) دەتوانین بە جۆرێکی ڕەجەزلێکی بدەینەوە. ڕەجەزی هەشتی موخەللەع (موخەللەع =خەبن و قەتع) (مستفعلن فعولن.) جا دەشێ لە

هەرلەتێکدا پێی (٢)و(٤) تووشی تەخلیع ببن و قالبەکە بەم جۆرە دەربچێ:(مستفعلن فعولن مستفعلن فعولن) ٢x. دەق وەکو هەزەجی هەشتیی ئەخرەب، کە پێی یەکەم و سێیەمی هەرلەتێك دەبێ بە مفعولُ (مفعولُ مفاعیلن مفعولُ مفاعیلن).

ئەم جۆرە دابەش کردنەی پێیەکان، واتە لێکدانەوەی ڕەجەزی موخەللەع کێشەکە سووکترو سوارتر دەکا لە دابەشبوونی بۆ موزاریع. دیارە هەر ئەم ئاواز سووکییەش بووە وای لە بیمار کردووە بەم جۆرە کەرتی بکا. ئەم ڕەجەزی موخەللەعە بە سێ جار (مستفعلن فعولن) لە موەششەحاتی عەرەبیدا هاتووە[١٤٣]. گۆرانی (مستفعلن) بۆ (فعولن) لە عەرەبیدا لە موخەللەعی بەسیتیشدا هاتووە[١٤٤].

(٢)-دەتوانین بە جۆرێکی مونسەریحی دابنێین. قەیسی ڕازی، باسی مونسەریحی چوار پێی مەخبوونی مەکشووفی کردووە. مونسەریح خۆی بریتییە لە (مستفعلن مفعولات مستفعلن)، چوار پێیەکەی(واتا مەجزووئەکەی)دەبێتە (مستفعلن مفعولات)٢x. ئینجا (مفعولات) خەبن و کەشفی بێتە سەر دەبێ بە (فعولن) و قالبەکە بەم جۆرە دەردەچێ:

مستفعلن فعولن   مستفعلن فعولن

(قەیسی ڕازی)ئەم نموونەیەی بۆ مونسەریحی مەخبوونی مەکشووف داوە:

حلقە شدست پشتم   همچو دوز ولفکانت[١٤٥]

مستفعلن فعولن   مستفعلن فعولن

جاچۆن عەرەب کێشی موزاریعی هەر بە چوار پێیی بەکار هێناوە و فارس و کورد کردوویانە بە هەشت، بەم جۆرەش دەشێ ئەم مونسەریحە لە چوار پێیەوە بکرێ بە هەشت.

*مەلا عبدالکریم سالی ١٩٩١ کتێبی (بەدیع و عەرووزی نامی)ی بە چاپ گەیاند[١٤٦]. ئەم کتێبە دوو بەشە. بەشی یەکەم بەدیعە و بەشی دووەم عەرووزە. لێکدانەوەی عەرووزەکەی بە شیعری دە برگەیی کردووە، تەنیا باسی زیحاف و عیللەکانی بە پەخشان نووسیوە. لە باسی کێشەکاندا بە ڕێز نەینووسیون. ئینجا بۆ هەر کێشێك پێیەکانی نووسیوە و عەرووز و زەربەکانی دیارکردووە و خۆی هۆنراوەیەکی لە سەر هەمان کێش بۆ نموونە داناوە. پاش

تەواو بوونی هەر شارزە کێش هاتۆتە سەر هەندێ لەو کێشە عەروزییانەی لە کوردیدا بەکار هاتوون و لە ژێر ناوی (عەرووزی نیشتمانی)(١٤٧) لێیان دوواوە.

لە عەرووزی کوردی تەنیا چەند قالبێکی باس کردووە و نموونەی بۆ هێناون و یەکەو ناوی لێناون بێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ناوەکان و قالبەکێشەکاندا هەبێ. قالبەکێشەکانیش ئەمانەن:

-پارچەی یەکەم: ناوی ناوە (پارچەی گۆرانی-فعلن فعولن چوار جار)(١٤٨). ئەم کێشە لە کوردیدا نییە، خۆیشی کە هۆنراوەیەکی بۆ نموونەی ئەم کێشە داناوە لە زۆر جێ تووشی لەنگی بووە.

-پارچەی دووەم: ناوی ناوە پارچەی (شێخ رەزای تالەبانی -مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ مفاعیلْ)(١٤٩). ئەمە کێشی هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوورە. زۆر شیعری کلاسیکیمان بەم کێشە هەیە، ئەوەندە هەیە پێی (٤)و(٨) بە زۆری لە کوردیدا مەحزووف (فعولن)دەبن نەك مەقسوور (مفاعیلْ).

-پارچەی سێیەم: ناوی ناوە (پارچەی وەفایی-فعلن فعولُ)(١٥٠). ئەم کێشە زۆر لە کێشی پارچەی یەکەم نزیکە. ئەم کێشە لە کوردیدا نییە، نموونەکەی خۆیشی ئەوەندە سوار نییە و پڕ بە قالب دەرناچێ.

-پارچەی چوارەم: ناوی ناوە (پارچەی نوور-مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلُ)(١٥١). ئەمە هەزەجی هەشتیی مەکفووفە و لە کوردیدا نموونەی زۆرە. لەم قالبەدا دەشێ حەرەکەی کۆتایی پێی (٤)و(٨) ئیشباع بکرێ و ببێ بە مفاعیلن. ئەوسا کێشەکە دەبێ بە هەزەجی هەشتیی تەواو.

مەلا عبدالکریم لە باسی عەرووزی کوردیدا پشتی بە پشکنین و شیکردنەوەی شیعری کلاسیکیی کوردی نەبەستووە، هەروا سەرپێی چوار قالبی دەست نیشان کردووە کە دوانیان هەرخۆی بەکاری هێناون و لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا نین(١،٢). جگە لەوەی کە نموونەی بە شیعری هیچ شاعیرێکی کورد نەهێناوە.هەرچەندە مەلا عبدالکریم زانایەکی دیارە و لە زانستەکانی ئیسلامدا زۆر شارەزایە، بەلام لە لێك جوداکردنەوە و پێناسە و شیکردنەوە و نموونە هێنانەوەی زیحاف و عیللەدا، لە زۆر شوێن تووشی ناتەواوی بووە رەنگە هۆی ئەوە بێ، لە نووسیندا پشتی بە زاکیرە بەستبێ،

نەگەڕابێتەوە سەر کتێبی عەرووزیی، وەکو:

-لە باسی زیحافی تاکدا مەلا عبدالکریم دەڵێ ژمارەیان هەشتە. ئەمە ڕاستە بەڵام کەباسیان دەکا، باسی نۆ زاراوە دەکا بۆ زیحافی تاک. ئەو نۆیەش کە ئەو بە زیحافی تاکی داناون، تەنیا شەشیان زیحافن (خەبن، تەی، قەبز، عەسب، کەف، وەقس)، سێکەی تر عیللەن ئەو بە زیحافی داناون (قەسر، کەسف، وەقف). ئەو دوو زیحافە تاکەی کە نەینووسیون ئەمانەن (ئیزمار، عەقل). لە عیللەی کەم(نقص)دا کە ژمارەیان نۆیە، یازدە پێناسە و نموونەی داوە، بەڵام تەنیا نۆ زاراوەی نووسیوە. دووەکەی دواوە: نەیەم و یازدەم هەر پێناسە و نموونەن و بەس، بەڵام لە پێناسەکانەوە دیارە نەیەم (خەرم) و یازدەم تەشعیس)ە. ئەم دووەش ناچنە خانەی عیللەوە هەروەکو ناشچنە خانەی زیحافەوە، بەڵکو خانەی سەربەخۆیان هەیە و پێیان دەگوترێ عیللەی وەك زیحاف بەکار هاتوو (العلل الجاریە مجری الزحاف). ئەمانە لەو ڕووەوە عیللەن کە دەچنە سەر وەتەد، لەو ڕووەوەش زیحافن کە لازم نین. لەو نۆ زاراوەی کە بۆ عیللەی کەمی داناون تەنیا هەشتیان عیللەن (حەزف، قەتف، قەتع، بەتر، قەسر، حەزەز، سەلم، وەقف). یەکیان زیحافە (کەف) خستووتیە ناو عیللەکانەوە. بەرامبەر بەمە لە عیللەکان یەکێکی باس نەکردووە کە (کەسف)ە. سەرنجێکی تر ئەوەیە مەلا عبدالکریم بێ ئەوەی هەست پێ بکا (وەقف و قەسر و کەف)ی هەم لەگەڵ زیحافی تاك و هەم لەگەڵ عیللەی کەمدا نووسیوە. ئەم سێیانە یەکەم و دووەمیان عیللەن و سێیەمیان زیحافە.

-لە باسی (تەی) دا کە زیحافی تاکە، دەڵێ:(عیبارەتە لە حەزفی حەرفی چوارەمی ساکن، وەك حەزفی حەرفی (فێ) لە (مستفعلن) کە وەتەدی مەفرووقە و دێتە سەر مُتَفْعِلن و ئەگوێزرێتەوە بۆ (مفاعلن)..)[١٥٢].(تەی) بچێتە سەر (مستفعلن) دەیکا بە (مستعلن) و دەگۆڕێ بۆ (مفتعلن) نەك دەبێ بە (مُتَفْعِلن) و دەگوێزرێتەوە بۆ (مفاعلن). ئەگەر وای لێ بێ ئەوە خەبنە نەك تەی. یان کە دەڵێ حەزفی (فێ)لە مستفعلن کە وەتەدی مەفرووقە، ئەگەر وەتەدی مەفرووق بێ دەبێ بنووسرێ (مستفع لن-سەبەبی سووك، مس+وەتەدی مەفرووق، تفع+سەبەبی سووك، لن) ئەو کاتەش قەت (تەی) ناچێتە سەر، چونکە چوارەم تیپی ساکن کە (فێ) یە لە وەتەد دایە و وەتەد

زیحاف قبوول ناکا.

لە پێناسەی قەسر دا، دەڵێ: (عیبارەتە لە حەزفی حەرفی پێنجەمی ساکن لەگەڵ حەرەکە پێدانی ئەو ساکنەی لە پێشەوە، وەکو لە (مستفعلن) دا کە دێتە سەر (مستفعلْ) و ئەگوێزرێتەوە بۆ (مفعولن). هەروەها لە (فاعلن) دا کە دێتە سەر (فاعلْ) و ئەگوێزرێتەوە بۆ (فعْلن) بە سکونی عەین و زەممەی لام، هەروەها دێتە جێ لە (متفاعلن) دا کە ئەمێنێتەوە (متفاعلْ) و ئەگوێزرێتەوە بۆ (فعلاتن) بە کەسرەی عەین..)[١٥٣] جارێ مەرج نییە قەسر هەر فڕێدانی تیپی پێنجەم بێ وایش دەبێ حەفتەم بێ. کە دەڵێ حەزفی حەرفی پێنجەمی ساکن و حەرەکەی پێدانی ئەو ساکنەی لە پێشەوەی، وا دەگەیەنێ کە تیپی پێش پێنجەم (چوارەم) پێشتر ساکن بووبێ و حەرەکەی پێ بدرێ، کە ئەمە نابێ وابێ، چونکە دوو ساکن لە تەك یەکەوە نایەن. ڕاستەکەی قەسر حەزف کردنی تیپی پێنجەم یان حەفتەمی ساکن و ساکن کردنی حەرفی متحرکی پێشەوەیەتی بەو مەرجەی ئەم فڕێدان و گۆڕانە لە سەبەب بێ وەکو (فعولن) کە دەبێ بە (فعولْ)، یان (فاعلاتن) کە دەبێ بە (فاعلاتْ). قەسر ناچێتە سەر وەتەد. ئەو نموونانەی ئەو بۆ قەسری هێناون (مستفعلن، فاعلن، متفاعلن) هیچیان قەسر نین، ئەمانە عیللەی قەتعن.

-لە پێناسە و نموونەی (کەف) دا، دەڵێ: (عیبارەتە لە حەزفی حەرفی حەوتەمی ساکن وەکو لە(مستفعلن) دا کە ئەمێنێتەوە (مستفعلُ) و لە (مفاعیلن) دا ئەمێنێتەوە (مفاعیلُ) و لە (فاعلاتن) دا کە ئەمێنێتەوە (فاعلاتو) بە زەممەی حەرفی (تێ) و ئەگوێزرێتەوە بۆ (فاعلاتْ) بە سکوونی (تێ)...)[١٥٤] . لەبەرئەوەی (کەف) زیحافە و تەنیا دەچێتە سەر سەبەب دەبوو بڵێ (حەزفی حەرفی حەوتەمی ساکن لە سەبەبدا)، پاشان (مستفعلن) بەسەریەکەوە واتە بە وەتەدی کۆ (مس+تف+علن) بۆ نموونەی کەف نابێ، چونکە لێرە تیپی حەفتەمی ساکن لە وەتەد دایە (علن) و (کەف) ناچێتە سەر وەتەد. دەیتوانی (مستفع لن) ئاوا بە جیا بنووسێ کە وەتەدی مەفرووقە (مس+تفع+لن)، ئەوسا حەفتەمی ساکن دەبوو بە سەبەب و کەفی قبووڵ دەکرد و دوای کەف دەبوو بە (مستفع لُ). لە نموونەی (فاعلاتن) دا ڕاستە کەفی دەچێتە سەر و دەبێ بە (فاعلاتُ)، بەڵام قەت ناگوێزرێتەوە بۆ

(فـاعلاتْ) بـه سكوونى تـىْ)، چونكـه ئەگـەر پـاش فرێدانـى حەوتـەمى سـاكنى سەبەب بـزواوى پێشـەوەى سـاكن بكـرێ، دەبـێ بـە عيللـەى قەسـر نـەك زيحـافى كـەف.

-لـە ڕاڤـەى عيللـەى زيـاد دا دەڵـێ:(عيللـەتێ كـە بـەلێ زيـاد كـردن بـێ، سـێ جۆرە: يەكـەم نـاوى (تذييـل)ە كـە عيبارەتـە لـە زيـاد كردنـى سـەبەبێكى خـەفيف لـە سـەر جوزئـێ كەئاخيرەكـەى وەتـەدى مـەجمووع بـێ. دووەم زيـادكردنى حـەرفێكى ساكنە لـە سـەر هـەر جوزئـێ كەئاخيرەكـەى سـەبەبێكى خـەفيف بـێ. ئـەم زيـادە پێـى ئـەڵێن (تسـبيغ). سـێهەم زيـادكردنى كـەمترلـە پێنـج حەرفـە لـە سـەرەتاى نيـوەى يەكـەمى شـيعرەوە.)[١٥٥]. (تذييـل) زيـادكردنى تيپێكـى وەسـتاوە، نـەك سـەبەبێكى سـووك، وەكـو ئـەو دەڵـێ، بـۆ ئـەو پێيـەى كۆتاييەكـەى وەتـەدى كـۆ بـێ وەكـو (فـاعلن) دەبـێ بـە (فـاعلان)، (مسـتفعلن) دەبـێ بـە (مسـتفعلان)، (متفـاعلن) دەبـێ بـە (متفـاعلان). زيـادكردنى سـەبەبى سـووك بـۆ ئـەو جوزئـەى كۆتاييەكـەى وەتـەدى كـۆ بـێ، پێـى دەگوتـرێ (ترفيـل). مـەلا عبدالكريـم باسـى تـەرفيلى هـەر نـەكردووە. ئـەوەى لـە خـاڵى سـێيەم باسـى كـردووە كـە زيـادكردنى كـەمترلـە پێنـج حەرفـە لـە سـەرەتاى نيـوەى يەكـەمى شـيعرەوە، ئـەوە خەزمـە و (خـەزم عيللـە نييـە بـەڵكو زيادەيـەكى ناپێويسـتە و لـە كـاتى كـەرت كردنـدا حسێبى بـۆ نـاكرێ..)[١٥٦].

-يـەك لـە پێيـە عەروزييـەكان (مفعـولاتُ)ە. مـەلا عبدالكريـم لـە (ل٧٨، ٨٠، ١١٤، ١١٧)، بـە (مفعولاتـن) نووسـيويەتى كـە شـتى وا لـە عـەرووز دا نييـە. ئـەوەندە هەيـە لـە شـوێنەكانى تـردا بـە (مفعـولاتُ) نووسـيويەتى.

*عـەبدوللا خـدر مولـود لـە ڕۆژنامـەى (برايـەتى) دا وتـارێكى بـڵاو كـردەوە بـە نـاوى (كێشـەكانى ديوانـى ڕازى تـەنيايى)[١٥٧].عـەبدوللا لـەو وتـارەدا كێشـى خۆمـاڵى و كێشـى عـەرووزى (ڕازى تـەنيايى) لێـك جـودا كردۆتـەوە و كێشـە عەرووزييـەكانى ديـار كـردووە كـە هـەمووى چـوار كێشـە (ڕەمـەل، هـەزەج، موزاريـع، ڕەجـەز). لـە كێشى ڕەجـەز دا ئـەو شـيعرەى كـەرتى كـردووە پێيـەكانى (مُتَفعِلـن) دەرچـووە، نـەيگوتوە ئەمـە چ جـۆرە قـالبێكى ڕەجـەزە و پێيـەكانى تووشـى چ گۆڕانێـك هـاتوون. كێشـەكە هـەموو پێيـەكانى خـەبنيان هاتۆتـە سـەر. (مسـتفعلن) بـووە بـە (متفعلـن) و بـۆ سـووكى بـووە بـە (مفـاعلن)، واتـە كێشـى ڕەجـەزى

مەخبوونـەی رازی تـەنیایی شـیعرێکی عـەرەبی تێدایـە بـە نـاوی (صلـوات المحـب)(١٥٨) . دوا پێـی لـەتی یەکـەم (عـروض)، بڕتییـە لـە قەسـر نـەک حـەزف، چونکـە پێیەکـە لـە بنچینـەدا بڕتییـە لـە (فـاعلاتن) و بـووە بـە (فـاعلات)، ئەمـەش قەسرە نـەک حـەزف.

ئەمـە بـوو هـەندێ لـەو بـاس و بابەتانـەی لـە سـەر عـەرووزی کـوردی نووسراون و ئەشـێ لـێرەو لـەوێ وردە نووسـین و ڕاو بۆچوونـی عـەرووزی تریـش هـەبێ، بـەڵام بۆ ئـێرە ئەمـەندە بەسـە. وەك بینیشـمان زۆربـەی ئـەم کـەم و کورتییانـەی لـە باسـەکاندا هـابوون هۆیەکـەی ئەوەیـە کەهـەموو نووسـەرەکان خۆیـان بـۆ عـەرووز تـەرخان نـەکردووە و بنـەمای زانسـتی عـەرووزیان لـە لا ڕوون نییـە. جـا بـۆ ئـەوەی ئێمـە لـە سـەر بناغەیـەکی زانسـتی لـە عـەرووزی کـوردی بدوێـین، پێویسـتیمان بـە پوختەیـەکی زانسـتی عـەرووزە و لەبـەر ئـەوەیش کـە زانسـتی عـەرووز تایبەتـە بـە شـیعری عـەرەبی و ئـەویش بەشـێکە لـە سبسـتەمی کێشـی شـیعری جیـهانی، ئەبێ پێشـتر شـارەزاییەکمان لـە کێـش و ڕیتـم و سبسـتەمی کێشـی شـیعری جیـهانی هـەبێ کـە لـە بەشی داهێ لێـی ئەدوێـین.

پەراوێزەکانی بەشی یەکەم:

(١) نەوبەهاری خانی تا ئێستا زۆر جار چاپ کراوە. ئەوەی لە بەر دەستی ئێمە دابێ بۆ ئەم باسە، ئەمانەن:

آ-احمد الخانی، نوبهار، تحقيق الملا عبدالسلام ناجی الجزری، دار الطباعة، دمشق،(بلا).

ب-ئەحمەدی خانی، نوبهار، خڕڤەکرن و ل دیڤ چوون و تویژاندنا صادق بەهائەدین ئامێدی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا -١٩٧٩.

ج-احمدی خانی، نوبهارا بچوکان، حقق وعلق عليه و قدم له حمدی ع...احميد السلفی، مطبعة الرشيد، بغداد-١٩٩٠.

(٢) ئەمە سەرەتای پارچەی چوارەمینە، بڕوانە: ئەحمەدی خانی، نوبهار، خڕڤەکرن و ل دیڤ چوون و تویژاندنا، صادق بەهائەدین ئامێدی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا،١٩٧٩، ل٤٣.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

(٤)سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

(٥) لە چاپی (خانی، نوبهارا بچوکان، تحقيق حمدی عبدالمجيد السلفی، بغداد، ١٩٩٠)لاپەڕەی (٢١) نووسراوە: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

(6) E.B.Soane, Kurdish Grammar, London, 1913.
(7) Ibid,pp. 160-161.
(8) Ibid,p. 161.

(٩) خانی، نوبهار، تویژاندنا صادق بەهائەدین ئامێدی، بەغدا، ١٩٧٩،ل٣٤.

(10) E.B.Soane, Kurdish Grammar, London, 1913.p 161.

(١١)خەرب بریتییە لە زیحافێکی لێکدراو (خەرم+کەف). خەرب بچێتە سەر (مفاعيلن)دەبێ بە (فاعيلُ) و دەگۆڕێ بۆ (مفعولُ).

(12) E.B.Soane, Kurdish Grammar, London, 1913.p 161.

(١٣)السيد احمد الهاشمی، ميزان الذهب في صناعة شعر العرب، (بلا)، ص١٢.

(14) E.B.Soane, Kurdish Grammar, London, 1913.p 161.

(١٥)شمس الدين محمد بن قيس الرازی، المعجم في معايير اشعار العجم، تهران، (بلا)، ل١٧٨.

(١٦)د .پرويز ناتل خانلرى، اوزان الشعر الفارسى، ترجمه الدكتور محمد نورالدين عبدالمنعم، مكتبه الانجلو المصريه، ١٩٧٧،ص ٧٣-٧٤.

(17) E.B.Soane, Kurdish Grammar, London, 1913.p 162.
(18) Ibid.

(١٩)ديوانى مەلاى جزيرى، شەرحى هەژار، تهران، ١٣٦١، ل ٤٤.

(20) E.B.Soane, Kurdish Grammar, London, 1913.p 168.
(21) Abdullah Mohammad Ahmad, Essai sur Lhistoire de la litterature Kurde au Kurdistan Meridional (de 1820-1920) Paris, 1988, p.169.
(22) E.B.Soane, Kurdish Grammar, London, 1913.p.170.

(٢٣)د .كامل حسن البصير لە كتێبى (شێخ نوورى شێخ سالح) لە كۆڕى ڕەخنەسازى كوردىدا، چاپخانەى كۆڕى زانيارى عێراق، بەغداد، ١٩٨٠، دا ئەم وتارانەى شى كردۆتەوە.

(٢٤)م .نوورى، ادبيات كوردى، ڕۆژنامەى ژيان، ژمارە (٢٩)، سالّى ١٩٢٦.

(٢٥)م .نوورى، ادبيات كوردى، ڕۆژنامەى ژيان، ژمارە (٢٩)، سالّى ١٩٢٦.

(٢٦)م .نوورى، ادبيات كوردى، ڕۆژنامەى ژيان، ژمارە (٣١)، سالّى ١٩٢٦.

(٢٧)م .نوورى، ادبيات كوردى، ڕۆژنامەى ژيان، ژمارە (٣١)، سالّى ١٩٢٦.

(٢٨)م .نوورى، ادبيات كوردى، ڕۆژنامەى ژيان، ژمارە (٣١)، سالّى ١٩٢٦.

(٢٩)م .نوورى، ادبيات كوردى، ڕۆژنامەى ژيان، ژمارە (٣٢)، سالّى ١٩٢٦.

(٣٠)م .نوورى، ادبيات كوردى، ڕۆژنامەى ژيان، ژمارە (٣٢)، سالّى ١٩٢٦.

(٣١) لەوە دەچێ كێشەكە پێيەكانى ئەمانە بن(مفعولُ مفاعيلُ مفاعيلُ فعولن) ولە كاتى چاپكردندا (مفاعيلُ) ێك پەڕيبێ، چونكە ئەمە شتێكى وا نييە عەرووززانێكى وەكو شێخ نوورى نەيزانێ. ئەو نموونەش كە بۆ كێشەكەى هێناوە لە سەر كێشى (مفعولُ مفاعيلُ مفاعيلُ فعولن) دەڕوا.

(٣٢)گۆران، هەڵبەست-كێش و قافيە، ڕۆژنامەى ژين، ژمارە (١٧)ى ڕۆژى ١٩٧٧/٤/٧ تا ژمارە (٢٤)ى ڕۆژى ١٩٧٧/٥/٢٧. (زنجيرە وتارێكى گۆرانە كاكەى فەللاح بلاوى كردۆتەوە).

(٣٣)گۆران، بەهەشت و يادگار و فرمێسك و هونەر، سلێمانى، ١٩٧١، ل١١.

(٣٤)سەرچاوەى پێشوو، ل١٢.

(٣٥)سەرچاوەى پێشوو، ل١٢.

(٣٦)له شوێنێكی تری ئەم نامەیەدا، (بەشی پێنجەم) لە باسی تێكەڵ كردنی كێشەكان، ئەمە ڕونتر دەكەینەوە.

(٣٧)د.مارف خەزنەدار، كێش و قافیە لە شیعری كوردی دا، چاپخانەی (الوفاء) بەغدا،١٩٦٢.

(٣٨)لە بارەی ژمارەی پێیە بنچییەكانەوە، جیاوازی لە نێوان زاناكانی عەرووزدا هەیە، هەیە بە (٨) پێیان دادەنێ و هەیە بە (١٠). لە شوێنی خۆیدا بە درێژی لێی دەدوێین.

(٣٩)د.مارف خەزنەدار، كێش و قافیە لە شیعری كوردی دا، چاپخانەی (الوفاء) بەغدا، ١٩٦٢. ل١٩.

(٤٠)لە كاتی شیكردنەوەی چۆنیەتی دابەشبوونی كێشەكان بە سەر بازنەكاندا ئەم دوو ڕایە هەڵدەسەنگێنین.

(٤١)د.مارف خەزنەدار، كێش و قافیە لە شیعری كوردی دا، چاپخانەی (الوفاء) بەغدا، ١٩٦٢. ل٢٠.

(٤٢)ئەم كێشانە تازە دانەهاتوون، هەر سێكیان لە ناو بازنەكانی خەلیلدا هەن، بەڵام لەبەر ئەوەی خەلیل نموونەی شیعری پێ نەدیون، بە كێشی پشت گوێ خراو(مهمل)ی داناون. جا فارس هاتوون بەم كێشە پشت گوێ خراوانەی عەرەب شیعریان گوتووە.

(٤٣)د.مارف خەزنەدار، كێش و قافیە لە شیعری كوردی دا، چاپخانەی (الوفاء) بەغدا، ١٩٦٢.ل.٢١.

(٤٤)علاءالدین سجادی، ئەدەبی كوردی و لێكۆڵینەوە لە ئەدەبی كوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٦٧.

(٤٥)سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠، (پەراوێز).

(٤٦)علاءالدین سجادی، نرخ شناسی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٧٠.

(٤٧)سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

(٤٨)سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.

(٤٩)سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.

(٥٠) بڕوانە: عبدالخالق علاءالدين، دڵدار-شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، دار آفاق عربیه للصحافه والنشر، بەغدا، ١٩٨٥، ل ١٩٦-١٩٨.

(٥١) کاتی خۆی، ئەم ناتەواویيەی سجاديم لە هاوکاری ڕونکردەوە، لە وتارێکدا بە ناوی (خەندەکەی بایی و هۆنراوەی ئەمڕۆمان، هاوکاری ژمارە (٣٢/٣٣) ساڵی ١٩٧٠). ئەمە لە وەڵامی ئەو پێشەکییە بوو کە کوردستان موکریانی بۆ چاپی دووەمی دیوانی دڵداری نووسی بوو ئەم هەڵەیەی سجادی تێدا دووبارە کردبووەوە.

(٥٢) ياسين حمزة الشهابي البصرى، الجوهرة في العروض و القافية، تحقيق د. عبدالحسين علك المبارك، البصرة، ١٩٨٧، ص٢٦.

(٥٣) محمد الدمنهورى، الارشاد الشافي، مطبعة مصطفى البابي الحلبي، ١٩٥٧، ص٣٢.

(٥٤) علاءالدين سجادی، نرخ شناسی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٧٠، ل١١٨.

(٥٥) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٢٥-١٢٦.

(٥٦) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢١ (پەراوێز).

(٥٧) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٣ (پەراوێز).

(٥٨) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥ (پەراوێز).

(٥٩) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٥ (پەراوێز).

(٦٠) معروف الرصافي، الادب الرفيع، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٦٩، ص٣٣.

(٦١) محمد الدمنهورى، الارشاد الشافي، مطبعة مصطفى البابي الحلبي، ١٩٥٧، ص٥٤.

(٦٢) علاءالدين سجادی، نرخ شناسی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٧٠، ل١٢٥ (پەراوێز).

(٦٣) محمد الدمنهورى، الارشاد الشافي، مطبعة مصطفى البابي الحلبي، ١٩٥٧، ص٥٤.

(٦٤) معروف الرصافي، الادب الرفيع، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٦٩، ص٣٤.

(٦٥) علاءالدين سجادی، نرخ شناسی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٧٠، ل١٢٣ (پەراوێز).

(٦٦) سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧.

(٦٧) شمس الدين محمد بن قيس الرازى، المعجم في معايير اشعار العجم، تهران، (بلا)، ل ٧٨-٨٥.

(٦٨)ئەحمەد هەردی، کێش لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری برایەتی، ژمارە (١٠)، ساڵی ١٩٧١.

(٦٩)سەرچاوەی پێشوو، ل ٧.

(٧٠)سەرچاوەی پێشوو، ل ٧.

(٧١)سەرچاوەی پێشوو، ل ٣.

(٧٢)ئەحمەد هەردی، بنەڕەتی کێشێکی عەرووزی و کێشی دوو هۆنراوە، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٥٢)، ساڵی ١٩٨٧.

(٧٣)ڕەئووف عوسمان، چەند سەرنجێك دەربارەی (کێش لە شیعری کوردیدا)، گۆڤاری برایەتی، ژمارە (١٢)، ساڵی ١٩٧١.

(٧٤)سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

(٧٥)سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

(٧٦)سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.

(٧٧)السيد احمد الهاشمي، ميزان الذهب في صناعة شعر العرب، (بلا)، ص١٧.

(٧٨)عەزیز گەردی، کێش لە شیعری کوردیدا-لەگەڵ مامۆستایان ئەحمەد هەردی و ڕەئووف عوسمان دا، هاوکاری ژمارە (٣٦،٣٧،٣٨)ی، ساڵی ١٩٧٠.

(٧٩)د.ئیحسان فوئاد، دوو کێشی عەرووزی لە شیعری کوردی تازەدا، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، زانستگای بەغدا، ژمارە (١٥)، ساڵی ١٩٧١-١٩٧٢.

(٨٠)عبدالخالق علاءالدين، دڵدار-شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، دار آفاق عربيه للصحافه والنشر، بەغدا، ١٩٨٥، ل ١٧٤.

(٨١)د.ئیحسان فوئاد، دوو کێشی عەرووزی لە شیعری کوردی تازەدا، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، زانستگای بەغدا، ژمارە (١٥)، ساڵی ١٩٧١-١٩٧٢، ل ١٠.

(٨٢)عەلی فەتاح دزەیی، نەوبەهاری خانی و ئەحمەدی شێخ مارفی نۆدێ، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٨٥.

(٨٣)سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

(٨٤)تیلی ئەمین، کێش لە مەم و زین دا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٠٩)، ساڵی ١٩٨٦.

(٨٥)سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤١

(٨٦)سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١ (پەراوێزی ژمارە (٩)...)

(٨٧)عبدالرزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، چاپخانەی(دار الحریە)، بغداد، ١٩٩٢، ل ٥٩.

(88) Dahir Latif Karim, A comparative study of free verse in Arabic and Kurdish: the literary careers of Al-Sayyab and Goran, Department of Arabic, University of Glasgow, (ph. D thesis) 1985.
(89) Ibid, pp. 71-87.
(90) Ibid, p. 71.

(٩١)د.کمال فوئاد، چۆن ئەگەینە سەرەتایەکی باوەڕپێکراو بۆ ئەدەبی کوردی، گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە (١٢)، کانوونی دووەمی١٩٧٥، چاپخانەی خەبات، کوردستانی عێراق، ل١٩.

(92) .Latif Karim, A comparative study of free verse in Arabic and Kurdish , (University of Glasgow, 1985, p.75.
(93) Ibid, p.76.

(٩٤)عبدالرزاق بیمار، سێ کێشی عەرووزی لە هەڵبەستی کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١٠)، ساڵی ١٩٨٦.

(٩٥)ئەحمەد هەردی، بنەڕەتی کێشێکی عەرووزی و کێشی دوو هۆنراوە، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٥٢)، ساڵی ١٩٨٧.

(٩٦)عبدالرزاق بیمار، سەرنجە بەنرخەکانی مامۆستا هەردی، هاوکاری، ژمارە (٨٩٠)، ساڵی ١٩٨٧.

(٩٧)عبدالرزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، چاپخانەی(دار الحریە)، بغداد، ١٩٩٢.

(٩٨)عبدالرزاق بیمار، عەرووزلە هەڵبەستی کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١٣)، ساڵی١٩٨٧.

(٩٩)هەردی لە وتاری (بە دووی وتارە شیرینەکەی مامۆستا بیمار دا)، کە لە هاوکاری ژمارە (٨٩٧) دا بڵاوی کردۆتەوە، لە برگەی کورت و درێژ دەدوێ. ئەوبڕوای وایە برگەی کورت و

ناوەندی و درێژ هەیە، بەڵام شیعری کوردی لە هەندێك باری زۆر کەمدا نەبێت هەرلە برگەی کورت و ناوەندی پێك دێت.

(١٠٠)عبدالرزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، چاپخانەی(دار الحریە)، بغداد، ١٩٩٢، ل٥٠.

(١٠١)محمد الدمنهوری، الارشاد الشافي،مطبعة مصطفى البابي الحلبي، ١٩٥٧، ص٥٤.

(١٠٢)سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

(١٠٣)عبدالرزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، چاپخانەی(دار الحریە)، بغداد، ١٩٩٢، ل٥١.

(١٠٤)محمد الدمنهوری، الارشاد الشافي،مطبعة مصطفى البابي الحلبي، ١٩٥٧، ص٥٤.

(١٠٥)عبدالرزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، چاپخانەی(دار الحریە)، بغداد، ١٩٩٢، ل٧٣.

(١٠٦)الدکتۆرة اسعاد عبدالهادی قندیل، فنون الشعر الفارسي، ط١، مکتب شریف و سعید رافت، ١٩٧٥، ص ٣١٩.هەروەها: د.محمد نورالدین عبدالمنعم، دراسات في الشعر الفارسي، دار الثقافة للطباعة والنشر بالقاهرة، ١٩٧٦، ص ١٩٨-٢٠٩، هەروەها: علاء الدین سجادی، ئەدەبی کوردی ولێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٦٧، ل ١٧٥.

(١٠٧)عبدالرزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، چاپخانەی(دار الحریە)، بغداد، ١٩٩٢، ل٨٤.

(١٠٨)عبدالله طاهر عمر، بە پێنج کردن-تخمیس-ی هەڵبەست، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٦٨)، ساڵی ١٩٨٨.

(١٠٩)سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

(١١٠)سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

(١١١)دیوانی گۆران، محمدی مەلا کریم، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ل ٣٢.

(١١٢)عبدالله طاهر پشدەری، سەرەتایەك دەربارەی کێش لە هەڵبەستی کوردیدا، گۆڤاری سروە، ژمارە (٣٨-٣٩)،١٣٦٨.

(113) Abdullah Mohammad Ahmad, Essai sur L,histoire de la litterature Kurde au Kurdistan Meridional (de 1820-1920) , These de Doctorat, 1988.
(114) Charles Herire de Fouchecour, elements de Persan, 1981, p.p 357-8.
(115) Ibid, p.357.

(١١٦)شمس الدين محمد بن قيس الرازى، المعجم في معايير اشعار العجم، تهران، (بلا)، ل ٥٠-٦٤.

(١١٧)الصاحب بن عباد، الاقناع في العروض و تخريج القوافى، تحقيق الشيخ محمد حسن آل ياسين، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٦٠، ص ٥٠.

(١١٨)الشيخ محمد بن على الصبان، شرح الصبان على منظومته في علم العروض، المطبعة الميمنية بمصر، ١٣٠٦، ص ٦١.

(١١٩)علاء الدين سجادى، نرخ شناسى،چاپخانەى مەعاريف، بەغدا، ١٩٧٠، ل ٩٧.

(120) Abdullah Mohammad Ahmad, Essai sur L,histoire de la litterature Kurde au Kurdistan Meridional (de 1820-1920) Paris, 1988, p.367.

(١٢١)ئەحمەد هەردى، بنەڕەتى كێشێكى عەرووزى و كێشى دوو هۆنراوە، گۆڤارى كاروان، ژمارە (٥٢)، سالى ١٩٨٧.

(١٢٢)عبدالرزاق بيمار، سەرنجە بەنرخەكانى مامۆستا هەردى، هاوكارى، ژمارە (٨٩٠)، ١٩٨٧/٥/٧.

(١٢٣)ئەحمەدهەردى بە دووى وتارە شيرينەكەى مامۆستا بيمار دا، هاوكارى، ژمارە (٨٩٧)، ١٩٨٧/٧/٢.

(١٢٤)د.وريا عومەر ئەمين، شەپۆلەكانى شيعرى كوردى، گۆڤارى رۆشنبيرى نوێ، ژمارە (١٢٦)، ١٩٩٠.

(١٢٥)سەرچاوەى پێشوو، ل٥١.

(١٢٦)سەرچاوەى پێشوو، ل٥١.

(١٢٧)محمد الدمنهورى، الارشاد الشافي،مطبعة مصطفى البانى الحلبى، ١٩٥٧، ص٥٤.

(١٢٨)د.وريا عومەر ئەمين، شەپۆلەكانى شيعرى كوردى، گۆڤارى رۆشنبيرى نوێ، ژمارە (١٢٦)، ل ٥١.

(١٢٩)محمد الدمنهورى، الارشاد الشافي،مطبعة مصطفى البانى الحلبى، ١٩٥٧، ص٥٤.

(١٣٠)شمس الدين محمد بن قيس الرازى، المعجم في معايير اشعار العجم، تهران، (بلا)، ل ٥٠. دەڵێ:(سەرا پای زیحافی شیعری عەجەم (٣٥)ە. بیست و دوو زیحافی عەرەبی و سێزدە لە دانانی عەرووز زانانی عەجەمە). لە شوێنی خۆیدا موناقەشەی ئەم ڕایەی ڕازی کراوە.

(١٣١)د.ووریا عومەر ئەمین، شەپۆلەکانی شیعری کوردی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٦)، ل ٥٤.

(١٣٢)ابو الفتح عثمان بن جنى، كتاب العروض، تحقيق الدكتؤر حسن شاذلي فرهود، بيروت، ١٩٧٢، ل ٧٦-٧٩.

(133) Kamal Marof Mustafa, le Monvement de Renouvellement dans la poesie Kurde de 1914 a 1965, de Paris 1/11/1990 (These de doctorat).p.325.

(134) Ibid, p.346.

(١٣٥)علاء الدين سجادی، نرخ شناسی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٧٠. ل١١٨.

(١٣٦)ئەو سەرچاوەی ئیشارەتی بۆ کردووە، ئەمەیە:محمد اسبرو محمد ابو علي، المعجم في علم العروض، دار العودة، بيروت، ص٧٩. بەڵام لەسەر بەرگەکەی ناوی (الخليل) نووسراوە.

(137) Kamal Marof Mustafa, le Monvement de Renouvellement dans la poesie Kurde de 1914 a 1915, L,universite, de Paris 1/11/1990 (These de doctorat).p.326-7.

(138) Ibid, p.351.

(١٣٩)محمد بکر محمد، کێش و ڕیتمی شیعری کوردی، نامەیەکە وەکو بەشێك لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە ئەدەبی کوردیدا، ساڵی ١٩٩٠، پێشکەشی ئادابی زانکۆی صلاح الدینی کردووە.

(١٤٠)دیوانی وەفایی، محمد علی قەرەداغی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٩، ل ٣٠.

(١٤١)محمد بکر محمد، کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، نامەی ماجستێر، زانکۆی صلاح الدین، ١٩٩٠، ل ١٦٩.

(١٤٢)سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦١.

(١٤٣)د.سيد غازى، في اصول التوشيح، ط١، مؤسسة الثقافة الجامعية، ١٩٧٦، ص ١٣١.

(١٤٤)د.صفاء خلوصي، فن التقطيع الشعرى والقافية، ط٣، بيروت، ١٩٦٦، ل ٧٣.

(١٤٥)شمس الدين محمد بن قيس الرازى، المعجم في معايير اشعار العجم، تهران، (بلا)، ل ١٤٥.

(١٤٦)مەلا عبدالكريمى مدرس، بەديع و عەرووزى نامى، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغدا، ١٩٩١.

(١٤٧)سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٩.

(١٤٨)سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٩.

(١٤٩)سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤.

(١٥٠)سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٨.

(١٥١)سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٠.

(١٥٢)سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠.

(١٥٣)سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١.

(١٥٤)سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١.

(١٥٥)سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢،٨٣.

(١٥٦)محمد الدمنهورى، الارشاد الشافي، مطبعة مصطفى البابي الحلبي بمصر، ١٩٥٨، ص ٥٢.

(١٥٧)عەبدوللا خدر مەولود، كێشەكانى ديوانى ڕازى تەنيايى، ڕۆژنامەی برايەتى، ژمارە (١٦٥٤)، ٢٥/٥/١٩٩٣.

(١٥٨)ئەحمەد هەردى، ڕازى تەنيايى، چ٢، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدين، ١٩٨٤، ل ٨١.

بەشی دووەم

کێش و ڕیتم و بنەماکانی کێشی شیعری جیهانی

یەک: کێش و ڕیتم:

-شیعر و پەخشان

-کێش

-ڕیتم

-کێش و ڕیتم

-کێشی شیعر و مۆسیقا

-مۆسیقای ناوەوە و ڕیتمی دەروون

-کێش و بابەتی شیعر

-کێشی نەتەوایەتی

دوو: بنەماکانی شیعری جیهانی:

-دەنگو جۆرەکانی کێش.

-سیستەمی کێشی هەندێ لە نەتەوەکان

-کێشی شیعری یۆنانی و لاتینی

-کێشی شیعری هیندی کۆن

-کێشی شیعری عەرەبی

-کێشی چۆنیەتی زمانە جەرمەنییەکان (ئینگلیزی)

-کێشی شیعری چینی

-کێشی شیعری فەرەنسی

-کێشی زمانە ئێرانییەکان (فارسی)

-کێشی شیعری کوردی

کێش و ڕیتم و بنەماکانی کێشی شیعری جیهانی

یەک: کێش و ڕیتم :

شیعر و پەخشان:

دابەشکردنێکی سەرەکی ئەدەبیات ئەوەیە کە ئەدەب دەکا بە شیعر و پەخشان. جیاوازییەکی سەرەکی نێوان شیعر و پەخشانیش کێشە. کێش تایبەتییەکی بنچینەیی ناسینەوەی شیعرە کە ئەمە لە پەخشاندا نییە یان بەو جۆرە نییە، چونکە پەخشانیش جۆرە ئاوازێکی تێدایە لە بەرزبوونەوە و نزم بوونەوەی دەنگ لە کاتی قسەکردن و لە دووبارە بوونەوەی سەرواى سەجعدا هەستی پێ دەکرێ. ئەمە هەمووی مۆسیقایە بەڵام نەخراوەتە قالبی ڕێک و یاسای پێک هاتنی نییە، کەچی مۆسیقای شیعر جۆرێکی لەمە بەرزترە،(مۆسیقای شیعر بەرزترین و وردترین مۆسیقای ئاخاوتنە چونکە خاوەنی سیستەمێکە لێ لادانی بۆ نییە...)[1].ئەو سیستەمە بە گوێرەی هەر زمانێك دەگۆڕێ و لە دابەشبوون و دووبارەبوونەوەی دەستە بڕگەی تایبەتی و وەستانی نێوان ئەو دەستەبڕگانە پەیدا دەبێ. هەر ئەم دەستە دەستەکردنی بڕگەیشە شێوەیەکی تایبەتی بە نووسینی شیعر دەدا کە لە پەخشاندا جیایە.ئەوەتا لە شیعری ستوونیدا (عەرەبی و فارسی و کوردی..) هەر دێڕێکی بە سەر دوو لەتی وەکو یەك دابەش دەبێ و لە شیعری تازە(ئازاد) یش لەتەکان بە گوێرەی ژمارەی پێیەکان دەبن. کەواتە جیاوازی نێوان شیعر و پەخشان هەر بوون و نەبوونی ئاواز نییە، بەڵکو ئەوەیە ئاوازەکە لە شیعردا بە سەرڕێ و لەت و دێر و پارچەدا دابەش دەبێ و مۆسیقاکەی بە پێی یاسا دەڕوا و بە دەستوور لێك دەدرێتەوە، کەچی لە پەخشاندا ئەمە نییە. کێش لایەنێکی بابەتییە و قالبێکی ئامادەیە لەبەر دەستی شاعیر بۆ ئەوەی هەست و سۆز و خرۆشانی دەروون و بیر و وێنە و ئەندێشەی خۆی دێدا دەربڕێ.

کێش:(metre)

شیعر لە باری دەرەوەیدا بە زۆری دوو دیاردەی سەرەکی تێدا دەردەکەوێ: کێش و سەروا. عەرەب هەر لە کۆنەوە، لە پاڵ کێشدا (سەروا) یان بە مەرجی پێناسەی شیعر داناوە. (الشعر لفظ موزون و مقفى يدل على معنى)[2].کێش لە

شیعری هەموو زمانێکدا هەیە، هەر یەکە بە پێی تایبەتێتی خۆی، بەلام سەروا مەرجی بنەڕەتی نییە بۆ شیعری هەموو نەتەوە کۆن و نوێکان، چونکە (شیعری زمانە هیند و ئەوروپییە کۆنەکانی وەکو سانسکریتی و یۆنانی و لاتینی و ئەوەی لە زمانە ئێرانییەکانی وەکو ئەڤیستایی و پارتی و پەهلەڤی تا ئێستا بە شیعر داندراوە، هەروەها لە زمانی ئینگلیزی کۆندا سەروا نەبووە)[٣]. هەشبووبێ بەو شێوە زەقە نەبووە و بە کەمی بەکار هاتووە. سەروا لە شیعری هەندێ زماندا هەر هیچ بەهای ستاتیکی نییە چونکە لە قسەی ڕۆژانەی خەڵکدا زۆر بەکاردێ، بۆیە لە شیعردا دەورێکی وای نییە و شاعیر بیر لە بەکارهێنانی ناکاتەوە. بۆ نموونە (شیعری یابانی ناتوانێ سەروا -Rhyme- یان -alliteration- بۆ ناساندنی دێرە شیعر بەکار بێنێ[٤]، لەبەر ئەوەی نا، کە ئەم دووە لە زمانی یابانیدا نین بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەوەندە لە قسەی ڕۆژانەدا بەکاردێن، هەستی ستاتیکی نابزوێنن..)[٥]

بەم جۆرە کێش بە تەنیا وەك مەرجێکی سەرەکی قالبی شیعری هەموو نەتەوەکان بەکاردێ بەلام هەر یەکە و بە پێی تایبەتێتی خۆی و بە گوێرەی سەردەمی خۆی. تەنانەت ئەو بزوتنەوە شیعرییەی لە سەدەی نۆزدەمدا بە ناوی شیعری ئازاد (Free Verse) بلاو بووەوە، ئەویش لە کێش بێ بەری نییە بەلام کێشی تایبەت بە خۆی. بۆ نموونە (شیعری ئازادی بەناوبانگی ویتمان نیشانەی شکاندنی دراماتیکییە لە تەقلیدی هێز- Strees-ی برگەدا. برگە و هێز و پێ (Foot) لە دێرە کشاوەکانیدا حسێبیان بۆ ناکرێ بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەژانێك لە ڕیتمدا دەخولقێنێ و زۆربەی عەرووزەکەی لە ڕەوانبێژییەوە (Rhetoric) هەڵدەقولێ، واتە وێنەی زمانەوانی بە هۆی -alliteration و anaphora- و دووبارە کردنەوە یەکە سینتاکسییەکان دادەڕژێتە ناو ڕیتمی شیعرەکەی.)[٦][٧]

ئەو کێش و ڕیتمەی لە شیعردا هەیە، لە سەرەتای سەرهەڵدانی شیعرەوە لەگەڵیدا هاتووە. شیعر لە ویردی ئایینی ناو پەرستگاکانەوە هاتبێ یان لە کاتی ڕاپەڕاندنی کاری ڕۆژانە سەری هەڵدابێ، لە هەردوو باردا لەگەڵ گۆرانی و جوولەی لەش (سەما)، پێکەوە هاتوون. سپنسەر دەڵێ: (شیعر و

مۆسیقا و سەما هەموو لە سەرچاوە، یەك شت بوون پاشان هەر یەکە جیابووەوە و بوو بە هونەرێکی سەربەخۆ...)(٨)

ئێستاش ئەم سییانە لە کاتی ڕاپەڕاندنی کاروباری گەلەکۆیی لادێ بەکاردێن (دروێنە، ساوار کوتان، دەستاڕ...) و لای هەندێ هۆزی (هۆڤی- وحشی) ئێستاش هەر بەیەکەوەن و لە یەك جیانەبونەتەوە. سەما لای ئەم هۆڤییانە هەمیشە گۆرانی تاك ئاواز و چەپڵە و تەپڵی لەگەڵدایە. بەم جۆرە جوولەی ڕێك (موزون) و وشەی ڕێك و ئاوازی ڕێك دەچڕێنە ناو یەك و وەکو یەك کاری بەرجەستە و داڕژاو دەکەونە بەرچاو. پاشان گۆرانی کە لە شیعر و مۆسیقا پێك دێ لە سەما جیابووەوە، بەلام ئەم دوو ڕەگەزە (شیعر و مۆسیقا) تا ماوەیەکی زۆرتر پێکەوە مانەوە. پاشان کە شیعر بوو بە دووبەش: شیعری لیریکی و شیعری چیرۆکی، شیعری لیریکی بۆ چڕین و شیعری چیرۆکی بۆ گێڕانەوەی چیرۆك و بەسەرهات بەکار دەهات، بەمەوەش شیعری ڕووتی بێ گۆرانی پەیدا بوو بەلام ڕەگەزی گۆرانی هەر تێدا ما کە لە کێش و ڕیتمدا خۆی دەنوێنێ. (ئێستاش کاریگەری ڕیتمی شیعری بە مۆسیقاوە ئاشکرایە و ئێستاش دەتوانین مۆسیقا بە ڕیتمێکی شیعری بێ وشە دابنێین)(٩). تەها حوسێن پاش ئەوەی باسی پێکەوە پەیدابوون و گەشە کردنی شیعر و مۆسیقا دەکا، دەڵێ: (ئێستاش مۆسیقا بۆ شیعر هەر پێویستە بەلام ئەمەیان لە گۆرانی و لە ڕیتمی ڕووت و خوڕ (ساف) جیایە، یاخود بڵێین گۆرانی جەمسەری بە یەك گەیشتنی ئەم دوو هونەرەیە..)(١٠).

ڤانسانیش شیعر دەخاتە نێوان پەخشان و گۆرانی و دەڵێ: (شیعر لە نیوەی ڕێگادایە لە نێوان پەخشان و گۆرانیدا)(١١). بۆ پەیوەندی کۆنی شیعر و گۆرانی، دەبینین یەکێ لە کێشەکانی شیعری یۆنانی کە کێشی (باخوسە- Bacchius-) و بریتییە لە برگەیەکی کورت و دوو برگەی درێژ (ب --) ناوەکەی لەو گۆرانییەوە هاتووە کە لە سەر ئەو کێشە بووە و بۆ (باخوسی) خوای مەی و گۆرانی پێشکێش کراوە(١٢).

فەلاتون لەبارەی کێشی شیعرەوە لە سەر زاری (سوکرات) دەڵێ: (چۆن سەماکەرانی -کوریبانت-(١٣) کە سەما دەکەن هۆشیان لە خۆیان نییە، شاعیرە لیریکییەکانیش هەر بەم جۆرە کە گۆرانییە جوانەکانیان دادەنێن لە

باری هۆشیاریدا نین. کێش و مۆسیقا بە سەریاندا زاڵ دەبێ و ئیلهامیان پێ دەبەخشێ و ئەوانیش دەکەونە حاڵی مەستی و جەزبەوە..)(١٤). واتە بە لای سوکرات و فەلاتونەوە کێش و مۆسیقا ڕەگەزێکی پێویست و پێشەکییە بۆ چوونە ناو شیعر و گۆرانی چڕین. ئەرەستۆ لە -پۆیەتیکا، هونەری شیعر- دا بە وردی باسی شیعر و جۆرەکان و خاسییەتەکانی شیعر دەکا و لەبارەی کێشەوە ئەو نرخەی فەلاتوونی ناداتێ، چونکە بە لای ئەوەوە ڕەگەزی جیاکەرەوەی شیعر لاسا کردنەوەیە. کێش باری دەرەوەیە و بە پلەدوو دێت. بەلای ئەرەستۆوە هۆی سەرەکی شیعر گوتن دوو شتە: یەکەم خودی لاسا کردنەوە، دووەم خودی مۆسیقا یان هەست بە ئاوازکردن...)(١٥). ئەوەتا خۆی لە بارەی لاساکردنەوە و ئاوازی کێشەوە دەڵێ: (لەبەر ئەوەی خودی لاساکردنەوە وەکو ئاواز و ڕیتم شتێکی سروشتییە لە ئێمەدا، لە سەرەتاوە کێ لەو بەهرانە پتری هەبوو ئەوان وردە وردە پێشکەوتن و لەخۆوە کەوتنە شت گوتن و لەم لەخۆوە گوتنە -عفوی شیعر سەری هەڵدا..)(١٦). کە پەیوەندی کێش و شیعر زیاتر ڕون دەکاتەوە، ڕای خەڵك پێشان دەدا، ئینجا بۆچوونی خۆی بە نموونەوە دەخاتە ڕوو، دەڵێ: (خەڵك شیعر و کێش پێکەوە دەبەستنەوە، بە هەندێکیان دەڵێن شاعیری ئیلیجی(١٧) و بە هەندێکیان دەڵێن شاعیری مەلحەمی. ناو نانیان بە شاعیر لەبەر ئەوە نییە کە تەنیا لاساکردنەوەیان ئەنجام داوە، بەڵکو لەبەر ئەوەیشە کە هەمان کێش بەکار دێنن. ڕاستی ئەوەی تیۆرێکی پزیشکی یان سروشتی بە هۆنراوە دەربڕێ پێی دەگوترێ شاعیر لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا کێشەکە (هۆمیروس) و (ئەبنادوقلیس) دەگەیەنێتە یەك. جا دەبێ بە یەکێکیان -هۆمیروس- بڵێین شاعیر و بەوەی تریان بڵێین پزیشك باشترە تا شاعیر. خۆ ئەگەر یەکێ بەرهەمێکی لاساکردنەوە بنووسێ و کێشەکان تێکەڵ بکا وەکو (خیریمون)(١٨) لە هۆنراوەی -قنتورس-(١٩) دا کە بریتییە لە -ڕاپسودی-(٢٠) یەك و زۆر کێشی تێدا بەکار هاتووە، دەبێ پێی بگوترێ شاعیر)(٢١). بەم جۆرە ئەو وەکو خەڵك کێش بە خەسیەتی سەرەکی شیعر نازانێ، تەنانەت ئەو شیعرەی کێشەکەیشی تێکەڵ بێ مادام لاساکردنەوەی تێدا بێ لای ئەو هەر شیعرە. دیارە (ئەرەستۆ) بۆیە ڕای وابووە چونکە (بە چاوێکی فەلسەفی سەیری ئەم مەسەلەیەی دەکرد زیاتر لە ئەدەبی و پتر بەلای ناوەڕۆکی شیعردا

دەچوو تا ڕووکاری دەرەوەی..)[٢٢]. ئەریستۆکنوسی قوتابی ئەرەستۆش وردتر دەچێتە ناو بابەتی کێش و بە زەمەنی دەبەستێتەوە،دەڵێ:(کێش خوێندنەوەیەکی تایبەتییە لە زەمەندا)[٢٣]. دوای ئەوانیش هۆراسی ڕۆمانی لە نامەکەیدا کە بە ناوی(هونەری شیعر)ەوە بۆ(ئال بیزو)ی نووسیوە و باسی شیعر و شاعیری دەکا، لە بارەی کێشەوە دەڵێ:(پێشینان پەسنی مۆسیقا و فوکاهەی(پلاوتوس)[٢٤]یان داوە، ئەگەر ئێمە -من و ئێوە- بزانین فوکاهە و نوکتەی داندراو لێك جودا بکەینەوە و مۆسیقای ڕەوا بە پەنجە و گوێ بکێشین، دەگەینە ئەوە کە پەسند کردنی ئەو دوو شتە لە لایەن ئەوانەوە لە سۆنگەی سینگ فراوانی زۆر، یان لە سۆنگەی نەفامییەوە بووە..)[٢٥] لێرەدا هۆراس ئیشارەت بۆ چۆنیەتی کێشانە کردنی شیعر دەکا بە پەنجە و بە گوێ. پاشان دێتە سەر هۆمیرۆس و بەکارهێنانی جۆرەکانی کێش و ناوی (کێشی درێژی جیاواز) دێنێ کە مەبەستی کێشی (هیگزامیتەر **Hexameter**)و (پینتامیتەرە **Pentameter**)ە کە یەکەم شەش پێیە و دووەم پێنج پێیە.

بەم جۆرە کێش ڕەگەزێکی بنجی و نەپچڕاوە لە شیعر. شیعر بێ کێش و ڕیتم نابێ، چونکە هەر هیچ نەبێ شیعر لە دەنگ دروست دەبێ و دەنگیش ئاواز و ڕیتمە.

ڕیتم **Rhythm**:

وشەی ڕیتم **rhythm** لە وشەی (**rhythmos**-ریثموس)ی گریکییەوە هاتووە، ئەویش لە فەرمانی **rhein**داتاشراوە کەمانای (هەڵڕژان، هەڵقوڵان، هەستانی ڕووبار) دەدا[٢٦]. ڕیتم بە گشتی لە شیعر و لە پەخشاندا هەیە، بەڵام ڕیتمی شیعر دەوڵەمەندتر و ئاشکراتر و ڕێك و پێك ترە.

(ڕیتم بریتییە لە جوولانەوە یان هەستی جوولانەوەیەك کە لە ڕێکخستنی برگەی هێزدار و بێ هێز و درێژی برگەکانەوە پەیدا دەبێ. ڕیتم لە شیعردا پشت بە دەستووری کێش دەبەستێ..)[٢٧]. واتە ڕیتم دوو ڕەگەزی سەرەکی هەیە:(١)جوولانەوە، (٢) ڕێکخستنی جوولانەوەکە. (جوولانەوە ڕەگەزی زیندوو، یان مادی ڕیتم دەگەیەنێ و ڕێکخستن ڕەگەزی زەینی یان ڕۆحی دەگەیەنێ..)[٢٨].هەر لە کۆنەوە ڕیتم بە جوولانەوە بەستراوەتەوە. ئەفلاتوون ڕیتم بە فڕینی باڵندە و لێدانی دەمار و هەنگاوی سەما و بزگەی

ئاخاوتن دەبەستێتەوە.[29] خوارزەمیش دەڵێ:(ڕیتم بریتییە لە دووبارە بوونەوەی ئاوازێك لە ساتی دیاری کراودا..)[30]. جگە لەوەی زۆر تۆژەرەوە ڕیتمیان بە جوولانەوەی شتی مادی و سروشتی بەستۆتەوە، وەکو لێدانی دڵ و جوولاندنی دەست و لاق لە کاتی ڕۆیشتن و سووڕانی مانگ بە دەوری زەوی و زەوی بە دەوری ڕۆژدا. زانای ئەلمانی (فۆنت)ڕیتم بۆ ڕۆیشتن و (دیمان) بۆ خرپەی دڵ و (بوشەر) بۆ جوولەی لەش دەباتەوە. ئەمانە و زۆری تریش لەوە یەك دەگرنەوە کە (ڕیتم یاسای جوولانەوەی سروشتییە)[31]. ڕەگەزی دووەمیش ڕێکخستنی ئەو جوولاوەیە بەلام ڕێکخستنی میکانیکی دەرەوە نا، بەڵکو ڕێکخستنێ کە جوولەی ناوەوە-بیر و هەست و ئەندێشە- دەیسەپێنێ و لە شوێنی خۆیدا دایدەنێ. ئەو ڕێکخستنەش بۆ ئەوە پێویستە تا پەرت بوونی باری ناوەوە و گێرە شێوێنی پەیدا نەبێ. ڕیتمی شیعر بە کۆمەڵە یاسایەك ئەو ڕێکخستنە مسۆگەر دەکا کە هەموو لایەنێکی دەگرێتەوە (ڕیتم سیستەمی دەنگە .. ئەمەش لە ڕاستیدا سیستەمێکی گەورە و فراوانە، کۆمەڵە سیستەمێکی بچووکتر دەگرێتەوە. هەر ڕەگەزێکی برگە، نەبر، ئاواز- سیستەمێکی فەرعی پێك دێنێ و ئەو هەموو سیستەمە فەرعیانە یەك دەگرن و هەڵدەکشێن و لە کۆتاییدا سیستەمی ڕیتمی گشتی شێوازی هۆنراوە دروست دەکەن کە ئەویش لەگەڵ سیستەمی تری زمانی و نا زمانی دەکەوتە کارلێك (تفاعل) و بینای گشتی هۆنراوەکە پێك دێنێ ... ئەم هەموو سیستەمانە لە کۆمەڵە پەیوەندیەکی دیالیکتیکی دان وەکو ناکۆکی و تەبایی، جا چ لە ناوەخۆیاندا بێ و چ لە پەیوەندییان بە سیستەمی ترەوە بێ...)[32]. ڕیتم زیاتر لە سەر سیستەمی ڕێکخستنی دەنگ هاتووە:

(١) جۆری دەنگەکان، بزوێن و نەبزوێن و جۆرەکانیان ، کورت و درێژییان، سیستەمی دابەشبوونی بزوێنەکان، دووبارەبوونەوەی بزوێنێك یان چەند بزوێنێك لە مەدایەکی زەمەنی دیارکراودا. بە گوێرەی نەبزوێنیش. دەنگە کپ و گڕەکان (voiced, voiceless) خشۆك و تەقاوەکان، جا پەیوەندی ئەمانە هەمووی بە دەنگەکانی دەوروبەری خۆیانەوە.

(٢)چۆنیەتی گوتنی ئەو دەنگانە کە بە گوێرەی سروشتی زمانەکەبرگەی کورت و درێژ یان هێزدار و بێهێز... دروست دەبێ.

(٣) بەرزی و نزمی پەیژەی دەنگ لە کاتی گوتن و دەربڕینی دەنگەکاندا.

کێش و ڕیتم:

کێش و ڕیتم لە شیعردا تەواوکەری یەکترن، بە هەردووکیان ئەو زەنگو ئاوازە تایبەتییە بە شیعر دەدەن کە تەوژمێکی دەربڕین و کارتێکردنی پێ دەدەن.

کێش لە هەر زمانێکدا بریتییە لە چوارچێوەی گشتی دەرەوەی ئاوازی شیعر و بۆ تەواوکردنی مۆسیقای شیعر، ڕیتم، کە لە خەسیەتە تایبەتییەکانی هەر زمانێك و هەر شاعیرێکەوە پێك دێ، دەوری خۆی دەبینێ. ڕیتم گیانێکی زیندوو بە کێشەکە دەبەخشێ و قووڵتر و خەستتری دەکاتەوە و ئەدگاری کۆتایی بە ئاوازی شیعرەکە دەدا.

(بێرتۆن) پەیوەندی کێش و ڕیتم بەم جۆرە لێك دەداتەوە: (کێش ئەسکەلتە و ڕیتم وەکو لەشی زیندووایە ...)(٣٣). واتە کێش بە بێ ڕیتم گیانی لەبەردا نییە. دەستوور و قالبێکی وشکە و هەر ڕیتمە کە جوولەی ژیان و ڕەگەزی کاریگەری پێ دەبەخشێ. (فریزەر)یش وەك بێرتۆن کاریگەری شیعر هەر بۆ ڕیتم دەباتەوە: (زانینی کێش وامان لێ دەکا کە دێرە شیعرێکمان بە دەنگ خوێندەوە هەڵەی تێدا نەکەین بەڵام مەرج نییە وامان لێ بکا کە دێرە شیعرەکە بە کاریگەرترین چەشن، بە دەنگبخوێنینەوە. زانستی عەرووز ئەسکەلتی گشتیمان دەداتێ، شاعیری چاك دەبێ خۆی گۆشت و خوێن بەبەر ئەو ئەسکەلتەدا بکا..)(٣٤). واتە کێش شووڕەی گشتی هۆنراوەیە، لێ ناگەڕێ هۆنراوەکە بپچڕێ و بپرژێ. کێش تەنیا مۆسیقای زەقی دەرەوەیە. ئەمەش بەشێکی میکانیکییە لە سەراپای کێش و ئاوازی هۆنراوە و ئەرکی سەرەکی پاراستنی قالبی گشتی هۆنراوەکەیە، کەچی ڕیتم جوولەی هەستان و نیشتنەوەی سۆز و خرۆشانی دەروونە و لە بزووتنەوەی ئازادانەی ناو قالبی میکانیکی کێشدا خۆی دەنوێنێ. هەرچەندە کێش و ڕیتم پێکەوە ئاوازی شیعر دروست دەکەن، بەڵام هەریەکە خەسیەت و ئەرکی خۆی هەیە لە بنیاتنانی ئەو ئاوازەدا :(ئەو شیعرانەی بە هەمان کێش نووسراون دەشێ ڕیتمی جیاوازیان هەبێ ...)(٣٥). چونکە ڕیتم ڕەنگدانەوەی باری دەروونی و عاتیفی

ئەو شاعیرەیە کە خاوەنی بیرو هەست و سۆزی تایبەتی خۆیەتی . دوو شاعیر، با هەمان قالبە کێشیش بەکار بێنین ، بەلاَم هەست و سۆزو بیرو بۆچوونیان جیایە ، بۆیە ڕیتمی شیعریشیان جیا دەبێ. بگرە هەمان دێرە شیعر کەهەمان شاعیر بەهەمان کێش داینـاوە (کەدەکەوێتە دوو شوێنی جیاوازەوە ، وەکو نەقەراتی کۆتایی ستانزا ، لەڕووی ڕیتمەوە وەکو یەك نین . ڕاستە کێشەکەیەکەو کەرت کردنیشی هەمان شتە، بەلاَم ئەوەی دووبارە دەبێتەوە دەقاو دەق ئەوەی پێشوو نییە، وەکو ئەو ناخوێندرێتەوە ...)(٣٦)، چونکە هەست و سۆزی شاعیرە کە بە چرکە لە گۆڕاندایە. ڕیتم پەیوەندی بە کەسێتی شاعیرەوە هەیە. شاعیری بەهرەدار و شاعیری بێ بەهرە لە بواری مامەڵەت کردندا لەگەڵ ڕیتم لێك جیا دەبنەوە. شاعیری داهێنەرو بەهرەدار هەوڵ دەدا دەنگ و کەسێتی خۆی وەکو خەسیەتێکی تایبەتی لە ڕیتمەوە پێشان بدا (شاعیری بێ باك و کەمتەرخەم خۆی تەنیا بەو قالبەکێشە دەبەستێتەوە کە لەبەر دەستیدایە. لە ئەنجامدا شیعرەکەی وشك و ڕۆتینی و میکانیکی دەردەچێ...)(٣٧). کەچی شاعیری گەورە و مەزن (کێش وەکو نۆکەری خۆی بەکار دێنێ ...)(٣٨) . بەم جۆرە ڕیتم دەبێ بە بواری داهێنانی شاعیر. ئەوانەی داهێنان لە کێشدا دەکەن زۆر کەمن و بە دەگمەن هەڵدەکەون و هەموو جارێکیش داهێنانەکەیان لێ قبوول ناکرێ. گۆڕانی کێش لە مێژووی هەر نەتەوەیەکدا زۆر کەمە و ماوەیەکی زۆری دەوێ تا دەچەسپێ، کەچی ڕیتم لە گۆڕانێکی بەردەوام دایە. وەکو هەویر وایە لە بەر دەستی شاعیر دا، چۆنی بوێ وای دەگروێنێ.

واتە کێش کە قالبی ئامادەیە، شتێکی بابەتییە، بە گوێرەی یاسا کار دەکات و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، کەچی ڕیتم شتێکی خودییە و بە گوێرەی سروشتی زمانەکە و کەسێتی شاعیرەکە و جۆری بابەتەکە دەگۆڕێ. هەر بۆیەش دەشێ یەك قالبەکێش زۆر ڕیتمی جۆرا و جۆری، لە ڕووی زمان و بابەتی جیاوە، بڕژێتە ناو.

کێشی شیعر و مۆسیقا:

پەیدا بوونی شیعر و مۆسیقا پێکەوە، وای کردووە ئەوەندە تێک بچرژێن کە پاش لێک جیابوونەوەش نەتوانن بە تەواوی دەسبەرداری یەکتر بن، بە تایبەتی شیعر، ڕەگەزە سەرەکییەکەی کێشە، کە لە مۆسیقاوە بۆی ماوەتەوە. (پەیوەندییەکی تایبەتی لە نێوان مۆسیقا و شیعر دا هەیە، ڕەنگە ئەو پەیوەندییە لەگەڵ هەر پەیوەندییەکی تر دا جیابێ کە مۆسیقا لەگەڵ هونەرەکانی تردا هەیەتی، چونکە شیعریش هونەرێکی زمانییە و دەربڕینی بە هۆی دەنگە و چەشە لێ وەرگرتنی بە بیستنە. ڕیتم و کێشیش دەوری سەرەکییان تێدا هەیە..)(۳۹). مۆسیقا هونەرێکی زەمەنییە، (زەمەن ڕەگەزێکی سەرەکییە لە دیار کردنی ڕیتمی مۆسیقا.. بۆیە هەرگیز مۆسیقا لە دەرەوەی زەمەندا دەرناکەوێ..)(٤٠). شیعر و مۆسیقا لەوە یەك دەگرنەوە کە پەیوەندی پتەویان بە زەمەنەوە هەیە. (ڕیتم ئەو زەمەنەیە کە لە نێوان ئاواز و نەقەراتدا دووبارە دەبێتەوە..)(٤١). پەیوەندی وشە و ئاواز و مۆسیقا ئەوەندە بنجی و بەهێزە کە هەر لەگەڵ ئەوە وشەیەك لە ناو مێشکدا سەرهەڵدەدا مۆسیقایەکی لەگەڵ دروست دەبێ کە مانای وشەکە و کاریگەری وشەکە تەواو دەکا، (جاری وا هەیە مۆسیقا ماناکە دادەبەزێنێ، یان هەڵی دەکێشێ بە پێی سروشتی وشەکەو کەشی درامی پەیدابوونی لە ناو مێشکدا...)(٤٢). هەر بۆیە وەکو (ئیبن سینا) دەڵێ لە دوولاوە سەیری کێش دەکرێ: (یان بە گشتی، کە دەبێتە زانستی مۆسیقا، یان بە چۆنیەتی بەکارهاتنی لای هەر نەتەوەیەك، کە دەبێتە زانستی عەرووز...)(٤٣). عەرووز زانستی مۆسیقای شیعرە، بۆیە پەیوەندییەك هەیە، پەیوەندییەکی پتەویش، کە عەرووز و مۆسیقا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەو پەیوەندییە لایەنی دەنگدەگرێتەوە. لە مۆسیقادا بڕگەی دەنگی هەیە کە درێژی و کورتییان جیایە، بەرزی و نزمیان جیایە، لە عەرووز و لە شیعریش هەر وایە. دێرە شیعر دابەشی چەند یەکەیەکی دەنگی وەکو بڕگە و ڕوکن و پێ دەبێ. گرنگ نییە ئەو پێیانە لە سەرەتای وشەوە دەست پێ بکەن یان لە ناوەڕاست.. ئەو پەیوەندییەی شیعر و مۆسیقا، وای کردووە کە هەر لە کۆنەوە هەردووکیان بەیەکەوە لێیان بکۆڵرێتەوە، بە تایبەتی هەروەکو بێرتۆن دەڵێ: (زۆر هەوڵی لاوەکی دراوە کە لە ڕوانگەی مۆسیقاوە باسی عەرووز بکەن، لێرەدا پێی

(foot)ی عەرووزی دەبێ بە (bar)-ی موسیقی...)(٤٤) . ئەمە وای کردووە زۆر جار زاراوە و ڕەمزی نۆتەی مۆسیقی بۆ دیار کردنی ئاواز و کێشی شیعر بەکار بێ. (کێش بۆ شیعر وەکو ڕیتم وایە بۆ مۆسیقا، بۆیە وا باشە بە نۆتەی مۆسیقی پێشان بدرێ...)(٤٥) . ئەم نۆتە بەکار هێنانە وا دەبێ کە هەر بڕگەیەك و نۆتەیەکی بۆ دابندرێ، بۆ نموونە لە شیعری یۆنانی و ڕۆمانیدا (بڕگەی درێژ بە قەد دوو بڕگەی کورتە، لە مۆسیقاش ڕەش (♩) بەقەد دوو چەماوە (♪♪) یە)(٤٦).

بۆ نموونە، پێی داکتیل کە لە بڕگەیەکی درێژ و دووی کورت (-ب ب) پێك دێ، بڕگە درێژەکە لە مۆسیقا نیشانەی ڕەشی بۆ دادەندرێ (♩)، دوو بڕگە کورتەکە نیشانەی چەماوەیان بۆ دادەندرێ (♪♪).

کێشی ئیگزامیتەر کە یەکێکە لە کێشەکانی شیعری یۆنانی، لە شەش پێی داکتیل پێك دێ و دەشێ بەم شێوە مۆسیقاییە دابەش بکرێ:(٤٧)



پێی چوارەم و شەشەم لە باتی بڕگەیەکی درێژ و دوو بڕگەی کورت (- ب ب) بریتین لە دوو بڕگەی درێژ (- -)، واتە دوو بڕگەی کورت بوون بە یەك بڕگەی درێژ.

لە عەرووزی عەرەبیشدا، بۆ نموونە پێی (مفاعیلن) کە بریتییە لە بڕگەیەکی کورت و سێ بڕگەی درێژ (ب - - -) دەشێ بەم نیشانە مۆسیقیانە پیشان بدرێ (♪♩♩♩).. با بۆ نموونە ئەم دێرە شیعرە کوردییە بە ڕەمزی عەرووزی و ڕەمزی مۆسیقی پێشان بدەین:

ئەگەر مەیلت لە دڵ دەرکەم غەریبی کۆیی دڵبەر بم

ب - - - | ب - - - | ب - - - | ب - - -

ئەگەر ساتێ لە یادم چی هیلاکی ژەهری ئەژدەر بم(٤٨)

ب - - - | ب - - - | ب - - - | ب - - -



یان ئەم شیعرە کە لە سەر کێشی (١٠) بڕگەیی خۆماڵییە:-

بەری بەیانە ڕووناکە ئاسۆ

ئاسۆی هیوای کورد، مژدە بێ لە تۆ (٤٩)

مۆسیقای ناوەوە و ڕیتمی دەروون:

باری دەروونی شاعیر و خرۆشانی هەستی ناوەوە ی پەیوەندییەکی زۆری بە ڕیتم و مۆسیقای ناوەوەی سروشتی ئەو ڕیتمە هەیە کە لە ناوەوە حوکمی شیعر دەکا و لایەنی ئاشکرا و نهێنی تاقیکردنەوەی شیعر بە ڕەنگی خۆی دەنەخشێنێ. (شاعیری هۆزان و کارامە دەتوانێ ڕیتمی ناوەوە بخاتە سەر مۆسیقای دەرەوەی هۆنراوە) (٥٠)، ئەو ڕیتمەی لە جۆشانی دەروونەوە دروست دەبێ و ئەو ڕیتمەی لە قالبی کێشەکانەوە گەلاڵە دەبێ. ڕیتمی دەروونی ڕیتمی ناوەوەیە (بە سیستەمی دەنگسازی و زمانەوانی دەردەبڕێ، کەچی ڕیتمی کێش ڕیتمی دەنگی تەقلیدییە، بە سیستەمی پێی کێش دەردەبڕێ. بۆیە ڕیتمی دەروونی بەر لەوەی زمانی کێش بێ، زمانی دەروونە. ڕیتمی دەروونی هەژان و جولانی خودییە پێش ئەوەی دەنگی گشتی بێ ..) (٥٢). بەم جۆرە ڕیتمی دەروونی پێش کێش دەکەوێ. ئەمەیش ڕاستەقینەیەکی ستاتیکی و هونەرییە چونکە بنیاتی کێش مل بۆ ڕیتمی ناوەوە واتە بۆ باری دەروونی دادەنوێنێ، واتە جۆری هەست و سۆز و خرۆشانی دەروونە، کە ڕیتم دەیسەپێنێ، ئەو ڕیتمەیشە کە جۆرە کێشێکی تایبەتی ڕایدەکێشێ. بەمەوە دەردەکەوێ ڕیتم ڕەگەزێکی میکانیکی ڕووت نییە بە دوای یەکدا هاتنی جۆرەکانی دەنگ بیسەپێنێ، بەڵکو جوولەیەکی زیندووە لە تاقی کردنەوەی شیعرییەوە هەڵدەقوڵێ و لە ئاستی جوولەی ناوەوەی تەرکیبی شیعردا گەلاڵە دەبێ و لە ئاستی دەنگی دەرەوەدا ڕەنگدەداتەوە. جوولەی ناوەوەش بریتییە لەو (تێکچڕژانە چالاک و داهێنەرانەی کە لەنێوان ڕەگەزەکانی کاری هونەریدا ڕوودەدا ..) (٥٢). ئەم تێکچڕژانە لە سیستەمی دەرەوەدا بە ڕێگای هەڵبژاردنی دەنگ و وشە خۆی

دەنوێنێ . کە ئەم دوو ڕیتمە : ڕیتمی دەروونی و ڕیتمی کێش، یەکیدگربوون ئاوازی سەرەکی شیعرەکە دەگاتە پۆپە .

کێش وبابەتەکانی شیعر :

هەرلەکۆنەوە تۆژەرەوەکان هەوڵیان داوە پەیوەندی نێوان کێش و بابەتی شیعر لێک بدەنەوە . ئەوەی زیاتر سەرنجی تۆژەرەوەکانی بۆ لێکدانەوەی ئەم پەیوەندییە ڕاکێشاوە جۆراوجۆری (تنوع)کێشەکانە . ئەگەر بابەت دەوری نەبێ لەدیارکردنی ئەو کێشەی پێی دەنوسرێ ، بۆچ لە هەر زمانێك یەك تاکەکێش بەس نەبوو بۆ دەربڕینی هەموو بابەتێك ؟ (ئەگەر بە ڕووکەشی سەیر بکەین ، بۆ نمونە دەشێ (شین) بەهەموو کێشەکان بکرێ بەڵام ئەگەر زیاتر وردبینەوەدەبینین هەر بابەتەو زیاتر بەلای کێشێکی تایبەتیدا دەشکێتەوە. جیاوازی کێشەکان ئەوە دەگەیەنێ کە بابەتی جیاواز سەپاندوونی ئەگەر نا یەك کێش بەس بوو...)(٥٣).دیارە سووکی و سەنگینی بابەت، کورتی و درێژی بابەت، پاشخانی دەروونی بابەت، دەوری خۆیان لە دروست کردنی جیاوازیی نێوان کێشەکان هەبووە، کە هەر یەکە زیاتر بۆ بابەتێکی لێك نزیك دەست دەدا. ڕاستە زۆر جار بابەتی جیاواز و لێك دوور بە یەك قالبەکێش دەنووسرێن بەڵام دەوری شاعیری بەهرەدار لەوەدا دەردەکەوێ کە هەستی ناسك و باری دەروونی دەبن بە ڕابەر بۆ هەڵبژاردنی گونجاوترین بابەت و بە زۆرە ملێ بابەتەکە ناترنجێنێتەناو هەر قالبێکەوە (شاعیرێتی شاعیر لەوە دایە ڕیتم و مانا، یان مانا و کێشەکان پێکەوە بگونجێنێ)(٥٤).

فەلاتوون لە بارەی ڕیتم و پەیوەندی بە جۆری بابەتەوە دەڵێ:(لەم بارەیەوە پرس بە دامون دەکەین داخۆ کامیان گونجاوترە بۆ دەربڕینی کەماتیو بەدکاری و شێتیوخەسلەتە خراپەکانی تروچ جۆرە ڕیتمێك بۆ دەربڕینی پێچەوانەی ئەمانە بەکاربەین...)(٥٥).

ئەرەستۆ لە بارەی کێش و بابەتەوە دەڵێ:(بە تاقیکردنەوە بۆمان دەرکەوتووە کە کێشی پاڵەوانێتی (٥٦) لێوەشاوەترین کێشە بۆ داستان. ئەگەر یەکێ لە لاساکردنەوەی بە چیرۆك، کێشێکی تر یان چەند کێشێکی تری بەکار هێنا نەشاز دەردەچێ ، چونکە کێشی پاڵەوانێتی سەنگینترین و فراوانترین کێشە، لەگەڵ وشەی نامۆ و خوازە دا باش دەگونجێ. لاساکردنەوەی بە چیرۆك

لـەم بارەیـەوە لەوانـەی تـر بـالاّترە. کێشـی (ئـەیامبی)(٥٧) و کێشـی چـواری ترۆکـی (٥٨) پـڕ جوولـەن-یـەکێکیان بـۆ شـایی لـەبارترە و ئـەوەی دی بـۆ کـردەوە. لـە هـەموویش خراپـتر ئەوەیـە وەکـو(خـیریمون) ئـەم کێشـانە تێکـەڵ بکـەین..)(٥٩)؛

ئەرەسـتۆ بـاوەڕی وایـە هـەر بابـەتێك کێشی خـۆی هەیـە . کـە دێتـە سـەر جۆرەکـانی شـیعری یۆنـانی، وەکـو تراجیـدی و دیـثرمبی و کومـودی و ئـەیامبی و دراماتی و واینـی و دیکرانـی و سـاتوری و فیومونـایی و ڕیتـۆری ... بـاس دەکـا هـەر یـەکێکیان بـۆ چ بابـەتێك بـەکار دێ(٦٠) . هـەڵبژاردنی کێشـیش بـۆ سروشـت دەباتـەوە:(سروشـت خـۆی ڕێگـای هـەڵبژاردنی لـەبارترین کێشـمان بـۆ دیـار دەکـا)(٦١) . بـەلاّم ئایـا مەبەسـتی کـام سروشـتە؟ سروشـتی دەرەوە؟ یـان سروشـتی نـاوەوەی شـاعیر؟ یـان سروشـتی بابەتەکـە؟ لـە بـارەی گۆڕانـی کێشـەکان و هـۆی ئـەو گۆڕانـە، ئەرەسـتۆ دەڵـێ:(لـە بـارەی کێشـەوە، کێشی ترۆکیـی چواریـی گـۆڕاو بـوو بـە کێشی ئـەیامبی سـێیی. بەکـەم بۆیـە بـەچواری بـەکار دەهـات چونکـە شـیعرەکە لـە بابـەتی سـاتوری(٦٢) بـوو ، لـە سـەماوە نزیـك بـوو، بـەلاّم کـە زاراوەی ئاخـاوتن هاتـە نـاوەوە ئەمـە بـۆ بـە هـۆی بـەکار هێنـانی کێشـێکیوا کـە بـۆی بگونجـێ. ئاشـکرایە کێشـی ئـەیامبی سـێیی لـە هـەموو کێشـەکان لـە زاراوەی ئاخـاوتن نزیکـترە، زۆر کـەم شەشـیی بـەکار دێنـن . شەشـیی تـەنیا ئـەو کاتـە بـەکار دێ کـە خۆمـان لـە زاراوەی ئاخـاوتن دوور بخەینـەوە...)(٦٣) . لێرەدا دەردەکـەوێ کـە لای ئەرەسـتۆ دوو هۆکـار جـۆری کێـش دەسـت نیشـان دەکـەن: ١-بابـەت ٢-زمـان و زاراوەی شـیعر.

هـۆراس لـە (هونـەری هۆنـراوە) دا، لـە بـارەی کێـش و بابەتـەوەدەڵێ:(هۆمـیرۆس پێشـانی دایـن کـام کێشـی شـیعر(بـەحر) بـۆ گیانبـازی پاشـا و پاڵـەوان و چـیرۆکی جـەرگبڕی شـەڕ دەسـت دەدا. سـەرەتا بـە دێـری - جیـاواز لـە درێـژی-(٦٤) سکالاّی دەکـرد. پاشـان ئەمـە لـە نـەزرو پاڕانـەوەش بـەکار دەهـات. بـەلاّم زمانەوانـەکان نەگەیشـتوونەتە یـەك کـە دەبـێ کـێ یەکـەم جـار (شـین)ی نووسـیبێ. مەسـەلەکە ئێسـتاش لـە ژێـر لێکۆڵینـەوە دایـە... ئینجـا کۆمیدیـا و تراجیدیـا هـەر دووکیـان ئـەم پێیـەیان وەرگـرت، چونکـە بـۆ دەربڕینـی گفتوگـۆ -حـوار- لـە بـارە و لـە نـاو جـەماوەری بـە ژاوەژاویـش هـەر دەبیسرێ...)(٦٥) . واتـە هـۆراس بـڕوای بـە پـەیوەندی نێوان کێش و بابـەت هەیـە:

کام کێش بۆ قارەمانێتی؟ وکام کێش بۆ کۆمیدیا و تراجیدیا؟ وکام بۆ پەسن و پێ هەڵدان بەکار دێ؟ پاشان زیاتر باسەکە ڕون دەکاتەوە و دەڵێ:(چۆن ناکرێ بابەتی کۆمیدی بە شیعری تراجیدی بنووسرێتەوە هەر بەم جۆرەش ناشێ زیافەتی تایستیس (٦٦) بە سروودی ژیانی ڕۆژانە بگێردرێتەوە کە بۆ کۆمیدیا دەگونجێ. هەریەکە بە ئیشی خۆی...) (٦٧). ئیبن سینا لە باسی کێشی شیعر و شیعری یۆنانیدا دا دەڵێ:(یۆنانەکان بابەتی دیاریان هەبوو شیعریان پێ دەگوت. هەر بابەتێکیان بە کێشێکی تایبەتی و سەربەخۆ دەنووسی و هەر کێشێکیشیان ناوی سەربەخۆی هەبوو...) (٦٨).

فارابیش بڕوای بەم چوونەوە سەریەکی کێش و بابەتە هەیە و ڕای وایە کە زۆربەی شاعیرانی نەتەوەکانی پێشوو کێش و بابەتیان تێکەڵ کردووە، تەنیا یۆنانەکان نەبێ کە بۆ هەر جۆرە شیعرێك و جۆرە کێشێکیان داناوە...(٦٩). (ڤانسان) ڕای وایە هەر جۆرە شیعرێك تایبەتێتی خۆی هەیە و نموونە بە شیعری (ئەلگزاندەری) دێنێتەوە و دەڵێ:(ئەو کێشەی بە ئەلگزاندەری ناسراوە و دوازدە بڕگەیە فراوانییەکی تایبەتی تێدایە، بۆیە بۆ تراجیدی و کۆمیدی و شیعری داستانی بەکار دێ. کێشی دە بڕگەیی گران و سەنگینە. کێشی هەشت بڕگەیی شل و خاوە. کێشی حەفت بڕگەیی سووك و سوارە...) (٧٠).

دکتۆر عبدالله الطیب المجذوب یش لە (المرشد)ەکەیدا هەوڵی داوە پەیوەندی بەحرەکانی عەرووزی عەرەبی و بابەتی شیعر بدۆزێتەوە. یەك یەك کێشەکان شی دەکاتەوە و باس دەکا سیفەتیان چۆنە و بۆچ بابەتێك دەست دەدەن. بۆ نموونە لەباسی کێشی خەفیفدا دەڵێ:(بەلای سەنگینی دا دەشکێتەوە) (٧١) ئینجا دەڵێ:(ئاوازەکەی ئاشکرا و ناوەنجییە، نە زۆر نەرمە و نە زۆر توند، نەختێکی لەم و نەختێکی لەووەرگرتووە...) (٧٢). پاشان بابەتەکانی ئەم کێشانە دیار دەکا و دەڵێ:(بابەتەکانی ئەم کێشانە بریتین لە غەزەل و دلێری (حماسە) و پەسن و داشۆرین و جوێن و شین و شانازی...) (٧٣).

لە کوردیدا، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسول لە باسی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا بۆچوونێکی وای پێشان داوە. لە باسی شانازییەوە دەچێتە سەر دوو شیعری فارسی شێخ ڕەزا و دەری دەخا کە ئەتمۆسفیری شانامەیان پێوە دیارە،

چ لە هەناسە درێژیبێ کە دوو شیعرەکە لە پارچە درێژەکانی شێخ ڕەزان و چ لە ڕووی کێش و قافیەوە بێ کە لە سەر کێشی موتەقاریبی مەقسوورن. ئەم وێك چوونی کەش و هەوا و یەکێتی کێشەی نێوان شانامە و ئەم دوو پارچەیە بۆ بابەتەکە دەباتەوە کە بابەتی شانازی و جەنگو دلێرییە.(٧٤)

ئۆستن وارین و ڕینێە ویلیك لە (نظرية الادب)دا هەوڵ دەدەن پەیوەندی نەك هەر جۆری کێش و بابەت پێشان بدەن، بەڵکو جۆرەکانی دەنگ و لە جۆرەکانی دەنگیش جۆرەکانی بزوێن بە بابەتەوە ببەستنەوە، دەڵێن:(دەشێ تاقیکردنەوەی بیستن دەری بخا کە پەیوەندییەکی بنەڕەتی لە نێوان دەنگە بزوێنەکانی پێشەوە و بابەتی ناسك و خێرا و ئاشکرا هەیە، هەروەکو دەنگە بزوێنەکانی دواوە و بابەتی گران و سست و تاریك پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە)(٧٥).

بەم جۆرە مرۆڤ کە گوێی لە بەستەی شایی دەبێ جۆرە کێش و ئاوازێکی سووکی لێ ڕەچاو دەکا کە قەت بۆ شین و چەمەرو لالانەوە دەست نادا. مۆسیقای غەزەل، بۆ نموونە ناسکی و نەرمییەکی تێدایە کە لە شیعری شەڕو داشۆڕین وسیاسیوحەماسیدا نییە، چونکە وەك باسکرا جۆشانی دەروون و هەڵچوونی سۆز کە لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر دەگۆڕێ دەوری هەیە لە دیار کردنی ئەو کێشەی بۆی دەگونجێ. واتە گۆڕانی کێش پەیوەندی بە گۆڕانی هەست و سۆز و خرۆشانی ناخی شاعیرەوە هەیە کە جۆرە ڕیتم و جوولەیەکی دەروونی دەڕوژێنن و ئەو ڕیتم و جوولەیە لە دەنگو وشەدا ڕەنگدەداتەوە و جۆرە کێشێك ڕادەکێشێ. کێشەکان، وەك دیاردەیەکی بابەتی، وەکو دەفری بەتاڵ وان بەلاّم پێویستی دەروونی کە لە سروشتی بابەتەوە گەلاّلە دەبێ دەڕژێتە ناو ئەو دەفرەی کە زیاتر لەگەڵی دەڕوا. دەتوانین پەیوەندی بابەت و باری خرۆشانی دەروون و ڕیتمی ناوەوە و کێشی شیعر بەم هێلکارییە ڕوون بکەینەوە:



کێشی نەتەوایەتی:

هەر نەتەوەیەك زمانی خۆی هەیە و هەر زمانێك خاوەنی تایبەتێتی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی خۆیەتی. ئاوازی شیعر، کە کێش و ڕیتمە و سەربەبواری دەنگە، بەپێی جیاوازی سیستەمی دەنگسازی و وشەسازی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێ. تەنانەت ئەو کێشانەش کە لە زمانێکی تایبەتیدا هەن هەموویان بە یەك ڕادە بەکار نایەن. هەیە زۆر باو و بڵاوە و هەیە زۆر کەم و دەگمەن بەکار دێ. ڕادەی بەکارهێنانیان بۆ سیستەمی دەنگی زمانەکە و زەوقی گشتی نەتەوەکە دەچێتەوە. (کێشەکان کە پێك دێن لە ناوجەرگەی تایبەتی زمانەکەوە دروست دەبن و دەکەونە ژێر کاریگەری بەکار هێنانی خەڵکەکەوە...)(٧٦) بۆیە لای هەر نەتەوەیەك (کێش هەیە زۆر باو و خۆشەویستە، هەموو شاعیرەکان بەکاری دێنن و زۆربەی شیعری پێ دەهۆننەوە، هی تر هەیە زۆر دەگمەنە، گوێچکەی پێ ڕانەهاتووە. شاعیر کەم لای لێ دەکەنەوە. ئەگەرلایشی لێ بکەنەوە هەر بۆ نوێ کردنەوە و (تنوّع) پارچەی کورتی پێ دەهۆننەوە. یەکەمیان کێشی نەتەوایەتییە کەچی ئەوانەی دی یان پاشماوەی کێشی کۆنن یان کێشی تازە داهاتوون لە لایەن شاعیران و لە هەر دوو باردا پێیان ناگوترێ کێشی نەتەوایەتی...)(٧٧). کەواتە ئەو کێشە دەبێ بە کێشی نەتەوایەتی کە لەگەڵ سروستی زمانەکە و سایکۆلۆجی میللەتەکە و پلەی شارستانێتی بگونجێ. خۆ ئەگەر شاعیرێك لەو سنوورە دەربچێ و بەکێشێکی تازە شیعر بنووسێ، چ خۆی دایهێنابێ و چ لە زمانی ترەوە وەریگرتبێ، ئەوەندە بە گەرمی لێی وەرناگیرێ. دروست بوونی کێشی نەتەوەیی بۆ تاکە شاعیرێك ناچێتەوە بەڵکو زەوقی گشتی نەتەوە دەیسەپێنێ و ماوەیەکی زۆری دەوێ تا جێی خۆی لە ناو دڵی خەڵك دەکاتەوە. کە جێی خۆیشی کردەوە درەنگ‌جێگا بۆ کێشێکی تر چۆڵ دەکا. بۆیە یەك تاکە شاعیر بە تەنیا بۆی ناکرێ کێشی نەتەوایەتی دروست بکا. ئەو کارە پێویستی بە کۆشش و هاوکاری زۆر شاعیر و زۆر نەوە (جیل)ی یەك لە دوای یەك هەیە کە لە پەستا جەخت لە سەر ئەو کێشە بکەن و بە بەردەوامی بەکاری بێنن تا سەقام دەگرێ. کێشی نەتەوایەتی هەر میللەتێك جگە لەوەی لە چوار چێوەی گشتیدا

لەگەڵ بنەمای کێشەکانی تری ئەو زمانە یەک دەگرنەوە، بەلام لەوان زیاتر بەکار دێ و باو و بلاوترە، بۆیە پێی دەگوترێ کێشی نەتەوایەتی.

کێشی نەتەوایەتی یۆنانی کۆن ئەیامبی بووە، چونکە لە ئاخاوتنی خەڵکەوە نزیک بووە وەکو ئەرەستۆ باسی دەکا [٧٨]. لە ئینگلیزیشدا هەر کێشی ئەیامبی کێشی نەتەوەییە، کەچی لە فەرەنسیدا کێشی ئەلیگزاندەری (١٢) برگەیی کێشی نەتەوەییە [٧٩]. لە یابانیش هەر لە کۆنەوە مەیل بە لای بەکار هێنانی دێری پێنج و حەفت برگەییدا بووە کە ئەمەش بناغەی هەموو شیعری یابانییە [٨٠]. خۆ ئەگەر دێرە شیعرەکە درێژ ببێتەوە، دەستە برگەکان بەم جۆرە بەردەوام دەبن: (٥، ٧، ٥، ٧، ٧.) و هەمیشە بە (٧) کۆتایی دێ. لە تورکیدا کێشی یازدە برگەیی (٦+٥) و لە عەرەبی (تەویل) کێشی نەتەوایەتییە. لە کوردیشدا کێشی نەتەوایی وەکو گۆران دەڵێ کێشی دە برگەییە (٥+٥)، چونکە (ئەم کێشە لە هەڵبەستی کوردیدا ئەوەندە باوە پیاو بە ئاسانی ئەتوانێ ناوی لێ بنێ کێشی نەتەوەیی گەلی کورد.) [٨١]. نەک هەر لە سەر ئاستی نەتەوە، گۆران هەوڵی داوە لە سەر ئاستی دیالیکتیش کێشە باوەکانی کوردی لێک جیا بکاتەوە، دەڵێ: (لە پاش کێشی دەیی لە فۆلکلۆردا کێشی هەشتی (٤+٤) دێت) [٨٢]. ئەم کێشی هەشتییە (زۆر باوە، وایش دێتە بەرچاو هەتا بەرەو ناوچەی شێوەی کرمانجی برۆین باوی زۆرتر بێ، بە پێچەوانەی دە برگەییەوە کە تافی برەوی (شدة الرواج) لە جەرگەی ناوچەی گۆرانییەوە دەست پێ دەکا...) [٨٣]. دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسولیش ئەم رایەی گۆران بە پەسندییەوە وەردەگرێ کە کێشی دەبرگەیی کێشی نەتەوەییە و لە (الواقعیة) دەیچەسپێنێ [٨٤]. چیرۆکە شیعرییە میللییەکانی ناو کوردەواری، چ ئەوانەی لە شانامە وەرگیراون و چ ئەوانەی لە بیری ئیسلامییەوە هەڵقولاون، زۆربەی هەرە زۆریان بەم کێشە دە برگەییە نووسراون، وەکو: رۆستەم زۆراب و رۆستەم جیهانگیر و میعراجنامە و وەفاتنامە و غەزەواتەکانی وەکو قەلای خەیبەر و بەدر و حونەین ومحەمەد حەنیفە .... لەگەڵ نامیلکەی شیعری شاعیرە میللییەکانی وەکو بەنگینە و حەبیب میرانی... لەگەڵ ئەمەشدا شاعیرانی نوێ لە شیعرەکانیاندا زۆرتر پێی (٤) برگەیی دەکەن بە بنەمای

کێشی شیعرەکانیان و وا وێ دەچێ دوا ڕۆژ هاوسەنگی کێشی نەتەوایەتی بەلای ئەمەیاندا بشکێ.

دوو: بنەماکانی کێشی شیعری جیهانی

دەنگو جۆرەکانی کێش:

وەك باس کرا کێش و ڕیتم دیاردەی زمانەوانین و هەر زمانێك بە پێی تایبەتییەکانی خۆی کێش و دەستووری تایبەتی خۆی هەیە. ساپیر دەڵێ:(بە وردی لە سیستەمی دەنگسازی هەر زمانێك بکۆڵەوە، بە تایبەتی خەسیەتە دینامیکییەکانی ، تێ دەگەی چ سیستەمێکی کێشی شیعری هەیە، یان ئەگەر مێژوو پشتی تێ کردبێ ، دەبوایە چ جۆرە شیعرێکی هەبێ و لە دوا ڕۆژدا چی دەبێ...)(٨٥) . بۆ دۆزینەوەی بنەمای کێشی هەر زمانێك دەبێ لە لێکۆڵینەوەی سیستەمی دەنگییەوە دەست پێ بکەین (لێکۆڵینەوەی کێشی شیعر دەبێ بە شیکردنەوەی دەنگەکان دەست پێ بکا..)(٨٦) . دەنگ دیاردەیەکی فیزیاوییە، لە ئەنجامی لەرینەوە (اهتزاز) پەیدا دەبێ. ئەم لەرینەوەیە بە ڕێگەی هەواوە دەڕوا و دەگاتە گوێچکەی گوێگرو دەماری بیستن دەیبەن بۆ خانەکانی بیستن لە مێشکدا و لەوێ هەستی پێ دەکرێ. زاناکان لە لێکۆڵینەوەی فیزیاوی دەنگ چوار تایبەتییان دیار کردووە:

١-درێژە کێشان(duration)، واتە دەنگەکە (لەرینەوە) لە زەمەندا ماوەی چەند دەخایەنێ.

٢-چڕی(intensity)، واتە قایمی دەنگەکە، بریتییە لە مەدای شوێنی لەرینەوەکە. تا کوێ دەڕوا و لە گەڕانەوەدا دەگاتە کوێ. واتە درێژی نێوان ئەم سەرو ئەو سەری لەرینەوەکە.

٣-پەیژەی دەنگ(تەبەقە- pitch). واتە پلەی بەرزی دەنگەکە لە پەیژەی دەرهاتنی دەنگدا. ئەمە خێرایی (سرعة)لەرینەوەکە دەگرێتەوە.

٤-پێکهاتنی دەنگ(Tone-colour). دەنگەکە لە کام دەنگی ترەوە پێك هاتووە. چۆن بۆ نموونە ڕەنگی ئەرخەوانی لە ڕەنگی سوورو مۆر پێك دێ، هەر بەم پێیەش بە لێکۆڵینەوەی تەجریبی دەرکەوتووە کە دەنگ هەیە لە دەنگی ترەوە پێك هاتووە و ئەمەش لە دیاردەی ئەلۆفۆنی دەنگسازیدا خۆی دەنوێنێ(٨٧) . ئەم خەسیەتە دەنگییانە لە هەموو زمانێکدا وەکو یەك نین.

زمان هەیە ڕەگەزی یەکەمی تێدا زاڵە و کورت و درێژ بوونەوەی دەنگەکان، بە تایبەتی بزوێنەکان ، دەوری سەرەکی تێدا دەگێڕن . زمان هەیە چڕی دەنگ دەوری سەرەکی لە مانادا دەگێڕێ و زمانیش هەیە تەبەقەی دەنگ. جا بە گوێرەی ئەم خەسیەتانەی دەنگ، چەند بنەمایەکی گشتی بۆ کێشی هەموو شیعری جیهانی هەیە:

١-کێشی چەندی(quantitative) : ئەو کێشەیە کە لە دووبارە بوونەوەی برگەی کورت(ب) و برگەی درێژ(-)بە گوێرەی سیستەمی هەر قالبێکەوە، دروست دەبێ. یۆنانی کۆن و سانسکریتی و عەرەبی کێشی شیعریان چەندییە.

٢-کێشی نەبری(هێزدار) یان چۆنێتی(qualitative)لە دووبارە بوونەوەی سیستەمی برگەی هێزدار(stressed) و برگەی بێ‌هێز(unstressed)کە ڕەمزەکانیان هەروەکو ڕەمزی برگەی کورت و درێژوایە، دروست دەبێ . کێشی شیعری ئینگلیزی و ئەڵمانی نموونەی کێشی نەبرین.

٣-کێشی پەیژەیی (pitch): ئەوەیە کە لە سیستەمی دووبارەبوونەوەی پلە و تەبەقەی دەنگدروست دەبێ. زمانی چینی کە زمانێکی برگەییە باشترین نموونەی ئەم جۆرە کێشەیە، چونکە لە چیندا گۆڕانی تەبەقەی دەنگ‌مانای وشە دەگۆڕێ کە ئەمە لە زمانەکانی تردا ئەو دەورەی نییە.

٤-کێشی ژمارەیی (numeratical): کە تەنیا لە دووبارەبوونەوەی ژمارەیەکی دیاری برگەکان، جا کورت بن یان درێژ، هێزدار بن یان بێ‌هێز، دروست دەبێ و سەروا و ڕیتم و هونەرە دەنگییەکانی ڕەوانبێژی لەنگەری بۆ ڕادەگرن، وەکو کێشی شیعری فەرەنسی و ئیتالی و ئەسپانی و کوردی.

(ئوستین وارین و رینیە ویلیک)یش هەر لە ڕوانگەی دەنگەوە بۆ بنەمای کێش دەچن و تیۆری تایبەتی لە سەر بنیاد دەنێن (یەکەم جار دەبێ دوو لایەنی زۆر جیاوازی مەسەلەکە لێک جودا بکەینەوە: (١)ئەو ڕەگەزەی دەنگەکەی پێک هێناوە. (٢)ئەو ڕەگەزەی لەگەڵ دەنگەکەدا پەیدا دەبێ. مەبەست لە یەکەم ئەوەیە کە ئەو یەکەی تایبەتە بە دەنگەکە وەکو(p, I, o, a)سەربەخۆیە، چونکە لە(p, I, o, a)ێک زیاتر یان کەمتر نابێ. مەبەستیش بە دووەم، ئەو چۆنیەتەیە کە بنەڕەتی مۆسیقیەت و سەلالەت پێک دێنێ. هەر

ئەمەشە دەبێتە بنچینەی ڕیتم و کێش: تیژی و درێژی و توندی و جیاوازی دووبارە بوونەوە، هەموو لە گۆرانی چەندیدان. تیژی دەشێ بەرزبێتەوە و دەشێ نزم بێتەوە، درێژی دەشێ بەرزبێتەوە و دەشێ کورت بێتەوە، توندی دەشێ بەهێز بێ و دەشێ بێهێز بێ، جیاوازی دووبارە بوونەوە دەشێ گەورە بێ و دەشێ کەم بێ...)(٨٨). ئینجا لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونە و دوای پشکنینی وردی دەنگوخەسیەتەکانی، نموونە سەرەکییەکانی تیۆری کێش بەم جۆرە دیار دەکەن: (١-عەرووزی هێلکاری: بە ڕەمزی هێلکاری دەبێ بۆ برگەی هێزدار و بێهێز، وەکو لە ئینگلیزیدا کێشەکان بریتین لە سپۆندی و ئەناپیست و ترۆکی... ٢-تیۆری مۆسیقی: کە کێش بەرامبەر بە ڕیتمی مۆسیقا دادەنێ. ٣-کێشی دەنگی: کە ئوسیلوگراف لە خوێندنەوەی شیعر بەکار دێنێ بۆ ڕەسم کردنی لەرینەوەکان...)(٨٩). بەم جۆرە دەنگدەبێ بە هۆکاری سەرەکی لە دەست نیشان کردنی کێش و هەموو ڕیتمێکیش (لە خەسیەتی دینامیکی ناواعی زمانەوە پەیدا دەبێ کە خەڵکەکە قسەی پێ دەکەن...)(٩٠). بەم مانایە بنەمای کێش لە سەر خەسیەتی دەنگیی زمان دادەڕێژێ.

سیستەمی کێشی هەندێ لە نەتەوەکان:

-کێشی شیعری یۆنانی و لاتینی:

یۆنانی و لاتینی لە زمانە هیندو ئەورووپییەکانن. (زمانە هیندو ئەورووپییەکانیش دوو خەسیەتی گرنگی دەنگییان تێدایە: یەکەم: ئاواز (Tone) -واتە بەرزی و نزمی دەنگ. دووەم: درێژ بوونەوە (duration)- واتە کورتی و درێژی دەنگ)(٩١). لەم دوو ڕەگەزەش ئاواز بە قەد درێژ بوونەوەی دەنگدەوری نەبوو، بۆیە کورت و دێژی بزوێن و ئینجا برگە، بوون بە بنەمای داڕشتنی کێشی شیعر. برگە بە جۆری بزوێنەوە دەناسرا. برگە دوو جۆر بوو-کراوە و داخراو-داخراو برگەی (درێژە (-)، کراوەش بە گوێرەی بزوێنەکەیە، بزوێنەکە کورت بێ برگەی کورت (ب)ە و بزوێنەکە درێژ بێ برگەی درێژە (-). سیستەمی بە دوای یەکدا هاتنی برگەی کورت و درێژ جۆری کێش دەست نیشان دەکا. بۆ نموونە (هومیرۆس لە ئەلیازەدا کێشی شەشیی داکتیلی بەکارهێناوە کە کۆنترین کێشی یۆنانییە و لە شەش پێ (foot) پێک دێ..)(٩٢). کە بریتییە لە برگەیەکی درێژ و دووی کورت (-ب

ب). بەم جۆرە (شیعری چەندیی تەواو سروشتی بوو بۆ گریکەکان، لەبەر ئەوەی بە دوای یەکدا هاتنی بڕگەی کورت و درێژ هۆکاری چالاك بوون لە رێکخستنی ڕۆژانەی زمانەکەیاندا. ئەکسێنت (accent) و تۆن (tone) و سترێس (stress) کە دیاردەی سانەوی بوون، رێگایان بە چەندێتی (quantitave) دا بوو بە سەر بڕگەکاندا زاڵ بێ...)(٩٣). ئیتر ئەم چەندێتییە بوو بە خەسیەتی سەرەکی شیعری گریکی. (عەرووزی گریکی چەندیی بوو، بە بڕگەی کورت (ب) و درێژ (-) دەنووسرا کە پەیوەندی چەسپاویان لە نێواندا هەبوو. بڕگە درێژەکان هەر یەکە دەق بە قەدەر دوو بڕگەی کورت بوو)(٩٤).

کێشی شیعری لاتینیش وەکو شیعری گریکی لە سەر بناغەی چەندیی دامەزراوە. کێشەکەی لە بڕگەی کورت و درێژ دروست دەبێ بەڵام ئەوەندە هەیە (کە کێشی گریکی هاتە ناو شیعری لاتینی گۆڕانێکی کەمی بە سەردا هات، چونکە ڕاستە لاتینیش دیاردەی چەندێتی تێدا زەق بوو، بەڵام ئەکسێنتی لاتینی هێزدارتر بوو لە هی گریکی، ڕەنگە هۆی ئەمەش بێ کە ئەو کێشانەی ساف چەندیی بوون و لە گریکییەوە وەرگیرا بوون هەست دەکرا سروشتی نین و بە دەستکرد دەکەوتنە بەرچاو...)(٩٥). ئەمەش نموونەیەکی کێشی چەندیی لاتینی کە دێرە شیعرێکی (فیرجیلە) و لە (ئەنیادە) وەرگیراوە. دێرەکە شەش پێیە، پێیەکان داکتیلین (-ب ب) یان سپوندین (- -) کە هەردووکیان بەهای دەنگییان وەکو یەك وایە چونکە هەر بڕگەیەکی درێژ بە قەد دوو بڕگەی کورتە:

Infon / dum re / gina iu / bes reno / vate de / iorem[96].

- - / ب ب - / ب ب - / ب ب - / - - / - -

-<u>کێشی شیعری هیندی کۆن (سانسکریتی):</u>

کێشی هیندی کۆنیش چەندییە و بڕگەی کورت و درێژ بنەمای جۆری کێش دروست دەکەن. (بێرونی) لە (تحقیق ما للهند) دا باسی کێشی شیعری هیندی کۆن دەکا و لەگەڵ عەرووزی عەرەبیدا بەراوردی دەکا. لە عەرووزی هیندیدا بڕگەی کورت (لُكُ) و بڕگەی درێژ (گُر) هەیە. (گُر) دوو هێندەی (لُكُ)ە، دوو بڕگەی درێژ پێکەوە پێیان دەگوترێ (انشك) کە بەرامبەر بە پێی کێشی لاتینی و تەفعیلەی عەرووزی عەرەبی دەوەستێ. نیشانەی (لك) و (گُر)

بەڕێز ئەمانەن (١، >). بەم جۆرە یەك (انشك) بەرامبەر بەم برگانە دەوەستێ: (>>،١١> ، >١١، ١>١، ١١١١). هەر یەکە لەم پێیانە وەکو کێشی لاتینی و عەرووزی عەرەبی ناوی خۆی هەیە. لە یۆنانی ئەیامبی و داکتیل و ئەناپیست و.... هەیە، لە عەرەبیدا فعولن مفاعیلن ، مستفعلن .... هەیە. لە هیندیدا زاراوەکان بەم جۆرەن: >>-پکْشُ-(نیوەی مانگ)، >١١-چلُنْ-(ئاگر)، ١ > ١-مَدَ-(؟)، ١١ > -پُرْبتُ-(چیا) ئەم پێیە (هار رسْ) یشی پێ دەگوترێ، ١١١١ کُهنُ(شەش پالوو). ئەمە چوارییەکان. پێنجییەکانیش وەکو: >>١-هَستِ (فیل)، >١ > -کام-(ئارەزوو)، ١ > >-(؟)، >١١١ کُسمْ(؟). شەشییەکانیش وەکو: >>>. هەندێ ئەم زاراوانە بە زاراوەی شەترەنج دەگۆڕنەوە، وەکو: چلن=فیل، مَدَ=روخ، پربت=سەرباز، کهن=ئەسپ. ئەمانە پێن و لەتە دێر لەمانە دروست دەبێ، دێریش دوو، یان سێ، یان چوار، یان پێنج لەتە. کەواتە سیستەمی کێش و دابەشبوونی ڕەگەزەکانی شیعری هیندی سانسکریتی بەم شێوەیە:

کورت

دێر ← لەتە دێر ← پێ ← برگە

درێژ(٩٧).

کێشی شیعری عەرەبی:

کێشی شیعری عەرەبیش چەندییە و بە گوێرەی لەدوای یەك هاتنی تیپی بزواو (متحرك)(ە) و تیپی وەستاو (ساکن)(ا)، پێ (تفعیلە) و کێش (بەحر)ەکان دیار دەکرێن و لێك جیا دەکرێنەوە. ئەم کێشە چەندییە زۆر چاك لەگەڵ سیستەمی دەنگسازی عەرەبیدا دەگونجێ، بە تایبەتی باسی دابەشبوونی بزوێنەکانی کە شەش بزوێنە، سێی درێژ (و، ا، ی) و سێی کورت (ـُ، ـَ، ـِ). هەر بزوێنێکی درێژ بە قەد دوو بزوێنی کورت دەبێ. بزوێنی کورت سەنگی ناسینەوەی برگەیە. ئەگەر تیپێك تەنیا بزوێنی کورتی بەدوادا بێ ئەمە برگەی کورتە، وەکو: (لَ، م، تَ) خۆ ئەگەر تیپێك بزوێنێکی کورت و تیپێکی تری وەستاوی بە دوادا بێ ئەوە برگەی درێژە، جا وەستاوەکە چ نەبزوێن بێ وەکو (هُمْ)، چ بزوێنی درێژ بێ کە لە عەرەبیدا بە وەستاو (ساکن) دادەنرێ وەکو (لا). جا هەر دەستە تیپێکی بزواو و وەستاو بە گوێرەی تەرازووی

(فعلْ) و داتاشراوەکانی بە یەکێ لە (دە) پێ (تفعیلە)بنچینەییەکان یان پێی تری موزاحەف واتە گۆڕاو، دەکێشرێ و بە دوای یەکدا هاتنی چەند پێیەکیش لەتە دێڕێک دروست دەکا و بە دوو لەتەدێر دێڕێک پێک دێنن و دێری یەکەم چۆن بوو سەراپای هۆنراوەکە دەبێ بەم جۆرە بێ. جگە لە چەند گۆڕانێکی کەمی ڕێگا دراو نەبێ کە بە زیحاف ناسراون. هەر کێشێک چەند پێیەکی تایبەتی خۆی هەیە و عەرەب هەمووی شازدە کێشیان دیارکردووە کە لە ناو پێنج بازنەدا، بە پێی یاسایەکی ورد، دەخولێنەوە و لێک وەردەگیرێن. لە بەشی دادێ(پوختەیەکی عەرووزی عەرەبی) نەختێ بە فراوانی لەم باسە دەدوێین.

بێجگە لەم زمانانە، زمانی بابلیش وەکو (تەها باقر) باسی دەکا کێشەکەی لە سەر شی‌کردنەوەی بڕگەی کورت و بڕگەی درێژ هاتووە.(٩٨) بەلام لەوێ بڕگەی هێزداریش ئەرکی خۆی دەبینێ، بەم جۆرە لە شیعری بابلیدا چەندیی و چۆنی پێکەوە سیستەمی بنیادی کێش و ڕیتم دادەڕێژن.

کێشی چۆنێتی، هێزدار- stressed-ی زمانە جەرمەنییەکان:

بنیاتی کێش لە زمانە جەرمەنییەکاندا لە سەر نەبرە هاتووە، چونکە هێز(ستریش stress) بە سەر ڕەگەزە دەنگییەکانی تردا زاڵە، وەکو کورتی و درێژی بڕگە. کێشی ئەو زمانانە لە دووبارە بوونەوەی بڕگەی هێزدار و بڕگەی بێ‌هێز دروست دەبێ. کورتی و درێژی بڕگە هیچ پەیوەندی بە دروست بوونی کێشەوە نییە. زمانی ئینگلیزی و ئەلمانی دوو نموونەی زمانە جەرمەنییەکانن. هەندێ تۆژەرەوە (هەوڵ دەدەن بڕگەی ئینگلیزی و ئەلمانی بۆ مۆسیقای گریکی‌و لاتینی ببەنەوە. ئینگلیزی و ئەلمانی یاسای چەسپاوی چەندیان نییە، بۆیە شاعیرەکان ناچار بوون شکلی نموونەی کلاسیکی بە گوێرەی تەرکیبی دەنگسازیی زمانی خۆیان دابڕێژنەوە..)(٩٩). بۆیە ئەم زمانانە هەر یەکە یاسای خۆی گرتە پێش. ئەگەرچی شاعیر و تیۆریستەکان زاراوەی عەرووزی تەقلیدی گریکی و لاتینییان بۆ وەسف کردنی ڕەگەزەکانی کێشی چۆنیەتی (هێزدار)ە پەیدا بووەکان بەکار هێنا، وەکو ئەیامبی، ترۆکی، داکتیلی.. کە لە بنجدا ناو بوون بۆ (پێ- foot)ی چەندیی وردی شیعری گریکی و لاتینی)(١٠٠). بەلام هەولدان بۆ گێڕانەوەی شیعری ئینگلیزی و سەپاندنی قالبی گریکی و لاتینی بە سەریدا، سەری نەگرت، چونکە (بنەمای دینامی

ئینگلـیزی چـەندیی نییـە. ئـەم ڕاسـتییە ڕەنگـی تـەواو جیـاوازی بـە شـیعری ئینگلـیزی بەخشـیوە و پەرەسـەندنی جـۆرە شـیعرییەکانی دیـارکردووە و تـا ئێسـتاش هۆیەکـە بـۆ گەشەسـەندنی شـێوە نوێیـەکانی ...)(١٠١). بـۆ نموونـە کێشـی زمـانی ئینگلـیزی بـە نـاوی پێیـەکانی دەناسـرێنەوە کـە هـەر پێیـەکی لـە چەند بڕگەیەکی هـێزدار و بێ‌هـێز دروسـت دەبـێ. بـە گشـتی لـە ئینگلـیزیدا حـەوت جـۆرە پێـی جیـاواز هـەن. چواریـان پێـی سـەرەکین و سـێیانیان پێـی نـا سـەرەکین. پێیـە سـەرەکییەکان و بڕگـەکانیان بـەم جـۆرەن:-

١-ئـەیامبی(Iambus) ب - .

٢-ترۆکی(Trochee) -ب .

٣-ئەناپیست(Anapaest) ب ب - .

٤-داکتیل(Dactyl) -ب ب .

پێیـە نـا سـەرەکی و بڕگەکانیشیان ئەمانـەن:-

١-سـپۆندی(spondee) - - .

٢-پیریك(pyrrich) ب ب .

٣-ئـەمفیبراك(Amphibrach) ب -ب .(١٠٢)

ئینجـا ئـەم پێیانـە لـە دێڕێکـدا چـەند جـارێك دووبـارە دەبنـەوە. کێشـەکە بـە جـۆری پـێ و بـە ژمـارەی دووبارەبوونـەوەی پـێ دەناسـرێتەوە. کێشـەکە لـە سـەر هـەر جۆرە پێیـەك بێ، دووبـارە بوونـەوەی پێیەکـەی بـەم زاراوانـە دەناسـرێ.

(١)مۆنۆمیتـەر monometer(یـەك پێیـی). (٢)دیمیتـەر Dimeter(دوو پێیـی). (٣)تریمیتـەر Trimeter(سـێ پێـیـی). (٤)تیترامیتـەر Tetrameter(چـوار پێیـی). (٥)پێنتامیتـەر Pentameter(پێنـج پێیـی). (٦)هیگزامیتـەر Hexameter(شـەش پێیـی). (٧)هێپتامیتـەر Heptameter(حـەفت پێیـی). (٨)ئۆکتامیتـەر Octameter(هەشـت پێیـی)(١٠٣).

ئەمەش نموونەیەکە لـە کێشی ئـەیامبی پێنـج پێیی:

The lot / us blooms / below / the barr / en peak.(104)

ب - / ب - / ب - / ب - / ب -

ئـەم دێـرە پێنـج پێیـە و هـەر پێیـەکی دوو بڕگەیـە. یـەکی بێ‌هـێز unstress و یـەکی هێزدار stressed(ب -). ئەمـەش ئەیـامبی پێنجییـە.

زمانە جەرمەنییەکانی تری وەکو سوێدی و نەرویجیش هەموو کێشیان لە سەر سترێسی وشە و دەستووری هێزداری و بێهێزی دروست بووە[١٠٥].

بێجگە لە زمانە جەرمەنییەکان، لە زمانە کۆنەکانیش شیعری ئەکەدی چەندییە و پشت بە نەبر دەبەستێ[١٠٦]. قەسیدەی ئەکەدی دەبێ بە چەند پارچەیەك و هەر پارچەی چوار دێرە. دێرێکی تریان بە دوادا دێ کە پێنج برگەی هێزداری تێدایە[١٠٧]. سروودە ئایینییەکانی سۆمەرییەکانیش لە دوو دێری دوو لەتی پێك دێن کە هەر لەتێك دوو، یان سێ برگەی نەبرە داری تێدایە[١٠٨]. هەر لە زمانە کۆنەکان سریانیش کێشی شیعرەکەی نەبرییە، بەلام نەبر بە تەنیا نا، چونکە لەگەڵ نەبرەکەدا ژمارەی برگەیش ئەرکی خۆی دەبینێ بۆ دارشتن و دیار کردنی کێش. لە سیستەمی کێشی شیعری سریانیدا، سێ جۆرە کێش دیاری کراوە:-

١-کێشی دوو برگەی بەرز (١ . ١ .)

٢-کێشی سێ برگەی بەرز (١ . ١ . ١ .)

٣-کێشی چوار برگەی بەرز (١.١.١.١.١ .)

بەلام ئاوازی کێشەکان بە گوێری دووبارە بوونەوەی برگەی بەرز و نزم دەگۆڕێ. وا دەبێ دوو برگەی بەرز یەك نزمیان لە نێواندابێ، وایش دەبێ دوو نزمیان لە نێواندابێ، بە دەگمەن وا ڕێك دەکەوێ ژمارەی نزمەکانی نێوان دوو بەرز بگاتە سێ[١٠٩].

کێشی شیعری چینی:

پلەی بەرزی دەنگ کە لە خێرایی لەرینەوە پەیدا دەبێ، لە هەندێ زماندا دەبێ بە هۆیەکی سەرەکی بۆ تەواوکردنی سیستەمی سیمانتیکی، چونکە (گۆڕانی تەبەقەی دەنگ - pitch- بە زۆری دەبێتە هۆی گۆڕانی تۆن-tone-.لە چین و هەندێ زمانی تردا تەبەقەی دەنگ یان تۆن فونیمە.)[١١٠] واتە ئەگەر تەبەقەکە، یان تۆنەکە بگۆڕێ دەبێتە هۆی گۆڕانی مانای وشەکە کە ئەمە لە زۆربەی زمانە باو و ناسراوەکانی دی وا نییە. لە چین و هەندێ زمانی ڕۆژهەلاتی دوور، تۆن بەهای فۆنیمی هەیە و تۆنایەتی Tonality خەسیەتی چرین (sing-song) بە زمانی چینی دەبەخشێ. یەك وشە بە زۆر تەبەقەی دەنگ دەگوترێ و لەگەڵ هەر تەبەقەیەکدا مانایەکی نوێ دەگەیەنێ. ئەمەش

هۆی ئەوەیە کە ئەو جۆرە زمانانە سنووری وشەیان ڕەقە و ژمارەی بڕگەیان لە وشەدا کەمە. جا لە باتی ئەوەی بە پێشگر و پاشگر، یان بە گۆڕینی شوێنی سترێس، مانای نوێ بە وشە بدەن، پەنا دەبەنە بەر خەسیەتێکی تری دەنگ کە تەبەقەیە، بۆ گەیاندنی مانای تر بە هەمان وشە. بۆ نموونە (لە چینیدا وشەی (pan) ئەگەر بە تۆنی بەرز بگوترێ (pān) مانای (پوڵ) دەدا، ئەگەر بە تۆنی نزم بگوترێ (pǎn) مانای (تەختە) دەدا، خۆ ئەگەر بە تۆنی دابەزیو (pán) بگوترێ ئەوا مانای (نیو) دەدا...)[111]. بەڵام تۆن بە تەنیا ناتوانێ بنەمای کێشی شیعری دابڕێژێ، چونکە خەسیەتی تریش هەن لەگەڵ تۆن یەك دەگرن و سیستەمی کێشەکە دروست دەکەن. شیعری چینی لە هەندێ سەرەوە لە شیعری فەرەنسی دەکا وەکو حیساب کردن بۆ ژمارەی بڕگە بەڵام بڕگە لە چینیدا یەکەیەکی پتەوترە. خۆ سیستەمی چەندیی (کورت و درێژی بڕگە) و چۆنێتی (هێزدار و بێهێزی) بە هیچ جۆرێ نابن بە بنکەی سیستەمی کێشی چینی. ئەوەی سیستەمی کێشی چینی دادەڕێژێ بریتییە لە سێ ڕەگەز: ١-دەستە دەستە کردنی بڕگە لە یەکەیەکی ڕیتمیدا. ٢-سەروا هێنانەوە.٣-بەدوای یەکدا هاتنی بڕگەی تۆن و تەبەقەیی[112].

-کێشی شیعری فەرەنسی:

لە زمانە ئەوروپییەکان زمانی فەرەنسی و ئیتالی و ئەسپانی شیعریان لە سەر سیستەمی ژمارەی بڕگە دەڕوا. دەزانین، زمانی فەرەنسی لە زمانی لاتینی کەوتۆتەوە، لە لاتینیش بڕگەی کورت و درێژ دەوری هەیە، بەڵام زمانی فەرەنسی لە قۆناغی گەڵاڵە بوون و جیابوونەوەی لە لاتینی ئەو خەسیەتەی زمانی لاتینی بەلاوەنا. نەك هەر ئەمە بەڵکو دەوری سترێسیش هەر بە پلەی دووەم مایەوە، بۆیە ئەم دوو ڕەگەزە: چەندیی و چۆنێتی، دەوری سەرەکییان لە زمانی فەرەنسی وەرنەگرت. جا (چۆن زمانی فەرەنسی لە زمانی میللی لاتینییەوە هاتووە، هەر بەو جۆرەش عەرووزی فەرەنسی لە عەرووزی میللی لاتینییەوە پەرەی سەندووە..)[113]. عەرووزی میللی لاتینیش زیاتر بەلای بڕگەیدا، واتە ژمارەی بڕگەدا دەشکایەوە. ئەو حسێبی بڕگەی کورت و درێژەی لە شیعری نوسراودا پەیڕەو دەکرا لە یۆنانییەوە وەرگیرابوو. بۆیە لە زمانی فەرەنسیدا، ژمارەی بڕگە و ڕیتم و ئاواز دەبن بە بنچینەی کێش و لەوانیش

برگـەی سـاف لـە هـەموویان دەوری بـاڵاترە. كێـش (لای فەرەنسـییەكان لـە سـەر ژمـارەی برگـە دروسـت بـووە لەگـەڵ ئـەو شـوێنەی نەبرەیـەكی بـەهێزی دەكەوێتـە سەر، یـان ئـەو شوێنەی دەنگ لـە سـەر هـەندێ برگـەدا بـەرز دەبێتـەوە) (١١٤). واتـە دوو رەگـەزی سـەرەكی كێـش دەسـت نیشـان دەكـەن: (١) ژمـارەی برگـەكان. (٢) شـوێنی نـەبرە...

بەم جۆرە (كێش لای فەرەنسییەكان بە پێی كورت و درێژی برگە نییە، بەڵكو كێش بە ژمارەی برگەكانی دێرە شیعرە. ئێمە برگەكان ناپێوین. تەنیا دەیانژمێرین...) (١١٥). كۆنـترین كێشـی شـیعری فەرەنسـی ئەمەیـە كـە بریتییـە لـە (٨) برگـەیی و ئینجـا (١٠) برگـەیی و پاشـان (١٢) برگـەیی و جۆرەكـانی تـر دواتـر پـەیدا بـوون (١١٦) لەگەڵ ئەمەشدا كێشی (١٢) برگـەیی كـە كێشی ئەلگزاندەریشی پـێ دەڵێـن بـاوترین كێشە. ئەوەندە بـاوە بـە كێشی نەتـەوەیی فەرەنسـی دادەنـدرێ. ئەمـەش نموونـەیـەك بـۆ كێشی ئەلیگزەندەری. كرۆموێل دەڵێ (١١٧):

(Il faut qu'il marche, il faut qu'il roule, il faut qu'il aile.)

كێشـی دوازدە برگـەیی لـە كۆنـەوە تـەنیا بـۆ (٦+٦) دابـەش دەبـوو، پاشـان ورده ورده لقـی تـری لێ بـووەوە و جـۆرە دابەشـكردنی تـری قبـووڵ كـرد. ئێسـتا بـۆ (٤+٤+٤) و (٣+٣+٣+٣) یـش دابـەش دەبـێ. ئـەم دابـەش بوونـە بـەو نەبرەیـە دەبـێ كـە مـەرجی دووەمـی كێشـە پـاش ژمـارەی برگـەكان و لـە شـوێنی كـەرت بوونـەكان بەرزبوونـەوەی دەنـگ یـان جـۆرە وەسـتانێك هەسـت پـێ دەكـرێ. دە جـۆرە كێشـی جیـاواز لـە شـیعری فەرەنسـیدا هەیـە. كێشـی هـەرە درێـژ (١٢) برگەییـە و كێشی هـەرە كـورت (١) برگەییـە، بـەڵام ئـەوەندە هەیـە كێشـی (١، ٢، ٣، ٤) برگـەیی بـە تـەنیا بـەكار نایـەن، بـەڵكو لەگـەڵ كێشـەكانی تـر بـەكار دێـن. هـەموو كێشـەكان لـەم پارچەیـە كۆكراونەتـەوە (١١٨):

(12)O mort! Viens terminer ma misere cruelle,
(10)S,ecriait charles, accable par le sort.
(8) La mort accourt du sombre bord.
(7) La, C,est bien ici qu,on m,appelle?
(6) Or Ca , de par pluton,
(5) Que demande –t- on ?
(4) Je veux , dit charles ..___
(3) Tu veux .., parle.___
(2) He bien ,
(1) Rien .

-کێشی زمانە ئێرانییەکان:-

لقێکی گەورەی زمانە هیندو ئەوروپاییەکان زمانە ئارییەکان، یان هیندو ئێرانییەکانە کە ئەویش دەبێ بە دوو لقی گەورە: هیندی و ئێرانی و ئەوانیش هەر یەکە دەبێتە چەند زمانێك. لە زمانە ئێرانییەکان بەرهەمی دوو زمانی کۆن ماوەتەوە: پارسی کۆن و ئەڤێستایی. زمانی ئەڤیستایی زمانی نووسینەوەی ئەڤێستایە کە کتێبی پیرۆزی زەردەشتییانە. بەشی گاتا و یەشتی بە شیعرە و شیعرەکانی بە گوێرەی ژمارەی بڕگەیە...(١١٩) لە پارسی کۆنیش نەخشەکانی پاشاکانی هەخامەنشییەکان ماوەتەوە وەکو نەخشی (ئاریامنە) و نەخشی کوروشی مەزن و نووسینەکانی داریوشی گەورە... ئەم هەموو نەخشانە شیعریان تێدایە و شیعرەکان بە ژمارەی بڕگە دەکێشرێن.

لە زمانی پەهلەڤی و نەخشە جێماوەکاندا بە تایبەتی لە نەخشەکانی شاپووری یەکەم لە (حاجی ئاباد)، هەندێ لەتە شیعر هەن بە کێشی (٧) یان (٨) بڕگەیی هۆنراونەتەوە و شوێنی وەستانی نێوان بڕگەکانیش دیارە(١٢٠). لە تورفان چەند بەشێکی کتێبەکانی (مانی) دۆزراونەتەوە کە سروود و پارچە شیعریان تێدایە و بنیاتی کێشی ئەو شیعرانە ژمارەی بڕگەیە و هەر لەتێکی (٥،٦،٧،٨، ١٠،١١،١٢) بڕگەییە.(١٢١)

بنڤنیست پاش شیکردنەوەی کتێبی (درەختی ئاسوریك) و (ئایاتکاری زەریران) و (جاماسب نامك)، گەیشتە ئەو ئەنجامەکە ئەم بەرهەمانە شیعری بڕگەییان تێدا بووە.(١٢٢) بە کورتی کێشی شیعری فارسی وەکو فەرەنسی و ئیتالی و ئەسپانی لەسەر بناغەی ژمارەی بڕگە و وەستانی نێوان بڕگەکان هاتووە. لە فارسیدا جگە لەو دەقە کۆنانەی باس کران، کێشی شیعری میللیش هەر لە سەر ژمارەی بڕگە هاتووە، تەنیا پاش ئیسلام کە شیعری فارسی بووژایەوە، لە ناو قالبەکێشی عەرووزی عەرەبی سەری هەڵدا، کە کێشێکی چەندییە و بڕگەی کورت و درێژ دەبن بە بناغەی دارشتنی دێرە شیعر.

-کێشی شیعری کوردی:-

لە شیعری کوردیدا دوو جۆرە کێش بەرچاو دەکەوێ. کێشی خۆماڵی کە بە ژمارەی بڕگەکان و وەستانی ناوەڕاستی لەتەدێر دیار دەکرێ و هەر لە کۆنەوە سروود و گۆرانیو بەیت و سەراپای شیعری فۆلکلۆری بەو کێشە دارژاوە و

هەموو شیعری زاری گۆرانی، چەند نموونەیەکی کەم نەبی، کە لە شوێنی خۆی لێی دەدوێین، بە ژمارەی بڕگەیە جگە لەوەی کە شیعری نوێش گەڕاوەتەوە سەر ئەو کێشە خۆماڵییە. جۆری دووەم کێشی عەرووزییە کەپاش هاتنی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری عەرەبی ئیسلامی لە ناو کورد، کورد ئەو کێشە عەرووزییەی لە ڕێی شیعری فارسییەوە وەرگرت. هەر لە باباتاهیری عوریانی هەمەدانییەوە تا ئێستاش تاك و تەرا لای هەندێ خاوەن ڕۆشنبیریی عەرەبی ئیسلامی بەکار دێ. کێشی عەرووزی پشت بە دووبارە بوونەوەی بڕگەی کورت و درێژ دەبەستێ بەڵام لەبەر ئەوەی زمانی کوردی و عەرەبی هەر یەکە سەر بە خێزانێکی زمانەوانی تایبەتییە و زۆر لە یەك جیان، کورد ناچار بوون وەکو فارس، دەستکارییەکی زۆری کێشە عەرووزییەکان بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ زمانی کوردی بگونجێ. ئەمەش وای دەوێ کە لە زۆر جێدا بزوێنی کورت بە درێژ و درێژ بە کورتی بخوێنرێتەوە، بۆ ئەوەی پڕ بە قالبی کێشەکان دەربچێ. جا لەبەر ئەوەی عەرووزی عەرەبی بناغەی کێشی عەرووزی کلاسیکیی کوردییە، پێش چوونە ناو شیعری کلاسیکی کوردی و دەست نیشانکردن و شیکردنەوەی کێشەکان، پێویستیمان بە ئاگادارییەکی خێرایە لە بارەی عەرووزی عەرەبی کە لە بەشی دادێ لێی دەدوێین.

پەراوێزەکانی بەشی دووەم:-

(١) الدكتور ابراهيم انيس، موسيقى الشعر، مكتبة الانجلوالمصرية، ١٩٧٨، ص١٦.

(٢) جار الله الزمخشري، القسطاس المستقيم في علم العروض، تحقيق و تعليق الدكتورة بهيجة الحسني، مطبعة النعمان، النجف الاشرف، ١٩٧٠، ص٥٦.

(٣) د.پرويز ناتل خانلری، اوزان الشعر الفارسي، ترجمة الدكتور محمد نورالدين عبدالمنعم، مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٧٧، ص١٠.

(٤) وشەی(alliteration) مانای(دووبارەبوونەوەی هەمان تیپ)دەگەیەنێ و بریتییە لە دووبارەبوونەوەی تیپی نەبزوێن(consonant)بە تایبەتی لە سەرەتای وشە یان برگەی بەهێزدا. لە ئینگلیزیدا ئەم دیاردەیە زۆر کۆنە، بگرە لە سەروایش کۆنترە. لەگەڵ سەروادا شوێنیان پێچەوانەیە، ئەم لە سەرەتا و سەروا لە کۆتایی دێ. ئەمیش هەر وەکو سەروا بە گشتی لە شیعر دێ و جار و باریش لە پەخشان دەردەکەوێ.

(5) G. S. Frezer, Metre, Rhyme and free verese, London, 1970, p. 48.

(٦) وشەی(anaphora)بابەتێکی ڕەوانبێژییە. بریتییە لە دووبارەبوونەوەی یەك وشە یان دەستە وشەیەك لە فرێز (دەستەواژە، گرێ)ی دوای یەك.

(7) Encyclopedia Britanica, 15th ed. 1975, p. 72.

(٨) الاستاذ العوضي الوكيل، الشعر بين الجمود والتطور، دار القلم بالقاهرة، ١٩٦٤، ص٢٢.

(٩) عبدالغفور النعمة، الرباط المقدس بين الموسيقى و الشعر، مجلة الاقلام، العدد(٥)، ١٩٨٨، ص٩١.

(١٠) طه حسين، في الادب الجاهلي، دار المعارف بمصر، ١٩٦٩، ص٣٢٤.

(١١) نيم. له بي. سيڤاتسان، نظرية الانواع الادبية، ترجمة و تعليق الدكتور حسن عوف، المجلد الاول، منشأة المعارف بالاسكندرية، ١٩٧٨، ص٨٥.

(12) J. D. Cuddon, A Dictionary of literary Terms, Penguin Books, 1979, p. 69.

(١٣) کوریانت ئافرەتانی باخوسن. دیۆنیزۆسی خوای مەی کاری لێ دەکردن، تووشی جەزبە و مەستی و شێتی دەکردن. ئەمانە خۆیان بە تاجە گوڵێنەی لاولاو پەلکە چرووە دەخەملاند و کەوڵی ئاژەڵیان لەبەر دەکرد و بە سەما و ئاواز و گۆرانی دەسەڵاتی دیۆنیزوسیان پیشان دەدا. بە ناو چیا و لێرەوارەکاندا دەسووڕانەوە و وەکو ئاژەڵی کێوی، دوور لە هەموو ڕەوشت و ترس و خەمێکی مرۆڤانە، بە گۆشتی خاوی ئاژەڵی کێوی دەژیان.

(١٤) الدكتور لويس عوض، نصوص النقد الادبي، المجلد الاول، دار المعارف بمصر، ١٩٦٥، ص١٨-١٩.

(١٥) الدكتور ابراهيم انيس، موسيقى الشعر، مكتبة الانجلوالمصرية، ١٩٧٨، ص١٤.

(١٦) ارسطوطاليس، فن الشعر، ترجمة و تحقيق عبدالرحمن بدوي، دار الثقافة، بيروت، ١٩٧٣، ص١٣.

(١٧) ئیلیجی(elegy)، وشەی ئیلیجی لە(ئیلجیۆس)ەوە هاتووە کە مانای شین و لاواندنەوە دەدا. شیعری ئیلیجی یۆنانی لە کێشی شەش پێیی داستانییەوە پێك دێ.

(١٨)خێریمون یان خاریمون شاعیرێکی یۆنانی تراجیدینووس بوو. لە نیوەی سەدەی چوارەمی پێش زایین ژیاوە. شانۆگەرییەکانی زیاتر بۆ خوێندنەوە بوون تا بۆ نواندن. هونەر و زێدە رەوی لە خوازەدا پێوە دیاربوو. بایەخی زۆری بە رازاندنەوە و خەملاندن دەدا.

(١٩) قینتۆرس(Centaurs): قنتورەکان کۆمەڵە کێوییێك بوون لە ئەفسانەی یۆنانی، سەریان بنیادەم و لەشیان ئەسپ بوو. لە ناوچەی ئیلیس و ئەرکادیا و تساليا لە دارستان و سەرلووتکە شاخەکان دەژیان. هۆمیرۆش لە ئەلیازەدا بە ئاژەڵ ناویان دەبا. ئەم قینتورانە زۆر ئەفسانەیان دەرهەق هەیە. ئەو قینتورەی خێریمون شیعرەکەی لە سەر داناوە کوڕی نیفیلایە و بابە گەورەی قینتورەکانە.

(٢٠) ڕاپسۆدی(Rhapsody): بریتییە لە شیعری هەڵبژارە و لێکدانی جۆرەها شیعر و هەندێ جار دەستکاریکردنی ئەو شیعرانە لە لایەن شایەرە گەڕیدەکانی یۆنانەوە کە پێیان دەگوترا (ڕاپسۆدیست). ئەمانە دێ بە دێ دەگەڕان و بە دەم گیتارەوە شیعریان بۆ خەڵك دەچڕی. ئەمرۆش وشەی ڕاپسودی بۆ ئەو بەرهەمە هونەرییە بەکارێ کە لە رەگەزی جۆراو جۆر پێك هاتبێ.

(٢١) ارسطوطاليس، فن الشعر، ترجمة و تحقيق عبدالرحمن بدوي، دار الثقافة، بيروت، ١٩٧٣، ص٦-٧.

(٢٢) ئیم. لە بی. سی. ڤانسان، نظرية الانواع الادبية، ترجمة و تعليق الدكتور حسن عوف، المجلد الاول، منشاة المعارف بالاسكندرية، ١٩٧٨، ص٥٨.

(٢٣) د.پرويز ناتل خانلرى، اوزان الشعر الفارسي، ترجمة الدكتور محمد نورالدين عبدالمنعم، مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٧٧، ص١٣.

(٢٤) بلاوتوس. ت. ماکیوس بلاوتوس بەناوبانگترین شاعیری گاڵتەجاری رۆمانییە. لە سەرەتای ژیانیدا (٢٥٤پ. ز هاتۆتە دنیاوە) زۆر هەژار بوو. هەندێ پارەی پەیدا کرد، لە رۆما رۆیشت و چووە دوای کار و کاسبی. زۆری نەبرد مایە پووچ دەرچوو و گەڕایەوە رۆما. لە تەمەنی (٣٠) ساڵیدا مرد(١٨٤پ.ز). هەر خەریکی نووسینی شانۆگەری کۆمیدی بوو کە کەرەستەکانی لە بەرهەمی گریکەکان وەردەگرت و دایدەرشتەوە.

(٢٥) هوراس، فن الشعر، ترجمة الدكتور لويس عوض، الهيئة المصرية العامة للتاليف والنشر، ١٩٧٠، ص١٢٨.

(26) Websters New Collegiate Dictionary, 1973.

(27) J. D. Cuddon, A Dictionary of literary Terms, Penguin Books, 5th ed. 1979, p.574.

(٢٨) عبدالغفـور النعمـة، الربـاط المقـدس بيـن الموسـيقى و الشـعر، مجلـة الاقـلام، العـدد(٥)، ١٩٨٨، ص٩٢.
(٢٩) سـەرچاوەی پێشـوو، ل٩١.
(٣٠) د.پرويـزنـاتل خـانلرى، اوزان الشـعر الفارسـي، ترجمـة الدكتـور محمـد نورالديـن عبدالمنعـم، مكتبـة الانجلـو المصريـة، ١٩٧٧، ص١٣.
(٣١) عبدالغفـور النعمـة، الربـاط المقـدس بيـن الموسـيقى و الشـعر، مجلـة الاقـلام، العـدد(٥)، ١٩٨٨، ص٩١.
(٣٢) د. سيد البحراوي، نحو علم للعروض المقارن(اطار عام)، بحث مطبوع على الآلة الكاتبة، القى في المؤتمر الثاني للرابطة العربيـة لـلادب المقـارن، دمشق، ١٩٨٦، ص٩.

(33) S. H. Burton, The Criticism of Poetry, 1965, p. 38.
(34) G. S. Fraser, Metre, Ryme and Free verse, London, 1970, p.2.
(35) S. H. Burton, The Criticism of Poetry, London, 1965, p. 38.
(36) G. S. Fraser, Metre, Ryme and Free verse, London, 1970, p.2.
(37) S. H. Burton, The Criticism of Poetry, London, 1965, p.46.
(38) Ibid. p.38.

(٣٩) عبدالغفـور النعمـة، الربـاط المقـدس بيـن الموسـيقى و الشـعر، مجلـة الاقـلام، العـدد(٥)، ١٩٨٨، ص٩٢-٩٣.
(٤٠) سـەرچاوەی پێشـوو، ل٩٢.
(٤١) ابن سينا، رسالة في الموسيقى، طبـع دائـرة المعـارف بحيـدر آبـاد الدكـن، ١٣٥٣هـ، ص٢.
(٤٢) درية فـهمي، العلاقـة بيـن الموسيقى و الشـعر، ترجمـة سـوتيانجا، مجلـة عـالم الفكـر، المجلـد(١١)، عـدد(٤)، ١٩٨١، ص١٠٥.
(٤٣) ابن سينا، فن الشعر، كتـاب فـن الشـعر لارسـطوطاليس ترجمـة و تحقيـق عبدالرحمـن بـدوي، دارالثقافـة، بـيروت، ١٩٧٣، ص١٦١.
(44) S. H. Burton, The Criticism of Poetry, London, 1965, p. 39.
(٤٥) اوسـتين واريـن و رينيـة ويليـك، نظريـة الادب، ترجمـة محـي الديـن صبحـي، مطبعـة خـالد الطرابيشـي، ١٩٧٢، ص٢١٧.
(٤٦) نيـم. لـه بـي. سـي. فانسـان، نظريـة الانـواع الادبيـة، ترجمـة و تعليـق الدكتـور حسـن عـوف، المجلـد الاول، منشأة المعـارف بالاسـكندرية، ١٩٧٨، ص٦٢.
(٤٧) سـەرچاوەی پێشـوو، ل٦٣.
(٤٨) دیوانـی کـوردی، چ ٣، چاپخانـەی کوردسـتان، هـەولێر، ١٩٧٣، ل٣٤.
(٤٩) دیوانـی گـۆران، محمدیمەلا کـەریم، چاپخانـەی کـۆڕی زانیـاری عـێراق، بـەغدا، ١٩٨٠، ل٤٠٢.
(٥٠) د. رجـاء عيـد، الشـعر والنغـم، القـاهرة، ١٩٧٥، ص١٩.
(٥١) عبـاس عبـد جاسـم، الايقـاع النفسـي فـي الشـعر العربـي، مجلـة الاقـلام، العـدد(٥)، ١٩٨٥، ص٩٦.
(٥٢) الدكتـور كمـال ابـو ديـب، فـي البنيـة الايقاعيـة للشـعر العربـي، بـيروت، ١٩٧٤، ص٣٥٣.
(٥٣) الدكتـور عبدالله الطيـب المجـذوب، المرشـد الـى فـهم اشـعار العـرب وصناعتـها، ج١، شركة مكتبـة و مطبعـة مصطفـى البـابي الحلبـي و اولاده بمصـر، ١٩٥٧، ص٧٤.
(٥٤) حكمـة فـرج البـدري، العـروض فـي اوزان الشـعر العربـي و قوافيـه، بغـداد، ١٩٦٦، ص٩١.

(55) Plato, the Republic, 2nd ed . Penguin Books, 1974, p. 160.

(٥٦) كێشی پاڵەوانێتی(Heroic) ئەو كێشەیە كە بۆ شیعری داستانی(ملحمی) بەكار دێ و بریتییە لە داكتیلی شەشیی. داكتیل بریتییە لە بڕگەیەكی درێژ و دووی كورت (- ب ب).

(٥٧) ئەیامبی(Iambic) یان(Iambus) كێشێكی گریكییە. بریتییە لە بڕگەیەكی كورت و یەكی درێژ(ب -).گوایە یەكەم جار ئەرخیلۆخەس (سەدەی حەفتەمی پ.ز) بەكاری هێناوە. لە سەردەمی كۆن ڕیتمی ئەیامبی نزیكترین كێش بووە لە ئاخاوتن. ئەم كێشە لە ئینگلیزیدا باوترین كێشە.

(٥٨) ترۆكی(Trochee)كێشێكە پێیەكانی بریتییە لە بڕگەیەكی درێژ و یەكی كورت(-ب). لە زەمانی كۆن بە زۆری بۆ لیریك و دراما بەكار دەهات.

(٥٩) ارسطوطاليس، فن الشعر، ترجمة و تحقيق عبدالرحمن بدوي، دار الثقافة، بيروت، ١٩٧٣، ص ٦٨.

(٦٠) سەرچاوەی پێشوو ، ل١٥٢-١٥٣.

(٦١) سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٨.

(٦٢) ساتوور بە ناوی(ساتیرەكان-Satyres)ەوە كراوە كە نۆكەری دیونیزوس بوون ، گیانی دارستان و شاخ و داخ و پیت و فەڕبوون . ساتور شكلی سەیری هەیە . لە شێوەی بنیادەمدایە، بەڵام ئەندامێكی ئاژەڵانی پێوەیە .

(٦٣)ارسطوطاليس، فن الشعر، ترجمة و تحقيق عبدالرحمن بدوي، دار الثقافة، بيروت، ١٩٧٣، ص١٥-١٦.

(٦٤) مەبەستی لە (كێشی جیاواز لە درێژی) كێشی هیگزامیتەر(شەش پێی)یە

(٦٥) هوراس، فن الشعر، ترجمة الدكتور لويس عوض، الهيئة المصرية العامة للتاليف والنشر، ١٩٧٠، ص١١٤.

(٦٦) زیافەتی تایستس (thyestes) : ئیشارەتە بۆ ئەو ئەفسانەیە كە (ئەتریۆس Atreus)ی پیلوپس و مێردی ئایروپ هەمیشە لەگەڵ تایستیسی برای لە دەمەقاڵێ دابوو . هرمز لەبنەماڵەكەیان لەرك ڕاچوو ، بەرخێكی زیڕی بۆ ناردن بۆ ئەوەیان بێ كە بتوانێ بچێتە سەر عەرش . تایستیس حەزی لە ئایروپی برازنی دەكرد . بەرخەكەی لێ سەند ، ئەتریوس لێی تووڕەبوو و دووری خستنەوە . پاشان وای پیشان دا كە لێی خۆش بووەو ناردی بێ، تا پێك بێنەوە . بەو بۆ نەوەیەش زیافەتێكی گەورەی كرد وبۆ ئەم زیافەتە هەردوو كوڕەكەی تایستیسی سەربڕی بوو و لێی نابوون و پێشكەش تایستیسی كرد . ئەم چیرۆكە زۆر ئەفسانەی لەسەر هەڵبەستراوە و زۆر بەرهەمی ئەدەبی لەبارە نووسراوە .

(٦٧) هوراس، فن الشعر، ترجمة الدكتور لويس عوض، الهيئة المصرية العامة للتاليف والنشر، ١٩٧٠، ص١١٤.

(٦٨) ارسطوطاليس، فن الشعر، ترجمة و تحقيق عبدالرحمن بدوي، دار الثقافة، بيروت، ١٩٧٣، ص١٦٥.

(٦٩) سەرچاوەی پێشوو . ل١٥٢.

(٧٠) نيم. لـه بـي. سـي. فانسـان، نظريـة الانـواع الادبيـة، ترجمـة و تعليـق الدكتـور حسن عـوف، المجلـد الاول، منشـاة المعـارف بالاسـكندرية، ١٩٧٨، ص٨٣.

(٧١) الدكتـور عبـدالله الطيـب المجذوب، المرشـد الـى فـهم اشـعار العـرب وصناعتـها، ج١، شركة مكتبـة و مطبعـة مصطفـى البـاني الحلبـي و اولاده بمصـر، ١٩٥٧، ص٢٠٥.

(٧٢) سـەرچاوەی پێشـوو، ل٢٠٨.

(٧٣) سـەرچاوەی پێشـوو، ل٢٠٨.

(٧٤) د.عـيزەدين مسـتەفا ڕەسـول، شـێخ ڕەزای تاڵـەبانی، چاپخانـەی عـەلاء، بـەغدا، ل٧٣-٧٥.

(٧٥) اوسـتين واريـن و رينيـة ويليـك، نظريـة الادب، ترجمـة محـي الديـن صبحـي، مطبعـة خـالد الطرابيشـي، ١٩٧٢، ص٢٢١.

(٧٦) الدكتـور محمـد غنيمـي هـلال، الادب المقـارن، مطبعـة دار العـالم العربـي-القـاهرة، ١٩٧٣، ص٢٤٧.

(٧٧) الدكتـور ابراهيـم أنيـس، موسـيقى الشـعر، مكتبـة الانجلوالمصريـة، ١٩٧٨، ص١٨٨.

(٧٨) ارسـطو طـاليس، فـن الشـعر، ترجمـة و تحقيـق عبدالرحمـن بـدوي، دار الثقافـة، بـيروت، ١٩٧٣، ص١٥-١٦

(79) Maurice Grammont, Petit Traite de Versification Francaise, Librairie Armond Colin, 1965, p.6.

(80) R. H. Blyth, Haiku, Vol.1, The Hokuseido press, Tokyo, 1981, p.328.

(٨١) گـۆران، ئـەو كێشـە بڕگـەييانـەی ئێسـتا بـاون، ژيـن، ژمـارە (٢)، ١٩٧٧/٥/٢٧.لـە موحازەرەكـانی گۆرانـە و بـە زنجـيرە لـە ژينـی كاكـەی فـەللاح بلاْوكراوەتـەوە.

(٨٢) سـەرچاوەی پێشـوو.

(٨٣) سـەرچاوەی پێشـوو.

(٨٤) الدكتـور عزالدين رسـول، الواقعيـة فـي الادب الكـردي، بـيروت، (بـلا)، ص١٩٩.

(85) Sapir, language, New York, 1949, p.230.

(86)George Hamphill, Discussions of Poetry, Boston, 1946, p.41.

(87)Ibid.

(٨٨) اوسـتين واريـن و رينيـة ويليـك، نظريـة الادب، ترجمـة محـي الديـن صبحـي، مطبعـة خـالد الطرابيشـي، ١٩٧٢، ص٢٠٦.

(٨٩) المصـدر السـابق، ل٢٠٧.

(90) Sapir, language, New York, 1949, p.230.

(٩١)د.پرويـزنـاتل خـانلرى، اوزان الشـعر الفارسـي، ترجمـة الدكتـور محمـد نورالديـن عبدالمنعـم، مكتبـة الانجلـو المصريـة، ١٩٧٧، ص٢٠.

(٩٢) د. محمـد صقـر خفاقـة، هومـيروس، مطبعـة الرسـالة، ١٩٥٦، ص٣٣.

(93) Sapir, language, New York, 1949, p.228-9.

(94) S. H. Burton, The Criticism of Poetry, London, 1965, p. 38.

(95) Sapir, language, New York, 1949, p.229.

(٩٦) الدكتـور محمـد منـدور، فـي المـيزان الجديـد، القـاهرة، ١٩٧٣، ص٢٢٠. مانـاى شيعرەكە بـەم جۆرەيـە: (ئـەى شـاژن، تـۆ فـەرمان بـە كولاندنـەوەى برينێـك دەدەى كـە بـە قسە بـاس نـاكرێ).
(٩٧) البـيروني، تحقيـق مـا للـهند، مطبعـة مجلـس دائرةالمعـارف العثمانيـة بحيـدر آبـاد الدكـن-الـهند، ١٩٥٨، ص١٠٥-١١٧.
(٩٨) طـه بـاقر، مقدمـة فـي ادب العـراق القديـم، دار الحريـة للطباعـة، بغـداد، ١٩٧٦، ص٥٦.

(99) Encyclopedia Britanica, 5th ed . 1975, p71.

(100) Ibid.
(101) Sapir, language, New York, 1949, p.229.
(102) Joli Grover, English literature, longman, 1988, p.55.
(103) Ibid. p.56.
(104) S. H. Burton, The Criticism of Poetry, London, 1965, p.41.ماناى شيعرەكە بەم جۆرەيە:(گوڵە مێلاقەلە خوارترۆپكى ڕووتەن دەپشكوێ)

(١٠٥) د.پرويـز نـاتل خـانلرى، اوزان الشـعر الفارسـي، ترجمـة الدكتـور محمـد نورالديـن عبدالمنعـم، مكتبـة الانجلـو المصريـة، ١٩٧٧، ص٢٧.
(١٠٦) د. محمـد عونـي عبدالـرؤف، بدايـات الشـعر العربـي بيـن الكـم و الكيـف، مطبعـة الگيلانـي، ١٩٧٦،ص٩.
(١٠٧) المصـدر السـابق، ص٩.
(١٠٨) المصـدر السـابق، ص١٠.
(١٠٩) المصـدر السـابق، ص١٢-١٤.
(110) Fred West, the Way of language, Harcourt Bronce Jovanovich, inc. 1975,p.105.

(111) Ibid. p.103.
(112) Sapir, language, New York, 1949, p.230.
(113) Maurice Grammont, petit, Traite de Versification Francaise , librairie Armond, Colin , 1965 , P.5.

(١١٤) نيم .له بى سى . ڤانسان ،نظرية الانواع الادبية ، ترجمة وتعليق الدكتور حسن عون ، المجلد الاول ، منشاة المعارف بالاسكندرية ، ١٩٧٨، ص ٦٢ .
(١١٥) المصـدر السـابق، ص٦٩.
(116) Maurice Grammond , Petit Traite de Versifcation Franaise , librairie Armond – Colin , 1965, P.5 .
(117) Ibid ., P.68.

مانـاى شيعرەكە بـەم جـۆرە دەبـێ:

(دەبـێ بڕوا ، دەبـێ بجـووڵێ ، دەبـێ بيبـێ :)

١١٨- ادوار تركيـا ،الادب الفرنسـي ، (بـلا) ، ١٩٤٣، ص٢٣٦.

مانـاى پارچـە شـيعرەكە بـەم جۆرەيـە :

(ئـەى مـەرگ ، وەرە نـاگزووری سـەختم ببڕێنـەوە ،

هـاواری کـرد شـارل ، کـه لـه چارەنووسـی خـۆی بـێزار بـوو .
مەرگ لـه تاریکـایی بـه تـاو هـات
لـێره بانگیـان کـردم؟
یـان لای پلۆتـۆن؟
چیـت دەوێ؟
دەمـەوێ ...، شـارل گوتـی،
دەمـەوێ، بلـێ...
ئێ باشـه.
هیـچ.)

(۱۱۹) پـور داود، گاتـهـا، از سلسـله انتشـارات انجمـن زردشـتیان ایرانـی، بمبـی و ایـران لیـگ ۱۹۲۷

(۱۲۰) د.پرویـز نـاتل خـانلری، اوزان الشـعر الفارسـي، ترجمـة الدكتـور محمـد نورالديـن عبدالمنعم، مكتبـة الاجلـو المصريـة، ۱۹۷۷، ص ٣٤.

(۱۲۱) المصـدر السـابق، ص ٣٤.

(۱۲۲) المصـدر السـابق، ص٣٦-٣٧.

بەشی سێیەم

پوختەی زانستی عەرووز

*ڕۆشنایی:

-عەرووز

-بابەتی لێکۆڵینەوەی عەرووز

-دانەری عەرووز

-چۆنیەتی داهێنانی عەرووز

*تیپی وەستاو و تیپی بزواو

*بنەڕەتەکان:

-سەبەب

-وەتەد

-فاسیلە

*پێیەکان:

-پێی بنچینەیی و پێی نابنچینەیی

-پێی پێنجی و پێی حەفتی

-پێیە پێچەوانەکان

-پێی ساغ (سالم) و پێی گۆڕاو (مزاحف)

-چەند سەرنجێك

*دێرە شیعر:

-زاراوەکانی ناو دێرە شیعر

-زاراوەکانی سەر بە دێرە شیعر

*کێشەکان :

*بازنەکان :

*گۆڕانی پێیەکان:

-زیحاف

-خولانەوەی زیحاف لە بازنەدا

-عیللە

-عیللەی زیحافانە

* رۆشنایی: لەبەر ئەوەی کێشی شیعری کلاسیکی کوردی لە سەر بناغەی عەرووزی دەسکاری کراوی عەرەبییەوە دامەزراوە، دەبێ بنەماکانی عەرووزی عەرەبی ڕوون بکەینەوە ئینجا لەو دەروازەوە بچینە سەر شیکردنەوەی کێشەکانی شیعری کلاسیکیی کوردی.

عەرووز (العروض):

وشەی عەرووزی عەرەبی بە زۆر مانا هاتووە، لەوانە:(ڕێگای سەخت، ناوچە، داری ناوەندی ڕەشماڵ، بە مەککەش گوتراوە عەرووز چونکە دەکەوێتە ناوەڕاستی وڵات، بە مانای تەنکە هەور و وشتری سەرسەختیش هاتووە)(١). لە فەرهەنگەکانی عەرەبیدا وشەی عەرووز بە زۆر مانای تریش لێك دراوەتەوە. هەیە چواردە مانای جیاوازی بۆ داناوە(٢)، بەلاّم وەك زاراوەیێکی زانستی، عەرووز بریتییە لە (تەرازووی شیعر و شیعری لەنگی پێ لە شیعری کێشدار جیا دەکرێتەوە)(٣). یان عەرووز (زانستی ئەو دەستوورانەیە کە کێشە دروستەکانی شیعری پێ لە کێشە ناتەواوەکان جیا دەکرێتەوە، لەگەڵ ڕوون کردنەوەی ئەو زیحاف و عیللانەی تووشیان دەبن)(٤) یاخود عەرووز ئەو زانستەیە کە (باسی دۆخی کێشەکانی تێدا دەکرێ)(٥). هەیشە عەرووزی بە تەرازوو چواندووە بۆ هەڵسەنگاندنی کێشی شیعر (عەرووز ئەو تەرازووە هونەرییەیە کە دێرە شیعری دەخرێتە بەر بۆ ئەوەی دڵنیا بین کێشەکەی دروستە)(٦). ئەم هەموو پێناسە جۆراوجۆرانە لەوە یەك دەگرنەوە کە عەرووز زانستە و زانستەکەش تایبەتە بە کێشی شیعر. ئەم زانستە سنووری کێشەکان دیار دەکا و زیحاف و عیللەکان ڕوون دەکاتەوە و دروستی و نادروستی شیعر لە ڕووی کێشەوە دیار دەکا.

بابەتی لێکۆڵینەوەی عەرووز: هەر زانستێك مەیدانی لێکۆڵینەوەی خۆی هەیە و بابەتی تایبەتی هەیە لێی دەکۆڵێتەوە. بابەتی زانستی عەرووز لە بنچینەدا (شیعری عەرەبییە کە لە سەر چەند کێشێکی تایبەتییەوە هاتووە)(٧). یان بریتییە لە (شیعری عەرەبی لە باری دروستی و نادروستی کێشەکانەوە)(٨)، واتە لە بنچینەدا بابەتی عەرووز کێشی شیعری عەرەبییە: کێشەکان دیار دەکا بە بازنە و کێش (بحر) و پێ (تفعیلە) و بنەڕەت (ڕوکن)ەکان و زیحاف و عیللەکانەوە، بەلاّم کە ئیسلام گەیشتە ناو نەتەوە

ناعەرەبەکان، ئەو نەتەوانە سەبارەت بە ئایینەوە کەوتنە ژێر کاریگەری ڕۆشنبیری و شارستانێتی عەرەبی - ئیسلامییەوە. شیعری زۆر لەو نەتەوانە وەکو فارس و تورك و کورد و... کەوتە ژێر کاریگەری شیعری عەرەبی و لایەنێکی ئەو کاریگەرەش کێشی شیعری ئەو نەتەوانەی گرتەوە کە شیعرەکانیان کەوتە ناو قالبی کێشە عەرووزییەکانی عەرەبی بەڵام دوای نەختێ دەستکاری و گونجاندن لەگەڵ زمانی خۆیان. لێرەدا مەیدانی لێکۆڵینەوەی زانستی عەرووز لەگەڵ ئەم کاریگەرەدا فراوانتر بوو. لێکۆڵینەوەی شیعری ئەو نەتەوانەیشی گرتەوە کە بە عەرووز شیعریان نووسیوە.

<u>دانەری زانستی عەرووز:</u> دانەر و بناغە دارێژی عەرووز لای عەرەب خەلیلی کوڕی ئەحمەدی ئەزدی فەراهیدی بەسرییە کە لە سەدەی دووەمی کۆچیدا ژیاوە (٩). خەلیل زانایەکی گەورەی سەردەمی خۆی بوو. لە زانستی نەحوو سەرف و مۆسیقا و زانستە ئایینییەکان زۆر شارەزا بوو. یەکەم فەرهەنگی عەرەبی ئەو دایناوە بە ناوی (العین). خەلیل هاوچەرخی (ابن المقفع) بوو. کە یەکەم جار (ابن المقفع) و خەلیل پێکەوە دانیشتن، دوای لێك جودا بوونەوە، ڕای (ابن المقفع) لە بارەی خەلیل ئەوەبوو گوتی: (عەقلی لە زانستی زیاترە) (١٠). خەلیل کابرایەکی نەفس بەرز و زانست پارێز بووە. حەسیرەی شڕەی ماڵی خۆی بە مافووری کاشانی میری ئەهواز نەداوە (١١).

<u>چۆنیەتی داهێنانی عەرووز:</u> ئایا خەلیل چۆن گەیشتە دۆزینەوەی ئەم زانستە و بەو دەستوورە وردەی بازنە و کێش و عەرووز و زەرب و پێ و ڕوکنەکان چەسپاندی و چوار چێوەیەکی پتەوی بۆ داڕشت؟ زۆر ڕای جیاواز لەم بارەیەوە هەیە (١٢). زانستی ترینی ئەو ڕایانە ئەوەیە کە دەڵێ: خەلیل شارەزایەکی گەورەی ئاواز و مۆسیقا بووە، دوو کتێبی لە بارەی ئاوازەوە هەبووە: (اللحون) و (النغم)... (١٣) لە هەمان کاتیشدا زانایەکی کەم وێنەی سەرفی سەردەمی خۆی بووە. جا چۆن لە سەرفی عەرەبیدا وشە بە تەرازووی (فَعَلَ) و جۆرەکانی دەکێشرێ. خەلیل هات مەودای کێشانەکەی لە یەك وشەوە بەرز کردەوە بۆ پێیەك و لە پێ گەیاندییە لەتە دێر و ئینجا دێرە شیعری تەواو. هەر دێرێك دوو لەتە و هەر لەتێك چەند پێیەکە و هەر پێیەك بە سەنگێك دەکێشرێ وەکو فعولن، فاعلن، فاعلاتن ... تیپی هەموو پێیەکانیش لە ڕستەی (لمعت سیوفنا)

کۆ دەبێتەوە. بەم جۆرە خەلیل کە شارەزای دوو زانست بوو، سەرف و ئاوازان کە هەردووکیان سەر بە وشە و دەنگن، ئەم دوو زانستەی لێك داو کردی بە بناغە بۆ لێك جیاکردنەوەی شیعرەکانی عەرەبی بە پێی ئاواز و لە قالب دانیان بە گوێرەی کێشی (فعل) و جۆرەکانی کە لە زانستی عەرووزدا پێیان دەگوترێ (تفعیلة). خەلیل کەوتە سەر لێکۆڵینەوەی ئاوازی شیعری عەرەبی و چی شیعری عەرەبی دەست کەوت هەمووی بە پێی ئاوازەکانیان دابەش کرد و کۆمەڵ کۆمەڵ جیای کردنەوە. هەر کۆمەڵێکی ناو نا کێشێك. ئینجا سەیری کرد ئەو کێشانە هەر یەکە چەند ئاوازێکی جیاوازی هەیە. ئەو حاڵەتە جیاوازانەی بە عەرووز و زەرب لێك دابڕاند کە بە هۆی عیللەوە دروست دەبن. بۆ وردە جیاوازی سووکی پێیەکانی ناوەوەی دێرەکان چەند گۆڕانێکی دەست نیشان کرد بە ناوی زیحاف. دوای ئەوەی پێیەکانی هەر کێشێکی دیار کرد، سەیری کرد ئەگەر بنەڕەتەکان پاش و پێش بکرێن هەر کۆمەڵە کێشێك بە جیا جیا لێك وەردەگیرێن و بە دەوری یەکتردا دەخولێنەوە و بازنەیەکی داخراو پێك دێنن. لە هەموو کێشەکان پێنج بازنەی دەست نیشان کرد. ئێستاش نقێشکێکی ئەو زانستە باس دەکەین و لە تیپەوە دەست پێ دەکەین و بەرەو بازنە هەڵدەکشێین.

* تیپی وەستاو و تیپی بزواو (متحرك):

خەلیل زۆر بە وردی لە تیپەکانی عەرەبی [14] کۆڵییەوە و ڕیزەکانی گۆڕی و بە جۆرێکی تر ڕیزی کردن. پێشتر تیپی عەرەبی بە گوێرەی (ابجد هوز حطي...) ڕیز کرابوون، کە ئەویش لە بنچینەدا بۆ عیبری دەگەڕێتەوە [15]. پاشان ئەم ڕیز کردنە گۆڕا و بە گوێرەی شکلی تیپەکان، سێ سێ و دوو دوو و یەك یەك خرانە پاڵ یەك: ب ت ث، ج ح خ، د ذ، ر ز ..... ئەمە زیاتر بۆ مەبەستی فێرکردن (دیداکتیکی) بوو. خەلیل ئەم هەردوو جۆرە ڕیز کردنەی ڕەت کردەوە و بە گوێرەی سازگە (مخرج)ی دەنگی تیپەکانەوە ڕیزی کردن. لە سازگەی هەرە دواوە، لە گەرووەوە، پێدا هات. یەکەم تیپی (ع) بوو ئینجا حێ، هێ، خێ.... هەر بۆیەش فەرهەنگەکەی خۆی ناو نا (العین) [16]. خەلیل تیپی بزوێن (العلة) و نەبزوێن (الصحیح)ی لێك جودا کردەوە. سێ تیپی بە بزوێن دانا (و، ا، ی). لە بارەی حەرەکەکانیش دەڵێ: (سەر و بۆر و ژێر زیادەن و بە دوای تیپی

تـرەوە دێـن بـۆ ئـەوەی بشـێ گـۆ بکرێـن) (۱۷). ئـەو تیپـەی حەرەکـەی بـە دوادا بـێ، سـەر و بـۆر و ژێـر، پێـی دەگوتـرێ بـزواو (متحـرك) و ئـەوەی هیـچ حەرەکەیـەکی لەمانـە بـە دوادا نـەیێ پێـی دەگوتـرێ وەسـتاو (سـاکن). ئەمـەش چـەند سـەرنجێك لـە بـارەی تیپـی بـزواو و وەسـتاوی عەرەبییـەوە:

-حەرەکـە لـە عـەرەبیدا سـییانن، سـەر و بـۆر و ژێـر، کـە بەرامبـەر ئـەلف وواوو یـێ دەوەسـتن. لـە زانسـتی عـەرووزدا هـەموو حەرەکـەکان یـەك بـەهای کێشـانەیان هەیـە. لـە ڕووی کێشـەوە ئـەوەندە بەسـە تیپەکـە بـزواو بـێ، گرنـگ نییـە حەرەکـەی هـەرکامـەیان بـێ.

-لـە عـەرەبیدا دوو تیپـی وەسـتاو بـە دەگمـەن ، ئەگـەرنا بـە دوای یەکـەوە نـایێن. هـەرکـاتێك دوو وەسـتاو بکەونـە تـەك یـەك یـەکێکیان حەرەکەیـەك وەردەگرێ بـۆ ئـەوەی بشـێ گـۆ بکـرێ. لـە شـیعردا بـە زۆری لـە کۆتـایی لەتـە دێـردا دوو وەسـتاو لـە تەنیشـت یـەك دێـن، ئـەوەیش بـۆ وەسـتانە و بـە زۆری تیپـی یەکەمیان بزوێنێکی درێـژە وەکـو: سـلامْ، غفـورْ، رحـیمْ.

-تیپی وەستاو لـە سـەرەتای وشـەی عەرەبییـەی نـایێ.

خـەلیل بناغـەی عـەرووزی لـە سـەر تیپـی بـزواو و تیپـی وەسـتاو داڕشـت. نیشـانەی تیپـی وەسـتاو زەننەیـە(ه) و نیشـانەی تیپـی بـزواو بـە گوێـرەی جـۆری بزواوەکـە (ـُـ، ـَـ، ـِـ)یـە. ئـەم حەرەکانـە لـە عـەرووزدا یـەك بـەهای سـەنگیان هەیـە. خـەلیل دوو نیشـانەی بـۆ تیپـی بـزواو و تیپـی وەسـتاو دانـاوە بـۆ ئـەوەی پێیـەکانیان پـێ دیـاربکا ولێکیـان جیـا بکاتـەوە. دوو نیشانەکە ئەمانـەن:-(۱) بـۆ تیپـی وەسـتاو و (ه) بـۆ تیپـی بـزواو (۱۸). ئەگـەر بـەراوردێکی نیشـانەی تیپـەکان بکەین لـە سـەرف و لـە عـەرووزدا بـەم جـۆرەی لێـدێ:

	نیشانەی سەرفی	نیشانەی عەرووزی
تیپی وەستاو	ه	۱
تیپی بزواو	ـُـ، ـَـ، ـِـ	ه

نموونـە بـۆ نیشـانەکانی عـەرووزی وەکـو: (جـاءَني - ۱۰۱۰ه)، کـە لـە تـەرازووی پێیـەکانی بەرامبـەر (فـاعلن) دەوەسـتێ. یـان وەکـو: (إنْ لـمْ تَکُـنْ- ۱۰۱۰۱۱ه)، کـە بەرامبـەر (مسـتفعلن) دەوەسـتێ. بـەم جـۆرە بـە دوای یـەکدا هـاتنی چـەند

تیپێکی بزواو و وەستاو بە گوێرەی یاسای تایبەتی دەبێتە هۆی دروست بوونی بنەڕەتەکان.

* بنەڕەتەکان: بەدوای یەکدا هاتنی دوو تیپ یان زیاتر بە پێی بزواوی و وەستاوی بنەڕەت دروست دەکا. بنەڕەتیش یەکە (وحدە)ی پێک هاتنی پێیەکانە. بنەڕەتەکان ئەمانەن:

١-سەبەب: لە زماندا بە مانای ڕستەکەی ڕەشماڵ دێ و وەك زاراوەیەکی عەرووزی بەو یەکەیە دەگوترێ کە لە دوو تیپ پێك دێ. سەبەب دوو جۆرە:

أ-سەبەبی سووك: بریتییە لە تیپێکی بزواو و تیپێکی وەستاو. وەکو هَبْ. بۆیە پێی دەگوترێ سووك چونکە پاش بزواوەکە وەستاو دێ و ئەمەش سووکییەکی تێدایە.

ب-سەبەبی گران: بریتییە لە دوو تیپی بزواو بە سەر یەکەوە، وەکو: لِمَ. بۆیە پێی دەگوترێ گران چونکە کۆبوونەوەی دوو تیپی بزواو لە سەر زمان گرانە.

٢- وەتەد: لە زماندا بە مانای سنگی دار دێ کە لە زەوی دەکوترێ و ڕستەکەی ڕەشماڵی لێ قایم دەکرێ. بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە ئەم یەکەیە ناکەوێتە بەر گۆڕانی زیحاف کە بە زۆری لازم نییە، بەڵکو دەکەوێتە بەر گۆڕانی عیللە کە بە زۆری لازمە. بنەڕەت و گۆڕانەکەی وەکو سنگلە شوێن خۆی چەقیوە و نابزوێ. وەك زاراوەیەکی عەرووزی وەتەد ناوە بۆ سێ تیپ کە بە سەر یەکەوە بن. ئەمەش دوو جۆرە:

أ-وەتەدی کۆ: بریتییە لە دوو تیپی بزواو و تیپێکی وەستاو لە دوای یەك وەکو: (نَعَمْ). لەبەر ئەوە پێی دەگوترێ (کۆ) چونکە دوو بزواوەکەی کۆبوونەتەوە سەر یەك.

ب-وەتەدی بڵاو: بریتییە لە تیپێکی بزواو و یەکی وەستاو و یەکێکی تری بزواو. وەکو (مَاتَ). بۆیە پێی دەگوترێ (بڵاو) چونکە دوو بزواوەکە تیپێکی وەستاویان کەوتۆتە بەین و لێکی بڵاوکردونەتەوە.

٣-فاسیلە: (١٩) لە زماندا بەو پەتە درێژە دەگوترێ کە لە پێشەوە و لە پاشەوە ڕەشماڵی پێ قایم دەکرێ بۆ ئەوەی (با) هەڵی نەتەکێنێ. وەك زاراوەی

عەرووزیش بەو یەکەیە دەگوترێ کە لە سێ، یان چوار تیپی بزواو و تیپێکی وەستاو دروست دەبی. فاسیلە دوو جۆرە:

أ- فاسیلەی بچووک: لە سێ تیپی بزواو و تیپێکی وەستاو لە دوای یەک پێک دێ. وەکو(وَلَــهُمْ). بۆیە پێی دەگوترێ (بچووک) چونکە ژمارەی تیپەکانی لە فاسیلەی گەورە کەمترە. جگە لەوەش لە یەک جۆر پێک هاتووە کەسەبەبە. چونکە ئەگەر فاسیلەی بچووک کەرت بکەی دەبێ بە دوو سەبەب: سەبەبی گران + سەبەبی سووک.

ب- فاسیلەی گەورە: بریتییە لە چوار تیپی بزواو و یەک تیپی وەستاو بە سەر یەکەوە. وەکو(قَلَمُــهُمْ). بۆیە پێی دەگوترێ (گەورە) چونکە تیپ و حەرەکەکانی لە فاسیلەی بچووک زیاترە و لە دوو جۆری جیاوازیش پێک دێ: سەبەبی گران +وەتەدی کۆ.

خەلیل ئەم هەرشەش بنەڕەتەی لە وشەکانی ئەم ڕستەیەدا کۆکردۆتەوە:(لَمْ أرَ عَلَىٰ ظَهْرِ جَبَلٍ سَمَكَةً) (٢٠).



هێلکاریی بنەڕەتەکان

ڕەمزەکان :

١- ب= بزواو (متحرك)

٢- و= وەستاو (ساكن)

ئـەم بنەڕەتانـە دوو دوو یـان سـێ سـێ دەکەونـە پـاڵ یـەکترو یەکەیـەکی لـە خۆیـان گـەورەتر پێـك دێنن پێی دەگوترێ پـێ (تفعيلـة).

* پێیـەکان: پـێ یەکەیـەکی دەنگـی پێوانـەیی سـنووردارە، هـەر پێیـەك لـە چـەند بنـەڕەتێك پێـك دێ. پێیـە بنچینەییـەکان و دروسـت بوونیـان لـە بنەڕەتـەکان بـەم جۆرەیـە:

١- فعولـن=فعـو- وەتـەدی کـۆ +لـن- سـەبەبی سـووك.

٢- فـاعلن=فـا- سـەبەبی سـووك +علـن- وەتـەدی کـۆ.

٣- مسـتفعلن=مـس- سـەبەبی سـووك +تـف- سـەبەبی سـووك +علـن- وەتـەدی کـۆ.

٤- مستفع لـن=مـس- سـەبەبی سـووك +تفـع- وەتـەدی بـڵاو+لـن- سـەبەبی سـووك.

٥- فـاعلاتن=فـا- سـەبەبی سـووك +عـلا- وەتـەدی کـۆ +تـن- سـەبەبی سـووك.

٦- فـاع لاتـن=فـاع- وەتـەدی بـڵاو +لا- سـەبەبی سـووك +تـن- سـەبەبی سـووك.

٧-مفـاعیلن=مفـا- وەتـەدی کـۆ +عـي- سـەبەبی سـووك +لـن- سـەبەبی سـووك .

٨-مفـاعلتن=مفـا- وەتـەدی کـۆ +علـتن- فاسـیلەی بچـووك (عـل-سـەبەبی گـران +تـن-سـەبەبی سـووك).

٩- متفـاعلن=متفـا- فاسـیلەی بچـووك(مـت-سـەبەبی گـران +فـا- سـەبەبی سـووك)+علـن-وەتـەدی کـۆ.

١٠- مفعـولات=مـف- سـەبەبی سـووك +عـو- سـەبەبی سـووك +لات- وەتـەدی بـڵاو.

پێـی بنچینـەیی و پێـی نابنچینـەیی: لەبـەر ئـەوەی لـە بنەڕەتـەکان وەتـەد لـە سـەبەب بـەهێزترە، ئـەو پێیانـەی سـەرەتایان وەتـەدە پێـی بنچینـەیین(أصلـي) و ئەوانـەی سـەرەتایان سـەبەبە پێـی نابنچینـەیین (فرعـي) (٢١) :

أ- پێیـە بنچینەییـەکان: فعولـن، مفـاعیلن، مفـاعلتن، فـاع لاتـن.

ب- پێیـە نابنچینەییـەکان: متفـاعلن، فـاعلاتن، مسـتفع لـن، مسـتفعلن، فـاعلن، مفعـولات.

پێی پێنجی و پێی حەفتی: پێیەکان بە گوێرەی ژمارەی تیپەکانیان دەکرێنە دوو بەش:

أ- پێنجی: فاعلن، فعولن.

ب- حەفتی: مفاعیلن، مفاعلتن، متفاعلن، فاعلاتن، فاع لاتن، مستفعلن، مستفع لن، مفعولات[(٢٢)].

پێیە پێچەوانەکان: هەندێ لە پێیەکان لە بارەی ئەو بنەڕەتانەی لێیان پێک هاتوون پێچەوانەی یەکترن. ئەوانیش ئەمانەن[(٢٣)]:

فعولن⇔فاعلن

مفاعیلن⇔مستفعلن

مفاعلتن⇔متفاعلن

مفعولات⇔ فاع لاتن

پێی ساغ و پێی گۆڕاو: پێیەکان وا دەبێ لە شیعردا بە ساغی و بێ گۆڕان و دەستکاری وەکو خۆیان بەکار بێن، وایش دەبێ هەندێ گۆڕانیان بێتە سەر. ئەو گۆڕانانە دابەشی دوو جۆر کراون: زیحاف و عیللە، کە هەر یەکە جێگا و ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ نموونە پێی (فاعلاتن) دەشێ تووشی هەندێ زیحاف بێ و بەم جۆرانەی لێ بێ: فعلاتن، فعلات، فاعلات، هەروەکو دەشێ عیللەی بێتە سەر و بەم جۆرانەی لێ بێ: فاعلاتْ=فاعلانْ، فاعلا=فاعلن. ژمارەی پێیە ساغەکان دەیە و ژمارەی ئەو پێیانەی لە ئەنجامی گۆڕانی ڕێگەدراوەوە پەیدا دەبن دەگاتە (٧٣) و هەمووی دەکاتە (٨٣)، بە ساغ و گۆڕاوەوە[(٢٤)].

چەند سەرنجێك:

- پێی بەکار هاتوو و پێی پشت گوێ خراو (مهمل): هەندێ عەرووززان دوو فاسیلەی (گەورە و بچووك) بە لێکدراوی دوو سەبەب یان سەبەبێك و وەتەدێك دەزانن، بۆیە بەلای ئەوانەوە بنەڕەتەکان ئەگەر بە قانوونی (الهینة) لێك بدرێن ژمارەی ئەو پێیانەی لە چوار بنەڕەتەکەی تر دروست دەبێ دەکاتە (٢٤) پێ. (٢٤=٤×٣×٢×١) بەلام لەم (٢٤)ە تەنیا دەیان بەکار هاتوون و چواردەکەی تر پشت گوێ خراون[(٢٥)].

- ژمارەی پێیە ساغەکان: زۆر زانای عەرووزی ژمارەی پێیەکان بە (٨) دادەنێن، نەك (١٠)[(٢٦)]. ئەوانە (مستفع لن) و (فاع لاتن) بە دووبارە

بوونـەوەی (مسـتفعلن) و (فـاعلاتن) دەزانـن و هیـچ جیاوازیـان لـە نێوانـدا نـابینن. ڕاسـتی هەرچـەندە (مسـتفعلن) و (مسـتفع لـن) یـان (فـاعلاتن) و (فـاع لاتـن) ژمـارە و جـۆر و ڕیـز بوونـی تیپـی بـزواو و نـەبزواویان یـەك شـتە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا یـەك شـت نـین. هـەر یەكـە پێیـەكی سـەربەخۆیە و دەبێ حسێبی سـەربەخۆی بـۆ بكـرێ چونكـە:

أ- پێك هاتنیـان لـە جـۆری بنەڕەتـەكان جیایـە:

مسـتفعلن =مـس- سەبەبی سـووك +تـف- سـەبەبی سـووك +علـن- وەتـەدی كـۆ

مسـتفع لـن=مـس- سـەبەبی سـووك +تفـع- وەتـەدی بـڵاو +لـن- سـەبەبی سـووك

لـە یەكـەمدا دوو سـەبەبی سـووك بـە دوای یەكـەوە هـاتوون ئینجـا وەتـەدێكی كـۆ. لـە دووەمـدا وەتەدەكـە بـووە بـە وەتـەدی بـڵاو و كەوتۆتـە بـەینی دوو سـەبەبەكە.هـەروەهایش بـە گوێـرەی پێـی دووەم:

فـاعلاتن= فـا- سـەبەبی سـووك +علا- وەتـەدی كـۆ +تـن- سـەبەبی سـووك

فـاع لاتـن= فـاع- وەتـەدی بـڵاو +لا- سـەبەبی سـووك +تـن- سـەبەبی سـووك

یەكـەمیان لـە دوو سـەبەبی سـووك دروسـت بـووە كـە وەتـەدێكی كۆیـان كەوتۆتـە بـەین، كـەچی دووەمیـان لـە دوو سـەبەبی سـووك دروسـت بـووە كـە لـە دوای وەتـەدێكی بـڵاو هـاتوون.

ب- لـە نـاو بازنـە و كێشـەكاندا كـە كێشـەكان بـە گواسـتنەوەی بنـەڕەتێك لـە سـەرەتای دێـرەوە بـۆ كۆتـایی لێـك وەردەگـیرێن، هـەر یەكـە لـەم پێیانـە تایبـەتی دەبێ بە كێشی خـۆی:

مستفعلن ـــــ بەسیت، ڕەجـەز، سـەریع، مونسـەریح، موقتـەزەب.

مستفع لـن ـــــ موجتـەس، خـەفیف.

فـاعلاتن ـــــ مـەدید، ڕەمـەل ، خـەفیف.

فـاع لاتـن ـــــ موزاریـع.

ج- ئـەم پێیانـە لـە قبـووڵ كردنـی جـۆری زیحـاف و عیللـەدا جیـان:

مسـتفعلن=لـە زیحـاف (خـەبن و تـەی و خـەبل) و لـە عیللـە (قـەتع) وەردەگـرێ. مسـتفع لـن= لـە زیحـاف (خـەبن و كـەف) و لـە عیللـە (قەسـرو حـەزف) وەردەگـرێ.

فاعلاتن = زیحافی (خەبن و کەف و شەکل) و عیللەی (قەسر) قبووڵ دەکا. فاع لاتن = زیحافی (کەف) و عیللەی (قەسر) و (حەزف) قبووڵ دەکا.

د-لەبەر ئەوەی ڕیتمی وەتەد لە ڕیتمی سەبەب بەهێزترە، لە کاتی خوێندنەوەدا ئەگەر سەبەب و وەتەد ڕەچاو بکرێن، جیاوازی ڕیتمی ئەم پێیانە زۆر چاک دەردەکەوێ.

ئەم (١٠) پێیە هەر سێ سێ یان چوار چوار (هەمان پێ دووبارە بێتەوە یان جیاواز بن) دەچنە پاڵ یەکتر و بناغەی لەتی دێرێک دادەڕێژن. هەمان لەت دووبارە دەبێتەوە بۆ دروست کردنی یەک دێرە شیعر.

* دێرە شیعر: لە هۆنینەوەی هۆنراوەی ستوونیدا، لە (دە) پێیەکە. دوو دوو، یان سێ سێ، یان چوار چوار، بە زیحاف و عیللەی جیاوازەوە لەتە دێر دروست دەکەن و بە دوو لەت دێرێک پێک دێنن. ئەمەش هەندێ زاراوەی تایبەتی بە دێرە شیعر:

• زاراوەکانی ناو دێرە شیعر:

١- سەدر(الصدر): لەتی یەکەمی دێرە شیعرە.

٢- عەجز(عجز): لەتی دووەمی دێرە شیعرە.

هەریەکە لەسەدر و عەجز لە بنچینەدا لەسێ، یان چوار، پێ دروست دەبێ ئەوانیش زاراوەی خۆیان هەیە:

١-سەدر(الصدر): یەکەم پێی لەتی یەکەم[27]

٢-ئیبتیدا(الابتداء): یەکەم پێی لەتی دووەم[28].

٣-عەرووز(العروض): دوا پێی لەتی یەکەم.

٤-زەرب(ضرب): دوا پێی لەتی دووەم.

٥-حەشوو(الحشو): پێیەکانی نێوان سەدر و عەجز، یان ئیبتیدا و زەرب

بەشەکانی دێرە شیعر بەم هێلکارییە ڕوونتر دەبێتەوە:



زاراوەکانی سەربە دێرە شیعر:

١- دێری تەواو (التام) : ئەوەیە کە لە بازنەی کێشەکەیدا بە چەند پێ هاتبێ، هەموو پێیەکانی تێدا بێ و هیچی کەم نەبووبێتەوە با پێیەکانیشی تووشی زیحاف و عیللە هاتبن، گرنگنییە.

٢- دێری مەجزووء (المجزوء): ئەوەیە کە عەرووز و زەربی لێ فڕێدرابێ ئەگەر دێرەکەلە بنچینەداهەرلەتێکی سێ پێ بێ، دوو پێی دەمێنێ و ئەگەر چوار پێ بێ، سێ پێی دەمێنێ.

٣- دێری مەشتوور (المشطور): ئەوەیە لە دێرێکدا لەتێکی فڕێ بدەی و یەک لەتی بە دێری تەواو دابنێی.

٤- دێری مەنهووک (المنهوك): ئەوەیە هەرلەتێکی دێرە شیعرێک سێ پێ بێ، لەم سێ پێیە دوویان لادرابێ و یەک مابێتەوە. ئینجا دوو پێیەکەی ئەم لەت و ئەولەت لێک بدرێن و بکرێن بە دێرێکی سەربەخۆ.

٥- دێری مودەووەر (المدّور): ئەوەیە وشەیەک بە سەر هەر دوو لەتە دێردا دابەش بووبێ، واتە هەندێ تیپی پێشەوەی بەرعەرووز و ئەوانی تری بەر ئیبتدا کەوتبێ.

٦- دێری موسەممەت (المسمط): ئەو دێرەیە عەرووز و زەربی لە (روی) جیا بن (٢٩).

٧- دێری موقەففا (مقفى): ئەوەیە هەردوو لەت لە سەروادا یەک شت بن.

٨- دێری موسەڕرەع (مصرع): ئەو دێرەیە کێشی عەرووزەکەی بگۆڕدرێ بۆ ئەوەی وەکو کێشی زەربەکەی لێ بێ. هەردووکیشیان یەک سەروایان هەبێ. گۆڕانی عەرووزەکە دەشێ بە زیادەبێ یان بە کەم.

* کێشەکان: جۆری پێ و شێوەی ڕیز بوونی پێیەکان لە دێرە شیعردا دەبێتە مایەی دروست بوونی کێشی جیا جیا کە لە عەرەبیدا ژمارەیان (١٦) کێشە (٣٠). هەر کێشێک بە هۆی عەرووز و زەربی جیاوازەوە چەند شێوە و قالبێکی جیاواز وەردەگری. ئەمەش هەر (١٦) کێش و پێیەکانیان: (٣١)

١- تەویل (الطويل): (فعولن مفاعيلن فعولن مفاعيلن) ×٢

یەک عەرووز و سێ زەربی هەیە.

٢-مەدید(المدید): (فاعلاتن فاعلن فاعلاتن فاعلن) ٢x.
تەنیا بە مەجزووئی بەکار هاتووە. سێ عەرووز و شەش زەربی هەیە.
٣-بەسیت(البسیط): (مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن)x ٢.
بە تەواوی و بە مەجزووئیش بەکار هاتووە. سێ عەرووز و شەش زەربی هەیە.
٤-وافیر(الوافر): (مفاعلتن مفاعلتن مفاعلتن)٢x.
بە تەواوی و بە مەجزووئی بەکار هاتووە. دوو عەرووز و سێ زەربی هەیە.
٥-کامیل(الکامل): (متفاعلن متفاعلن متفاعلن) ٢x.
بە تەواوی و بە مەجزووئی بەکار هاتووە، سێ عەرووز و نۆ زەربی هەیە.
٦-هەزەج(الهزج):(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) ٢x.
تەنیا بە مەجزووئی بەکار هاتووە، یەک عەرووز و دوو زەربی هەیە
٧-ڕەجەز(الرجز): (مستفعلن مستفعلن مستفعلن) ٢x.
بە تەواوی و بە مەجزووئی و بە مەشتووری و بە مەنهووکی بەکارهاتووە، چوار عەرووز و پێنج زەربی هەیە.
٨-ڕەمەل (الرمل): (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن) ٢x.
بە تەواوی و بە مەجزووئی بەکار هاتووە. دوو عەرووز و شەش زەربی هەیە.
٩-سەریع(السریع): (مستفعلن مستفعلن مفعولات)٢x.
بە تەواوی و بە مەشتووری بەکار هاتووە. چوار عەرووز و شەش زەربی هەیە.
١٠-مونسەریح(المنسرح): (مستفعلن مفعولات مستفعلن) ٢x.
بە تەواوی و بە مەنهووکی بەکار هاتووە. سێ عەرووز و سێ زەربی هەیە.
١١-خەفیف(الخفیف): (فاعلاتن مستفع لن فاعلاتن) ٢x.
بە تەواوی و بە مەجزووئی بەکار هاتووە. سێ عەرووز و پێنج زەربی هەیە.
١٢-موزاریع(المضارع): (مفاعیلن فاع لاتن مفاعیلن) ٢x.
تەنیا بە مەجزووئی بەکار هاتووە، یەک عەرووز و یەک زەربی هەیە.
١٣-موقتەزەب(المقتضب):(مفعولات مستفعلن مستفعلن) ٢x.
تەنیا بە مەجزووئیبەکار هاتووە.یەک عەرووز و یەک زەربی هەیە.
١٤-موجتەس(المجتث): (مستفع لن فاعلاتن فاعلاتن) ٢x.
تەنیا بە مەجزووئی بەکار هاتووە، یەک عەرووز و یەک زەربی هەیە.

١٥-موتەقاریب(المتقارب): (فعولن فعولن فعولن فعولن) ٢x.
بە تەواوی و بە مەجزووئی بەکار هاتووە، دوو عەرووز و شەش زەربی هەیە.
١٦-موتەدارەك(المتدارك): (فاعلن فاعلن فاعلن فاعلن) ٢x.
بە تەواوی و بە مەجزووئی بەکارهاتووە، دوو عەرووز و چوار زەربی هەیە.
ئەم (١٦) کێشە چەپك چەپك دابەش چەند کۆمەڵەیەك دەبن. هەر کۆمەڵەیەك پێی دەگوتری بازنە.

* بازنەکان: هەر پێیەك لە چەند بنەڕەتێك دروست دەبێ. ئەگەر جێگای بنەڕەتەکان بگۆڕێ پێی نوێ دروست دەبێ و پێیە نوێکان کێشی نوێ دروست دەکەن. بەم جۆرە گواستنەوەی یەك بنەڕەت لە شوێنی خۆی بۆ شوێنی تر دەبێتە هۆی گۆڕانی سەراپای کێشەکە. بیری دروست بوونی بازنەکان لەوەوە هاتووە. بۆ ڕوون کردنەوەی بازنەکان، با ئەم نموونەیە وەربگرین کە بازنەکە بە کێشی هەزەج دەست پێ دەکات، داخۆ تا بازنەکە دادەخرێ چەند کێشی لێ دەردێ. پێیەکانی هەزەج بریتین لە:

[مفا]عیلن	مفاعیلن	مفاعیلن	[مفا]
[ب-]--	ب---	ب---	[ب-]

بنەڕەتی یەکەم کە وەتەدی کۆیە (مفاب -)، لەسەرەتاوە بگوازەوە دواوە و هەموو پێیەکان یەك بنەڕەت بۆ پێشەوە بخزێنە، بەم جۆرەی لێ دێ:

عیلن مفا	عیلن مفا	عیلن مفا
--ب-	--ب-	--ب-
مستفعلن	مستفعلن	مستفعلن

ئەم پێیەنوێیانەش (عیلن مفا، --ب-) هەریەکە بریتییە لە دوو سەبەبی سووك و وەتەدێکی کۆ کە ئەمانە بنەڕەتەکانی پێی (مستفعلن)ن. واتە (عیلن مفا = مستفعلن). هەموو پێیەکان بریتین لە مستفعلن وکێشەکە دەبێتە ڕەجەز. ئەگەر هەمان شت لەگەڵ پێی (مستفعلن) دووبارە بکەینەوە، بەم جۆرەی لێ دێ:

[مس]تفعلن	مس تفعلن	مس تفعلن	[مس]
[-] -ب-	- -ب-	- -ب-	[-]

بنەڕەتی یەکەم کە سەبەبی سووکە ببە دواوە و پێیەکان یەکە و بنەڕەت بۆ پێشەوە بگوازەوە، بەم جۆرەی لێ دێ:

تفعلن مس	تفعلن مس	تفعلن مس
-ب- -	-ب- -	-ب- -

ئەم پێیە نوێیانەش هەریەکە بریتییە لە سەبەبێکی سووک و وەتەدێکی کۆ و سەبەبێکی سووک. ئەمانەش ڕەگەزن بۆ دروست کردنی (فاعلاتن) و کێشەکە دەبێ بە ڕەمەل:

تفعلن مس	تفعلن مس	تفعلن مس
- ب - -	- ب - -	- ب - -
فاعلا تن	فاعلا تن	فاعلا تن

ئەگەر هەمان شت لەگەڵ (فاعلاتن) دووبارە بکەینەوە دەگەڕێینەوە سەر (مفاعیلن) کە پێی هەزەجە. بۆیە ئەم بازنەیە لە دوای ڕەمەل دادەخرێ. ئەم بازنەیە تەنیا سێ کێشی تێدایە. هەرسێکیان کێشی سافن و لە دووبارە بوونەوەی یەک پێ دروست دەبن، پێیەکانیش هەریەکە سێ بنەڕەتە. لە هەر بنەڕەتێکەوە دەست پێ بکەی جۆرە کێشێک دەست دەکەوێت.

<u>چەند سەرنجێک:</u>

- هەر بازنەیەک بەو پێیە دەست پێ دەکا کە سەرەتاکەی وەتەدە چونکە وەتەد لە سەبەب بە هێزترە.
- نەک هەر ڕێی کێشەکان دەسوڕێن و کێشی نوێ دروست دەکەن بەڵکو زیحافی پێیەکانی هەر کێشێکیش لەگەڵ زیحافی پێیەکانی کێشەکانی تر دەخولێنەوە. پێی ساغ لەگەڵ پێی ساغ و پێی موزاحەف لەگەڵ پێی موزاحەف دەسووڕێ. بۆ نموونە (فاعلاتُ)ی مەکفووف لە کێشی ڕەمەلدا لەگەڵ (مفاعلن)ی مەخبوون لە ڕەجەزدا و لەگەڵ (مفاعلن)ی مەقبووز لە هەزەجدا دەسوڕێن.



ئەمەش بازنەکە بە وێنە

- کەوانە گەورەکانی ناوەوە سەرەتای کێشەکانن
- کەوانە بچووکەکانی دەرەوە ڕیزی پێیەکانن

[د. صفاء الخلوصي، فن التقطيع الشعري و القافية، ل١٣٩]

پێنج بازنە: هەر (١٦) کێش لە ناو پێنج بازنەدا دەخولێنەوە. بازنەکان ئەمانەن:

١-بازنەی موختەلیف(المختلف): بۆیە پێی دەگوترێ موختەلیف(جیاواز) چونکە پێیەکانی کێشەکانی لە ڕووی ژمارەی تیپەوە جیان. پێی پێنجی (فعولن، فاعلن) و پێی حەفتی (مفاعیلن، فاعلاتن، مستفعلن)ی تێدایە. سەرەتای ئەم بازنەیە لە کێشی تەویل دەست پێ داکا:

-تەویل: فعولن مفاعیلن فعولن مفاعیلن [فعو]

-مەدید: فاعلاتن فاعلن فاعلاتن فاعلن [فا]

-موستەتیل: مفاعیلن فعولن مفاعیلن فعولن [مفا]. (پشت گوێ خراو).

-بەسیت: مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن [مس]

-مومتەد(الوسیم): فاعلن فاعلاتن فاعلن فاعلاتن [فا]. (پشت گوێ خراو).

ئەگەر لەمەی دوایی بنەڕەتێك بگوازینەوە دواوە دەچینەوە سەر کێشی یەکەم کە تەویلە، بۆیە بازنەکە لێرە دا دادەخرێ. تێبینی ئەوەش دەکرێ کە کێشی موستەتیل و مومتەد لە عەرەبیدا شیعریان پێ دانەندراوە. ئەمانە کێشی پشت گوێ خراو(مهمل)ن.

٢-بازنەی موئتەلیف(المؤتلف): موئتەلیف مانای ڕێك و تەبایە، بۆیە ئەم بازنەیە وای پێ دەگوترێ چونکە پێیەکانی کێشەکانی هەموویان حەفتین (مفاعلتن، متفاعلن). سەرەتای ئەم بازنەیە بە کێشی وافیر دەست پێ دەکا:

-وافیر: مفاعلتن مفاعلتن مفاعلتن [مفا].

-کامیل: متفاعلن متفاعلن متفاعلن [مت].

-موتووەفیر (موعتەمەد): فاعلاتك فاعلاتك فاعلاتك. کێشی موتووەفیر لە عەرەبیدا لە کێشە پشت گوێ خراوەکانە.

٣-بازنەی موجتەلەب (المجتلب): موجتەلەب واتە هێنراو. بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە پێیەکانی کێشەکانی هەموو لە بازنەی موختەلیفەوە هێنراون: مفاعیلن لە تەویل، فاعلاتن لە مەدید، مستفعلن لە بەسیت.

سەرەتای ئەم بازنەیە کێشی هەزەجە.

-هەزەج: مفا عیلن مفاعیلن مفاعیلن [مفا].

-ڕەجەز: مستفعلن مستفعلن مستفعلن [مس].
-ڕەمەل: فا علا تن فاعلاتن فاعلاتن [فا].

٤-بازنەی موشتەبەه (المشتبه): موشتەبەه بە مانای پێک چوون یان تێکەڵاو بوون دێ. بۆیە وای پێ گوتراوە چونکە ئیشتباهی تێدایە لە نێوان (فاعلاتن، فاع لاتن). هەروەها لە نێوان (مستفعلن، مستفع لن).
سەرەتاکەی کێشی سەریعە.
-سەریع: مستفعلن مستفعلن مفعولات [مس].
-موتتەئید: فاعلاتن فاعلاتن مستفع لن [فا]، (پشت گوێ خراو).
-مونسەرید: مفاعیلن مفاعیلن فاع لاتن [مفا]، (پشت گوێ خراو).
-مونسەریح: مستفعلن مفعولات مستفعلن [مس].
-خەفیف: فاعلاتن مستفع لن فاعلاتن [فا].
-موزاریع: مفاعیلن فاع لاتن مفاعیلن [مفا].
- موقتەزەب: مفعولات مستفعلن مستفعلن [مف].
-موجتەس: مستفع لن فاعلاتن فاعلاتن [مس].
-موتەڕەد: فاع لاتن مفاعلین مفاعلین [فاع]، (پشت گوێ خراو).
کێشی موتتەئید (غەریب) و مونسەرید (قەریب) و موتەڕەد (موشاکل) لە عەرەبیدا کێشی پشت گوێ خراون.

٥-بازنەی موتتەفیق (المتفق): موتتەفیق یانی ڕێک و تەبا- بۆیە وای پێ گوتراوە چونکە پێیەکانی کێشەکانی لەوە ڕێکن کە هەموویان پێنجین.
سەرەتای ئەم بازنەیە کێشی موتەقاریبە.
-موتەقاریب: فعو لن فعولن فعولن فعولن [فعو].
-موتەدارەك: فا علن فاعلن فاعلن فاعلن [فا].

چەند سەرنجێك:
١- دابەش بوونی کێشەکان بەسەر بازنەکاندا لە ئەنجامی گواستنەوەی جێگەی بنەڕەتەکانەوە هاتووە، بۆیە هیچ پەیوەندی بە وێك چوونی ڕیتم و ئاوازی کێشەکانی ناو بازنەکە نییە. وا دەبێ یەك بازنە دوو کێشی تێدا بێ لە ڕووی ئاوازو ڕیتمەوە تەواو جودا بن. بە پێچەوانەش دەشێ دوو کێشی لە یەك نزیك لە ڕیتم و ئاوازەوە کەوتبنە ناو دوو بازنەی جیاوازەوە. بۆ نموونە

تەویل و مەدید لە یەك بازنە دان كەچی ئاوازیان زۆر جیایە - تەویل گرانی و سەنگینی تێدایە، مەدید نەرمی و داكشان. لە لایەكی تریشەوە مەدید و ڕەمەل ڕیتم و ئاوازیان لە یەك نزیكە كەچی كەوتوونەتە ناو دوو بازنەی جیاوازەوە (٣٢).

٢-بە پێی سیستەمی وردی بازنەكانی خەلیل، لە كاتی لە یەك وەرگرتنی كێشەكانی ناو یەك بازنە، هەندێ كێش سەریان هەڵداوە كە لە عەرەبیدا باو نەبوون و خەلیل شیعری پێ نەدیون. ناوی ناون كێشی پشت گوێ خراو(المهمل).وەكو كێشی(موستەتیل و مومتەدو مونسەریدو موتتەئیدو موتەرەد).

٣-لەو بازنانەی خەلیل، هەندێ كێش بە جۆرێكی وا دەرچوون كە لە شیعری عەرەبیدا قەت بەو جۆرە بەكار نەهاتوون. لە كاتی بەكار هێناندا ژمارەی پێیەكانیان لەوەی ناو بازنە كەمترە. خەلیل ئەمانەی ناو ناوە(مجزووء) وەكو موزاریع و هەزەج و موقتەزەب و موجتەس. ئەمانە لە بازنەی خۆیاندا هەریەكە بەشەش پێ هاتووە كەچی هیچ شیعری عەرەبی نییە لەسەر ئەم كێشانە بێ و بە شەش پێ هاتبێ. هەر بە چوار پێی هاتوون.

* گۆڕانی پێیەكان: ئەو(١٠) پێیەی كە دەبنە بناغەی دروست بوونی كێشەكان، لە كاتی بەكارهێنانی شیعر داناندا مەرج نییە كت و مت وەكو خۆیان بە ساغی بەكاربێن. دەشێ هەندێ گۆڕانیان بەسەردا بێ. ئەو گۆڕانانە لە شیعردا ڕێگە دراون. گۆڕانەكان دوو جۆرن : زیحاف و عیللە.

یەكەم زیحاف: زیحاف زیاتر پەیوەندی بە پێیەكانەوە هەیە تا بە كێشەكان. زیحاف دەچێتە سەر پێی تایبەتی جا ئەو پێیە لە هەرچی كێشێكدا بێ. وشەی زیحاف لە زماندا بە مانای خێرایی (٣٣) دێ هەروەها بە مانای ڕۆیشتنی لەسەر سمت و بە مانای بێهێزی و بە مانای خلیسكان دێ یان بەوە دەگوترێ كە وشتر ماندوو بێ سمی لە دوای خۆی ڕابكێشێ (٣٤). بۆیە وای پێ گوتراوە چونكە ئەگەر بچێتە سەر هەر پێیەك بێ هێزی دەكات. پێیەكە تیپەكانی، یان حەرەكەكانی كەمتر دەبێ. وەكو زاراوەش ، زیحاف، بریتییە لەو گۆڕانەی بە زۆری دێتە سەر پێیەكانی حەشوو وتایبەتە بە دووەم تیپی سەبەب و ناچێتە سەروەتەد. زیحاف لازم نییە ، واتە كە لە دێرێك چووە سەر پێیەك

مەرج نیە لە هەموو دێرەکانی هۆنراوەکەدا بچێتە سەر هەمان پێ. ئاراستەی زیحاف هەمیشە بەرەو خوارەوەیە (٣٥)، چونکە پێیەکە بەرەو کەمی و بێ هێزی دەبا. یان وەستاندنی تیپی بزواوە یان فڕێدانی تیپی دووەمی سەبەبە، جا چ وەستاو بێ (لەسەبەبی سووک) و چ بزواو بێ لە (سەبەبی گران). زیحاف دووجۆرە: زیحافی تاك و زیحافی لێکدراو.

أ- زیحافی تاك: ئەوەیە یەك گۆڕان بچێتە سەر یەك پێ. ئەوانیش ئەمانەن:

١-خەبن (الخبن): وشەی خەبن لەزمانی عەرەبیدا ئەوەیە دامێنی کراس (کراسی شۆڕ) کۆبکەیتەوە بەرسینگت بۆ ئەوەی شتی تێ بکەی، واتە (کۆش گرتنەوەیە). وەك زاراوە بریتیە لە فڕێدانی دووەم تیپی وەستاوی پێ لەسەبەبدا. خەبن تووشی ئەم پێیانە دەبێ (فاعلن ← فعلن)، (فاعلاتن ← فعلاتن)، (مستفعلن ← متفعلن)، (مستفع لن ← متفع لن)، (مفعولات ← معولاتُ (فعولاتُ)).

٢-ئیزمار (الاضمار): لە زماندا بە مانای شاردنەوەیە. وەك زاراوە بریتییە لە وەستاندنی دووەم تیپی بزواوی پێ. تەنیا دەچێتە سەر (متفاعلن) دەیکا بە (متْفاعلن) و دەگۆڕێ بۆ (مستفعلن).

٣-وەقس (الوقص): لە زماندا مانای مل شکاندنە. وەك زاراوە بریتیە لە فڕێدانی تیپی دووەمی بزواوی پێ. تەنیا دەچێتە سەر (متفاعلن) دەبێ بە (مفاعلن).

٤-تەی: (الطي): لە زماندا بە مانای پێچان و کۆکردنەوە سەریەك دێ. وەك زاراوە بریتییە لە فڕێدانی چوارەم تیپی وەستاوی پێ لە سەبەبدا. دەچێتە سەر (مستفعلن) دەیکا بە (مستعلن) و دەگۆڕێ بۆ (مفتعلن) هەروەها دەچێتە سەر (مفعولات) دەبێ بە (مفعُلات) و دەگۆڕێ بۆ (فاعلاتُ).

٥-قەبز (القبض): لە زماندا مانای گوشین و گرتن دێ. وەك زاراوەش بریتییە لە فڕێدانی تیپی پێنجەمی وەستاوی پێ کەدووەم بێ لە سەبەبدا. دەچێتە سەر (فعولن) دەیکا بە (فعولُ) و (مفاعیلن) دەیکا بە (مفاعلن).

٦- عەسب (العصب): لەزماندا بەمانای قەدەغەکردن و بەستن دێ. وەك زاراوە بریتییە لە وەستاندنی تیپی پێنجەمی پێ کە دووەمی سەبەب بێ. دەچێتە سەر (مفاعلتن) دەیکا بە (مفاعلْتن) و دەگۆڕێ بۆ (مفاعیلن).

٧-عـەقل (العقـل): لـە زمـانـدا بەسـتنەوەیە. لــە عــەرووزدا فرێدانـی تیپـی پێنجـەمی بزواوە. تـەنیا دەچێتـە سـەر (مفـاعلتن) دەیکـا بـە (مفـاعتن) و دەگـۆڕێ بۆ (مفـاعلن).

٨-کـەف (الکـف): لـە زمـانـدا مانـای واز هێنانـە. لـە عــەرووزدا فرێدانـی حەفتـەم تیپـی وەسـتاوە لەسـەبەبدا دەچێتـە سـەر ئـەم پێیانـە: (مفـاعیلن مفـاعیل)، (فـاع لاتـن فـاعلات)، (فاعلاتـن فـاع لات)، (مسـتفع لـن مستفع ل).

ب- زیحـافی لێکـدراو: ئەوەیـە دوو زیحـاف پێکـەوە لـە یـەك پێـدا کـۆببنـەوە. زیحـافی لێکـدراو ئەمانـەن:

١-خـەبل (الخبـل): مانـای بڕینـی ئـەندامی لەشـە لـە زمـانـدا. لـە عـەرووزدا بریتییـە لـە کـۆبونـەوەی (خـەبن و تـەی). خـەبل دەچێتـە سـەر ئـەم دوو پێیـە: (مستفعلن) دەیکـا بـە (متعلـن) و دەگـۆڕێ بـۆ (فعلـتن)، (مفعـولات) دەبێ بـە (معلات) و دەگـۆڕێ بـۆ (فعـلات).

٢-خـەزل (الخـزل): لـە زمـانـدا بریتییـە لـە دونگـی سـەر پشـتی وشـتر. وەك زاراوە بـە کۆبونـەوەی (ئیزمـار و تـەی) دەگوتـرێ. دەچێتـە سـەر (متفـاعلن) دەیکـا بە (مُتفعلـن) و دەگـۆڕێ بـۆ (مفْتعلـن).

٣-شـەکل (الشـکل): لـە زمـانـدا بەسـتنەوەی ئاژەڵـە بـە گرێدانـی هـەرچـوار پـەلی بـە پـەتێك. وەك زاراوەی عـەرووزی (خـەبن و کـەف) دەگرێتـەوە. دەچێتـە سەر (فـاعلاتن) دەیکـا بـە (فعـلات). (مستفع لـن) دەیکـا بـە (متفـع ل).

٤- نـەقس (النقـص): لـە زمـانـدا بـەمانای کـەمی هـاتووە. لـە عـەرووزدا کۆبونـەوەی (عەسـب و کـەف)ە. تـەنیا دەچێتـە سـەر (مفـاعلتن) و دەیکـا بـە (مفـاعلْتُ) و دەگـۆڕێ بـۆ (مفـاعیلُ).

سـەرنج:

هـەموو زیحافـەکان ڕێگـەی بـەکار هێنانیـان دراوە، بـەڵام لـەبارەی کاریگـەریان لەسـەر ئـاوازی گشـتی پێیـەکان، هـەموویان وەکـو یـەك نـین. هـەندێکیان زۆر ئاسـایین و لەگـەڵ ئـاوازی دێـرە شـیعرەکەدا دەگونجێـن، هـەندێکیان ئاوازەکـە سـووکترو خۆشـتر دەکـەن. هـەندێکی تریش ئاوازەکـە قورستر دەکـەن، ئەمانـەی دواوە هـەرچـەندە ڕێگایان دراوە بـەڵام پەسـند نـین. بـە گشتی زیحـافی تـاك لـە زیحـافی لێکدراو زیـاتر بـەکار دێ و سووکتریشـە، چونکـە (فرێدانی

دوو تیپی پێ، یان وەستاندنی تیپێک و فڕێدانی تیپێکی تر لە یەك پێدا مۆسیقای دێرەکە بێ هێز دەکا)[٣٦].

خولانەوەی زیحاف: هاتنی زیحاف لە هەندێ پێ و دێرە شیعردا یاسایەکی زۆروردی هەیە کە بەم سێ دەستوورە دیارکراوە[٣٧]:

١-موراقەبە یان تەراقوب (المراقبة او التراقب) : لە زماندا بە مانای نۆرە هاتووە. لە عەرووزدا ئەوەیە دوو سەبەبی سووکی تەنیشت یەك لە یەك پێدا بە نۆرە زیحافیان بێتە سەر، بە جۆرێ کە نابێ هەردووکیان ساغ بن و ناشبێ هەردووکیان پێکەوە زیحافیان بچێتە سەر. دەبێ هەمیشە یەکیان ساغ و ئەوەی تر موزاحەف بێ. موراقەبە تەنیا لە(مفاعیلن) ی موزاریع و (مفعولات) ی موقتەزەبدا دەبێ.

٢-موعاقەبە یان تەعاقوب(المعاقبة او التعاقب): موعاقەبە چاوەدێری کردنە . وەك زاراوە ئەوەیە دوو سەبەبی تەنیشت یەك لە یەك پێدا، یان لە دوو سێ پێی تەنیشت یەکدا بە نۆرە توشی زیحاف بن، ئەو دوو سەبەبە دەشێ پێکەوە بە ساغی بێن بەڵام ناشێ پێکەوە موزاحەف بن. موعاقەبە لە یەك پێدا لە پێنج کێش دێ: (مفاعیلن) ی هەزەج و تەویل و وافیر (لە وافیردا دوای عەسب) ،لە (مستفعلن) ی مونسەریح و کامل (لە کاملدا دوای ئیزمار). موعاقەبەی لە پێیەك زیاتر لە مەدید و ڕەمەل و خەفیف و موجتەس دێ، موعاقەبەی نێوان زیاتر لە یەك پێ سێ جۆرە:

أ-سەدر(الصدر) : ئەوەیە پێیەك سەرەتاکەی زیحافی بێتە سەر تا پێی پێش خۆی بە ساغی بمێنێتەوە. وەکو (فاعلاتن فاعلن)ی مەدید دەبێ بە(فاعلاتن فعلن) . (فا) (فاعلن) خەبنی هاتۆتە سەر بۆ ئەوەی (تن)ی (فاعلاتن) کەف وەرنەگرێ.

ب-عەجز(العجز):ئەوەیە کۆتایی پێ زیحافی بێتە سەر بۆ ئەوەی سەرەتای پێی دوای خۆی بە ساغی بمێنێتەوە، وەکو (فاعلاتن فاعلن)ی (مەدید) ببێ بە (فاعلاتُ فاعلن). (تن)ی(فاعلاتن) کەفی هاتۆتە سەر بۆ ئەوەی (فا) ی (فاعلن) خەبن وەرنەگرێ .

ج-تەرەفان(الطرفان):ئەمەیان لە نێوان سێ پێدا کار دەکات. پێی ناوەراست دوو زیحاف وەردەگرێ (زیحافی لێکدراو). زیحافێك دەچێتە سەر

یەکەم بنەڕەتی بۆ ئەوەی پێی پێش خۆی بە ساغی بمێنێتەوەو زیحافیکی کەش دەچێتە سەر دوا بنەڕەتی بۆ ئەوەی پێی پاش خۆی بە ساغی بمێنێتەوە، وەکو (فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)ی ڕەمەل دەبێ بە (فاعلاتن فعلاتُ فاعلن). پێی ناوەڕاست، یەکەم بنەڕەتی(فا) خەبنی هاتۆتە سەر بۆ ئەوەی (تن)ی (فاعلاتن)ی پێش خۆی کەف وەر نەگرێ، لە هەمان کاتدا پێی کۆتایی (تن) کەفی هاتۆتە سەر بۆ ئەوەی (فا)ی (فاعلن)ی دوای خۆی خەبن وەرنەگرێ

٣-موکانەفە(المکانفە): بە مانای هاوکاری دێ لە زماندا و لە عەرووزدا ئەوەیە دوو سەبەبی سووکی تەنیشت یەك، لە یەك پێدا پێکەوە ساغ بن، یان پێکەوە موزاحەف بن، یان بە نۆرە زیحافیان بێتە سەر. موکانەفە لە چوار کێشدا دێ: سەریع و مونسەریح و بەسیت و ڕەجەز.

دووەم عیللە:عیللە هۆو نەخۆشییە ، لە عەرووزدا گۆڕانێکە بەسەر عەرووز و زەربدا دێ. بۆیە زیاتر پەیوەندی بە دێرە شیعرەوە هەیە. عیللە دەچێتە سەر سەبەب و وەتەد و لازمیشە. ئەگەر لە دێری یەکەم هات دەبێ لە هەموو دێرەکانی هۆنراوەکە بێ. هەر ئەمەشە وای کردووە جۆرەکانی هەر کێشێك بە عیللەکانی عەرووز و زەرب دیار بکرێ. عیللە دوو جۆرە :عیللەی زیادو عیللەی کەم.

أ-عیللەی زیاد:بریتییە لە زیاد کردنی تیپێکی وەستاو، یان سەبەبێکی سووك، لەکۆتایی پێدا .ئەمەش سێ جۆرە :

١-تەرفیل(الترفیل):تەرفیل درێژ کردنی دامەنی کراسە (دامەن شۆڕی). وەك زاراوە زیاد کردنی سەبەبێکی سووکە بۆ وەتەدی کۆتایی پێ. تەنیا دەچێتە سەر دوا پێی موتەدارەك و کامیلی مەجزووء، (فاعلن) دەبێ بە (فاعلاتن) و (متفاعلن) دەبێ (متفاعلاتن) .

٢-تەزییل(التذیل): لە زماندا کلك لێنانە. وەك زاراوە زیاد کردنی یەك تیپی وەستاوە بۆ وەتەدی کۆتایی پێ. تەنیا دەچێتە سەر مەجزووئی کامیل و بەسیت و موتەدارەك. (متفاعلن) دەبێ بە (متفاعلان)، (مستفعلن) دەبێ بە (مستفعلان) ،(فاعلن)دەبێ بە (فاعلان) .

٣-تەسبیغ (التسبیغ): لە زماندا درێژ کردنی کراسە. بە مانای تەواو کردنی دەست نوێژیش دێ بە جێبەجێ کردنی هەموو پێویستییەکانی . وەك

زاراوە زیاد کردنی تیپێکی وەستاوە بۆ سەبەبی سووکی کۆتایی پێ. تەنیا دەچێتە سەر مەجزووئی ڕەمەل، (فاعلاتن) دەبێ بە (فاعلاتان).

سەرنج:

١-عیللەی زیاد تایبەتە بە مەجزووئی کێشەکان و لە عەرەبیدا قەت ناچێتە سەر کێشی تەواو. ئەمە وەکو پڕ کردنەوەی ئەو کورت کردنەوەیەیە کە بەهۆی مەجزووئەوە لە کێشەکەدا پەیدا دەبێت.

٢-زیادەیەکی تر هەیە پێی دەگوترێ (خەزم= الخزم). خەزم لە زماندا ئەوەیە لووتەوانە لە کەپووی وشتر بکەی بۆ ئەوەی بەرزەفت ببێ. وەك زاراوە بریتییە لە زیاد کردنی پێنج تیپ کەمترو بە زۆری لە سەرەتای لەتی یەکەم دێ و وایش دەبێ زیادەکە لە سەرەتای لەتی دووەم بێ. بەلام تەنیا بە یەك دوو تیپ و بەس. خەزم نەنگییە بۆ شیعر، تایبەتی نییە بە هیچ کێشێکەوە. بە هاتنی دێرەکە بزێو دەبێ، بۆیە شاعیران خۆی لێ دوور دەخەنەوە.

ب-عیللەی کەم:ئەوەیە تیپێك یان چەند تیپێك لە پێدا کەم بکرێتەوە یان حەرەکەی بوەستێنرێ. کێش هەیە وەکو وافیر بەبێ عیللەی کەم بەکار نایێ.

عیللە کەمەکان ئەمانەن:

١-حەزف(الحذف):لە زماندا لادان و بەلاوە نانە. لە عەرووزدا فڕێدانی سەبەبی

سووکە لە کۆتایی پێدا. حەزف دەچێتە سەر شەش کێش :تەویل، مەدید، ڕەمەل، هەزەج، خەفیف، موتەقاریب. بە حەزف (فعولن) دەبێ بە (فعو-فعل)، (مفاعیلن) دەبێ بە (مفاعي-فعولن) یان(مفاعل)، (فاعلاتن) دەبێ بە (فاعلا-فاعلن).

٢-قەتف(القطف): لە زماندا ڕنین و لێکردنەوەیە، لە عەرووزدا بە(عەسب و حەزف) دەگوترێ پێکەوە. تەنیا دەچێتە سەر وافیر، (مفاعلتن) دەبێ بە (مفاعلْ-فعولن).

٣-قەتع(القطع):قەتع بڕینە، بەلام وەك زاراوە بۆ فڕێدانی تیپی وەستاوی وەتەدی کۆی کۆتایی پێ و وەستاندنی تیپی بزاوی پێشەوەی بەکار دێ. قەتع دەچێتە سەر کێشی بەسیت و ڕەجەز و کامیل. قەتع دەچێتە سەر (فاعلن)

دەیکا بە (فـاعلُ-فـع لـن)، (مستـفعلن) دەكـا بـە (مسـتفعلْ-مفعولـن) و (متفاعلن) دەكا بە (متفاعلْ-فعلاتن).

٤-بەتر(البتر): بڕینی کلکە لە کلێنجەڕا، وەك زاراوە بریتییە لە (قەتع و حەزف). دەچێتە سەر کێشی مەدیدو موتەقاریب. بە بەتر (فعولن) دەبێتە (فع)، (فاعلاتن) دەبێتە (فاعلُ-فع لن).

٥-قەسر(القصر): مانای نەهێشتن و قەدەغەیە. لە عەرووزدا بریتییە لە فڕێدانی تیپی وەستاوی سەبەبی سووك و وەستاندنی تیپی پێشەوەی لە کۆتایی پێدا. قەسر لە چوار کێشدا دێ: ڕەمەل و موتەقاریب و مەدید و خەفیف. بە قەسر (فعولن) دەبێ بە (فعولْ)،(فاعلاتن) دەبێ بە(فاعلاتْ-فاعلان).

٦-حەزەز(الحذذ): مانای بڕینە. بە کورت کردنی کلکیش دێ. بە مانای سووکیش هاتووە. وەك زاراوە فڕێدانی وەتەدی کۆیە لە کۆتایی پێدا. تەنیا دەچێتە سەر کێشی کامیل. (متفاعلن) دەبێ بە (متفا-فعلن).

٧-سەلم(الصلم):سەلم گوێ بڕینە. وەك زاراوە فڕێدانی وەتەدی بلاوە لە کۆتایی پێدا. تەنیا دەچێتە سەر کێشی سەریع. (مفعولات) دەبێ بە (مفعو-فع لن).

٨-وەقف(الوقف):لە زماندا مانای وەستانە. لە عەرووزدا بریتییە لە وەستاندنی دوا تیپی وەتەدی بلاو لە کۆتایی پێدا. دەچێتە سەر کێشی سەریع و مونسەریح. (مفعولات) دەبێ بە (مفعولاتْ-مفعولان).

٩-کەسف یان کەشف(الکسف أو الکشف): کەسف لە زماندا بڕینە.لە عەرووزدا بڕینی دوا تیپی بزواوی وەتەدی بلاوە لە کۆتایی پێدا. دەچێتە سەر کێشی سەریع و مەنسەریح. (مفعولاتُ) دەبێ بە (مفعولا-مفعولن).

جیاوازی زیحاف و عیللە: جیاوازی زیحاف و عیللە لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

زیحاف	عیللە
١-دەچێتە سەر تیپی دووەمی سەبەب.	١-دەچێتە سەر سەبەب و وەتەد.
٢-تەنیا لە یەك تیپ دەبێ.	٢-لە یەك تیپ یان زیاتر دەبێ.
٣-ئاراستەی بەرەو خوارەوەیە (واتە هەر کەم بوونەوەیە).	٣-ئاراستەی بەرەو سەرەوە و خوارەوەیە (واتە زیادکردن و کەم کردنە).
٤-لازم نییە.	٤-لازمە.
٥-لە عەرووز زەرب و حەشوودا دێ.	٥-تەنیا لە عەرووز و زەربدا دێ.

عیللـەی زیحافانـە: بێجگـە لـە زیحـاف و عیللـە هـەندێ گۆڕانـی تـر هـەن لـە نێـوان ئـەم دوانـە دان. عیللـەن لەبـەر ئـەوەی دەچنـە سـەر وەتـەدو زیحـافن لەبـەر ئـەوەی لازم نـین و دەچنـە سـەر پێیـەکانی حەشـوو. ئەمانـە پێیـان دەگوتـرێ (العلـل الجاریـە مجـری الزحـاف) ئـەوانیش ئەمانـەن:

١-تەشـعیس (التشـعیث): دابڕانـدن و لێـك جـودا کردنەوەیـە. وەك زاراوە بریتییـە لـە فڕێدانـی تیپێکی بـزواوی وەتـەدی کـۆلـە کێشـی خـەفیف و موجتـەس و موتـەدارەك. (فـاعلاتن) دەبـێ بـە (فـالاتن) یـان (فاعـاتن) و دەگـۆڕێ بـۆ (مفعولـن). (فـاعلن) دەبێ بە (فـالن) یـان (فـاعن) و دەگـۆڕێ بـۆ (فـع لـن).

٢-خـەرم (الخـرم): لـە زمانـدا بڕیـن و کرتاندنـە. لـە عـەرووزدا فڕێدانـی یەکـەم تیپـی وەتـەدی کـۆی سـەرەتای پێیـە لـە سـەرەتای لـەتی یەکـەمی دێـرە شـیعردا. دەچێتـە سـەر کێشـی هـەزەج و تـەویل و موزاریـع و وافـیرو موتـەقاریب. (فعولـن) دەبێ بـە (عولـن-فـع لـن)، (مفـاعلتن) دەبـێ بـە (فـاعلتن-مفْتعلـن)، (مفـاعیلن) دەبێ بە (فـاعیلن-مفعولـن).

خـەرم زۆر جـۆری هەیـە. جۆرەکـان ئەمانـەن:

أ-خـەرم: جگـە لـە مانـا گشتیەکەی، تایبەتـە بـە مفـاعیلن.

ب-سـەلم (الثلـم): شـکاندنی لێـواری ئامـان، یـان درزی دیـوارە. لـە عـەرووزدا بریتییـە لـە خـەرمی (فعولـن) کـە دەبـێ بـە (عولـن-فـع لـن).

ج-عـەزب (العضـب): پارچـە پارچـە کـردن، یـەك خسـتن، کونکردنـی گوێـی وشـتر، ئەمـە مانـای زمـانی. وەك زاراوەیـش بریتییـە لـە خـەرمی (مفـاعلتن) کـە دەبێ بە (فـاعلتن-مفتعلـن).

د-سـەرم (الـثرم): شـکاندنی ددانـە لـە بنـیڕا. لـە عـەرووزدا بریتییـە لە (خـەرم+قـەبز). لـە (فعولـن) دا دەبێ بـە (عـولُ-فَعْلُ).

هـ-قەسـم (القصـم): بـە مانـای شـکاندن هـاتووە. لـە عـەرووزدا بریتییـە لـە (خـەرم+عەسـب). دەچێتـە سـەر (مفـاعلتن) دەبـێ بـە (فـاعلْتن) و دەگـۆڕێ بـۆ (مفعولـن).

و-حـەجم (الحجـم): واز هێنـان. لـە عـەرووزدا بریتییـە لـە (خـەرم+عـەقل). دەچێتـە سـەر (مفـاعلتن) دەیکـا بـە (فـاعتن-فـاعلن).

ز-عــــــەقس(العقـــــص):لـــــــوول دان. وەك زاراوە بریتییــــــە لـــە (خـەرم+عەسـب+کـەف). دەچێتـە سـەر (مفـاعلتن)ن دەیکـا بـە (فـاعلتُ-مفعـول).

ح-شـەتر(الشـتر):بـە مانـای دڕانـدن و پچڕانـدن هـاتووە. لـە عـەرووزدا بریتییـە لە (خـەرم+قـەبز). (مفـاعیلن) دەبـێ بـە (فـاعلن).

ظ-خـەرب(الخـرب):مانـای هەڵتلیشـاندن یـان کونکردنـی گـوێ هـاتووە. لـە عـەرووزدا بریتییـە لـە (خـەرم+کـەف). دەچێتـە سـەر (مفـاعیلن) دەیکـا بـە (فـاعیلُ-مفعـولُ).

پەراوێزەکای بەشی سێیەم :

(١) محمد الدمنهوري ، الارشاد الشافي، مطبعة مصطفى البابي الحلبي ،٩٥٧، ص ١٧ ـ ١٩ .
(٢) د. عبد الرضا علي ،العروض والقافية ، الموصل ٩٨٩ ، ص ١٠ .
(٣) ابن عباد ،الاقناع ، بغداد ، ١٩٦٠ ، ص ٣ .
(٤) محمد الدمنهوري ، الارشاد الشافي ، مطبعة مصطفى البابي الحلبي، ٩٥٧، ص ١٩ .
(٥) د. عبد العزيز عتيق ، علم العروض والقافية ،بيروت ، ٩٧٤، ص ٧ .
(٦) د. صفاء خلوصي ، فن التقطيع الشعري والقافية ، بيروت ، ٩٦٦، ص ٢٦ .
(٧) الصبان ، شرح الصبان على منظومته ، المطبعة الميمنية ، ١٣٠٦ ، ص٥.
(٨) معروف الرصافي ، الادب الرفيع ، بغداد ، ٩٦٩ ، ص ١٢ .
(٩) بۆ ژیان و بەرهەم و هەڵوێستەکانی خەلیل، بڕوانە :د. مهدی المخزومی، عبقری من البصره، بغداد ، ١٩٧٢ .
(١٠) بیدبا : كليله و دمنه ، ترجمه عبد الله ابن المقفع، دمشق، بلا ، ص٣.
(١١) میری ئەهواز قافڵەیەك وشتری لە دیاری گرانبەها بارکرد و بۆ خەلیلی ناردە بەصرەو داوای لێکرد بچێ لە بارەگای میردا بژیو دەرس بە منداڵەکانی بڵێ ، بەڵام خەلیل هەموو دیارییەکانی ڕەت کردەوەو ڕازی نەبوو بۆ تەماعی ماڵی دونیا پەیامی زانستی خۆی پێشێل بکات .
(١٢) زۆر ڕاو بۆچوونی تر لە بارەی چۆنیەتی دانانی عەرووز لە لایەن خەلیلەوە هەن . بۆ زیاتر ئاگاداری بڕوانە :

-معروف الرصافي ، الادب الرفيع ، بغداد ، ١٩٦٩ ، ص١٢ .

-M. Stan Guyar, La Metrique Arabe , Journal Asiatique , Mai-Juin , 1876, P.450

- الزمخشري ، القسطاس المستقيم ، تحقيق الدكتورة بهيجة الحسني ،النجف الأشرف ، ٩٧٠، ص٣٢.
-د. عبد العزيز عتيق ، علم العروض والقافية ، بيروت ،١٩٧٤، ص٩
(١٣) الزمخشري ، القسطاس المستقيم ، النجف الأشرف ، ٩٧٠ ،ص ٣٢ .
(١٤) شیعرو کێشی شیعر دەچنەوە سەر ئاوازو دەبێ حسێبی دەنگیان بۆ بکرێ . خەلیل هەرچەندە تاڕادەیەك ئەمەی ڕەچاوکردووە بەڵام لە شیکردنەوەدا هەر ناوی تیپ دێنێ کە دەبێ بگوترێ(دەنگ)، چونکە تیپ تەنیا ڕەمزی نووسراوی دەنگە .
(١٥) د.محمد التونجي ، اللغة العبرية وآدابها، مطبعة جامعة عين شمس ، ٩٧٥،ص ٤٧ .
(١٦) د. مهدي المخزومي و د. ابراهيم السامرائي ،كتاب العين ، بغداد ،ج١ ، ٩٨٠ ، ج٨، ٩٨٥
(١٧) مهدي المخزومي ، عبقري من البصرة، بغداد ، ٩٧٢، ص ٤٩ .
(١٨) زاناکانی عەرووز دوای خەلیل زۆر جار لە باتی نیشانەی (١٥)ی خەلیل ، نیشانەی تریان داناوە وەك :

أ-(-) بۆ بزواوو(٥)بۆ وەستاو. بڕوانە : عبد العليم ابراهيم، صفوه العروض، مكتبه غريب ، (بلا) ، یان بدير متولي حميد، ميزان الشعر، دار المعرفه، ٩٦٧ .

ب- (١) بۆ بزواوو (٥) بۆ وەستاو، واتە پێچەوانەی خەلیل. بڕوانە د.عبد الرضا علي، العروض والقافيه، الموصل، ٩٨٩. یان د. عبد العزيز عتيق، علم العروض و القافيه.

بیروت، ۹۷٤. لە کوردیشدا عبد الرزاق بیمار لە باسی بازنەکاندا ئەم ڕەمزانەی بەکارهێناوە. عبد الرزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، بغداد،۹۹۲.

ج-(△) بۆ تیپی بزواو(ا) بۆ تیپی وەستاو. ابن عباد، الاقناع، بغداد، ۹٦۰.

د- (ب) بۆ تیپی بزواو(-) بۆ تیپی (بزواو+وەستاو). ئەم ڕەمزانە لە ڕەمزی برگەی ئەورووپییەوە وەرگیراون. د. صفاء خلوصي، فن التقطيع الشعري والقافيه ،بيروت ۹٦٦. مصطفى جمال الدين، الايقاع في الشعر العربي، النجف، ۹۷۰. لە کوردیدا زۆربەی ئەوانەی لە سەر عەرووزیان نووسیووە ئەم ڕەمزانەیان بەکارهێناوە.

هـ- (ا) بۆ تیپی بزواو و(۲) بۆ (بزواو+وەستاو) و(۳) بۆ (بزواو+ وەستاو +وەستاو). الشيخ جلال الحنفي، العروض تهذيبه وإعادة تدوينه، بغداد، ۹۷۷.

و- (۰) بۆ برگەی کورت و (-) بۆ برگەی درێژ. بڕوانە: Chales Henri de Fouchcour, Elements de Persan, Paris, 1957.

ز- (-) بۆ برگەی کورت و(ـ) بۆ برگەی درێژ. شێخ نووری شێخ صالح لە زنجیرە وتارەکەی ڕۆژنامەی ژیاندا بەکاریهێناون.

(۱۹) هەندێ عەرووززان ئەم بنەڕەتەبە (فاصلـة) دەزانن نەك (فاصله). بڕوانە: محمد الدمنهوري، الارشاد الشافي، مطبعة مصطفى البابي الحلبي، ۹٥۷ ص۳۲. هەندێ عەرووززان باسی فاسیلەیان هەر نەکردووە وەکو خاوەنی (الخزرجيه) کە هەردوو فاسیلەی فڕێداوە چونکە لای وایە فاسیلەکان لە سەبەب و وەتەد پێك هاتوون. بڕوانە: شرح الصبان على منظومته، المطبعة الميمنية، ۱۳۰٦، ص ٦

(۲۰) علاء الدين سجادي هەموو بنەڕەتەکانی لەم وشە کوردیانەدا کۆکردۆتەوە: (سەرکەمێ کەچەل خوردە، بەردی کەلەبەر، وەرە باوان). بڕوانە: علاء الدين سجادی، نرخ سناشی، بەغدا، ۹۷۰، ل ۱۰۲. (پەراوێز). ئەم وشانە وەکو شەش بنەڕەتەکە دەرناچن. من ئەم ڕستەیە پێشنیار دەکەم بۆ شەش بنەڕەتەکە (بەریز یەك لە دوای یەك) (ئەولەمە بترسایە لە هەرا نە دەگەرا).

(۲۱) الصبان، شرح الصبان على منظومته المطبعة الميمنية، ۱۳۰٦، ص۷.
(۲۲) المصدر السابق، ۷.
(۲۳) د. عبد العزيز عتيق، علم العروض والقافية، بيروت، ۹۷٤، ص ۲۱.
(۲٤) الصبان، شرح الصبان على منظومته، المطبعة الميمنية ۱۳۰٦ ص۷۳.
(۲٥) حكمة فرج البدري، العروض، ۹٦۹، ص ۱٥-۱٦.
(۲٦) هەندێ لەوانەی پێیەکانیان بە (۱۰) داناوە: احمد الهاشمي، د. عبد العزيز عتيق، عبد الحميد الراضي. هەندێ لەوانەی بە (۸) یان داناوە: الصبان، ابن جنی، ابن عباد، طارق الكاتب. تەنانەت (ابن جيش) ڕای وایە کە ژمارەی پێیەکان (۷)ە. ئەولە سەر ڕای الجوهری (مفعولات) لە پێیەکان دەباتە دەرەوە.

(٢٧)و(٢٨) . زۆربـەی عـەرووز زانـەکان سـەرو ئیبتـداش هـەر بـە حەشـوو دادەنێـن بـەڵام زەمخشری ئـەم دوو زاراوەی بـۆ دانـاون . بروانـە :الزمخشـری،القسـطاس المسـتقیم ،النجـف الاشـرف،١٩٧٠،ص٨٥ .

(٢٩) موسـەممەت وەکـو هونـەرێکی ڕەوانبێـژی ئەوەیـە هـەر دێرێـك بـە سـەرچـوار پارچـەی یەکسـاندا دابـەش ببـێ. سـێ بەشـی پێشـەوە هاوسـەروا بـن، کـەچی بەشـی چوارەم وکۆتـایی سـەرواکەی لەگـەڵ سـەروای گشـتی هۆنراوەکـە یـەك بگرێتـەوە .

(٣٠) زۆربـەی عـەرووز زانـەکان دووبـارەی دەکەنـەوە کـە خـەلیل تـەنیا (١٥) کێشـی داهێنـاوەو کێشـی شـازدەهەمین لـە داهێنـانی ئەخفەشـە. ئـەم قسـەیە لـە ڕاسـتییەوە دوورە، چونکـە خـەلیلێك ئـەو سیسـتەمە وردەی بازنـەو کێـش و زیحـاف و عیللـەکان بزانـێ، تەنانـەت لـە بازنـەی یەکـەم و چوارەمـدا چـەند کێشـێکی پشـتگوێ خـراو دەسـت نیشـان بکـا ، مـاقوول نییـە بـە گوێـرەی هـەمان سیستەمی لێـك وەرگرتنی کێشـەکان نـەیزانیبێ کـە موتـەقاریب کێشـێکی تـری لێ دەردێ . د. مـهدی المخزرمـي دوای شـیکردنەوەی بازنـەکان دەڵـێ : کۆنینـەکان (ئـەو هەڵـەیان لـە مێشـك چەسـپابوو کـە ئەخفـەش کێشـێکی داهێنـاوە کـە بـە سـەر خـەلیلدا تێپـەری بـوو. ئـەویش کێشـی خەبەبـە کـە ناویـان نـاوە موتـەدارەك . ئـەم کێشـە لـە موتـەقاریب دەر هـاتووە . ئەخفـەش توانـی ئـەو هەڵەیـە بـە سـەر توێژەرەوەکـاندا تێبپـەڕێنێ بـە هـەرە زیرەکەکانیشـیانەوە. هـەتا ئێسـتاش بـێ سـاغ کردنـەوە ئـەم قسـەیە دووبـارە دەکەنـەوە . ئـەوەی ئاگـاداری خـەلیل بـێ لـە لێـك وەرگرتنـی کێشـەکان بـەبێ دوو دڵـی قەناعـەت دێنـێ کـە هـەر (١٦) کێـش لـە دۆزینـەوەی خـەلیل خۆیـەتی).(د. مـهدي المخزومـي، عبقـري مـن البصـرة، بغـداد، ٩٧٢، ص١٠٥).

(٣١) محمـد الدمنـهوري، الإرشـاد الشـافي، مطبعـة مصطفـى البـاني الحلبـي، ٩٥٧، ص٥٦-١١٣.

(٣٢) هـەر لـە کۆنـەوە زاناکـانی عـەرووز هەسـتیان بـەو ڕاسـتییە کـردووە، تەنانـەت هەیـە هەوڵێشـی داوە سـەر لـە نـوێ کیشـەکان بـە گوێـرەی ڕیتـم و ئـاواز ڕیـز بکـا وەکـو (الجوهـری) کـە لـە باسـی ڕیـز کردنـەوەی کێشـەکاندا بـە پێـی ڕیتـم و ئـاواز دەڵـێ: یەکـەم موتـەقاریب دێ و پاشـان هـەزەج ئینجـا تـەوێل دێ کـە لەمانـە پێـك هـاتووە. پـاش هـەزەج ڕەمـەل دێ و لـە نێـوان هـەزەج و ڕەمـەلدا موزاریـع دێ، بـەم جـۆرە بـە بـەردا دەچـێ و بـە گوێـرەی ئـاوازی پێیـەکان جێگـای کێشـەکان دیـاردەکـات . بروانـە:عبدالحمیـد الراضي،شرح تحفـة الخلیـل، بغـداد، ١٩٦٨، ص٤١.

(٣٣) بۆ زیحـاف و عیللـەو ماناکانیـان بروانـە :محمـد الدمنـهوري ، الارشـاد الشـافي،مطبعـة مصطفـى البـاني الحلبـي ،٩٥٧ ،ص ٣٩-٥٥ .

(٣٤) د. عبدالهادي الزاهر، عـروض الشـعر العربـي ، مكتـب السـید رأفـت، ١٩٧٤ ،ص٨.

(٣٥) حكمـة فـرج البـدري ،العـروض ،بغـداد ،٩٦٦ ،ص٢٣ .

(٣٦) د. عبدالعزیـز عتیـق ، علـم العـروض والقافیـة ، بـیروت ، ٩٧٤، ص١٧٥،

(٣٧) عبدالحمیـد الراضـي، شـرح تحفـة الخلیـل ، بغـداد، ٩٦٨، ص٧١-٧٧ .

بەشی چوارەم
کێشی شیعری کلاسیکی کوردی

یەکەم:کێشە باوەکان :

١. کێشی هەزەج

٢. کێشی ڕەجەز

٣. کێشی ڕەمەل

٤. کێشی سەریع

٥. کێشی خەفیف

٦. کێشی موزاریع

٧. کێشی موجتەس

٨. کێشی موتەقاریب

٩. کێشی بەسیت

-کێشە باوەکان و ژمارەی برگەی قالبەکانیان

دووەم:کێشە کەم بەکار هاتووەکان:

١٠.کێشی کامل

١١.کێشی تەویل

١٢.کێشی موتەدارەك

١٣.کێشی مونسەریح

١٤.کێشی موقتەزەب

١٥.کێشی مەدید

١٦.کێشی وافیر

کێشی شیعری کلاسیکی کوردی :

شیعری زاری گۆرانیمان چەند نموونەیەکی دەگمەن نەبێ بە کێشی عەروزیـە ئـەوەی تـر هـەمووی لەسـەر کێشی خۆمـاڵی(٥+٥) نووسـراوە. شـیعری لورپیشـمان، شیعرەکانی بابا تاهیر و چەند نموونەیەکی کەم نەبێ بەر عەرووز کەووتون، ئەوانەی تر هەمووی بە کێشی خۆمـاڵی نوسراون. ئیدی لـەوە بترازێ هـەموو شیعری کلاسیکیمان هەر لە بابە تاهیر و جزیریـیەوە تـا سـەردەمی ئێستـامان بـە کێشیعەرووزی دەستکاری کـراوی عەرەبییـەوە هۆنراوەتـەوە . دوای بەسـەر کردنـەوە و پشکنینیشیعری کلاسیکی کــوردی لـــە ڕووی کێشـــەوە ولێـــك جوداکردنـــەوەی ئـــەو کێـــش و قالبانـــەی بەکارهاتوون،دەرکەوت کە هەندێ کێش لـە عەرەبیدا بـە زۆری بەکارهاتوون کـەچی لـە کوردیدا زۆر کەم و بە دەگمەن بە کارهاتوون، وەکو: تەویل و مەدید و وافیر و موقتـەزەب و مونسـەریح و ... کـەچی هـەندێ کێشی تـر لـە عـەرەبیدا کـەم بـەکارهاتوون کـەچی لـە کوردیدا زۆر بەکارهاتوون، وەك: هەزەج و موزاریع و موجتەس... کێشی تریش هەن لـە هەردوو زماندا بە ڕادەیەکی باش بەکارهاتوون، وەکو: ڕەجەز ڕەمەل و موتەقاریب...

لەو کێشە عەروزییانەی لە کوردیدا بەکارهاتوون هەریەکە چەند قـالبێکی هەیە و ئەو قالبانە بە هۆی زیحاف و عیللەوە دروست بووین کە دەچنە سەر هەموو، یـان سەر هـەندێ پێیئەسـڵی کێشـەکە . زۆر جـار عـەرووز و زەربی قەسیدە یـەك جیاوازیـان تـێ دەکەوێ، بەڵام وەك دەستورێکی نەگۆڕ لە هەموو قەسیدە و غـەزەلـەکان دێری یەکـەم (موسەڕەع) دەبێ ، واتە لە ڕووی کێش و سەواوەوە عەرووزی لەگەڵ زەربی دەگونجێندرێ ، واتە وەکو زەربی لێ دێ. هەر بۆیەش لەدیار کردنی هەر قالبەکێشێك دێری یەکەممان بە بنچینـە وەرگرتـوە ، چونکـە زەریەکـەی لەسـەرەتا تـا کۆتـایی نـاگۆڕێ بـەڵام عـەرووزی گۆڕانی دێتە سەر.. جا لەبەر ئەوەی (زەرەب کە دوا پێی دێرە، قەسیدەیلەسـەر بینا دەکرێ)(١) .. ئێمەش هـەر ئەوەمان کردە بناغـە بۆ دیـاری کردنـی هـەر قالبـە کێشێك. کێشـەکانمان لێرەدا بەسـەر دووبـەش دابـەش کـردووە بـە پێـی ڕادەی بـەکارهاتنیان لـە کوردیدا. ئەوانـەی بـاون و ئەوانـەی دەگمـەنن. جا لـەباتی ئـەوەی بـە گوێـرەی ڕیزبوونـی کێشەکانی عەرەبی باسیـان بکـەین، هـاتووین یەکـەم جـار ئەوانـەمان نووسیوە کـە لـە کوردیدا زۆر بەکار هاتوون، ئەوانەی زۆر کەم بەکار هاتوون یان هـەر بـەکار نـەهاتوون خستومانەتە دواوە و بە خێرایی بەسەریاندا ڕۆیشتوین.

یەکەم کێشە باوەکان

یەك: کێشی هەزەج:

وشەی هەزەج لە زمانی عەرەبیدا بە مانای لەرینەوەی دەنگ‌هاتووە. وەك زاراوەیەکی زانستی عەرووز بەو کێشە (بەحرە) دەگوترێ کە لەسەرەتای بازنەی سێیەمینەو پێیەکانی لە ناو بازنەی خۆیدا بەم جۆرەیە : (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) ۲×.

خەلیل بۆیە ئەم کێشەی ناوناوە هەزەج چونکە (وەکو لەرینەوەی دەنگ دەلەرێتەوە) (۲) . هەروەها دەڵێن بۆیە ئەم کێشە لەرینەوەی تێدایە (چونکە سەرەتای پێیەکانی وەتەدن و هەروەتەد ێك دوو سەبەبی سووکی بە دوادا دێ، ئەمە وا دەکا کە دەنگەکە درێژ ببێتەوە. دەیشڵێن لەبەر خۆشی پێی گوتراوە هەزەج، چونکە هەزەج جۆرە گۆرانییەکی خۆشە، لەرەی تێدایە) (۳) .

هەرچەندە ئەم کێشە لە عەرەبیدا زۆر بەکارنەهاتووە ، ئەگەر بەکاریش هاتبێ هەر بە مەجزووئی بەکارهاتووە (چوارپێ لە هەر دێرێك) ، بەلام لە کوردیدا هەر لە سەرەتاوە ،لای بابا تاهیرو جزیرییەوە بگرە تا ئێستا هەموو ئەو شاعیرانەی کێشی عەرووزیان بەکار هێناوە، کەم و زۆر شیعریان بە کێشی هەزەج نووسیوە. ئەم کێشە لە کێشە هەرە باو و بلاوەکانە لە شیعری کوردیدا . رەنگە هۆی بلاویشی لە کوردیدا ئەوەبێ لەگەڵ خەسیەتی دەنگیی زمانی کوردیدا دەگونجێ. (د. ئیحسان فوئاد) لە بارەی بلاوەیی ئەم کێشەوە دەڵێ: (بەتایبەتی کێشی هەزەج زۆرتر دەگونجێ لەگەڵ خەسایسی فۆنێتێکی زمانی کوردیدا) (٤) . بیماریش لە بارەی هەزەجەوە دەڵێ: (کێشەکە چونکە گورج و سووك و بە ئاهەنگە پەسندکراوە و شاعیران زۆر بەکاریان هێناوە) (٥) .ئینجا دەڵێ:(بەلام ئەم کێشە ساف و ئاهەنگدارەکە کەلە دووبارەکردنەوەی (مفاعیلن- برگەیەکی کورت و سێ برگەی درێژ- پێك هاتووە لەگەڵ زەوقی گۆرانیی ویستی کوردیدا گونجاوە) (٦) . ئەم سواری و ناسکی و ئاوازدارییەی هەزەج و ئەم گونجانەی لەگەل دەنگو ئاواز و سەلیقەی کوردیدا، وای کردووە کە نەك هەر لە قەسیدە و غەزەل بە زۆری بەکاربێ، بەڵکو بۆ چیرۆکی شیعریی و بابەتی دوورو درێژو بەرهەمی فێرکاریش بەکاربێ. ئەمانەش هەندێ لەو بەرهەمە درێژانەی بە کێشی هەزەج نووسراون:-

- مەم و زینی خانی، کە بە قالبی هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبووزی مەحزوف (یان مەقسوور) نوسراوە (٢٦٥٧) دێرە (٧).
- خۆشی و ترشی داماو حوزنی موکریانی کە بە قالبی هەزەجی شەشیی مەحزووف (یان مەقسوور) نوسراوەو (٢٩٠) دێرە (٨).
- لەیلە و مەجنون، وەرگێڕانی عەبدولجەبار آغای کانی ، کە بە قالبی هەزەجی شەشیی مەحزووف (یان مەقسوور) نوسراوە و (١٠٠٠) دێرە (٩).
- مەولود نامەی مەلا خەلیل موخلیس (٢٨٦) دێرە .
- مەولود نامەی مەلا حوسێنی شێخانی لە پەسندی حەزرەتی رەسوولی ئەکرەم، بە قالبی هەزەجی شەشیی مەحزووف نوسراوە و (٥٥٨) دێرە (١٠).
- ئەمەش هەندێ قالبی هەزەج لە کوردیدا:-

١- هەزەجی هەشتیی موسەببەغ:

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان) ×٢.سابیری دەڵێ:

لە تاوی ئاگری عیشقی پەری ڕوویەکی قەد بەیداخ

ب - - - ا ب - - - ا ب - - ب ا ب - - - ا.

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلُ مفاعیلان

خودا ئاگاهەیەك لەحزەنییە جەرگ و دڵم و بێ داخ(١١).

ب - - - ا ب - - ب ا ب - - - ا ب - - - .

مفاعیلن مفاعیلُ مفاعیلن مفاعیلان

عەرووزوزەرب هەردووکیان لەسەر کێشی (مفاعیلان) هاتوون.

لە لەتی یەکەم وپێی سێیەم و لە لەتی دووەم پێی دووەم کەفیان هاتۆتە سەر، بوونەتە (مفاعیلُ).

لەم قالبەدا ، عەرووز لە نێوان (موسەببەغ- مفاعیلان) (وەکو نموونەی سەرەوە) و تەواو (مفاعیلن) و مەکفووف (مفاعیلُ) دەخولێتەوە :

أ- نموونە بۆ عەرووزی تەواو : حەمدی دەڵێ:

وتم ڕاستە قسەی خەڵقی و قەدیمی : پیسی پیس ئەیبا

ب - - ب ا ب - - - ا ب - - - ا ب - - - ا

مفاعیلُ مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

که لەرزی بۆجەنابی شێخ بڕی یەك کاغەزی مەندووب(١٢).

ب ---　　ا ب---　　ا ب---　　ا ب--١٠١

مفاعیلن　　مفاعیلن　　مفاعیلن　　مفاعیلان

پێی یەکەمی لەتی یەکەم کەفی هاتۆتە سەر بووە بە (مفاعیلُ).

ب- نموونە بۆ عەرووزی مەکفووف ، حەمدی دەڵێ:

کـــەمەندکێشی زولف خەڵوەی لە گوڵــــــــزاری جەمالایە

ب ---　　ا ب---　　ا ب---　　ا ب--ب ا

مفاعیلن　　مفاعیلن　　مفاعیلن　　مفاعیلُ

بەڵێ جەننەت مەکانی لەم دەرە هەر کەس کەبوو مەجزووب(١٣).

ب ---　　ا ب---　　ا ب---　　ا ب---.ا

مفاعیلن　　مفاعیلن　　مفاعیلن　　مفاعیلان

پێی سێیەمی لەتی دووەم (دەرە هەرکەس) دەبێ حەرەکەی (ر) درێژ بکرێتەوە، ببێ بە (دەرا هەرکەس)؛ ئەگەر نا کێشە کە دەرناچێ، چونکە هیچ زیحاف و عیللەیەك نییە ڕێ بدا تیپی ساکنی وەتەدی کۆفرێ بدرێ، بۆیە هەر دەبێ لێرە (ە) درێژ بکرێتەوە تا وەتەدەکەی تەواو ببێ.

(مفاعیلُ) ی عەرووز دەشێ حەرەکەی (إشباع) بکرێ و ببێ بە (مفاعیلن) ، هەروەکو دەشێ بە مەکفووفی بمێنێتەوە.

٢- هەزەجی هەشتیی تەواو:

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) ×٢.جزیری دەڵێ:

بەناری فیرقەتێ صوهتم ژ فەرقی سەر حەتا پێدا

ب---　　اب---　　اب---　　اب ---ا

مفاعیلن　　مفاعیلن　　مفاعیلن　　مفاعیلن

خــــەدەنگا غەفلەتێ نوهتم ژ بەرقا لا میعاتێدا.(١٤)

ب---　　اب---　　اب---　　اب ---ا

مفاعیلن　　مفاعیلن　　مفاعیلن　　مفاعیلن

عەرووزەکانی ئەم قالبە ، لە نێوان تەواو (نموونەی سەرەوە)و موسەببەغ (مفاعیلان) و مەکفووف (مفاعیلُ) دەخولێنەوە.

أ- نموونە بۆ عەرووزی موسەببەغ (مفاعیلان)، حەمدی دەڵێ:

لەڕەسمی عاشیقی زەحمەتترە مەعشووقەیی ، یاران

ب---   اب---   اب---   اب---.ا

مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلان

کە کەس ساتێ بەسەر نابا وەکو لەیلا لەگەڵ شێتا. (١٥)

ب---   اب---   اب---   اب---ا

مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن

لە لەتی یەکەم، پێی سێیەم (ترە مەعشوو)، دەبێ بخوێندرێتەوە(ترا مەعشوو) نەوەك کێشەکە دەرناچێ.

ب-نموونە بۆ عەرووزی مەکفووف، (مفاعیلُ)، حەمدی دەڵێ:

عەزاب و ڕەحمەت و دەردی سەری من ئارەزووی تۆیە

ب---   اب---   اب---   اب--ب ا

مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلُ

لە لام وایە بە ڕەسمی دڵبەریی فەرزە لەسەر شانت. (١٦)

ب--ب   اب---   اب--ب   اب---ا

مفاعیلُ   مفاعیلن   مفاعیلُ   مفاعیلن

لێرەشدا دەشێ(مفاعیلُ) ی عەرووز حەرەکەکەی (اشباع) بکرێ و ببێ بە (تۆیا- مفاعیلن).

٣- هەزەجی هەشتیی مەکفووف:

(مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلُ) ٢x. نالی دەڵێ:

بە مەرگی تۆ قەسەم زاهید هەموو عومرت عوبووریکە

ب---   اب---   ا ب---   ا ب--ب ا

مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلُ

مەکان و مەنزلت ئاخیر، لەکن جەمعی قوبووریکە (١٧)

ب---   اب---   اب---   اب--ب ا

مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلُ

عەرووزی ئەم قالبە لە نێوان مەکفووف (مفاعیلُ) (نموونەی سەرەوە) و تەواو (مفاعیلن) و (موسەببەغ- مفاعیلان) دەخولێتەوە.

أ-بۆ عەرووزی تەواو، نالی لە هەمان قەسیدەدا دەڵێ:

له خەلوەت هاتە دەر سۆفی ، قوڕ و بەردی بەسەرمادا

ب---   اب---   اب---   اب---ا

مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن

مەکەن مەنعی، لەبەر خەڵوە، ئەمیش نەوعە غورووڕێکە (١٨).

ب---   اب--ب   اب--ب   اب--با

مفاعیلن   مفاعیلُ   مفاعیلُ   مفاعیلُ

لە لەتی دووەمدا، پێی دووەم و سێیەمیش مەکفووفن (مفاعیلُ).

ب- بۆ عەرووزی موسەببەغ، نالی دیسان هەر لەو قەسیدەیەدا دەڵێ:

بە زاهیر شادمانیمە لەبەر کەتمی هەموو دەردان

ب--- اب--ب اب--- اب---.ا

مفاعیلن مفاعیلُ   مفاعیلن مفاعیلان

کەنالی گەر بنالێنێ ئەمیش نەشئەو سورووڕێکە (١٩).

ب---   اب---   اب--- اب--با

مفاعیلن   مفاعیلُن   مفاعیلُن   مفاعیلُ

پێی دووەمی لەتی یەکەمیش کەفی هاتۆتە سەر.

٤- هەزەجی هەشتیی ئەخرەب:

(مفعولُ مفاعیلن مفعولُ مفاعیلن)×٢. نالی دەڵێ:

گەر بازی نەزەر بازی لەم ڕاو و شکارەت چی؟

--ب   اب---   ا--ب   اب---ا

مفعولُ   مفاعیلن   مفعولُ   مفاعیلن

بۆ یاری یو دەسبازی لەم دەست و نیگارەت چی؟ (٢٠)

--ب   اب---   ا--ب   اب---ا

مفعولُ   مفاعیلن   مفعولُ   مفاعیلن

دەشێ عەرووزەکەی جگە لە (مفاعیلن) ببێ بە (مفاعیلُ) واتە کەفی بێتە سەر، یان ببێ بە (مفاعیلان) واتە (تەسبیغی) بێتە سەر.

أ- نموونە بۆ عەرووزی مەکفووف، نالی دەڵێ:

گەنجینەیی نێو سینە ژەنگینە بە سەد کینە

--ب ا ب--ب ا--ب ا ب--ب ا

مفعولُ مفاعیلُ مفعولُ مفاعیلُ

ئەی لە ککەیی ئایینە یارەببی بە غارەت چی (٢١)

---ب ا ب--ب ا--ب ا ب---ا

مفعولُ مفاعیلُ مفعولُ مفاعیلن

جگە لە عەروون، پێی دووەمی لەتی یەکەم و دووەمیش کەفیان هاتوتە سەر و بوونەتە (مفاعیلُ).

ب- نموونە بۆ عەرووزی موسەببەغ (مفاعیلان) ، نالی دەڵێ:

گەردەن کەچی زولفی بووی ، سا دڵ مەدە بەر موژگان

--ب ا ب--- ا--ب ا ب---.ا

مفعولُ مفاعیلن مفعولُ مفاعیلان

وا خۆت لە تەناف داوە، ئیتر لە قەتارەت چی؟ (٢٢)

--ب ا ب--ب ا--ب ا ب---ا

مفعولُ مفاعیلُ مفعولُ مفاعیلن

پێی دووەمی لەتی دووەمیش کەفی هاتۆتە سەر، بووە بە (مفاعیلُ).

<u>٥- هەزجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووف:</u>

<u>(مفعولُ مفاعیلن مفعولُ مفاعیلُ) ٢x.</u> نالی دەڵێ:

سەودا سەرەکەی زولفت، ئەزهاری لەکن پەشمە

--ب ا ب--- ا--ب ا ب--ب ا

مفعولُ مفاعیلن مفعولُ مفاعیلُ

دوور لەو گوڵە یەعنی ڕووت، گوڵزاری لەکن پەشمە (٢٣)

--ب ا ب--- ا--ب ا ب--ب ا

مفعولُ مفاعیلن مفعولُ مفاعیلُ

دەشێ عەرووزەکەی تەواو (مفاعیلن) یان موسەببەغ (مفاعیلان) بێ.

أ- نموونە بۆ عەرووزی تەواو، وەکو نالی دەڵێ:

عاشیق کە دەکا ڕاوی ، زولماتی شەوە داوی

--ب ا ب--- ا--ب ا ب--ا

مفعولُ مفاعیلن مفعولُ مفاعیلن

مۆژگانی تەڕە چاوی، بێزاری لەکن پەشمە.(٢٤)

--ب ا ب--- ا--ب ا ب--ب ا

مفعولُ مفاعیلن مفعولُ مفاعیل

ب- نموونە بۆ عەرووزی موسەببەغ (مفاعیلان)، نالی دەڵێ:

چاویشی لە نالی کرد ، دین و دڵ و جانی برد

--ب ا ب---. ا--ب ا ب---ا

مفعولُ مفاعیلان مفعولُ مفاعیلان

گەر زولفە ئەگەر نازە، گەر خەندەیە گەر چاوە(٢٥).

--ب ا ب--ب ا--ب ا ب ا

مفعولُ مفاعیلُ مفعولُ مفاعیلُ

پێـی دووەمـی لـەتی یەکـەم تووشـی (تەسـبیغ) هـاتووە و پێـی دووەمـی لـەتی دووەم تووشی (کەف)بووە.

٦- هەزەجی هەشتیی مەقسوور:

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلْ) ×٢. خادیم دەڵێ:

بە یادی چاوی مەستی تۆیە وا پەیمانە ڕەققاس

ب--- ا ب--- ا ب--- ا ب--١٠

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلْ

بەدەوری شەمعی ڕووتا دڵ وەکو پەروانە ڕەققاس(٢٦).

ب--- ا ب--- ا ب--- ا ب--١٠

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلْ

لـەم قالبـەدا ، عەرووزلـە نێوان مەقسوور (مفـاعیلْ-فعـولانْ) (نموونـەی سـەرەوە) و مەحزووف (فعولن) دا دەخولێتەوە. نموونە بۆ عەرووزی مەحزووف وەکو، هەر خادیم لە هەمان هۆنراوەدا دەڵێ:

له مەوجی نووری ڕوخسارت ، نه تەنها هەر من و دڵ

ب---   ا ب---   اب---   ا ب--ا

مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن   فعولن

مەی و نەی ، ساقی ووهەم موتریب وکاشانه ڕەققاس (٢٧) .

ب---   ا ب---   اب---   ا ب--١٠

مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلْ

٧- هەزجی هەشتیی مەحزووف:

(مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن   فعولن) ٢x. خادیم دەڵێ:

له بەزمی عیشرەتی ئیمشەو مەی و مەعشووق جامیع

ب---   ا ب---   اب---   ا ب--ا

مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن   فعولن

فیراغولباله عاشیق لەم شەوه کەس نابی مانیع (٢٨) .

ب---   ا ب ---   اب---   ا ب--ا

مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن   فعولن

لەلەتی یەکەمدا، لەوشەی (مەعشووق) دەبێ دەنگی (ق) قورسایی بخرێته سەرو به برگەیەکی سەربەخۆ دەربیرێ ئەگەر نا کێشەکه دەرناچێ، هەوەها له پێی سێیەمی لەتی دووەم (شەوه کەس نا)، دەبێ بخوێندرێتەوه (شەوا کەس نا) واته له وشەی شەوەدا(ه) به (ا) بخوێندرێتەوه ، چونکه (شەوه) بەرامبەر وەتەدی کۆ دەوەستێ و هیچ زیحاف وعیللەیەکیش نییه ڕێ به فرێدانی دوا ساکنی وەتەدی کۆ بدات.

هەرلەم قالبەدا ، وادەبێ عەرووزله باتی مەحزووف ، مەقسوور(مفاعیلْ-فعولان) بێ، وەکو خادیم له هەمان هۆنراوەدا دەڵێ:

موتالای سەفحەیی ڕووی ئەو موتەووەل هاته بەرچاو

ب---   ا ب---   اب---   ا ب--١٠

مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلْ

کەچی وا مووختە سەرئەمکا بەناز و عیشوه قانیع (٢٩) .

ب---   ا ب---   اب---   ا ب--ا

مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن   فعولن

٨- هەزجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور:

(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ مفاعیلْ) ٢x. نالی دەڵێ:

ساقی وەرە ڕەنگین کە بە پەنجە لەبی ئەقــداح

-- ب ا ب--ب اب--ب ا ب--١٠

مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ مفاعیلْ

بەم ڕاحە لەسەر ڕاحە دەڵێن راحەتی ئەرواح (٣٠)

-- ب ا ب--ب اب--ب ا ب--١

مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ مفاعیلْ

لە پێی سێیەمی لەتی یەکەم دەبێ (پەنجە) بخوێندرێتەوە (پەنجا)، نەوەك پێیەکە تووشی زیحافی قەبز دەبێ، دەبێ بە (مفاعل)، ئەمەش نابێ چونکە قەبزوکەف پێکەوە لەیەك پێدا کۆنابنەوە. بۆیە بۆ ڕاگرتنی لەنگەری کێشەکە دەبێ (پەنجا) بخوێندرێتەوە. لەم قالبەدا، دەشێ عەرووز مەحزووف (فعولن) بێ لەباتی مەقسوور، نالی لەهەمان هۆنراوەدا دەڵێ:

بەو دنن و قەڕابەکە دەکا پەششە بە عەنقا

-- ب ا ب--ب اب--ب ا ب--ا

مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن

نەك بەوخومی نیلەکە دەکا باخە بە تیمساح (٣١).

-- ب ا ب--ب اب--ب ا ب--١٠

مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ مفاعیلْ

لێرەش، لە لەتی یەکەمدا پێی دووەم دەبێ بخوێندرێتەوە (قەراباکە) و لە لەتی دووەمدا، دەبێ پێی دووەم بخوێندرێتەوە (می نیلاکە)، نە وەك مەکفووفەکان تووشی قەبز دەبن. قەبزوکەفیش پێکەوە لەیەك پێدا کۆنابنەوە. بۆیە هەردەبێ بۆ ڕەت کردنەوەی قەبزەکە فەتحەی ئەم دوو وشەیە بەم جۆرە درێژ بکرێتەوە کە نوسراون.

٩- هەزجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف:

(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن) ٢x. ناری دەڵی:

هــەردوو غەزەلی تاهیر و عیزەت کــەلەبەرکەم

-- ب ا ب--ب اب--ب ا ب--١

مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن

شایسته یه گەر ئەفسەری عوسمانی لەسەرکەم (٣٢)
-- ب اب--ب اب-- ب ا ب--١
مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن
لەم قالبەدا دەشێ عەرووز لە باتی (مەحزووف)، (مەقسوور-مفاعیلْ) بێ.ٚ ناری لە هەمان هۆنراوەدا دەڵێ:
شەرمەندە وو ڕووەزەدو سەر ئەفگەندەیی دەرگام
-- ب اب--ب اب—ب اب-- ١٠
مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ مفاعیلْ
مەنعم مەکە لەو قیبلە ئەگەرسەرفی نەزەرکەم (٣٣)
--ب اب--ب اب--ب اب--ا
مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن
لە لەتی یەکەمدا ، لە کاتی خوێندنەوەی پێی سێیەم (سەرئەفگەندە) دەبێ هەمزەکە فڕی بدرێ (سەرەفگەندە)، ئەگەرنا کێشەکەی لاسەنگدەبێ.

<u>١٠ -هەزەجی هەشتیی مەحزووفی مەقسوور:</u>

<u>(مفاعیلن فعولن مفاعیلن مفاعیلْ) × ٢</u>. خانی دەڵێ:

هەتا تو دەورو دەرسان نەکی تیکرارو مەسرووف
ب--- اب--١٠ ب --- اب--١٠
مفاعیلنُ مفاعیلْ مفاعیلن مفاعیلْ
د دونیایێ تونابی نە مەشهوورو نە مەعرووف (نۆبهاردا ٣١)
ب--- اب-- ا ب--- اب--١٠
مفاعیلنُ فعولن مفاعیلن مفاعیلْ
پێی دووەمی لەتی یەکەم لە باتی مەحزووف مەقسوورە.
دەشێ عەرووزەکەی مەحزووف بێ ، خانی دەڵێ:
هەتا ئەو شەهسوار بت وە گۆیا ئوممەتا خۆ
ب--- اب-- ا ب--- اب--١
مفاعیلن فعولن مفاعیلن فعولن

ژمەیدانا حیسابێ هلینت شوبهی چۆگان. (نوبهار ل ۲۳)

ب--- اب-- اب--- اب--۱۰

مفاعیلن فعولن مفاعیلن مفاعیلْ

۱۱-هەزەجی شەشی موسەببەغ:

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان)×۲.مەلا محەمەدی ئۆمەرگونبەدی دەڵێ:

گەلێ شوکری خوا کەن ئــەی گەلی کوردان

ب--- اب--- اب---۱.

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان

کە بەختی بەد بەری دان و لە خەو هەڵسان(۳٤).

ب--- اب--- اب---۱.

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان

۱۲-هەزەجی شەشی مەقسوور:

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلْ)×۲. نالی دەڵێ:

شکافێکی کلاّفــەی زولفی مــشکین

ب---اب--- اب-- ۱.

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلْ

دەرێژێ مشك وعەنبەرلێرە تا چین(۳٥).

ب--- اب--- اب-- ۱.

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلْ

دەشێ لەم قالبەدا، عەروزلە باتی مەقسوور، مەحزووف (فعولن) بێ. وەکو نالی لە هەمان هۆنراوەدا دەڵێ:

بە جان سەختی یو دڵ بەردی من و تۆ

ب--- اب--- اب-- ۱

مفاعیلن مفاعیلن فعولن

بیعەینی هەروەکو پۆلاّ وو بەردین(۳٦)

ب--- اب--- اب-- ۱.

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلْ

١٣-هەزەجی شەشیی مەحزووف :

(مفاعیلن مفاعیلن فعولن)٢x. جزیری دەڵێ:

ل تەختی دلـــبەری ڕونی بشـــاهی

ب - - - ا ب - - - ا ب - - ا

مفاعیلن مفاعیلن فعولن

ل تە شاهی موبارەك بت موبارەك(٣٧)

ب - - - ا ب - - - ا ب - - ا

مفاعیلن مفاعیلن فعولن

لەم قالبەدا، دەشێ عەرووز لە باتی مەحزووف ، مەقسوور (مفاعیلْ) بێ، نالی دەڵێ:

لە پێت ئالاٌوە حەڵقـــــەی ماری گێسووت

ب - - - ا ب - - - ا ب - - .ا

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلْ

عەجایب حەی یی بێ جان، قەیدی موتلەق(٣٨)

ب - - - ا ب - - - ا ب - - ا

مفاعیلن مفاعیلن فعولن

١٤-هەزەجی شەشیی ئەخرەبی مەقبووزی مەقسوور:

(مفعول مفاعلن مفاعیلْ)٢x. حاجی دەڵێ:

ئەو ڕۆژە بە ئەمری حەیی مەننان

- - ب ا ب - ب - ا ب - - .ا

مفعول مفاعلن مفاعیلْ

ئەم عالەمە پاکی بـــوو بە تۆفان(٣٩)

- - ب ا ب - ب - ا ب - - .ا

مفعولْ مفاعلن مفاعیلْ

لەم قالبەدا، دەشێ عەروون لەباتی مەقسوور، مەحزووف (فعولن) بێ، وەکو سالم دەڵێ:

جێی ئاوی حـــــەیاتە لەعلی لێوت

- - ب ا ب - ب - ا ب - - ا

مفعولْ مفاعلن فعولن

دوور ئەزلەبی هەرخەبیسی دوون باد(٤٠)

-- ب اب - ب - ا ب - - .ا

مفعول مفاعلن مفاعیلْ

۱٥-هەزەجی شەشیی ئەخرەبی مەقبووزی مەحزووف:

(مفعول مفاعلن فعولن)۲x. حاجی دەڵێ:

ئێستاکە جزیرە بێ موحابا

-- ب اب - ب - ا ب - - ا

مفعول مفاعلن فعولن

مەعموورەیی ئەووەلە لە دونیا(٤١)

-- ب ا ب - ب - ا ب - - ا

مفعول مفاعلن فعولن

پێی دووەمی لەتی دووەم دەبێ بخوێندرێتەوە(یی ئەووەلا)، چونکە ئەگەر(ا)ی کۆتایی بە (ە) بخوێندرێتەوەپێیەکە تووشی کەف دەبێ. لە قالبەکەشدا پێیەکە خۆی قەبزی چۆتە سەر، ناشبێ قەبزو کەف پێکەوە بچنە سەر یەك پێ، بۆیە لێرەدا دەبێ (ە)ی کۆتایی درێژ بکرێتەوە تا کێشەکە دروست ببێ.

سەرنج:

ئەو بەرهەمە چیرۆکییە درێژانەی کە بە کێشی شەشیی ئەخرەبی مەقبووز نووسراون، عەرووز و زەربیان هەموو لە نێوان دوو قالبی (١٤-١٥) واتە (مەقسوور و مەحزووف)دا دەخولێتەوە. وەکو مەم و زینی ئەحمەدی خانی و وەرگێڕانەکەی هەژار موکریانی.

١٦-هەزەجی چواریی تەواو:

(مفاعیلن مفاعیلن)۲x. جاهد دەڵێ:

فوغانی گوڵ لە بۆ بولبول لە پاش مردن دەوانادا(٤٢)

ب - - - ا ب - - - ا ب - - - ا ب - - - ا

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

قالبی تری هەزەج:

بێجگە لەم قالبانەی هەزەج، قالبێکی تر هەیە تایبەتییە بە چوارین و لە فارسیەوە وەرگیراوە. ئەویش هەمیشە هەرلەتێکی چوارپێیە و پێیەکانی بەم جۆرە دابەش بوونە:

پێی یەکەم ئەخرەبە(مفعولُ)، لە فارسیدا پێی یەکەم ئەخرەب یان (ئەخرەم)ە، بەلاّم لە کوردیدا پێی (ئەخرەم) مان نەدیوە. ئینجا پێی دووەم و سێیەم لە نێوان (مەکفووف- مفاعیل و مەقبووز- مفاعلن) دا دەخولێنەوەو پێی چوارەمیش لە نێوان (ئەبتەر-فعْ، ئەزەل-فاعْ، ئەهتەم-فعولْ، مجبوب-فَعَلْ)دا دەخولێنەوە.

وەکو هەژار دەڵێ:

ئای خۆزگە ببایە جێگە بۆ سانەوە یەك

-- ب ا ب-ب-ا ب-- ب ا ب-

مفعول مفاعلن مفاعیلُ فعل

لە م ڕێگەیە دوورە سوورو پێچ دانە وە یەك

--ب ا ب-ب- ا ب--ب ا ب-

مفعول مفاعلن مفاعیلُ فعل

سەد خۆزگە لە پاش نەمان وەکو سەوزە گیا

--ب ا ب-ب- ا ب-- ب ا-

مفعول مفاعلن مفاعیلُ فعْ

بکرایە لە گڵ هومێدی هەڵدانە وەیەك (٤٣)

--ب ا ب-ب- ا ب--ب ا ب-

مفعول مفاعلن مفاعیلُ فعلْ

سەرنج:

لە بەشی پێنجەمدا بە درێژی چوارین و کێشەکانی کراوە.

زیحاف و عیللەکانی هەزەج لە کوردیدا:

١-تەسبیغ: مفاعیلن ← مفاعیلان. حەمدی دەڵێ:

لە تاجی سەلتەنەت شەقڤێکی هەڵدا گەیە سەر سولتان

ب--ب ا ب--- ا ب--- ا ب---ا

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان

کە ئادابی گەدایی دی بە جێی هێنا دڵی قانیع (٤٤)

ب--- ا ب--- ا ب--- ا ب---ا

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

عەرووزتەسبیعی هاتۆتە سەر.

٢-كەف: مفاعیلن ← مفاعیلُ. نالی دەڵێ:

ئەستێرە هەمووی مەحوە لە نێو نووری قەمەردا

-- ب ا ب -- ب ا ب -- ب ا ب -- ا

مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن

یا شەمسی جەمالت شەوی گێڕاوە بە فـەردا (٤٥)

-- ب ا ب -- ب ا ب -- ب ا ب -- ا

مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن

پێی دووەم و سێیەمی هەردوو لەت کەفیان هاتۆتە سەر.

٣-قەبز: مفاعیلن ← مفاعلن. خانی دەڵێ:

ئەسحابی کەمالی پەردە پۆشن

-- ب ا ب - ب - ا ب -- ا

مفعولُ مفاعلن فعولن

ئەرپابی غەرەز د پــڕ فرۆشن (٤٦)

-- ب ا ب - ب - ا ب -- ا

مفعولُ مفاعلن فعولن

پێی دووەمی هەردوو لەت قەبزیان هاتۆتە سەر.

٤-خەرب: مفاعیلن ← مفعولُ. خانی دەڵێ:

ئەووەل کوتەدا ژعیشقی مەتلەع

-- ب ا ب - ب - ا ب -- ا

مفعولُ مفاعلن فعولن

ئاخیر بدە وی تو حوسنی مەقتەع (٤٧)

-- ب ا ب - ب - ا ب -- ا

مفعولُ مفاعلن فعولن

پێی یەکەمی هەردوو لەت (خەرب) یان هاتۆتە سەر.

٥-قەسر: مفاعیلن ← مفاعیلْ (فعولان). نالی دەڵێ:

لەبت میم و قەدت ئەلف و زولف چیم

ب --- ا ب --- ا ب --. ا

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلْ

دەزانــی بـەم سییانە تالیبی چـــیم (٤٨)

ب - - -   ا ب - ب -   ا ب - - ا

مفاعیلن   مفاعلن   مفاعیلْ

پێی سێیەمی هەردوو لەت (قەسر) یان هاتۆتە سەر. جگە لەمانە لە لەتی دووەمدا، پێی دووەمیش تووشی زیحافی قەبز هاتووە.بووە بە (مفاعلن ب - ب -).

٦-حەزف: مفاعیلن ← (مفاعی- فعولن). بێخود دەڵێ:

دڵم بۆ زولف و ڕووی جانانە ئەگری

ب - - -   ا ب - - -   ا ب - - ا

مفاعیلن   مفاعیلن   فعولن

مناڵە و بۆ گوڵ و ڕێحـــانە ئەگری (٤٩)

ب - - -   ا ب - - -   ا ب - - ا

مفاعیلن   مفاعیلن   فعولن

پێی سێیەمی لەتی یەکەم و لەتی دووەم، حەزفیان هاتۆتە سەر.

بەم جۆرە هەزەج لـە کوردیـدا، بـە هـەموو قالبـەکان ئـەم زیحـاف و عیللانـە وەردەگرێ: زیحـــاف (کـــەف و قـــەبز)، عیللـــە :(تەســـبیغ و قەســـر و حـــەزف)، عیللـــەی زیحافانە:(خەرب).جگە لە (بەتر و زەلەل و هەتم و جوب)کە تایبەتن بە چوارین و لـە فارسییەوە وەرگیراون.

دووەم: کێشی ڕەجەز:

وشەی ڕەجەز(الرجز) لە زمانی عەرەبیدا بە مانای ئەو وشترە هاتووە کە ڕانەکانی دەلەرنەوە. وەك زاراوەش بەو کێشە دەگوترێ کە لە بازنەی سێیەمدایە و پێیەکانی لە بازنەی خۆیدا بریتین لە :(مستفعلن مستفعلن مستفعلن) ×٢. بۆیە بەم کێشە گوتراوە ڕەجەز چونکە لەرزینی تێدایە، بۆیە لەرزینی تێدایە چونکە دەشێ هەریەکە لە پێیەکانی دوو تیپی لێ فڕێ بدرێ. یان چونکە سەرەتای هەر پێیەکی دوو سەبەبی سووکە. (ئیبن دورەید) گوتویەتی:لەبەر نزیکی پێیەکان و کەمی تیپەکان پێی گوتراوە ڕەجەز. ڕەجەز بەهەر شیعرێك دەگوترێ کە تیپەکانی کەم و دێرەکانی کورت بن. دەیشڵێن بۆیە وای پێگوتراوە چونکەعەرەب بە زۆری بە مەشتووری بەکاری دێنن کە سێ پێیەو لەمەوەش بە وشتری ڕاجیز چوێنراوە. ڕاجیز ئەو وشترەیە کە دەستێکی دەبەسترێ و بە سێ پەل دەمێنێتەوە (٥٠).

ڕەجەز یەکێکە لە کێشە هەرە سووک و ساناکان، سانایيەکەی(لەو گۆرانە باوەدایە کە بە سەر پێیەکانی دادێ، لەوانەش گۆڕانی عەرووزەکانی ، بۆیە لە هەموو کێشەکان لەبارترە بۆ شتی سەرپێیی و دەربڕینی دەم و دەست) (٥١) . ئەو گۆڕانە زۆرە وای کردووە لە پەخشان نزیک بێتەوە و هەر (لەبەر ئەمەشە پێی دەگوترێ کەری شیعر، یان کەری شاعیران) (٥٢) . ڕەجەز لە عەرەبیدا زۆر بەکار هاتووە، بەلاّم لە کوردیدا ئەگەرچی لە کێشە بەکار هاتووەکانە بەلاّم بەکار هاتنەکەی بەو زۆرییە نییە. ڕەجەز لە کوردیدا زۆر قالبی جۆراوجۆری هەیە. ئەمەش قالبەکان:

١-ڕەجەزی هەشتیی موززال:

(مستفعلن مستفعلن مستفعلان)×٢. جزیری دەلێ:

دیسا ژ نوو بێ حالە دل ساقی وەرین جاما زوجاج

-- ب - ا -- ب - ا -- ب - ا -- ب -.ا

مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلان

موشتاقی خەمرا ئالە دل، لێ خۆش ئانی بت میزاج (٥٣)

-- ب - ا -- ب - ا -- ب - ا -- ب -.ا

مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلان

لەم قالبەشدا دەشێ عەرووز لە باتی موززال، تەواو(مستفعلن) بێ. جزیری لە هەمان قەسیدە دا دەلێ:

هەتتا بنوورا بادەیی ڕەنگین نەکی سەجچادەیی

-- ب - ا -- ب - ا -- ب - ا -- ب - ا

مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن

دووری ژوی شەهزادەیی دوڕ دانەیا گەردن ژعاج (٥٤)

-- ب - ا -- ب - ا -- ب - ا -- ب -.ا

مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلان

٢-ڕەجەزی هەشتیی تەواو:

(مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن)×٢. جزیری دەلێ:

خەلقۆ لمن کـــــەن شیرەتێ ئەو دلبەرا زەڕڕین کەمەر

-- ب - ا -- ب - ا -- ب - ا -- ب - ا

مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن

من دی د حالی غەفلەتیٚ هات دەر ژ بورجیٚ وەك قەمەر (٥٥)

--ب- ا--ب- ا--ب- ا--ب-ا

مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن

لەم قالبەدا دەشیٚ، عەرووز موزال(مستفعلان)بیٚ. وەکو جزیری لە دیٚری دووەمی هەمان قەسیدە دا دەڵیٚ:

هات دەر ژ بورج و پەنجەران، دل گرت و دا بەر خەنجەران

--ب- ا--ب-. ا--ب- ا--ب-.ا

مستفعلن مستفعلان مستفعلن مستفعلان

ئەڤ ڕەنگە حالیٚ دلبەران، لەو عاشقان خوون بوون جگەر (٥٦)

--ب- ا--ب-. ا--ب-. ا--ب-ا

مستفعلن مستفعلان مستفعلان مستفعلن

٣-ڕەجەزی هەشتیی مەتوی مەخبوون:

(مفتعلن مفاعلن مفتعلن مفاعلن)٢x. جزیری دەڵیٚ:

خون کو ژ دلٚ بە مەوج بت ئەشکی ڕەوان مەتێنە خەت

-ب ب- اب-ب- ا-ب ب- اب-ب-ا

مفتعلن مفاعلن مفتعلن مفاعلن

نیل ژ دیدەیان دڕێت کەفتمە ناڤی شوبهی بـــەت (٥٧)

-ب ب- اب-ب-. ا-ب ب- اب-ب-ا

مفتعلن مفاعلان مفتعلن مفاعلن

٤-ڕەجەزی هەشتیی مەخبوون:

(مفاعلن مفاعلن مفاعلن مفاعلن)٢x. ئەسیری دەڵیٚ:

وتم بە گوڵشەنی وەتەن بە کێیە ئاوی ڕەنگو ڕووت؟

ب-ب-ا ب-ب-ا ب-ب- اب-ب-ا.

مفاعلن مفاعلن مفاعلن مفاعلن

وتی نموود و شیرینیم بە یادی شادی سەی تەها (٥٨).

ب-ب-ا ب-ب-ا ب-ب- اب-ب-ا

مفاعلن مفاعلن مفاعلن مفاعلن

ئەم کێشە لە دووبارەبوونەوەی پێی (مفاعلن) دروست بووە. (مفاعلن)یەکێکە لە پێیە نابنچینەییە موشتەبەهەکان، واتە دەشێ بپرێتەوە سەر زیاتر لە یەك پێی بنچینەیی.

(مفاعلن) دەشێ بە هۆی زیحافی خەبنەوە لە (مستفعلن) هاتبێ. بەمەش کێشەکە دەبێ بە کێشی ڕەجەزی مەخبوون. هەروەکو دەشێ (مفاعلن) بە هۆی زیحافی قەبزەوە لە (مفاعیلن)هاتبێ، بەمەوەش کێشەکە دەبێ بە کێشی هەزەجی مەقبوون یان بۆی هەیە (مفاعلن) بە هۆی زیحافی (وەقس)ەوە لە (متفاعلن) هاتبێ، بە مەوەش کێشەکە دەبێ بە کامیل، یان دەکرێ (مفاعلن) بە هۆی زیحافی عەقلەوە لە (مفاعلتن) هاتبێ و کێشەکە بەم بۆچوونە دەبێ بە وافیر. بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو ڕێ تێچوونەشدا، لە عەرەبی و فارسیدا ئەم کێشە براوەتەوە سەر ڕەجەز. ئیبن عەبباد، لە باسی زیحافەکانی ڕەجەزدا، نموونەی بۆ ڕەجەزی شەشیی مەخبوون هێناوە، واتە ئەم پێیەی بردۆتەوە سەر (مستفعلن)[59]. (قەیسی ڕازیش) لە باسی ڕەجەزی شەشیدا، (مفاعلن)دەباتەوە سەر (مستفعلن) و قالبێکی ڕەجەزی مەخبوون بە نموونە دێنینەوە[60]. خانلەریش لە زنجیرەی پێنجەمیدا کە زنجیرەی کێشە (١٦) برگەییەکانە، یەکەم کێشی، ڕەجەزی هەشتیی مەخبوونی نووسیوە، واتە ئەویش (مفاعلن)ی بردۆتەوە سەر (مستفعلن)[61]. لە کوردیشدا (بیمار) وەك لکێکی ڕەجەز باسی ئەم کێشەی کردووە[62]. هەر بۆیە ئێمەش کێشەکەمان بردەوە سەر ڕەجەز و بەلای بۆچوونەکانی تردا نەچووین.

<u>٥-ڕەجەزی شەشیی تەواو:</u>

<u>(مستفعلن مستفعلن مستفعلن)×٢.</u> نامی دەڵێ:

قوربانی تۆم ئەی سەروەری زیندوو دڵم

-- ب - | -- ب - | -- ب - |

مستفعلن مستفعلن مستفعلن

گیانم فیدات ئەی دڵبەری غونچە گوڵم[63]

-- ب - | -- ب - | - ب ب - |

مستفعلن مستفعلن مفتعلن

زەرب لێرەدا تەی هاتۆتە سەر و بووە بە (مفتعلن - ب ب -).

٦-ڕەجەزی چواری مورەففەل:

(مستفعلاتن مستفعلاتن)×٢. فانی دەڵێ:

ئەی بەختی نووستوو نووستن خەتایە

-- ب --   ا -- ب --

مستفعلاتن   مستفعلاتن

ئەم نووستنەی تۆ بۆ من بەڵایە(٦٤)

-- ب --   ا -- ب -- ا

مستفعلان   مستفعلان

لەم قالبەدا، دەبێ عەرووز و زەرب هەردووکیان حەرەکەی کۆتاییان ئیشباع بکرێ: (خەتایا/ بەڵایا).

٧-ڕەجەزی چواری مەخبوونی مورەففەل:

(مفاعلاتن مفاعلاتن)×٢. وەفایی دەڵێ:

نەخۆش و مەستی دو چاوی کاڵم

ب – ب --   ا ب – ب -- ا

مفاعلاتن   مفاعلاتن

حەقم بە دەســـتە ئەگەر بناڵم(٦٥)

ب – ب --   ا ب – ب -- ا

مفاعلاتن   مفاعلاتن

پێی یەکەمی لەتی دووەم دەبێ(ە)ی کۆتایی درێژ بکرێتەوە، ببێ بە (دەستا)، بۆ ئەوەی کێشەکەی تەواو دەربچێ.

٨-ڕەجەزی چواری تەواو:

(مستفعلن مستفعلن)×٢. فانی دەڵێ:

وەك بولبولی شەیدا دڵم

-- ب –   ا -- ب – ا

مستفعلن   مستفعلن

ئەمشۆ ئەناڵێ بۆ گوڵم(٦٦)

-- ب –   ا -- ب –

مستفعلن   مستفعلن

زیحاف و عیللەکانی ڕەجەزلە کوردیدا:

١-خەبن: مستفعلن ← (متفعلن- مفاعلن). ئەسیری دەڵێ:

وتم بـە خاکی پاکی کورد بـە کێ جوان و ڕێك ئەبێ؟

ب-ب- اب-ب- اب-ب- اب-ب-ا

مفاعلن مفاعلن مفاعلن مفاعلن

وتی شیرین و خۆش ئەبم لە سەر مورادی سەی تەها(٦٧)

ب-ب اب-ب- اب-ب- اب-ب-ا

مفاعلن مفاعلن مفاعلن مفاعلن

٢-تەی: مستفعلن ← (مستعلن-مفتعلن). سافی دەڵێ:

غونچەیی نەوبەهاری گوڵ دەرچو لە دەستی باخەوان

-ب ب- اب-ب- ا-ب ب-ا ب-ب-ا

مفتعلن مفاعلن مفتعلن مفاعلان

بـــولبولی دەردەداری دڵ زاری گەیشتە ئاســـمان(٦٨)

-ب ب- اب-ب- ا-ب ب-ا ب-ب-ا

مفتعلن مفاعلن مفتعلن مفاعلان

لە لەتی یەکەمدا، پێی یەکەم و سێیەم و لە لەتی دووەمیشدا هەر پێی یەکەم و سێیەم تووشی تەی هاتوون. عەرووزو زەرب مەخبوونی موززالن.

٢-تەرفیل: مستفعلن ← مستفعلاتن. جزیری دەڵێ:

ڕیسوایی عـیشقی تەنها نە ئەز بووم

--ب-- ا--ب--ا

مستفعلاتن مستفعلاتن

کەس دی زەمانان حوب بێ مەلامەت(٦٩)

--ب-- ا--ب--ا

مستفعلاتن مستفعلاتن

هەموو پێیەکانی تەرفیلیان هاتۆتە سەر.

٤-تەزییل (ئیزالە): مستفعلن مستفعلان جزیری دەڵێ:

شاهید هەزار ڕەنگخەمملین ڕەقس و سەما پێ کەمملین

-- ب -. ا-- ب -. ا-- ب - ا-- ب -.ا

مستفعلان مستفعلان مستفعلن مستفعلان

ئـیرۆ مـــــەلا ئەم سەد دلین ساقی وەرین جاما زجاج (٧٠)

-- ب - ا-- ب -. ا-- ب - ا-- ب -.ا

مستفعلن مستفعلان مستفعلان مستفعلان

پێی سێیەمی لەتی یەکەم و پێی یەکەمی لەتی دووەم نەبێ، ئەوانەی تر هەموو ئیزالە کراون.بەم جـۆرە لـە کوردیـدا، ڕەجەز دوو زیحـاف (خـەبن و تـەی) و دوو عیللـەی زیـاد (تەرفیل و تەزییل) وەردەگرێ.

٣-کێشی ڕەمەل:

وشەی ڕەمەل (الرمل) لە زمانی عەرەبیدا بە مانای چنینی حەسیر هـاتووە (٧١). هەروەکو بە مانای (ڕۆیشتنی خێرا هاتووە و ڕەمەلی تەواویش هەر لەوەوە هاتووە) (٧٢). وەك زاراوەیەکیش بـەو کێشە دەگوتـرێ کـە لـە بازنـەی سێیەمدایە و پێیەکانی لـە نـاو بازنەی خۆیدا بەم جۆرەیە:(فـاعلاتن فـاعلاتن فـاعلاتن)x٢. (بۆیە بـەم کێشە گوتـراوە (ڕەمەل) چونکە بە چنینی حەسیر دەچێ. (زەجـاجیش) گوتوویەتی بۆیـە ئـەم کێشـە ڕەمەلی پێ گوتراوە چونکە ڕەمەل ڕۆیشتنی خۆشە و کێشەکەش (فـاعلاتن)ی تێدا بـە دوای یەکدا دێ. دەیشلێن بۆیـە وای پـێ گوتـراوە چونکـە ئـەو جـۆرە گۆرانییـەی پێـی دەگوترێ ڕەمەل، لەسەر ئەم کێشە دەڕوا..) (٧٣). ڕەمەل لە عەرەبیدا کاتی خۆی زۆر باو نەبووە، پاشان پتر پەرەی پێدراوە.(ئاوازەکەی سووکە و پێیەکانی تـا حەز بکەی نەرمن. زۆرجار (فاعلاتن)بە خەبن دەبێ بە (فعلاتن) و هەر هەستیشی پێ ناکرێ. زایەلەکەی نەشوە و تەرەبی تێدایە) (٧٤).

لە کوردیـدا، ڕەمـەل یەکێکـە لـە کێشە زۆر بـەکارهاتووەکان. لـە جزیرییـەوە بگرەتـا نزیکترین شـاعیری ئـەم سـەردەمەمان کـە بـە کێشـی عـەرووزی شیعر دادەنێـن، هـەر هەموویان کێشی ڕەمـەلیان بـەکارهێناوە. ئـەم کێشە و کێشی هـەزەج لـە ڕیـزی هـەرە پێشەوەن لە زۆر بلاویدا. لـە ناو کێشە عەرووزییەکان (بە تایبەتی کێشەکانی هـەزەج و ڕەمەل زۆرتر پەیرەو کراون.) (٧٥) بە تایبەتی قالبی شەشیی مەحزووف (و مەقسوور)ی ئەم کێشە زۆر سووك و سوارە بۆ بابەتی درێژی وەکو چیرۆك گێڕانەوە و مەولوود و ئەمانە

لەبارە. هەر بۆیەش مەولوود نامەی باتەیی[76] (کە ٥٨٣دێرە) و مەولوود نامەی دەشتی (کە ٤١٤ دێرە) و بڕوانامەی دەشتی[77] کە (١٢٥ دێرە) و مەولوود نامەی مەلا خەلیلی موخلیس بەم کێشەیە داڕژاون.

کێشی ڕەمەل لە کوردیدا ئەم قالبانەی وەرگرتووە:

١-ڕەمەلی هەشتیی تەواو:

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن)×٢. جزیری دەڵێ:

پوڕ مـــــولازم دیم لیقایی، مامە حەتتا مولتەقایی

-ب - - ا - ب - - ا - ب - - ا - ب - - ا

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

من ڕحێ شیرین د دایی، هود هود ئـــــەر مزگین بدایی[78]

-ب - - ا - ب - - ا - ب - - ا - ب - - ا

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

لەم قالبەدا، دەشێ عەرووزیان زەرب، یان هەردووکیان تووشی کەف (فاعلاتُ) بن، جزیری دەڵێ:

دەم بدەم ئەوچەهڤە نێرە بێتە نیشانەك مەژێرە

-ب - - ا - ب - ب ا - ب - - ا - ب - ب ا

فاعلاتن فاعلاتُ فاعلاتن فاعلاتُ

دا ببت ئەو زیندە ڤێرە یـــــــاری سادیق بێ بوهایە[79].

-ب - - ا - ب - ب ا - ب - - ا - ب - ب ا

فاعلاتن فاعلاتُ فاعلاتن فاعلاتُ

پێیە جووتەکانی هەردوو لەت (٢،٤،٦،٨) کەفیان هاتۆتە سەر. ئەم قالبەکێشەی ڕەمەل نەختێ قورس و درێژە، بۆیە کەم بەکارهاتووە.

٢- ڕەمەلی هەشتیی مەقسوور:

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان)×٢. حەمدی دەڵێ:

هیچ کەسێ ناوی شکەنجەی پەرچەمی دڵبەر نەبات

-ب - - ا - ب - - ا - ب - - ا - ب - ا.

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان

با حەیای مەجمەر نەچێت و ئابڕووی عەنبەر نەبات (٨٠)

- ب - -   ا- ب - -   ا ـ ب - -   ا - ب ـ ١٠

فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلان

لەم قالبەدا ، عەرووز لە نێوان مەقسوور (نموونەی سەرەوە) و مەحزووف (فعولن) دا دەخولێتەوە . نموونەی عەرووزی مەحزووف وەکو حەمدی دەڵێ:

بەرگی تاقەی شینی سورمەی کردە بەر، ڕەنگە فەلەك

- ب - -   ا - ب - -   ا ـ ب - -   ا ب ب - ١

فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلاتن   فعلن

رووبپۆشێ، حورمەتی خۆی و مەه وو ئەختەر نەبات (٨١).

- ب - -   ا -ب - -   ا ـ ب - -   ا -ب - ١.

فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلان

عەرووز جگە لە حەزف، خەبنیشی هاتۆتە سەر.

۳- ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەقسوور:

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلان)×٢ جزیری دەڵێ:

دەستی قودرەت کوهلا ڤێت ژ بە ژنا تە نیقاب

- ب - - ا ب ب - - ا ب ب - - ا ب ب - ١٠

فاعلاتن   فعلاتن   فعلاتن   فعلان

ل جەمالا جەبەرووتی مەنەمان پەردە، حیجاب (٨٢)

ب ب - ا ب ب - ا ب ب - - ا ب ب - ١٠

فعلاتن   فعلاتن   فعلاتن   فعلان

لەم قالبەدا ، هەموو پێیەکان تووشی خەبن دەبن، تەنیا پێی یەکەمی هەر دوولەت نەبێ کە خەبنی تەوزیمی نییە و ئیختیارییە. هەر لەم قالبەدا دەشێ عەرووز لە باتی قەسر:

أ-حەزفی بێتە سەر، وەکو جزیری دەڵێ:

قەهوە یا تەلخ د گەل زەهری هەلا هیل ب دەری

- ب - - ا ب ب - - ا ب ب - - ا ب ب - ا

فاعلاتن   فعلاتن   فعلاتن   فعلن

مەژ دەستی تەمویارەك شەكر ئامێزە خوشاب (٨٣)

ب ب - - ا ب ب - - ا ب ب - - ا ب ب - ا.

فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلان

پێی سێیەمی لەتی دووەم دەبێ بخوێندرێتەوە (شەكرامێ) ، واتە هەمزەكە قووت بدرێ، ئەگەر نا پێیەكە دەبێ بە (مفاعیلن) و قالبەكە دادەلەنگێ.

ب-هەروەكو دەشێ ، عەرووزلە باتی قەسر، ئەسلەم (اصلم - فع لن) بێ: وەكو سالم دەڵێ:

ئاگری جـــــەوری لە خەرمانی وجـــوودم بەربوو

- ب - - ا ب ب - - ا ب ب - - ا - -

فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن

قورِبەسەر سالمی بێچارە لە دەست خوویی حەبیب (٨٤).

-ب - - ا ب ب - - ا ب ب - - ا ب ب - ا.

فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلان

سەرنج:

لەم قالبەی رەمەل و قالبی مەخبوونی مەحزووف یان مەخبوونی مەقسووری هەموو كێشەكانی تریش، دەشێ عەرووز (أصلم) بێ، بەمەوەش لەتی یەكەم یەك برگەی كەمتر دەبێ لە لەتی دووەم.

٤- رەمەلی هەشتیی مەحزووف:

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن) ×٢. سافی دەڵێ :

وردە خاڵی ئێستەكەش نازی لەسەر پەروین دەكا

-ب - - ا - ب - - ا - ب - - ا - ب - ا

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

چاوی بازی دائیما بازی بە ئاهووی چین دەكا (٨٥).

-ب - - ا - ب - - ا - ب - - ا - ب - ا

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

لەم قالبەدا دەشێ، عەرووزلە باتی حەزف، قەسری بێتە سەر، وەكو سافی دەڵێ:

وا لەتاو زولی فیراقت بێ هە واڵ و بێ مەکـــان

-ب - - ا - ب - - ا - ب - - ا - ب -.۱۰

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان

هاتمە دەرگای عەدالەت شاهو سولتانم ئەتۆی (۸٦)

-ب - - ا - ب - - ا - ب - - ا - ب - ا

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

٥- ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەحزووف:

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن) × ٢. سالم دەڵێ:

سونبولی توڕڕەکە پەرژینە بە پەهلوویی گـــوڵا

-ب - - ا ب ب - - ا ب ب - - ا ب ب ـا

فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

موو بە موو هەریەکە داوێکە لە ڕێی مورغی دڵا (۸۷)

-ب - - ا ب ب - - ا ب ب - - ا ب ب ـا

فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

لەم قالبەدا ، وادەبێ عەرووز جگە لە (مەخبوونی مەحزووف - فعلن):

أ-(مەخبوونی مەقسوور- فعلان) بێ ، سالم دەڵێ:

یار گلەی بوو لە دڵــــم چونکە نەسووتا لە فیراق

- ب - - ا ب ب - - ا ب ب - - ا ب ب - -

فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلانْ

لە قسەی ناحەقی ئەو (سالم) ی مسکین خەجلا (۸۸).

ب ب - - ا ب ب - - ا ب ب - - ا ب ب -

فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

لێرەدا ، پێی یەکەمی لەتی دووەمیش خەبنی هاتۆتە سەر. ئەمە دەشێ بەڵام وەکو خەبنی پێیەکانی تر لازم نییە.

ب-هەروەکو دەشێ ، عەروون ئەسلەم (اصلم) بێ . (فع لن) ، سالم دەڵێ:

نـــالّه ســـوودی نییه ســـالم لـــــه دلّی کافردا
-ب-- ا ب ب -- ا ب ب -- ا--ا
فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن
لــەب بدۆزە لە ئەلەم ئەم هەمو هاوارە عـــەبەس (٨٩)
-ب-ب ا ب ب --ا ب ب --ا ب ب -ا
فاعلاتُ فعلاتن فعلاتن فعلن

لێرەدا ، پێی یەکەمی لەتی دووەم کەفی هاتۆتە سەر(فاعلاتن ← فاعلاتُ).
ج-هەروەها دەشێ عەرووز، (ئەسلەم موسەببەغ - فع لان)بێ، وەکو سالم دەڵێ:

سیڕڕی نیکتەی دەهەنت چاکە نەزانێ قەنناد
-ب-- ا ب ب -- ا ب ب -- ا--ا
فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لان
نمـــــەك ئالوودە نەكەن با لە خەمیری نوقلا (٩٠)
ب ب-- ا ب ب-- ا ب ب-- ا ب ب-
فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

پێـی یەکـەمی لـەتی دووەم دەبـێ هەمزەکـەی قـووت بـدرێ و بخوێندرێتـەوە (نمەکالوو=ب ب - - =فعلاتن)، نەوەك کێشەکە لاسەنگدەبێ. هەروەکو زەریەکەی (نوقـلا)دەبـێ دەنگـی (ق)ی بـە قورسـی بخوێنرێتـەوە و بکرێتـە برگەیـەکی کورتـی سەریەخۆ.

٦-ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی ئەسلەم(أصلم):
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)×٢. زێوەر دەڵێ:

کێیە تا سەر لە فەزای دەرد و غەما بێ، مابێ
-ب-- ا ب ب -- ا ب ب -- ا--ا
فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن
ئەوە هەر کورده کە چاوی لە هەوابێ ، وابێ (٩١)
ب ب-- ا ب ب-- ا ب ب- ا--ا
فعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن

لەم قالبەدا، دەشێ عەرووز، لەباتی ئەسلەم :

أ-مەخبوونی مەحزووف بێ (فعلن) ، زێوەر دەڵێ:

وەرە مەیدانی هونەر گەر ئەتەوێ بەرزی وەتەن

ب ب - - ا ب ب - - ا ب ب - - ا ب ب-ا

فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

وەسلی مەحبوبە بە بێ ڕەنج و عیتابێ ، نابێ (٩٢)

- ب - - ا ب ب - - ا ب ب - - ا - - ا

فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن

ب-هەروەکو دەشێ، عەرووزلە باتی ئەسلەم ، مەخبوونی مەقسوور (فعلان) بێ، وەکو زێوەر دەڵێ:

ئەی وەتەن پەروەری تەن پەروەری پڕ لاف و گەزاف

- ب - - ا ب ب - - ا ب ب - - ا ب ب - ا٠

فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلان

ئـەسەری خزمەتی تۆ چین ، بە حـیسابێ، سابێ (٩٣)

ب ب - - ا ب ب - - ا ب ب - - ا - - ا

فعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن

٧- ڕەمەلی هەشتیی مەشکوول:

(فعلات فاعلاتن فعلات فاعلاتن) ٢x. نالی دەڵێ:

سەری هەردوو کوڵمی داخۆ گوڵی نەو بەهارە یاخۆ

ب ب - ب ا - ب - - ا ب ب - ب ا - ب - - ا

فعلات فاعلاتن فعلات فاعلاتن

تەرەفی نەهارە زولفی زولەفون مینە لـلـەیالی (٩٤)

ب ب - ب ا - ب - - ا ب ب — ب ا - ب - - ا

فعلات فاعلاتن فعلات فاعلاتن

٨- ڕەمەلی شەشیی موسەببەغ:

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتان) ٢x. بەختیار زێوەر دەڵێ:

وا گەلا ڕێزانـــە گیانە بۆ چەمـــەنزار

-ب - - ا - ب - ب ا - ب - - ا.

فاعلاتن فاعلاتُ فاعلاتان

هاژە هاژی بای خەزانە ڕوو بەڕووی شار (دیوانی بەختیار زێوەر ل ۱۹۸)

-ب - - ا - ب- ب ا - ب - - ۱۰

فاعلاتن فاعلاتُ فاعلاتان

۹- ڕەمەلی شەشیی مەکفووف:

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتُ)۲x. بەختیار زێوەر دەڵێ:

ئەو درەختانەی کە سەریان زۆر بڵندە

-ب - - ا - ب - - ا - ب-ب ا

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتُ

ئەو گوڵانەی ڕەنگو بۆیان زۆر پەسندە (دیوانی بەختیار زێوەر ل ۱۹۸)

-ب - - ا - ب - - ا - ب-ب ا

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتُ

۱۰- ڕەمەلی شەشیی مەقسوور:

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلان) ۲x. سالم دەڵێ:

گەرچەنی مەحشەر شەفیعم لا عیلاج

- ب - - ا - ب - - ا - ب- ۱۰

فاعلاتن فاعلاتن فاعلان

شادمانم پێت وەکو ڕاهیب بە خاچ (۹۵)

- ب - - ا - ب - - ا - ب- ۱.

فاعلاتن فاعلاتن فاعلان

لەم قالبەدا ، دەشێ عەرووز، لەباتی مەقسوور، مەحزووف بێ، وکو سالم لە هەمان هۆنراوەدا دەڵێ:

عومری عـاشق وەك وەفا نابوود ئەبێ

- ب - - ا - ب - - ا - ب- ا

فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

گەر بدەی بۆنەقدی جان ئەمری ڕەواج (۹۶)

- ب - - ا - ب - - ا - ب- ۱۰

فاعلاتن فاعلاتن فاعلان

١١- ڕەمەلی شەشیی مەخبوونی مەقسوور:

(فاعلاتن فعلاتن فعلان) ×٢. سالم دەڵێ:

غەبغەب و خاڵ و لەب و توڕڕەیی یار

- ب - - ا ب ب - - ا ب ب - ١٠

فاعلاتن فعلاتن فعلان

سونبول و سیب و بەنەفشە و گوڵنار (٩٧)

- ب - - ا ب ب - - ا - ب - ١٠

فاعلاتن فعلاتن فاعلان

دەشێ لەم قالبەدا، عەرووز، لەباتی مەقسوور، مەحزووف بێ. وەکو سالم دەڵێ:

تا لـــە لای یـــارە فەرەحنا کە دڵـم

- ب - - ا ب ب - - ا ب ب - ا

فاعلاتن فعلاتن فعلن

جێی لە گوڵزارە بە بێ فەسلی بەهار (٩٨)

- ب - - ا ب ب - - ا ب ب - ١٠

فاعلاتن فعلاتن فعلان

١٢- ڕەمەلی شەشیی مەحزووف:

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلن) × ٢ . ناری دەڵێ:

چاوەکەم کەی بێ زەمانێ زوو بە زوو

- ب - - ا - ب - - ا - ب ـا

فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

دابـــنیشین بێ غەمــی دڵ دوو بە دوو (٩٩)

- ب - - ا - ب - - ا - ب ـا

فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

لەم قالبەدا ، دەشێ عەرووز، لەباتی مەحزووف ، (مەقسوور - فاعلان) بێ. نـاری لە هەمان هۆنراوەدا دەڵێ:

دەفتەری ڕازی گلەی ڕۆژی فــیراق

- ب - - ا - ب - - ا - ب -١٠

فاعلاتن فاعلاتن فاعلات

بێتە مەیدانی بەیان و، موو بە موو (١٠٠)

- ب - -   ا - ب - -   ا - ب ـا

فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلن

١٣- ڕەمەلی شەشی مەخبوونی مەحزووف:

(فاعلاتن فعلاتن فعلن) ×٢. نالی دەڵێ:

پێچەیی پەرچەمی یو پرچی سییا

- ب - - ا ب ب - -   ا ب ب ـا

فاعلاتن   فعلاتن   فعلن

هەر دەڵێی مانگە شەوە کوڵمی تیا (١٠١)

- ب - - ا ب ب - -   ا ب ب ـا

فاعلاتن فعلاتن   فعلن

پێی دووەمی لەتی دووەم دەبێ بخوێندرێتەوە(گەشەواکوڵ= ب ب - - = فعلاتن)، واتە (ە) ی دوای (شەو) دەبێ درێژ بکرێتەوە، ئەوەك کێشەکە لەنگ دەبێ.

دەشێ لەم قالبەدا ، عەرووز، لەباتی مەخبوونی مەحزووف:

أ- مەخبوونی مەقسوور (فعلان) بێ، وەکو، نالی دەڵێ:

مەخمەرە هاوی یەیی هەولی فیراق

- ب - - ا ب ب - -   ا ب ب ـ١٠

فاعلاتن فعلاتن   فعلان

دەستی من دامەنی تۆ ڕۆژی قیا (١٠٢)

- ب - - ا ب ب - -   ا ب ب ـا

فاعلاتن فعلاتن   فعلن

ب-هەروەکو دەشێ، عەرووز، ببێ بە ئەسلەم (فع لن) ، هەروەکو نالی لە دێرێکی تری هەمان هۆنراوەدا دەڵێ:

خاتـــری زاهید و خاڵی خاڵی

- ب - -   ا ب ب - -   ا - - ا

فاعلاتن   فعلاتن   فع لن

نییه ئەلبـەتتە لـــە بینێکی ڕیا(١٠٣)

ب ب - - ا ب ب - - ا ب ب -ا

فعلاتن فعلاتن فعلن

١٤- ڕەمەلی شەشی مەخبوونی ئەسلەم:

(فاعلاتن فعلاتن فع لن) ٢x. جزیری دەڵێ:

لاتی حوسنی یو شەهی خووبانی

- ب - - ا ب ب - - ا - -ا

فاعلاتن فعلاتن فع لن

بخوە هەم خانی یو هەم خاقانی(١٠٤)

- ب - - ا ب ب - - ا - -ا

فاعلاتن فعلاتن فع لن

لەم قالبەدا دەشێ، عەرووز لە باتی ئەسلەم:

أ-(مەخبوونی مەحزووف-فعلن) بێ، جزیری دەڵێ:

بسوڕوو هەیبەت و سەهمی خوە پوڕی

ب ب - - ا ب ب - - ا ب ب -ا

فعلاتن فعلاتن فعلن

بـتەشینـــــت لبوتان ســـولتانی(١٠٥)

ب ب - - ا ب ب - - ا - -ا

فعلاتن فعلاتن فع لن

ب-دەشێ، عەرووز لە باتی ئەسلەم، (مەخبوونی مەقسوور-فعلان) بێ وەکو جزیری دەڵێ:

کاکولی بەرە بسەر خال و خەتان

- ب - - ا ب ب - - ا ب ب -ا٠

فاعلاتن فعلاتن فعلان

کوموسەلسەل بنومیت ڕەیحانی(١٠٦)

ب ب - - ا ب ب - - ا - -ا

فعلاتن فعلاتن فع لن

۱۵- ڕەمەلی چواری تەواو:

(فاعلاتن فاعلاتن) ۲x. لوتفی دەڵێ:

لایەقی زولم وجەفا خۆم   غەرقی دەریایی خەتا خۆم(۱۰۷)

- ب - -   ا - ب - -   - ب - -   ا - ب - -

فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلاتن

زیحاف وعیللەکانی ڕەمەل لە کوردیدا:

۱- خەبن : فاعلاتن   فعلاتن   فاعلاتن / فاعلن   فعلن (پاش حەزف) نالی دەڵێ

لەجگەر گۆشەیی شیعرم مەدە مەعنایی خەراپ

ب ب - -   ا ب ب - -   ا ب ب - -   ا ب ب - ا۰

فعلاتن   فعلاتن   فعلاتن   فعلاتْ

بێ خەتا کەس نییە ڕازی کە لە ئەولادی درێ(۱۰۸)

ب ب - -   ا ب ب - -   ا ب ب - -   ا ب ب - ا

فاعلاتن   فعلاتن   فعلاتن   فعلن

هەموو پێیەکان خەبنیان هاتۆتە سەر

۲- کەف: فاعلاتن -> فاعلاتُ فانی دەڵێ:

ئەم جیهانە هەروەکوو دەریایە عیرفان کەشـتییە

- ب - ب   ا - ب - -   ا - ب - -   ا - ب - ا

فاعلاتُ   فاعلاتن   فاعلاتان   فاعلن

قەومی بێ کەشتی لە بەحرا مەحووە ڕزگاری نییە(۱۰۹)

- ب - -   ا - ب - -   ا - ب - -   ا - ب - ا

فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلن

پێی یەکەمی لەتی یەکەم کەفی هاتۆتەسەر

۳- شەکل : (خەبن+ کەف) فاعلاتن   فعلاتُ. نالی دەڵێ:

بە مەلاحەتی تەکەللوم هەموزەم زەم و مەلیحی

ب ب - ب ا - ب - - ا ب ب - ب ا - ب - - ا

فعلاتُ   فاعلاتن   فعلاتُ   فاعلاتن

بەسەباحەتی تەبەسسوم هە موکەوسە روزولالی (١١٠)

ب ب- ب ا - ب- - ا ب ب-ب ا - ب - - ا

فعلات فاعلاتن فعلات فاعلاتن

لەم دێرەدا پێی (٧،٥،٣،١) تووشی شەکل هاتوون.

٤- حەزف: فاعلاتن ← (فاعلا -فاعلن). حاجی دەڵێ:

بەستەیی زولفی نیگارێکم ڕەسەن بازی دەکـا

-ب - - ا - ب - - ا - ب - - ا - ب -

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

سەففی موژگانی لە تابووری سوپای غازی دەکا (١١١أ)

-ب - - ا - ب - - ا - ب - - ا - ب - ا

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

٥-قەسر: فاعلاتن ← (فاعلاتْ- فاعلان). ناری دەڵێ:

سەد قوتوو ئەنواعی عەتری سەد لە شووشەی پڕ گولاو

-ب - - ا - ب - - ا - ب - - ا - ب -.ا

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان

سەد چەپك خونچە وەنەوشە نێرگزو ڕێـحانە هات (١١٢)

-ب - - ا ب ب- ب ا - ب - - ا - ب -.ا

فاعلاتن فعلاتُ فاعلاتن فاعلان

٦- سەلم (الصلم): فاعلاتن فع لن.

سەلم لە عەرەبیدا بریتییە لە فرێدانی وەتەدی بلاو و تەنیا دەچێتە سەر یەك پێ. ئەویش (مفعولاتُ) ی کێشی سەریعەو دەیکا بە (مفعو) و دەگۆڕێ بۆ (فع لن)(١١٣).

بەلام لە فارسیدا سەلم شتێکی ترە، (سەلم لە فاعلاتن ئەوەیە کە سەبەبەکەی کۆتـایی فڕێ بدرێ و وەتەدەکەی (قـەتع) بکرێ و قـەتعیش لـە وەتـەکاندا وەکو قەسر وایـە لـە سەبەبەکان، واتە ساکینەکەی فڕێ بدەی و پێش ساکینەکەی ساکین بکەی، بەمەوە لە (فاعلاتن) دا، (فاعلْ) دەمێنێتەوە بە وەستانی لام و (فع لن) ی دەخرێتە جێ)(١١٤).

لەکوردیشدا سەلم ئەوەیە لە فارسیدا هاتووە و (فـاعلاتن) دەکا بـە (فـاعلْ -فـع لـن) حاجی دەڵێ:

داغی کردم بە جەفا لا لە ڕوخێ زیبایێ
-ب - - ا ب ب - - ا ب ب - - ا - - ا
فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن
پیری کردم بەستەم لا مەزەبێ تەرسایێ (١١٥)
-ب - - ا ب ب - - ا ب ب - - ا - - ا
فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن

٧- تەسبیغ: فاعلاتن← فاعلاتان، فع لن ← فع لان. جزیری دەڵێ:

موحبەتا مەحبووب ولاتان پوڕ ڤەکر زێوەر سیفاتان
-ب - - ا - ب - ٠ ا - ب - - ا - ب - - ا ٠ ا
فاعلاتن فاعلاتان فاعلاتن فاعلاتان
دایە قەلب و ڕۆح و زاتان ڕۆژ د میرئاتی خویایە (١١٦).
-ب - - ا - ب - ٠ ا - ب - - ا - ب - ب ا
فاعلاتن فاعلاتان فاعلاتن فاعلاتُ

بەمە وەدەر دەکەوێ ڕەمەل لە کوردیدا زیحافی (خەبن و کەف و شەکل) و عیللەی (حەزف و قەسرو سەلم و تەسبیغی) دەچێتە سەر.

٤- سەریع:

وشەی سەریع لە زمانی عەرەبیدا بە مانای لەزو خێرا هاتووە.وەکو زاراوەیەکی عەرووزیش بۆ ئەو کێشە بەکاردێ کە لە بازنەی چوارەمدایەو پێیەکانی بریتین لە: (مستفعلن مستفعلن مفعولات) ٢x.

بەڵام نە لەعەرەبی و نە لە فارسی و نەلە کوردیدا بەو جۆرە، واتە بە تەواوی، بەکار نەهاتووە. پێی کۆتایی هەمیشە گۆڕانی هاتۆتە سەر.

خەلیل گوتوویەتی: (بۆیە بەم کێشە دەگوترێ سەریع چونکە لەسەر زمان خێرایە. لە هەرسێ پێیەکاندا حەفت سەبەب کۆبوونەتەوە ، چونکە سەرەتای وەتەدی بلاویش هەروەکو سەبەب وایە. سەبەبیش لە وەتەد سووکترە) (١١٧). ئەم سەبەب زۆرییەش وای لێ کردووە (لە خەتابە نزیکترە تا لە شیعر) (١١٨). ئەمە سەریعی تەواو، خۆ لە عەرەبیدا سەریعی مەشتوور هەر زۆر بەلای ڕەجەزدا دەشکێتەوە . سەریع (بە نۆری لای ڕەجەزەکان، یان ئەو شاعیرانەی ڕەجەز زۆر بەکاردێنن، بەرچاو دەکەوێ. زۆر

جاریش بەم مەشتوورەی سەریع هەر دەگوترێ ڕەجەز...)[119]. هەر ئەم نزیکبیەی سەریع و ڕەجەزیشە وای لە (د. عبدالله الجذوب) کردووە بڵێ:

(سەریع لە ڕەجەز وەرگیراوە)[120]. سەریع لە کوردیشدا بەکار هاتووە بەڵام بە زۆری نا، جزیری و خانی و حاجی وەفایی و زێوەر و فانی بەکاریان هێناوە.

کێشی سەریع لە کوردیدا ، ئەم قالبانەی هەیە:

١- سەریعی شەشیی (مەتوی مەکشووف):

(مستفعلن مستفعلن فاعلن)×٢. نامی دەڵێ :

بەیداخی دینم دینی تۆ، چاوەکەم

- - ب- ا - - ب- ا - ب ـا

مستفعلن مستفعلن فاعلن

گوڵباخی ژینم ژینی تۆ، چاوەکەم[121]

-- ب- ا - - ب- ا - ب ـا

مستفعلن مستفعلن فاعلن

لەم قالبەدا، تەی تەنیا دەچێتە سەر دوا پێی لەتەکان، بۆیە (مەتوی مەکشووف) خراوەتە ناو کەوانە.

٢- سەریعی شەشیی مەتوی مەکشووف:

(مفتعلن مفتعلن فاعلن) × ٢. فانی دەڵێ:

ڕوو لە تەفننون کە نەزانیت نەوێ

-ب ب- ا - ب ب- ا - ب - ا

مفتعلن مفتعلن فاعلن

یاری بەدوو جاهیلی جانیت نەوێ[122]

- ب ب- ا - ب ب- ا - ب - ا

مفتعلن مفتعلن فاعلن

لەم قالبەدا ، دەشێ ، عەرووز لە باتی (مەتوی مەکشووف- فاعلن). (مەتوی مەوقووف فاعلانْ) بێ، وەکو وەفایی دەڵێ:

جانی عەزیزم! بەسەری زولفی خاو

- ب ب- ا - ب ب- ا - ب - ٥ ا

مفتعلن مفتعلن فاعلان

یوسفی دڵ چی لە زیندان مــەکە(١٢٣)

- ب ب ـ ا ـ ب ب ـ ا ـ ب ـ ا

مفتعلن مفتعلن فاعلن

زەریەکە بە حەرەکە کۆتایی هاتووە و حەرەکەکە ئیشباع کراوە.

٣-سەریعی شەشیی مەتوی مەوقووف:

(مفتعلن مفتعلن فاعلان) ٢x. جزیری دەڵێ:

دل ژ عیلاجێ کو بدەرکەت میزاج

- ب ب ـ ا ـ ب ب ـ ا ـ ب ـ ١٠

مفتعلن مفتعلن فاعلان

دێ ژ لە بێ نوش عەتابت عیلاج(١٢٤)

- ب ب ـ ا ـ ب ب ـ ا ـ ب ـ ١٠

مفتعلن مفتعلن فاعلان

دەشێ لـەم قالبـەدا ، عـەرووزلـە بـاتی (مـەتوی مـەوقووف- فـاعلانْ) (مـەتوی مەکشووف ـ فاعلن) بێ. جزیری لە دێرێکی تری هەمان هۆنراوەدا دەڵێ:

ژاڤێ حەیاتێ بمەدا شەربـە تە ك

- ب ب ـ ا ـ ب ب ـ ا ـ ب ـ

مفتعلن مفتعلن فاعلن

زیندەکرین ما ژ عەدوورا نە شاج(١٢٥)

- ب ب ـ ا ـ ب ب ـ ا ـ ب ـ ١٠

مفتعلن مفتعلن فاعلان

زیحاف و عیللەکانی سەریع لە کوردیدا:

١- تەی:

مستفعلن ← (مستعلن -مفتعلن)، (مفعولاتُ) دوای وەقف کە دەبێ بە (مفعولاتْ)، تەی دێتە سەر و دەبێ بە (مفعلاتْ) و دەگۆڕێ بۆ (فـاعلانْ). یـان دوای کەشف کە دەبێ (مفعولا)، تەی دێتە سەر و دەبێ بە (مفعلا) و دەگۆڕێ بۆ (فاعلن). وەکو جزیری دەڵێ:

من نەزەرەك حوسن و جەمالا تەکر

- ب ب ـ ا ـ ب ب ـ ا ـ ب ـ ا

مفتعلن مفتعلن فاعلن

ئایینەیەك دی م ژنوورا جە لیل (١٢٦)

- ب ب - ا - ب ب - ا - ب -.ا

مفتعلن مفتعلن فاعلان

٢-خەبن: مستفعلن ← (متفعلن-مفاعلن). نامی دەڵێ:

ڕوحم فیدای نووری زیـا، چاوەکەم

-- ب - ا -- ب - ا - ب -

مستفعلن مستفعلن فاعلن

لە عیشقی تۆ چوومە چیا چاوەکەم (١٢٧)

ب - ب - ا - ب ب - ا - ب -ا

مفاعلن مفتعلن فاعلن

پێی یەکەمی لەتی دووەم خەبنی هاتۆتە سەر.

٣- کەشف:

(مفعولاتُ مفعولا) ، لەم کێشەدا هەمیشە دوای (کەشف)، (تەی) دێتە سەر و دەبێ بە (مفعُلا) و دەگۆڕێ بۆ (فاعلن). وەکو، فانی دەڵێ:

ژینی بەشەر فەخرە لەگەڵ عیلم و فەن

- ب ب - ا - ب ب - ا - ب -ا

مفتعلن مفتعلن فاعلن

بولبولە زاناو وزەمین وەك چــــەمەن (١٢٨)

- ب ب - ا - ب ب - ا - ب - ا

مفتعلن مفتعلن فاعلن

٤- وەقف: مفعولاتُ مفعولاتْ.

(مفعـولاتُ)لـەم کێشـەدا هەمیشـە دوای (وەقـف)، (تـەی) دێتـە سـەر و دەبـێ بـە (مُفْعلاتْ) وەگۆڕێ بۆ (فاعلاتْ -فاعلان).

واتـە : سـەریع لـە کوردیـدا دوو زیحـاف (خـەبن وتـەی) و دوو عیللـە (کەشـف و وەقف)ی دەچێتە سەر.

٥- کێشی خەفیف:

وشـەی خـەفیف (الخفیـف) لـە زمـانی عـەرەبیدا بـە مانـای سـووك هـاتووە و وەك زاراوەیەکی عەرزووزیش بۆ ئەو کێشە بەکاردێ کە لە بازنەی چوارەمدایە و پێیەکانی لە بازنەی خۆیدا بەم جۆرەن:-

(فاعلاتن مستفع لن فاعلاتن) ٢x.

له زاری (خەلیلی) دەگێڕنەوە ، گوایە (بۆیە ئەم کێشە ناوی لێ نراوە خەفیف چونکە لە هەموو حەفتییەکان سووکترە) (١٢٩) . سووکییەکەیشی لەبەرئەوەیە کە (سێ سەبەبی تێدا بەدوای یەکدا دێن، چونکە تیپی یەکەم و دووەمی وەتەدی بلاویش دەنگی سەبەبی سووك دەدەن کە دوای دوو سەبەبی سووك دێن، سەبەبیش لە وەتەد سووکترە...) (١٣٠) . خەفیف یەکێکە لەو کێشانەی لە عەرەبیدا جێگایەکی دیاری هەیە(خەفیف کێشێکی بە ویقارە و ناسکیشە ، ئەگەر وەکو تەویل سەنگین و بە ویقار نەبێ و وەکو مونسەریح نەرم و داشکاو نەبێ، ئەوە لە هەرخەسیەتێکی ئەم دوو کێشە هەندێکی تێدایە ، بۆیە چۆن بۆ بابەتی دلێری و شانازی و شتی وا دەست دەدا هەرواش بۆ بابەتی ناسکی وەکو غەزەل و شیوەن و ئەم بابەتانە دەشێ) (١٣١) .

لە کوردیدا ئەم کێشە زۆر بەکارهاتووە و گەلێ شاعیر شیعریان پێ داناوە وەکو جزیری ، حاجی ، شیخ ڕەزا،حەمدی ، بێخود ، شاهۆ، گۆران، ئەسیری ، سالم، خادیم، شاکەلی ، سەفوەت، میرزاغەفوور، تاهیر فوئاد ، فانی.....

(حاجی قادری‌کۆیی لە شاعیرانی دی زیاتر ئەم کێشەی هەڵبژاردووە، بە تایبەتی لە هەڵبەستە جووت پاشبەندەکاندا. ئەم هەڵبژاردنەشی لە دووربینی و شارەزاییەوە بووە، چونکە ئەم هەڵبەستە درێژانە زیاتر بەم کێشە کورتە، کە یازدە برگەیین، چاکتر هەڵدەستن) (١٣٢) .

ئەم کێشە چ بە کورتی بێ کە (١٠-١١) برگەیە و چ بە زۆری برگەی درێژ بێ، لە کێشی خۆمالییەوە نزیکە و هەرئەوەشە وای کردووە زۆر بەکار بێ . ئەمەش هەندێ قالبی خەفیف لە شیعری کوردیدا:

١- خەفیفی شەشیی مەخبوونی مەقسوور:

(فاعلاتن مفاع لن فعلان) ٢x. سالم دەلێ:

غەم وەکو کوە تەن زەعیف و نزار
-ب--ا ب-ب- اب ب- ١٠
فاعلاتن مفاع لن فعلان
دلێ یەکێ غائیلەی زەمانە هەزار (١٣٣)
-ب--ا ب-ب- اب ب- ١٠
فاعلاتن مفاع لن فعلان

لەم قالبەدا، عەرووز لە باتی مەقسوور :

أ-دەشێ ئەسلەم (فع لن) بێ، سالم لە دێرێکی تری هەمان هۆنراوەدا دەڵێ:

والە سەر بانی مەیکــەدە ڕاهیب

-ب - - ا ب - ب ب ا - ا

فاعلاتن مفاع لُ فع لن

ئەم کــەلامە دەڵێ بە نالەیی زار (١٣٤)

-ب - ب ا ب - ب - اب ب - ١٠

فاعلاتُ مفاع لن فعلان

پێی دووەمی لەتی یەکەم خەبن و کەفی هاتۆتە سەر (نی مەیکەدە= ب - ب ب = مفاع لُ)، کە بە هەردووکیان (شەکل) دروست دەکەن. پێی یەکەمی لەتی دووەمیش تووشی (کەف) هاتووە.

ب-هەروەکو دەشێ، عەرووز (ئەسلەم موسەببەغ -فع لان) بێ،وەکو سالم لەهەمان هۆنراوەدا دەڵێ:

بەحەقیقەت جــــهانی بێ بونیاد

ب ب - - ا ب - ب - ا - - ١٠

فعلاتن مفاع لن فع لان

نییەتی بۆ کەسێ سوبات و قەرار (١٣٥)

ب ب - - ا ب - ب - ا ب ب - ١٠

فعلاتن مفاع لن فعلان

پێی یەکەمی لەتی یەکەم و دووەمی تووشی خەبن هاتوون.

ج-هەروەها ، دەشێ عەرووزەکەی (مەخبوونی مەحزووف -فعلن) بێ، خادیم دەڵێ:

ســـــاقیا لەم شەرابەیەم بــدەرێ

- ب - - ا ب - ب - ا ب ب - ا

فاعلاتن مفاع لن فعلن

کەنەکەم فەرقی هەر نشێوو و فــراز (١٣٦)

ب ب - - ا ب - ب - ا ب ب - ١٠

فعلاتن مفاع لن فعلان

پێی یەکەمی لەتی دووەم خەبنی هاتۆتە سەر. بەم جۆرە ئەم قالبەی خەفیف کە لە سەر زەربی (مەخبوونی مەقسوور- فعلان) دامەزراوە، عەرووزەکانی لە نێوان (فعلن، فعلان، فع لن ، فع لان) دا دەخولێتەوە.

۲- خەفیفی شەشیی مەخبوونی مەحزووف:

(فاعلاتن مفاع لن فعلن) ۲x. حاجی دەڵێ:

عولەمامان بە قەولی بێ سەرو پـا
ب ب - - ا ب- ب- ا ب ب - ا
فعلاتن مفاع لن فعلن
پاکی خنکا لە بەحری وشکی هەوا (۱۳۷)
- ب- - ا ب- ب- ا ب ب - ا
فاعلاتن مفاع لن فعلن

لەم قالبەدا، عەرووز لە باتی (مەخبوونی مەحزووف-فعلن):

أ-دەشێ (مەخبوونی مەقسوور-فعلان) بێ. شێخ ڕەزای تالەبانی دەڵێ:

شەو کە دێم دەم دەکاتەوە وەکو هار
- ب- - ا ب- ب- ب ب ا ب ب - ا ۰
فعلاتن مفاع لُ فعلان
وا ئەزانم سەگە و بە من ئە حە پێ (۱۳۸)
- ب- - ا ب- ب- ا ب ب - ا
فاعلاتن مفاع لن فعلن

پێی دووەمی لەتی یەکەم شەکل (خەبن + کەف)ی هاتۆتە سەر. (مستفع لن) بووە بە (متفع لُ) و (مفاع لُ)ی خراوەتە شوێن.

ب-دەشێ، عەروون (ئەسلەم -فع لن) بێ، وەکو، بێخود دەڵێ:

لەعل و زمڕووت و گەوهەری ئێمەن
- ب- - ا ب- ب- ا - - ا
فاعلاتن مفاع لن فع لن
زیخ و بەردی کەژوو چیایی وەتەن (۱۳۹)
- ب- - ا ب- ب- ا ب ب - ا
فاعلاتن مفاع لن فعلن

ج-دەشێ عەرووز (ئەسلەم موسەببەغ -فع لان) بێ، وەکو بێخود دەڵێ:

دوڕڕو مەرجان وکارەبای کوردان

- ب - - ا ب - ب - ا - - ا.

فاعلاتن مفاع لن فع لان

(١٤٠)

نیرگسە و لالەیەو گیایـی وەتەن

- ب - - ا ب - ب - ا ب ب - ا

فاعلاتن مفاع لن فعلن

ئەم قالبەی خەفیف کە لەسەر زەربی (مەخبوونی مەحزووف-فعلن) هاتووە، عەرووزی لەنێوان (فعلن، فعلان، فع لن، فع لان) دەخولێتەوە.

٣- خەفیفی شەشیی مەخبوونی ئەسلەم:

(فاعلاتن مفاع لن فع لن) × ٢. سالم دەڵێ:

قەت تەواو نابێ ئارەزووی یارم

- ب - - ا ب - ب - ا - - ا

فاعلاتن مفاع لن فع لن

ئاخیری عومرە ئەو وەلی کارم(١٤١).

-ب - - ا ب - ب - ا - -

فاعلاتن مفاع لن فع لن

لەم قالبە کێشەدا، عەرووز لەباتی ئەسلەم:

أ- دەشێ (ئەسلەم موسەببەغ- فع لان) بێ، وەکو سالم دەڵێ:

گڕی بەست دڵ بەشەو لە نەشئەی ڕام

ب ب - - ا ب - ب - ا - - ا ٠

فعلاتن مفاع لن فع لان

(١٤٢)

هات و چوو بوو لە مەستییا هە رسوو

- ب - - ا ب - ب - ا - - ا

فاعلاتن مفاع لن فع لن

ب-هەروەکو دەشێ عەرووزەکەی (مەخبوونی مەحزووف- فعلن) بێ، سالم دەڵێ:

شاپەڕی دا لە دڵ خەرووسی سەحەر

- ب - -   ا ب - ب -   ا ب ب - ا

فاعلاتن   مفاع لن   فعلن

وای غوبـاری کە د وورەتم جـــادوو (١٤٣)

- ب - -   ا ب - ب -   ا - - ا

فاعلاتن   مفاع لن   فع لن

ج-هەروەها دەشێ عەرووزکەی، (مـەخبوونی مەقسوور-فعـلان) بێ. سالم لـە هەمان هۆنراوەدا دەڵێ:

بازئەگەر ڕێی نییە بە توڕڕەیی یار

- ب - -ا ب - ب -   ا ب ب - ا ٠

فاعلاتن   مفاع لن   فعلان

بۆ دەماغم بە بۆی موعەتتەر بوو (١٤٤)

-ب - -   اب - ب - ا - - ا

فاعلاتن   مفاع لن   فع لن

پێـی دووەمـی لـەتی یەکـەم دەبێ بخوێندرێتـەوە (نییـا بـەتووڕ)نـەوەك كێشـەکە دەرناچێ. لـەم قالبەدا، کە زەربەکەی ئەسلەمە، عەرووزەکانی لـەنێوان (فعلن، فعلان، فع لن، فع لان)دەخولێنەوە.

٤- خەفیفی شەشیی مەخبوونی ئەسلەمی موسەببەغ :

فاعلاتن مفاع لن فع لان ٢x.قانیع دەڵێ:

کـوردە بڕوانە عالەمی ئیجاد

-ب - - اب -ب - ا- -١٠

فاعلاتن   مفاع لن   فع لان

هەرلە مەبدەء هەتاوەکو میعاد (١٤٥)

-ب- - اب -ب - ا - - ١٠

فاعلاتن   مفاع لن   فع لان

لەم قالبەدا،عەرووزەکەی جگە لە (ئەسلەم موسەببەغ):

أ- دەشێ ئەسلەم (فع لن) بێ، وەکو قانیع لە هەمان هۆنراوەدا دەڵێ :

قانیعا بەزمی شێخ وەکو ئاگر
- ب- - اب -ب- ا - - ١
فاعلاتن مفاع لن فع لن
هەڵگرا تازەچی ئەکەی فەریاد (١٤٦)
-ب - - اب - ب- ا - - ١٠
فاعلاتن مفاع لن فع لان

ب-هەروەکو دەشێ عەرووزەکەی (مەخبوونی مەحزووف-فعلن)بێ.
خادیم دەڵێ:

دەورەیی حـــادیس وو زەمانی قیدەم
-ب - - اب -ب- اب ب - ا
فاعلاتن مفاع لن فعلن
هەردو لەم بەحری نوورەیەك گەرداب (١٤٧)
- ب- - اب - ب- ا - - ١٠
فاعلاتن مفاع لن فع لان

جـ-هـەروەکو دەشـێ، عەرووزەکـەی مـەخبوونی مەقسـوور(فعـلا ن) بـێ.
حەمدی دەڵێ:

ئەهلی بالا کە پێی ئەڵێن مەلەکووت
- ب- - اب - ب - اب ب - ا.
فاعلاتن مفاع لن فعلان
لـــە بەلای لابەلا کە وە ك لابـوون (١٤٨)
ب ب - - اب- ب- ا- - ١٠
فعلاتن مفاع لن فع لان

پێی یەکەمی نیوەی دووەم زیحافی خەبنی هاتۆتە سەر.

زیحاف و عیللەکانی خەفیف:

١- خەبن :

فاعلاتن← فعلاتن، مستفعلن ← متفعلن (مفاعلن).حاجی دەڵێ:

حـــەز دەكەی تێبگەی لە بێدینی
- ب - اب - ب - ا - - ا
فاعلاتن مفاع لن فع لن
ببە دەروێشی شێخەكان بە هەوەس (١٤٩)
ب ب - - اب - ب - . اب ب - ا
فعلاتن مفاع لان فعلن

پێی دووەمی هەردوو لەت تووشی خەبن هاتوون. لە هەردووكیاندا (مستفعلن) بووە بە (مفاع لن). پێی یەكەمی لەتی دووەم خەبنی هاتۆتە سەر (فاعلاتن) بووە بە (فعلاتن). پێی كۆتاییش پاش حەزف تووشی خەبن بووە (فاعلن) بووە بە (فعلن)

٢-قەسر: فاعلاتن ←(فاعلاتْ -فاعلان) . خادیم دەڵێ:

ئەی سەبا تۆش لە خاكی دەرگەهی یار
-ب - - اب - ب - اب ب - ١٠
فاعلاتن مفاع لن فعلان
بێنە تـــۆزی غوباری سورمـــــەیی ناز (١٥٠)
- ب - - اب - ب - ا ب ب - ١٠
فاعلاتن مفاع لن فعلان

عـەرووز و زەرب، هـەردووكیان قەسریان هاتۆتـە سـەر (فـاعلان)، لەگـەڵ قەسر خەبنیشیان هاتۆتە سەر (فعلان).

٣-حەزف: فاعلاتن ←(فاعلا -فاعلن) . بێخود دەڵێ:

بێ شرینقەی برایەتی هە رگیز
- ب - - اب - ب - ا - - .ا
فاعلاتن مفاع لن فع لان
نی یە چارەی مەلاریا یی وەتەن (١٥١)
ب ب - - اب - ب - اب ب - ا
فعلاتن مفاع لن فعلن

زەرەب تووشی حەزف بووە، (فاعلاتن - فاعلن)، ئینجا (فـاعلن) خـەبنی هاتۆتە سەر، بووە بە (فعلن)

٤- سەلم: (فاعلاتن ← فع لن) . حاجی دەڵێ:

ئەم قسەی ئێستە عەیبی لێ دە گرن
-ب - - اب - ب - ا - - ا
فاعلاتن مفاع لن فع لن
(۱٥۲)
ئەو دەمەش دێ کە ئێوە بۆی دەمرن
- ب - - اب - ب - ا - - ا
فاعلاتن مفاع لن فع لن

عەرووز و زەرب ، هەردووکیان تووشی سەلم هاتوون، بوون بە (فع لن).

٥-تەسبیغ : لەم کێشەدا، فاعلاتن دوای ئەوەی سەلمی دێتە سەر و دەبێ بە (فع لن)، (فع لن) تووشی تەسبیغ دەبێ . واتە تیپێکی وەستاوی لە کۆتایی زیاد دەکرێ و دەبێ بە (فع لان). حاجی دەڵێ:

حاکم و میرەکانی کوردستان
-ب - - اب - ب - ا - - .ا
فاعلاتن مفاع لن فع لان
(۱٥۳)
هەر لە بۆتانەوە هە تا بابان
-ب - - اب - ب -ا - - ۱۰
فاعلاتن مفاع لن فع لان

عەرووز و زەرب، پاش سەلم (فع لن) تەسبیغیان هاتۆتە سەر و بوون بە (فع لان).
پێی دووەمی لەتی دووەمیش دەبێ بخوێندرێتەوە (نەوا هەتا =ب - ب -)، واتە (ە)ی (نەوە) درێژ بکرێتەوە بۆ(ا) نەوەک کێشەکە دروست نایە.

بەمە دیارە زیحا ف و عیللەکانی کێشی خەفیف بریتین لە : یەک زیحاف (خەبن) و چوار عیللە (قەسر، حەزف، سەلم، تەسبیغ).

٦- کێشی موزاریع :

وشەی موزاریع(مضارع) لە عەرەبیدا بە مانای بێ چوون هاتووە، وەك زاراوەیەکیش بۆ ئەو کێشە بە کار دێ کە لە بازنەی چوارەمدایەو پێیەکانی لە ناو بازنەی خۆیدا بەم جۆرەیە:

(مفاعیلن فاع لاتن مفاعیلن) x ۲.

(خەلیل)گوتوویەتی: بۆیە بەم کێشە گوتراوە موزاریع (چونکە لە موقتەزەب دەکا...)(١٥٤). یان بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە بە کێشی خەفیف دەچێ، لەوەوە کە یەکێ لە دوو پێیەکانی وەتەدی کۆیە و ئەویتر وەتەدی بڵاوە، دەیشڵێن بۆیە وای پێ گوتراوە چونکە بە هەزەج دەچێ لە پێیەکان و لە پێشکەوتنی وەتەد لە سەبەبدا. یان چونکە بە مونسەریح دەچێ لەوەی کە وەتەدی بڵاوی لەپێی دووەمدایە. (زەجاجیش) گوتوویەتی: بۆیە وای پێ‌دەگوترێ چونکە بە موجتەس دەچێ‌لە حالەتی قەبز دا(١٥٥).

ئەم کێشە لەعەرەبیدا بەتەواوی بەکارنەهاتووە، تەنیا بەمەجزووئی بەکارهاتووە، واتە بەچوار پێیی، ئەویش پاش ئەوەی کەفیان دێتە سەر. (مفاعیلُ فاع لاتُ). ئەم کێشە لە کێشە بەکارنەهاتووەکانە لە عەرەبی، (ئەبو عەلای مەعەرری) دەڵێ: موزاریع لەداهێنانی خەلیل خۆیەتی، چونکە دەڵێ ئەم کێشە لە عەرەبان نەبیستراوە(١٥٦). لەبەر کەم بەکارهاتنی ئەخفەش هەر ئاوڕی لێ نەداوەتەوە. بۆیەکەم جار بەکارهاتنیشی (د. عبدالله المجذوب) دوای باس کردنی نەرمی‌و ناسکی موزاریع دەڵێ: (ئەوەندە بەسە بۆسەلماندنی نەرمیی کێشی موزاریع کە یەکەم کەس (ئەبو عەتاهیە) شیعری پێ داناوە وەکو (مەعەرری) دەڵێ، ئەبو عەتاهیەش لەسەرەتاوە نەرمی پەرست (مخنث) بوو...)(١٥٧).

بە پێچەوانەی عەرەبی، ئەم کێشە لە فارسی‌و کوردیدا زۆربەکارهاتووە. زۆربەکارهاتنەکەی لەوەدایە کەئەو پێیانەی موزاریع پێك دێنن (مفاعیلن-فاع لاتن) هەرئەوانەن کە لەهەزەج و ڕەمەلدا بەکاردێن(١٥٨)، لەگەڵ جیاوازی(فاعلاتن)ی ڕەمەل و(فاع لاتن)ی موزاریع. هەزەج و ڕەمەلیش لە کوردیدا لەکێشە باوەکانن. باوییەکەشیان لەبەر ئەوەیە جۆری پێیەکانیان لە سیستەمی بڕگەو دەنگی زمانی کوردییەوە نزیکە. کەواتە زۆر ئاساییە کەموزاریعیش بەو دوو پێیەوەزۆربەکاربێ. ئەمەش هەندێ قالبی موزاریع لەشیعری کوردیدا:-

١- موزاریعی هەشتی ئەخرەب:

(مفعول فاع لاتن مفعول فاع لاتن) × ٢. جزیری دەڵێ:

ئەتواری عیشق و مەستی، ئەسراری بوت پەرستی

- - ب | ا - ب - - | - - ۰ ۰ | ا - ب - - ا

مفعول | فاع لاتن | مفعول فاع لاتن

تەحریری سەد ڕیوایەت ، ناکەت لبۆ کیفایـــەت (١٥٩)

--ب ١- ب- - ١ - -ب ١ - ب - - ١

مفعول فاع لاتن مفعول فاع لاتن

عەرووزەکانی ئەم قاڵبە ، لەنێوان پێی تەواو (فاع لاتن) -نمونەی سەرەوە-و پێی موسبەغ (فاع لاتان) و پێی مەکفوف (فاع لاتُ)دادەخولێنەوە.

أ- نموونە بۆ عەرووزی موسەببەغ وەکو ، جزیری لە هەمان هۆنراوەدا دەڵێ :

حوسن و جەمالی جانـــان نادێرتن توپایان

--ب ١-ب - - ١٠ - -ب ١-ب - -١٠

مفعول فاع لاتان مفعول فاع لاتان

هەرچی نەبت بیدایەت ئەسلا نەهن نیهایەت (١٦٠)

-- ب ١-ب - - ١ - - ب ١-ب - - ١

مفعول فاع لاتن مفعول فاع لاتن

ب- نموونە بۆ پێی مەکفووف ، وەکو فانی دەڵێ :

بێ کارە دامەنیشە ، وریابە ڕۆژی ئیشە

-- ب ١ - ب - ب ١ - - ب ١ - ب - ب ١

مفعول فاع لاتُ مفعول فاع لاتُ

ئازا بژی هەمیشە ، پێویستە پاڵـــەوانی (١٦١)

- - ب ١ - ب - ب ١ - - ب ١ - ب - - ١

مفعولُ فاع لاتُ مفعولُ فاع لاتن

پێی دووەم و چوارەم و شەشەمی کەفیان هاتۆتە سەر ، بوونەتە (فاع لاتُ) .

٢-(موزاریعی هەشتیی ئەخرەبی موسەببەغ):

(مفعولُ فاع لاتن مفعول فاع لاتان) ٢x .حاجی دەڵێ :

خـــاکی جزیرو بۆتان ، یەعنی وولاتی کـــوردان

- - ب ١ - ب - - ١٠ - - ب ١ - ب - - ١٠

مفعول فاع لاتان مفعول فاع لاتان

سەد حەیف و سەد مخابن ، دەیکەن بە ئەرمنستان (١٦٢)

- - ب ١- ب - - ١ - - ب ١-ب- -١.

مفعولُ فاع لاتن مفعولُ فاع لاتان

عەرووزی ئەم قالبە کێشە لە نێوان (تەسبیغ -فاع لاتان)- نمونەی سەرەوە -و تەواو (فاع لاتن) و مەکفووف (فاع لاتُ) دا دەخولێتەوە.

أ- نموونە بۆ عەرووزی (تەواو -فاع لاتن)، حاجی لە هەمان هۆنراوەدا دەڵێ:

لەم بەینە ئیتتیفاقێ پەیدا بکەن بە مەردی

-- ب ا- ب -- ا- -ب ا-ب- ا

مفعولُ فاع لاتن مفعولُ فاع لاتن

فەرقی نەبێ شوان و جوتیار و میرو گاوان (١٦٣)

-- ب ا- ب -- ا- -ب ا-ب- -ا.

مفعولُ فاع لاتن مفعولُ فاع لاتان

ب-نموونە بۆ زەربی مەکفووف وەکو حاجی لە هەمان هۆنراوەدا دەڵێ:

وەڵلاهی سوممە بیللا، تەڵلاهی ئەم بەڵایە

-- ب ا- ب -- ا- -ب ا-ب- ب ا

مفعول فاع لاتن مفعول فاع لاتُ

هەر هێندە پێ دەزانن ئیقلیمی کردە تۆفان (١٦٤)

-- ب ا- ب -- ا- -ب ا-ب- -ا.

مفعول فاع لاتن مفعول فاع لاتان

٣- موزاریعی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووف:

(مفعول فاع لاتن مفعول فاع لاتُ) ٢x.نالی دەڵێ:

دەستم لە گەردەنی خۆت هەڵمەگرە ئەی حەبیبە

--ب ا-ب --. ا-- ب ا -ب -ب ا

مفعولُ فاع لاتان مفعولُ فاع لاتُ

وە بزانە خوێنی خۆمە یا مننەتی رەقیبە (١٦٥)

-- ب ا-ب-ب ا-- ب ا-ب-ب ا

مفعول فاع لاتنُ مفعول فاع لات

عەرووزەکانی ئەم قالبە کێشە لە نێوان (مەکفووف -فاع لاتُ)- نموونەی سەرەوە- و (موسەببەغ -فاع لاتان) و (تەواو-فاع لاتن) دا دەخولێتەوە.

أ-نموونە بۆ عەرووزی موسەببەغ، میرزا غەفوور دەڵێ:

بێ هووده هەرچی دەیکەی پێنج وودو ڕۆژە ئەییام

-- ب ا - ب - - ا - - ب ا - ب - - ا.

مفعول فاعلاتن مفعول فاع لاتان

ڕازی بە لوتفی حەق بە ، قانیع هـــەمیشە تێرە (١٦٦)

-- ب ا - ب - ب ا - - ب ا - ب - ب ا

مفعولُ فاع لاتُ مفعولُ فاع لاتُ

ب- نموونە بۆ عەرووزی تەواو وەکو نالی دەڵێ:

ئەی چاوی پڕ نەدامەت ، دڵ پڕ غەم و غەرامەت

-- ب ا - ب -- ا -- ب ا - ب - ا

مفعولُ فاع لاتن مفعولُ فاع لاتن

بگرە کـــە وشکە سۆفی، لــــەم فەیزە بێ نسیبە (١٦٧)

-- ب ا - ب - - ا -- ب ا - ب - ب ا

مفعولُ فاع لاتن مفعولُ فاع لاتُ

پێی یەکەمی لەتی دوووەم دەبێ بخوێندرێتەوە(بگراکە)، واتە (ە)ی (بگرە) درێژ بکرێتەوە بۆ(ا)نەوەك کێشەکە لاسەنگدەبێ.

<u>بۆچوونێکی تر دەربارەی ئەم کێشی ئەخرەبە:</u>

ئەم کیشی موزاریعەی ئەخرەبە بە هەرسێ جۆرەکانییەوە ، بە تایبەتی جۆری یەکەمی (مفعولُ فاع لاتن مفعولُ فاع لاتن) دەشی بە جۆرێکی تر لێك بدرێتەوە وە ببرێتەوە سەر کێشی تر:

أ-بۆ نموونە دەتوانین بیبەینەوە سەر ڕەجەزی موخەللەع. تەخلیع بریتییە لە (خەبن وقەتع). ئەگەر تەخلیع بچێتە سەر (مستفعلن) دەیکا بە (متفعلْ) و دەگۆڕێ بۆ (فعولن). ڕەجەزی هەشتیی موخەللەع(ئەگەر ئەم کێشەی ببەینەوە سەر و دابنێین کە هەبە) بریتی دەبێ لە :

(مستفعلن فعولن مستفعلن فعولن) ٢x.

با هەر نموونەی یەکەمی ئەخرەبی تەواو وەربگرین کە شیعرێکی جزیرییە و بەم جۆرەی لێرەدا دەمانەوێ، برگەکانی دابەش سەر پێیەکان بکەین:

ئەتواری عیشق و مەستی ، ئەسراری بوتپەرستی

--ب-   اب--   ا--ب -   اب--ا

مستفعلن   فعولن   مستفعلن   فعولن

تەحریری سەت ڕیوایەت ناکەت لبۆ کیفایەت

--ب-   اب--   ا--ب-   اب--ا

مستفعلن   فعولن   مستفعلن   فعولن

لێرەدا هیچ گۆڕانێك ڕووی نەداوە ،ئەوە نەبێ لە دابەش کردنی پێیەکانی موزاریعدا ، سێ بڕگە بە چوار بڕگە (--ب ا-ب --ا)لێك جیا دەکرێنـەوە، کـەچی لـەم ڕەجـەزەدا پێیەکان بە چوار بڕگە بە سێ بڕگە (--ب-ا ب --) لێك جیا دەکرێنەوە . ئەم جۆرە دابەشکردنەی بڕگەکان کێشەکە سووکترو ڕەوانتر دەکا .

ب-هەروەکو دەتوانین ئەم کێشە بە هەمان دابەش بوونی دووەم (کە براوەتەوە سەر ڕەجەز)لە باتی ڕەجەزلێکدانەوەی مونسەریحی بۆ بکەین . چونکە مونسەریح بریتییە لە (مستفعلن مفعولاتُ مستفعلن). مەجزووئەکەی دەبێ بە (مستفعلن مفعولاتُ). ئینجا لەم مەجزووئەدا ئەگەر پێی دووەم خەبن و کەشفی بێتە سەر دەبێ بە (معولا)و دەگۆڕێ بۆ(فعولن) و کێشەکە بەم جۆرە دەردەچێ (مستفعلن فعولن)×٢.

لە عەرەبیدا ئیبن عەبباد(١٦٨) وە لە فارسیدا قەیسی ڕازی(١٦٩) باسی ئەم قالبەی مونسەریحیان کردووە و نموونەیان بۆ هێناوە . ئێمە دەتوانین وەکو هەزەج و موزاریع ئەم چوار پێیە بکەین بە هەشت پێ لە هەر دیرێکدا .

بێگومان کێشی شیعر بۆ ئاوازو ڕیتم (ایقاع) دەچێتە، جا ئەگەر ئێمە بەراوردێك لە نێوان ئەم دوو ئاوازە بکەین کە لەم دوو جۆرە دابەشکردنەی بڕگەکان پەیدا دەبێ:

١-مفعول فاع لاتن مفعول فاع لاتن×٢.

٢-مستفعلن فعولن مستفعلن فعولن×٢.

بەوەی لە کۆتایی هەر پێیەك هەناسەیەکی کورت بدەین و سەنگرانەوە یەك بکەین و بە دەنگو ئاواز چەند جارێك هەر دوو دابەش بوونەکە بخوێنینەوە ، بۆمان دەردەکەوێ کەدووەمیان زۆر زۆر لە یەکەم سووکترو خۆشترو نەرم و لووسترو ڕێك ڕەوانترە . جا هەر چەندە هەموو عەرووزانە فارس و کوردەکان ئـەم کێشـەیان هـەر بـە موزاریع داناوە. بەلام من ئاوازی دووەمینم پێ لەبارترە کە بردنەوە سەر ڕەجەز یا مەنسەریحە . لەگەل

ئەوەشدا نەمویست کێشەکە بگوازمەوە خانەی ڕەجەزیان مونسەریح ، چونکە عەرووز زانانی پێشوو هەر بە موزاریعیان داناوە .

٤-موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور:

(مفعولُ فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لان)×٢.سالم دەڵێ:

ڕووت نازك وو لەتیفە وەکو نەوگو لێ بەهار
--ب ا-ب-ب اب--ب ا-ب-ا.
مفعولُ فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لان
(١٧٠)
قەددت بە ڕاستی چوسەهی سەروی جۆیبار .
--ب ا-ب-ب اب--ب ا-ب-ا.
مفعولُ فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لان

لەم قالبە کێشەدا ، عەرووز لە نێوان (مەقسوور-فاع لان)- نموونەی سەرەوە - و (مەحزووف-فاع لن) دا دەخولێتەوە.

نموونەی عەرووزی مەحزووف وەکو سالم لە هەمان قەسیدەدا دەڵێ:

زۆرا وەرن فـــیراق و غەریـــبی وو بێ کەسی
--ب ا-ب-ب اب--ب ا-ب-ا
مفعولُ فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لن
(١٧١)
ئەز دەستی هەرسە تا چەکونەد ئین دلی فیگار
--ب ا-ب-ب اب--ب ا-ب-ا.
مفعولُ فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لان

٥-موزاریعی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف:

(مفعول فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لن)×٢.نالی دەڵێ:

بنوارە نەوبەهارو فوتووحا تی گوڵشەنی
--ب ا-ب-ب اب--ب ا-ب-ا
مفعولُ فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لن
(١٧٢)
گوڵ زاری کردەوە لە دەمی غونچە پێ کەنی
--ب ا-ب-ب اب- -ب ا-ب-ا
مفعولُ فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لن

پێی دووەمی لەتی دووەم دەبێ بخوێندرێتەوە (کردەوا لە= --ب-ب = فاع لاتُ)، واتە (ە)ی کۆتایی (کردەوە) دەبێ بە درێژی بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی کێشەکە ڕاست دەربچێ.

لەم قالبەکێشەدا، عەرووزلە نێوان (مەحزووف -فاع لن)- نموونەی سەرەوە- و (مەقسوور-فاعِ لانْ) دا دەخولێتەوە.

نموونە بۆ عەرووزی مەقسوور، وەکو نالی لە هەمان قەسیدەدا دەڵێ:

دیسان لە بگرو و بەردەیی گوڵچین و باغەوان

--ب ا-ب-ب اب- -ب ا-ب-.ا

مفعولُ فاع لاتُ مفاعیلُ فاعِ لان

بولبول کەناری گرت و دڵی غونچە ڕاچەنی (١٧٣).

--ب ا-ب-ب اب- -ب ا-ب-ا

مفعولُ فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لن

٦-موزاریعی چواریی تەواو:

(مفاعیلن فاع لاتن) ×٢.نامی دەڵێ:

سەراسیمەم چاوی جوانم بە دووری تۆ لە ژیانم (١٧٤)

ب--- ا-ب-- ب--- ا-ب--

مفاعیلن فاع لاتن مفاعیلن فاع لاتن

پێی دووەمی لەتی دووەم دەبێ بخوێندرێتەوە (لا ژیانم)، چونکە ئەگەر وەکو خۆی (لە ژیانم) دابندرێ، مانای وایە پێیەکە خەبنی چۆتە سەر. (فاع لاتن) ی وەتەدی بلاویش قەت خەبن وەرناگرێ، چونکە خەبن دەچێتە سەر تیپی دووەمی وەستاو لە سەبەبدا. لێرەدا تیپی دووەمی وەستاو لە وەتەد دایە نەك لە سەبەب، بۆیە هەر دەبێ (لە) درێژبکرێتەوە بۆ (لا) تا خەبنەکە دووربخرێتەوە.

٧-موزاریعی چواریی ئەخرەب:

(مفعول فاع لاتن) ×٢.سابیری دەڵێ:

ئەی نووری ڕوویی پاکت

--ب ا- ب - ا

مفعول فاع لاتن

خۆراك و بەرگی نـــاسە (دیوانی سابیری ل١٤٢)

- -ب ا-ب - ب ا

مفعول فاع لاتُ

زیحاف و عیللەکانی موزاریع لە کوردیدا:

١-خەرب: مفاعیلن ← مفعولُ. ئەدەب دەڵێ:

پێوەم کە خۆم فیدایی لەبی ئەو نیگارەکەم

--ب ا-ب-ب اب- -ب ا-ب-ا

مفعول فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لن

گیانی عەزیز هەدیەیی ئەو یارە تـــازەکەم (١٧٥)

--ب ا-ب-ب اب- -ب ا-ب-ا

مفعول فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لن

پێی یەکەمی هەردوو لەت تووشی خەرب بوون، بوونەتە (ئەخرەب - مفعولُ)

٢ کەف:مفاعیلن ← مفاعیلُ، فاع لاتن ← فاع لاتُ.

بێخو دەڵێ:

ئارامی جانە مەحرەمی ڕازی نیهانە دڵ

--ب ا-ب-ب اب--ب ا-ب-ا

مفعول فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لن

یەعنی لە بەینی یارو منا تەرجومانە دڵ (١٧٦).

--ب ا-ب-ب اب--ب ا-ب-ا

مفعول فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لن

پێی دووەم و سێیەمی هەردوو لەت کەفیان هاتۆتە سەر. پێیە دووەمەکان بریتین لە (فاع لاتن) بە کەف بوونەتە (فاع لاتُ)، پێیە سێیەمەکانیش بریتین لە (مفاعیلن) بە کەف بوونەتە (مفاعیلُ).

٣-حەزف:فاع لاتن ← فاع لن. ناری دەڵێ:

تووتی دڵم کە شێوەن و فریاد و ڕۆ ئەکا

--ب ا-ب-ب اب--ب ا-ب-ا

مفعولُ فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لن

فیکر و خەیاڵی قەندی بەیاناتی تۆ دەکا (١٧٧)

--ب ا-ب-ب اب--ب ا-ب-ا

مفعولُ فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لن

٤-قەسر:فاع لاتن ← فاع لاتْ -فاع لانْ). نالی دەڵێ:

قوربانی خاکی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور

--ب ا-ب-ب اب--ب ا-ب-ا

مفعولُ فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لان

وەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور (١٧٨)

--ب ا-ب-ب اب- -ب ا-ب-ا

مفعولُ فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لان

پێی دووەمی لەتی یەکەم، لە باتی (تم ئەی بادی)، دەبێ بخوێندرێتەوە (تمەی بادی) واتە دەبێ هەمزەی (ئەی) قووت بدرێ، ئەگەرنا کێشەکە دەرناچێ.

٥- تەسبیغ:فاع لاتن ← فاع لاتان. حاجی دەڵێ:

هیچ غیرەتێك نەماوە سەد جار قەسەم بە قورئان

--ب ا-ب-ب ا- -ب ا-ب--ا

مفعولُ فاع لاتُ مفعولُ فاع لاتان

پەیدا بێ ئەرمەنستان، نامێنێ یەك لە کوردان (١٧٩)

--ب ا-ب-- ا--ب ا-ب- -ا

مفعول فاع لاتان مفعول فاع لاتان

پێی دووەمی لەتی دووەم و عەرووز و زەرب، تەسبیغیان هاتۆتە سەر. بەم جۆرە، موزاریع لە کوردیدا یەك زیحاف (کەف) و سێ عیللە (حەزف و قەسر و تەسبیغ) و عیللەیەکی زیحافانە (خەرب) وەردەگرێ.

٧-موجتەس:

وشەی موجتەس (مجتث) لە عەرەبیدا بە مانای لێپچڕاو، یان لێکراوە هاتووە، وەك زاراوەیش بەو کێشە دەگوترێ کە لە بازنەی چوارەمدایە و پێیەکانی لە ناو بازنەی خۆیدا بەم جۆرەیە:

(مستفع لن فاعلاتن فاعلاتن) ×٢.

ئەم کێشە لە عەرەبیدا بە (تەواوی) بەکار نەهاتووە، هەر بە مەجزووئی، واتە بە (مستفع لن فاعلاتن) ٢x هاتووە. (خەلیل) گوتوویەتی بۆیە بەم کێشە گوتراوە موجتەس چونکە (لە بازنەی خۆی پچڕاوە...) (١٨٠). (دمنهوری) دەڵێ بۆیە وای پێ گوتراوە چونکە (لە کێشی خەفیف کراوەتەوە بە پێش خستنی (مستفع لن) لە سەر (فاعلاتن)، ئەوەتا زیحافەکانی وەکو زیحافی ئەو وایە) (١٨١). موجتەس لە کێشە کەم بەکار هاتووەکانە، هەر بۆیەشە زۆر کەس هەر دانیان پێدا نەناوە (زۆر کەس نکووڵی لە بوونی موزاریع و موقتەزەب و موجتەس دەکەن چونکە هیچ قەسیدە، یان قەتعەیەکیان لە شیعری عەرەبیدا بەم کێشە نەدیوە) (١٨٢). مەعەڕڕی باسی کردووە کە ئەم سێ کێشە زۆر کەم لە شیعری شاعیرانی پێشوو بەکار هاتوون و دەڵێ موجتەسیش وەکو موزاریع و موقتەزەب لە داهێنانی (خەلیل) خۆیەتی (١٨٣).

کەچی لە فارسی و کوردیدا موجتەس لەو کێشە کەم و دەگمەنانە نییە. بۆ نموونە لە کوردیدا چەند قالبێکی جۆر بە جۆری وەرگرتووە و زۆر شاعیر بەکاریان هێناوە. کێشێکی نەرم و سووکە و زیاتر بۆ غەزەل و قەسیدە بەکار هاتووە. (بیمار) لە بارەی موجتەسی کوردییەوە دەڵێ: (ئەم کێشە لە کوردیدا، لە جیاتی چوار، هەشت تەفعیلەی هەیە و هەمیشە (مستفعلن) لە شێوەی (مفاعلن) دا دەبینین. شەپۆڵدانێکی مۆسیقایی نەرم و نیان و خۆشی هەیە و لە ئاوازی کێشی تەویلی عەرەبی دەچێت و زۆر شاعیری کورد بەکاریان هێناوە) (١٨٤). حەمدی و ئەدەب و شاهۆ و بێخود و حاجی و وەفایی و حەریق و گۆران و شێخ ڕەزا و خادیم و مەحوی و زێوەر شیعریان پێ هۆنیوەتەوە.

ئەمەش قالبەکانی موجتەس لە کوردیدا:-

<u>١-موجتەسی هەشتیی مەخبوون:</u>

<u>(مفاع لن فعلاتن مفاع لن فعلاتن) ٢x</u>.بێخود دەڵێ:

ئەیـــا ڕەفیقی شەفیقم، حەریمی رازی نیانم
ب-ب- اب ب-- اب-ب- اب ب--ا
مفاع لن فعلاتن مفاع لن فعلاتن
ئەدیبی فیکری حەقیقیم، نەدیمی ڕۆحی ڕەوانم (١٨٥)
ب-ب- اب ب--. اب-ب- اب ب--ا
مفاع لن فعلاتان مفاع لن فعلاتن

دەشێ عەرووزەکەی لە باتی مەخبوون، (مەخبوونی موسەببەغ -فعلاتان) بێ، وەکو بێخود لە هەمان هۆنراوەدا دەڵێ:

بفەرمو بێخودی شیرین کەلام ئەڵێ بە هە مووتان
ب-ب-   اب ب- - اب-ب - اب ب--ا
مفاع لن   فعلاتن   مفاع لن   فعلاتان
ئەگەرچی خوسرەوی شیعرم، بەلاّم غولاّمی ئەوانم (١٨٦)
ب-ب-   اب ب--   اب-ب - اب ب-- ا
مفاع لن   فعلاتن   مفاع لن   فعلاتن

۲-موجتەسی هەشتیی مەخبوونی مەقسوور:

(مفاع لن فعلاتن مفاع لن فعلان) ۲x.حاجی دەڵێ:

فەلەك بە تیرو کەمانی لە ئێمە چوویتە کەمین
ب-ب- اب ب-- اب-ب-ا ب ب-.ا
مفاع لن   فعلاتن   مفاع لن   فعلان
شکارگاهی زەمینە، لە چەنگی کێوە دەچـــین (١٨٧)
ب-ب- اب ب-ب اب-ب- اب ب-.ا
مفاع لن فعلاتُ   مفاع لن   فعلان

لە لەتی دووەمدا، پێی دووەم جگە لە (خەبن)، (کەف)یشی وەرگرتووە، واتە بەسەریەکەوە بۆتە مەشکوول.

لەم قالبەدا دەشێ عەرووز مەخبوونی مەقسوور (فعلان) بێ -نموونەی سەرەوە-، جگە لەمەش:

أ- دەشێ عەرووز (مەخبوونی مەحزووف -فعلن) بێ، وەکو حاجی دەڵێ:

قەلەم شکاو و مورەککەب رژاو و نامە نەما
ب-ب- اب ب-- اب-ب-اب ب-
مفاع لن   فعلاتن   مفاعلن فعلن
لە داغی قافیە تا خۆی گەیاندە ئاهوئەنین (١٨٨)
ب-ب-ا ب ب--اب-ب- ا ب ب--.
مفاع لن فعلاتن   مفاع لن فعلان

ب-دەشێ عەرووزی (ئەسلەم-فع لن) بێ، وەکو حاجی لە هەمان هۆنراوە دا دەڵێ:

وجودی ئێمە کە ڕۆژی حەیـــاتی ئاوا بوو
ب-ب- اب ب -- اب-ب- ا--ا
مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لن
یەقین بزانە کە شەو لێ گەڕاو و نەربەنەرین (١٨٩)
ب-ب-اب ب -- اب-ب- اب ب -.ا
مفاع لن فعلاتن مفاع لن فعلان
ج- دەشێ عەرووزی (ئەسلەم موسەببەغ-فع لان) بێ، وەکو حاجی دەڵێ:
زلەوحەیی خەتی مەوزوون و قیتعەیی مەنزووم
ب-ب- اب ب -- اب-ب- ا--.ا
مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لان
خەجل شود ئیبنی هیلال و ڕەوان ئیبنُ مەتین (١٩٠)
ب-ب- اب ب-- اب-ب- اب ب -.ا
مفاع لن فعلاتن مفاع لن فعلان
پێی یەکەمی لەتی یەکەم دەبێ بخوێندرێتەوە (خەجل شودیب) واتە هەمزەکە قووت بدرێ، نەوەك کێشەکە لەنگ دەبێ.
٣-موجتەسسی هەشتیی مەخبوونی مەحزووف:
(مفاع لن فعلاتن مفاع لن فعلن) ×٢.بێخود دەڵێ:
لە بورجی سینە کە ئەو زوهرە چاوە پێ ئەکەنێ
ب-ب- اب ب -- اب-ب- اب ب-
مفاع لن فعلاتن مفاع لن فعلن
فریشتە یێکە لە عە رشی خوداوە پێ ئە کەنێ (١٩١)
ب-ب- اب ب-- اب-ب- اب ب-ا
مفاع لن فعلاتن مفاع لن فعلن
لەم قاڵبەدا کە عەرووزی مەخبوونی مەحزووفە:
أ-دەشێ عەرووزکەی (ئەسلەم-فع لن) بێ، وەکو بێخود لە هەمان هۆنراوە دا دەڵێ:
- لە خۆشی ئەو دەمە زۆری نەما وە باڵ بـــگرم
ب-ب- اب ب -- اب-ب- ا - -ا
مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لن

ڕەقیب کە ئەگری یو ئەو شۆخی لاوە پێ ئەکەنێ (١٩٢)

ب-ب- اب ب -- اب-ب- اب ب -ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فعلن

ب-هەروەکو دەشێ، عەرووزەکەی (ئەسلەم موسەببەغ -فع لان) بێ، وەکو سەفوەت دەڵێ:

وەکو خەیــــــــــاڵی ئەجوولێمەوە ئەگێرم چاو

ب-ب- اب ب -- اب-ب- أ--ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لان

لە شەش جیهەت کە ببینم یەکێ لە دۆست و کەس (١٩٣)

ب-ب- اب ب -- اب-ب- اب ب -ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فعلن

لە لەتی یەکەمدا، دەبێ پێی دووەم بخوێندرێتەوە (مەوائەگێ-مفاع لن) نەوەك کێشەکەی لەنگ دەبێ.

ج- دەشێ، عەرووزەکەی(مەخبوونی مەقسوور-فعلان)بێ، وەکو سەفوەت دەڵێ:

وەرە دە بەم ڕەمـــــەزانە لە جێی تیلاوەت و بانگ

ب-ب- اب ب -ب اب-ب- اب ب -.ا

مفاع لن فعلاتُ مفاع لن فعلان

لە گوێت بێ قۆڕەیی ناقووس و زیڕ و هۆڕی جەڕەس (١٩٤)

ب-ب- اب ب -- اب-ب- اب ب -ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فعلن

پێی یەکەمی لەتی یەکەم دەبێ بخوێندرێتەوە (وەرا دەبەم-مفاع لن) نەوەك لەنگ دەبێ. تێبینی ئەوەش دەکرێ کە لە هەمان لەتدا، پێی دووەم سەرەڕای خەبن، کەفیشی هاتۆتە سەر، واتە بۆتە (مەشکوول-فعلاتُ).

٤-موجتەسی هەشتیی مەخبوونی ئەسلەم:

(مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لن) ×٢. خادیم دەڵێ:

بە تاوی ئاگری عیشقی تو جان و تەن سووتا

ب-ب- اب ب -- اب-ب- ا--ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لن

له هەر نەفەس لە گڕی سینە پیرە هەن سووتا(١٩٥)

ب-ب- اب ب - - اب -ب- ا- -ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لن

لەم قالبەدا، جگە لە عەرووزی ئەسلەم (نموونەی سەرەوە):

أ-دەشێ عەرووز (ئەسلەم موسەببەغ-فع لان) بێ، وەکو خادیم دەڵێ:

لە لایی تر بو کە بولبول هەتا سـەحەر نالان

ب-ب- اب ب -- اب-ب- ا- -.ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لان

لە بەرقی شوعلەیی ئاهی گوڵ و چەمەن سووتا(١٩٦)

ب-ب- اب ب -- اب-ب- ا- -ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لن

ب-وایش دەبێ عەرووزەکەی (مەخبوونی مەحزووف-فعلن) بێ، وەکو خادیم دەڵێ:

لە وەسفی ڕوویی ئەوا عاجزن زوبان و قەڵـەم

ب-ب- اب ب -- اب-ب- اب ب -ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فعلن

لە بەرقی حوسنی ئەوە حوسنی جوملە دڵداری(١٩٧)

ب-ب- اب ب -- اب-ب- ا- -ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لن

لـەتی دووەم، پێـی دووەم دەبـێ بخوێندرێتـەوە(نـی ئـەوا حـوس- فعلاتـن) نـەوەك کێشەکە تێك دەچێ.

ج-هەروەکو دەشێ عەرووزەکەی (مەخبوونی مەقسوور-فعلان) بێ، وەکو حاجی دەڵێ:

گوڕەی بەهارییە ئێستێکە شاخ و داخی وڵات

ب-ب- اب ب -- اب-ب- اب ب-.ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فعلان

پڕە لە لالەو و نەسرین و نەرگسـی شەهلا(١٩٨)

ب-ب- اب ب -- اب-ب- ا- -ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لن

پێی یەکەمی لەتی دووەم دەبێ بخوێندرێتەوە (پڕا لە لا-مفاع لن) نەوەک کێشەکەی تەواو دەرناچێ.

٥-موجتەسی هەشتیی مەخبوونی ئەسلەم موسەببەغ:

(مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لان) ×٢.شاهۆ دەڵێ:

دوڕی بـــە قیمەتی تا کی خە زێنەیی شا هان

ب-ب- اب ب -- اب-ب- ا- -.ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لان

فەریدی عەسرە شەهیرە بە ئەحسەنی ئەخلاق (١٩٩)

ب-ب- اب ب -ب اب-ب- ا- -.ا

مفاع لن فَعِلاتُ مفاع لن فع لان

لەم قالبەدا، جگە لە عەرووزی ئەسلەم موسەببەع،(نموونەی سەرەوە):

أ-دەشێ عەرووزەکەی(مەخبوونی مەحزووف-فعلن) بێ، وەکو شاهۆ دەڵێ:

موجەللی فەخرە لە بۆ عورب و کورد و تورك و عەجەم

ب-ب- اب ب -- اب-ب- اب ب -ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فعلن

میسالی ســـــەددی ڕەکـینە بە وەعدە وو میساق (٢٠٠)

ب-ب- اب ب -ب اب-ب- ا- -.ا

مفاع لن فعلاتُ مفاع لن فع لان

ب-هەروەکو دەشێ عەرووزەکەی (ئەسلەم-فع لن) بێ، وەکو شاهۆ دەڵێ:

لە ترسی هەیبەت و ڕوعبی جە ماعەتی دوژمــن

ب-ب- اب ب -- اب-ب- ا- -ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لن

هەمیشە (لەففە) بەیەکدا (کە) ساقیەن بالساق (٢٠١)

ب-ب- اب ب -- اب-ب- ابب-ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لان

ج-هەروەکو دەشێ عەرووزەکەی(مەخبوونی مەقسوور) بێ، وەکو شاهۆ دەڵێ:

جەماڵی نووری سەعادەت لە ئەوجی بورجی عیراق

ب-ب- اب ب -- اب-ب- اب ب -.ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فعلان

تلـــووعی کرد و موقارن بە ڕۆژی چـــوارەم تـــاق (٢٠٢)

ب-ب- اب ب -- اب-ب- ا- -.ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لان

٦-موجتەسی چواری تەواو:

(مستفع لن فاعلاتن) ٢x. نامی دەڵێ:

بەختت هەبوو پاڵەوانی بەختت نەبوو چاڵەوانی (٢٠٣)

-- ب - ا -ب-- --ب - ا-ب--

مستفع لن فاعلاتن مستفع لن فاعلاتن

زیحاف و عیللەکانی موجتەس لە کوردیدا:

١-خەبن:

مستفع لن ← (متفع لن-مفاع لن)، فاعلاتن ← فعلاتن.

وەکو مەحوی دەڵێ:

دەفەرمووێ کە حەکیم و دەوا مەیە و ساقی

ب-ب- اب ب -- اب-ب- ا- -ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لن

دەگرنە وە لە نەخۆشی بی من کە وا حافیز (٢٠٤)

ب-ب- اب ب -- اب-ب- ا- -ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لن

پێی (١، ٢، ٣، ٥، ٦، ٧) هەموو خەبنیان هاتۆتە سەر.

٢-شەکل: فاعلاتن ← فَعِلاتُ. حاجی دەڵێ:

سبەینە هەستە مەوەستە خەبەر بگەینە وڵات

ب-ب- اب ب-ب ا ب-ب- اب ب -.ا

مفاع لن فعلات مفاع لن فعلان

دیاره چەندە حەزین و غەریب و بێ کـــەیفین (٢٠٥)

ب-ب- اب ب-ب اب-ب- ا--ا

مفاع لن فعلاتُ مفاع لن فع لان

پێی دووەمی لەتی یەکەم و دووەم شەکلیان هاتۆتە سەر.

٣-حەزف: فاعلاتن ← (فاعلا-فاعلن). لێرەدا خەبنی لەگەڵ دێ و دەبێ بە (فعلن). وەکو خادیم دەڵێ:

میسالی تالیعی نەحسم نەزەر مەبەستە لە خەو

ب-ب- اب ب-- اب-ب- اب ب-ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فعلن

لـــە دەوری تۆیە لە هەر لاوە ئاهی بێـــداری (٢٠٦).

ب-ب- اب ب-- اب-ب- ا--ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لن

عەروون، دوای خەبن، تووشی حەزف بووە.

٤-قەسر: فاعلاتن ← (فاعلاتْ - فاعلانْ).حاجی دەڵێ:

خرینگو هۆڕی قوڵێنگ و قەتاری سی لە سەران

ب-ب- اب ب-- اب-ب- اب ب-ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فعلان

دەیێت وکەو دەفڕێت و شەهین چریکە دەکا (١٠٧)

ب-ب-ا ب ب--اب-ب- اب ب-ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فعلن

عەرووز جگە لە (قەسر)، خەبنیشی هاتۆتە سەر.

٥-ئەسلەم: فاعلاتن ← فع لن. بێخود دەڵێ:

ئەوەندە مەحوی نیگاهوو خەرامی بالاتم

ب-ب- اب ب-- اب-ب- ا--ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لن

لە هەرچی عالەمی کەونیتە بێ موبالاتم (٢٠٨)

ب-ب- اب ب-- اب-ب- ا--ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لن

٦-تەسبیغ: دوای ئەوەی فاعلاتن تووشی سەلم دەبێ و دەبێتە (فع لن)، تەسبیغی دێتە سەر، دەبێ بە (فغ لان). حاجی دەڵێ:

لە شادی وەك سە فیشا یی لە کێو و کە ژئە زهار

ب-ب- اب ب -- اب-ب- ا- -.ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لان

هەژا بە خەلعەتی گوڵگوون و کەوتە ڕەقس و سەما(۲۰۹)

ب-ب- اب ب -- اب-ب- اب ب -ا

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فعلن

کەواتە موجتەس لە کوردیدا، دوو زیحاف (خەبن و شەکل) و چوار عیللە (حەزف و قەسر و سەلم و تەسبیغ) وەردەگرێ.

٨-کێشی موتەقاریب:

وشەی موتەقاریب (متقارب) لە زمانی عەرەبیدا بە مانای نزیکی هاتووە، بەڵام وەکو زاراوەیەکی زانستی بۆ ئەو کێشە بەکار دێ کە لە بازنەی پێنجەمدایە و پێیەکانی لە بازنەی خۆیدا بەم جۆرەیە:

(فعولن فعولن فعولن فعولن) ×۲.

خەلیل لە بارەی ناوی ئەم کێشەوە گوتوویەتی (بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە پێیەکانی لە یەك نزیکن، هەموویان پێنجین و لەیەك دەچن)(۲۱۰). هەیشە دەڵێ بۆیە وای پێگوتراوە چونکە وەتەدەکانی لە سەبەبەکانەوە نزیکن، لە بەینی هەردوو وەتەدا، سەبەبێك هەیە. یان بۆیە وای پێگوتراوە چونکە پێیەکانی لەیەك نزیکن واتە لەیەك دەکەن، نە درێژن و نە لەیەك دوورن، هەموو پێنجین و بە (زۆر تیپی) درێژ نەبوونەتەوە و لێك دوور نەکەوتونەتەوە.(۲۱۱)

ئەم کێشە لە عەرەبیدا، لە کێشە کۆنەکان نییە. ئەم کێشە پێشی ئیسلام نەبووە،(۲۱۲) کەچی لە فارسیدا زۆر کۆنە و (کێشی موتەقاریب و ڕەجەز و هەزەج و روباعی یان دوو بەیت لە کێشە ناسراوەکان بوون بەلای ئێرانییە کۆنەکان...)(۲۱۳). و تەنانەت شانامەی فیردەوسی هەمووی بەم کێشە هۆنراوەتەوە.

ئەم کێشە کێشێکی ڕەتیبە بەڵام بە گوڕمەو خێراو سووکیشە. ڕەتابەتەکەی لە یەکێتی پێیەکانیدایە (فعولن)، گوڕم و خێراییەکەشی لە کورتی پێیەکەیدایە کە پێنجییە و زۆرجار بە قەبز نوونەکەیشی دەروا. لەبەر ڕەتابەکەی بۆ گێڕانەوەی باسی

درێژدەست دەدا و لەبەرگوژم و دەربوونەکەیشی بۆ دەربڕینی سۆزی خرۆشاو لەبارە. (٢١٤)

لە کوردیدا موتەقاریب تا ڕادەیەکی باش بەکار هاتووە و زۆر شاعیر لایان لێ کردۆتەوە و شیعریان پێ نووسیوە، وەکو: مەحوی، سەفوەت، خادیم، کەمالی، حاجی، ناری، حەمدی، شاهۆ، ئەسیری....

موتەقاریب لە کوردیدا، لەم قالبانەدا مەیوە:-

١-موتەقاریبی هەشتیی موسەببەغ:

(فعولن فعولن فعولن فعولان) ×٢. سافی دەڵێ:

لە عیشقت دو چاوم هەموو دەم بە گریان

ب-- اب-- ا ب-- ا ب--ا

فعولن فعولن فعولن فعولان

لە تاوت هە ناوم هە موو بوو یتە بریا ن (٢١٥)

ب-- اب-- ا ب-- ا ب--ا

فعولن فعولن فعولن فعولان

٢-موتەقاریبی هەشتیی سالم:

(فعولن فعولن فعولن فعولن) ×٢. سافی دەڵێ:

کە وا خـــانە وێرانە سافی لـە دونیا

ب-- اب-- ا ب-- ا ب--ا

فعولن فعولن فعولن فعولن

لەتاوی گوڵی ڕووت بووە شێت و شەیدا (٢١٦)

ب-- اب-- ا ب-- ا ب--ا

فعولن فعولن فعولن فعولن

لە لەتی دووەم ، پێی سێیەم دەبێ بخوێندرێتەوە (بووا شێ- فعولن).

٣-موتەقاریبی هەشتیی مەقبوز:

(فعولن فعولن فعولن فعولُ) ×٢. سافی دەڵێ:

بە ئەبرۆت کوژاوم دڵم پڕزوخاوە

ب-- اب-- ا ب-- ا ب-ب ا

فعولن فعولن فعولن فعولُ

برینی دەروونم دوبـارە کــــولاوە (٢١٧)

ب--اب--ا ب-ب ا ب-ب ا

فعولُ فعولن فعولُ فعولُ

سەرنج: ئەم سێ قالبەی سەرەوە لە کوردیدا زۆر کەم و دەگمەن هاتوون. لە چەند قەسیدەیەکی کەم تێناپەڕن. موتەقاریب لە کوردیدا بە زۆری پێی چوارەم و هەشتەمی کورت دەکرێتەوە بە حەزف و قەسر.... .

٤-موتەقاریبی هەشتیی مەقسوور:

(فعولن فعولن فعولن فعولْ) ×٢. خادیم دەڵێ:

بە گەردوش بو چەرخی فەلەك هاتە کار

ب-- اب -- ا ب -- ا ب-.ا

فعولن فعولن فعولن فعولْ

بە جونبوش بو دەریا لە مــەوجی کەنار (٢١٨)

ب-- اب-- ا ب-- ا ب-.ا

فعولن فعولن فعولن فعولْ

دەشێ لـەم قالبـەدا، عـەرووز،(مـەحزووف - فعـو) بێ کـە(فعـل)ی دەخرێتـەجێ. خادیم دەڵێ:

لە مەوجی هــەوا قەترە خاکی کەتۆ

ب-- اب-- ا ب-- ا ب-ا

فعولن فعولن فعولن فَعَلْ

بە دەریا ئەبی موتتەسیل وەك حوباب (٢١٩)

ب-- اب-- ا ب-- ا ب-.ا

فعولن فعولن فعولن فعولْ

٥-موتەقاریبی هەشتیی مەحزووف:

(فعولن فعولن فعولن فعو) ×٢.ئەسیری دەڵێ:

بە خاکی وڵاتم ، گڵم ، میللەتم

ب--اب-- ا ب-- ا ب- ا

فعولن فعولن فعولن فعو

کەسم ، کۆمەڵە لا ئەبا زیللەتم (٢٢٠)

ب-- اب-- ا ب-- ا ب-ا

فعولن فعولن فعولن فعو

لەم قالبەدا،عەرووز جگە لە (مەحزووف):

أ-دەشێ (مەقسوور-فعولْ) بێ. ئەسیری لە هەمان هۆنراوەدا دەڵێ:

به باخ و به بێستان و میوەی جوان

ب-- اب-- ا ب-- ا ب-.ا

فعولن فعولن فعولن فعولْ

به ئاوی ڕەوانان ئـەبێ لـــەززەتم (٢٢١)

ب-- اب--. ا ب-- ا ب-ا

فعولن فعولان فعولن فعو

پێی دووەمی لە تی دووەم توشی تەسبیغ هاتوە .

ب-هەروەکو دەشێ عەرووز، ئەسلەم (اثلم-فع لن) بێ. خادیم دەڵێ:

له چاوم منەت بۆ نیگاهم نابەم

ب-- اب-- ا ب-- ا --ا

فعولن فعولن فعولن فع لن

به دیدەی نیها نیمه حەیرانی تۆم (٢٢٢)

ب-- اب-- ا ب-- ا ب-ا

فعولن فعولن فعولن فعو

زیحاف و عیللەکانی موتەقاریب لە کوردیدا :

١-قەبز: فعولن ← فعولُ. ئەدەب دەڵێ:

به گەردن مینایه ، به ڕوو بەفرو خوێنه

ب-- اب-ب ا ب-- ا ب-ب ا

فعولن فعولُ فعولن فعولُ

به چاوی دەڵێی بەورو سەقرو شەهێنه (٢٢٣)

ب-- اب-- ا ب-- ا ب-ب ا

فعولن فعولن فعولن فعول

٢- قەسر: فعولن ← فعولْ. حاجی دەڵێ:

مەمـــــاتم حەیاتە، حەیاتم مەمات

ب--   اب-ب   اب-- اب-.ا

فعولن   فعولُ   فعولن فعولْ

کە لێم توند ئەبێ ئەو، دەمی ئیلتیفات (٢٢٤)

ب--   اب--   اب--   اب-.ا

فعولن فعولن   فعولن   فعولْ

٣- تەسبیغ :فعولن ← فعولان. ئەدەب دەڵێ:

بە باڵا بڵندو بە قەد شووش و باریك

ب-- اب-- اب--   اب--.ا

فعولن فعولن فعولن   فعولان

جەمالی ڕوناکە شەوی هەورو تاریك (٢٢٥)

ب--   اب-ب اب--اب--.ا

فعولن فعولُ   فعول فعولان

٤-حەزف: فعولن ← فعو (فعل). ئەسیری دەڵێ:

هەوایی نەسیمی بـــــەسەر گوڵشەنا

ب--   اب--   اب-- اب-ا

فعولن   فعولن   فعولن فعو

لە سەیری ڕەزان مەحوو ئەکا عیللەتم (٢٢٦)

ب--   اب--   اب-- اب-ا

فعولن فعولن   فعولن   فعو

لەڵەتی دووەمدا، پێی دووەم و سێیەم دەبێ بخوێنرێتەوە (ڕەزان مەحـ / وەکا عیلـ).
واتە دەبێ هەمزەی (ئەکا) فڕێ بدرێ.

٥- ئەسلەم: (اثلم) فعولن   (عولن-فع لن).

وەکولە نموونەی موتەقاریبی هەشتیی مەحزووف (بە عەرووزی ئەسلەم)، قالبی پێنجەمی موتەقاریب، نمونەی سێیەمدا هاتووە.

کەواتە : زیحاف و عیللەکانی موتەقاریب لە کوردیدا بریتین لە زیحافی (قەبز) و عیللەی (تەسبیغ و قەسرو حەزف) و عیللەی زیحافانەی (ئەسلەم-اثلم)، کە جۆرێکە لە خەرم.

٩- کێشی بەسیت :

وشەی بەسیت (البسيط) لە عەرەبیدا بە مانای کشان و بڵاوبوونەوە هاتووە ، بەڵام وەك زاراوەیەکی عەرووزی بەو کێشە دەگوترێ کە لە بازنەی یەکەمدایەو پێیەکانی لە ناو بازنەی خۆیدا بریتین لە : (مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن) ×٢ .

گوایە ئەم کێشە لەبەر ئەوە پێی گوتراوە بەسیت، چونکە لەسەر مەودای تەویل ڕاکشاوە (٢٢٧). یان بۆیە وای پێ گوتراوە چونکە سەبەبەکانی ڕاکشاون ، واتە لە سەرەتای پێیە حەفتەییەکاندا بە دوای یەکدا هاتوون ، ئاخر هەر پێیەکی حەوتی لەمانە، دوو سەبەبی سووکی لە دوای یەکی تێدایە ، دەشبێ بۆیە ئەو ناوەی بۆ دانرابێ چونکە ئەگەر عەرووز و زەربی خەبنیان بێتە سەر حەرەکەکانیان دەکشێن ، واتە سێ حەرەکە بە دوای یەکدا دێن (٢٢٨).

ئەم کێشی بەسیتە لە کێشە درێژەکانە و بۆ زۆر بابەتی جیا جیا بەکار دێ. لەم ڕووەوە لە تەویل نزیك دەبێتەوە، هەر بۆیەشە لە عەرەبیدا لە ڕادەی بەکار هاتن و بڵاوبوونەوەدا وەکو تەویل وایە، یان نەختێ لە دوای تەویلەوە دێ (٢٢٩). ئاشکرایشە تەویل لە کێشە هەرە کۆن و باوەکانی عەرەبییە .

لە کوردیدا زۆریەی ئەوانەی لە کێشە عەرووزەکانیان کۆڵیوەتەوە ، بەسیتیان وەکو تەویل و مەدید و وافیرو کامیل داناوە ، سەجادی دەڵێ : فارس و کورد بەم پێنج کێشە شیعریان نەوتوە (٢٣٠). هەردیش کێشی بەسیتی بە یەکێ لەو کێشانە داناوە کە کورد و فارس فرێیان داوە، (٢٣١). (بیمار) هەرچەندە دوو لك (قالب) ی لێ دەست نیشان کردووە و نمونەی بۆ هێناون بەڵام دەڵێ: (لە کوردیدا بە چەند شێوەیەك بەکار هاتووە بەڵام وا بزانم لە سنوورێکی کەمدا) (٢٣٢) ڕاستە بەسیت لە کوردیدا لە کێشە زۆر بەکارهاتووەکان نییە ، وەکو هەزەج و ڕەمەل و موزاریع، بەڵام کێشێکی ئەوەندە دەگمەنیش نییە لە کوردیدا وەدەر بنرێ . زۆر شاعیر شیعریان پێ نووسیوە وەکو : (جزیری ، نالی ، سالم ، ئەدەب، ئەحمەد موختار جاف ، ناری ، وەفایی، سەفوەت، لوتفی ، ئەسیری). بەسیت لە کوردیدا ئەم قالبانەی وەرگرتووە :-

١- بەسیتی هەشتیی موززال:

(مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلان) ٢×. ناری دەڵێ:

مات و پەشێوم نەما سەبرو قەرارو شەکیب
--ب - ا -ب - ا --ب - ا -ب -ا
مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلان
چونکە عیلاجی نەبوو دەردی دڵی بێ تەبیب (٢٣٣)
-ب ب - ا - ب - ا -- ب - ا-ب -ا
مفتعلن فاع لن مستفعلن فاعلان

ئەگەرریزوێنەکان بە کورتی بحوێندرێنەوە، دەشێ ئەم قالبە ببێ بە بەسیتی مەتوی موززال.

دەشێ لەم قالبەدا عەرووز تەواو (فاعلن) بێ، ناری دەڵێ:

زولفی لە دوو لا بە لا خەتتی چـــەلیپا نوما
--ب - ا- ب- ا -- ب - ا - ب - ا
مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن
نافییە بوو ماسیوا ، ناهییە بوو هەرسەلیب (٢٣٤)
-ب ب- ا -ب - ا - ب ب -ا -ب -ا.
مفتعلن فاعلن مفتعلن فاعلان

ئەم قالبەش وەکو ئەوەی پێشوو، دەشێ بە بەسیتی مەتوی لێك بدرێتەوە.

٢- بەسیتی هەشتیی تەواو:

(مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن) ٢× سەفوەت دەڵێ:

ئایا وەها تێ ئەگا عاشیق کە پەنهان ئەبێ
--ب - ا - ب - ا -- ب - ا - ب - ا
مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن
حوببی لە بەینی دڵی شێواو و چاوی بە نەم (٢٣٥)
--ب - ا - ب - ا -- ب- ا - ب- ا
مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن

لەم قالبەدا ، دەشێ عەرووزەکەی موززال (فاعلان) بێ، وەکو تاهیر ملا عبدوللا بەحرەکەی ، دەڵێ :

عیشقم بە تاو لۆمە کار لۆمەم ئەکەی کوو بە زار

--ب - ا-ب - ا --ب - ا -ب - ا.

مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلان

بەختت هەبا جار بە جار لۆمەی منت ناتە دەم (٢٣٦)

--ب - ا-ب- ا--ب - ا-ب -ا

سەفوەت و تاهیر مەلا عبدوللا بەحرکەیی هەریەکە لە لای خۆیەوە قەسیدەی بوردییەیان سەراسەر بە کێشی بەسیت کردووە بە کوردی (٢٣٧).

٣-بەسیتی هەشتیی مەتوی:

(مفتعلن فاعلن مفتعلن فاعلن) ×٢ . نالی دەڵێ:

دووری لەمن خستەوە بێ سەبەبێ یاری من

-ب ب - ا - ب - ا- ب ب - ا -ب- ا

مفتعلن فاعلن مفتعلن فاعلن

باری خودایا کە تۆ بگری سەبەب کاری من (٢٣٨)

-ب ب - ا-ب- ا-ب ب- ا-ب-ا

مفتعلن فاعلن مفتعلن فاعلن

پێی دووەمی لەتی یەکەم دەبێ بخوێندرێتەوە (خستەوا) ، واتە دەبێ (ە) درێژ بکرێتەوە بۆ (ا) چونکە (فاعلن) بەهیچ زیحاف و عیللەیەك نابێ بە (فاعلُ).

٤-بەسیتی شەشیی مەتوی:

(مفتعلن فاعلن مستفعلن) ×٢ . ئەدەب دەڵێ:

قورسی قەمەر لەو ڕوخی ئەنوەر شکا

-ب ب- ا-ب - ا--ب -ا

مفتعلن فاعلن مستفعلن

سەروی سەهی لەو قەدی دڵبەر شکا (٢٣٩)

-ب ب - ا- ب - ا - - ب - ا

مفتعلن فاعلن مستفعلن

ئەگەر پێی حەفتەمی لەتەکان بە کورتی بخوێنرێتەوە و دابەش کردنی بڕگەکان بکرێ بە (٤+٤+٣) کێشەکە دەبێ بە(سەریع).

زیحاف و عیللەکانی ئەم کێشە لە کوردیدا:

١- خەبن: مستفعلن --> مفاعلن، فاعلن --> فعلن. سەفوەت دەڵێ:

کێ بۆم بگێڕێتەوە نـــە فسم لـــە گو مڕاییا

--ب- ا-ب- ا--ب- ا-ب-

مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن

وەك ئەسپی سەرکەش کەوا لغاوی بکرێتە دەم (٢٤٠)

--ب- ا-ب- اب-ب- ا-ب-ا

مستفعلن فاعلن مفاعلن فاعلن

پێی سێیەمی لەتی دووەم (لغاوی بك =ب-ب-=مفاعلن) خەبنی هاتۆتە سەر.

بۆ (خەبن)ی (فاعلن)، تاهیر مەلا عبدوللا بەحرکەیی دەڵێ:

چاکەو ڕەوشتی جوان کەسی نییە ئـــاو قەران

--ب- ا-ب-. ا-ب-ب- ا-ب-.ا

مستفعلن فاعلان مفاعلن فاعلان

چاکەی دە گەڵ چاکی دان نابێ بدەی لە قەلەم (٢٤١)

--ب- ا-ب-. ا--ب- اب ب-ا

مستفعلن فاعلان مستفعلن فعلن

٢-ئیزالە: فاعلن --> فاعلان.

دێڕی دووەمی سەرەوە، سێ نموونەی ئیزالـەی تێدا هـاتووە، پێـی دووەم و چوارەمـی لەتی یەکەم و پێی دووەمی لـەتی دووەم هەموو بوونەتە فاعلان.

٣-تەی: مستفعلن ->(مستعلن =مفتعلن).نالی دەڵێ:

شاهیدی عەقل وو سەفا، مەعدەنی سیدق و ووەفا

-ب ب- ا-ب- ا-ب ب- ا-ب-

مفتعلن فاعلن مفتعلن فاعلن

هاتووە دەرمان بـــکا، قەلبی بـــریندارى من (٢٤٢)

-ب ب- ا-ب- ا-ب ب- ا-ب-

مفتعلن فاعلن مفتعلن فاعلن

بەم جۆرە بەسیت لـە کوردیدا زیحـافی (خەبن و تـەی) و عیللەی (ئیزالـە)ی دێتـە سەر (٢٤٣).

کێشە باوەکان و ژمارەی بڕگەی قالبەکانییان:

لەو کێشانەی لە کوردیدا باوو بڵاون (٩) کێش و لەم (٩)کێشەدا (٦٨) قالبمان دیار کردووە. دیار کردنی قالبەکان بە پێی زەرب بووە چونکە کێشی قەسیدەو غەزەل لەسەر زەرب بنیات ئەنرێت و دێری یەکەمیش لە هەموو قەسیدەو غەزەلێکدا هەمیشە تەسریع (تصريع) دەبێ، واتە عەرووزی لە ڕووی کێش و سەرواوە وەك زەرب دەبێ. بۆیە دێری یەکەم دەبێ بە بنچینە بۆ دیارکردنی قالبە کێش. ئێستاش بە پێی ژمارەی بڕگەی هەر لەتە دێرێك، ئەم قالبانە لێك جودا دەکەینەوە:-

آ-قالبە (١٦) بڕگەییەکان:

(١)هەزەجی هەشتیی موسەببەغ.

(٢)هەزەجی هەشتیی تەواو.

(٣)هەزەجی هەشتی مەکفووف .

(٤)ڕەجەزی هەشتی مورزال .

(٥)ڕەجەزی هەشتیی تەواو .

(٦) ڕەجەزی هەشتیی مەتوی مەخبون.

(٧)ڕەجەزی هەشتیی مەخبوون

(٨) ڕەمەلی هەشتیی تەواو.

(٩)ڕەمەلی هەشتیی مەشکوول .

(١٠)موجتەسی هەشتیی مەخبوون.

ب- قالبە(١٥) بڕگەییەکان:

(١)هەزەجی هەشتیی مەقسوور.

(٢)هەزەجی هەشتیی مەحزووف .

(٣)ڕەمەلی هەشتیی مەقسوور.

(٤)ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەقسوور.

(٥)ڕەمەلی هەشتیی مەحزووف.

(٦)ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەحزووف.

(٧)موجتەسی هەشتیی مەخبوونی مەقسوور.

(٨)موجتەسی هەشتیی مەخبوونی مەحزووف.

ج:قالبە (١٤) بڕگەییەکان:

(١)هەزەجی هەشتیی ئەخرەب.

(٢)هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووف.

(٣)هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور.

(٤)هەزەجیهەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف.

(٥)ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی ئەسلەم.

(٦)موزاریعی هەشتیی ئەخرەب.

(٧) موزاریعی هەشتیی ئەخرەبی موسەببەغ.

(٨)موزاریعی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووف .

(٩)موزاریعی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور.

(١٠) موزاریعی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف .

(١١)موجتەسی هەشتیی مەخبوونی ئەسلەم.

(١٢)موجتەسی هەشتیی مەخبوونی ئەسلەم موسەببەغ.

(١٣)بەسیتی هەشتیی تەواو .

(١٤)بەسیتی هەشتیی موزال .

(١٥)بەسیتی هەشتیی مەتوی .

(١٦)هەزەجی هەشتیی (مەحزووف- مەقسوور).

د-قالبە (١٣) بڕگەییەکان:

(١)هەزەجی هەشتیی موسەببەغ.

(٢)ڕەجەزی شەشیی تەواو.

(٣)موتەقاریبی هەشتیی موسەببەغ.

(٤)موتەقاریبی هەشتیی تەواو.

(٥)موتەقاریبی هەشتیی مەقبوون.

(٦)ڕەمەلی شەشیی موسەببەغ.

(٧)ڕەمەلی شەشیی مەکفووف.

ه-قالبە (١١) بڕگەییەکان:

(١)هەزەجی شەشیی مەقسوور.

(٢)هەزەجی شەشیی مەحزووف.

(٣)ڕەمەلی شەشیی مەقسوور.

(٤)ڕەمەلی شەشیی مەخبوونی مەقسوور.

(٥)ڕەمەلی شەشیی مەحزووف.

(٦)ڕەمەلی شەشیی مەخبوونی مەحزووف.

(٧)سەریعی شەشیی مەتوی(مەتوی مەکشوف).

(٨) سەریعی شەشیی مەتوی مەوقووف.

(٩) سەریعی شەشیی مەتوی مەکشوف.

(١٠)خەفیفی شەشیی مەخبوونی مەقسوور.

(١١) خەفیفی شەشیی مەخبوونی مەحزووف.

(١٢)موتەقاریبی هەشتیی مەقسوور.

(١٣) موتەقاریبی هەشتیی مەحزووف.

(١٤)بەسیتی شەشی مەتوی.

و- قالبە (١٠) بڕگەییەکان:

(١)هەزەجی شەشیی ئەخرەبی مەقبووزی مەقسوور.

(٢) هەزەجی شەشیی ئەخرەبی مەقبووزی مەحزووف.

(٣)ڕەجەزی چواری مورەففەل.

(٤) ڕەجەزی چواری مەخبوونی مورەففەل.

(٥)ڕەمەلی شەشیی مەخبوونی ئەسلەم.

(٦)خەفیفی شەشیی مەخبوونی ئەسلەم.

(٧) خەفیفی شەشیی مەخبوونی ئەسلەم موسەببەغ.

ز-قالبە (٨) بڕگەییەکان:

(١)هەزەجی چواری تەواو.

(٢)ڕەجەزی چواری تەواو.

(٢)ڕەمەلی چواری تەواو.

(٤)موزارعی چواری تەواو.

(٥)موجتەسی چواری تەواو.

ح-قالبە (٧) بڕگەییەکان:

موزاریعی چواری ئەخرەب.

دووەم :کێشە کەم بەکار هاتووەکان :

هەندێ کێش هەن لە عەرەبیدا بەکار هاتوون ، چ بە زۆری و چ بە کەمی ، بەڵام لە کوردیدا بەکار نەهاتوون، یان کەم بەکار هاتوون ، ئەوانیش ئەمانەن:

١-کێشی کامیل:

وشەی کامیل (الکامل)لە عەرەبیدا مانای تەواو دەگەیەنێ، وەك زاراوەش بەو کێشە دەگوترێ کە لە بازنەی دووەمدایە و پێیەکانی لە بازنەی خۆیدا بریتین لە (متفاعلن متفاعلن متفاعلن) ٢x. ئەم کێشە بۆیە پێی دەگوترێ کامیل چونکە(٣٠) حەرکەی تێدایە و ئەوەندە حەرەکەیە لە کێشەکانی تردا نین) (٢٤٤) ، یان لەبەرئەوەیە کە حەرەکەکانی تەواون ، حەرەکەکانی دێرە شیعری دەگاتە (٣٠) حەرەکە. ئەگەرچی وافیریش لە بنچینەدا هەروایە بەڵام ئەوقەت بە تەواوی بەکار نایە (٢٤٥)، لەوانەشە بۆیە وای پێ گوترا بێ چونکە (زەربەکانی لە زەربی کێشەکانی تر زیاترە، کامیل نەبێ هیچ کێشێك (٩) زەربی نییە) (٢٤٦).

هەرچەندە کامیل لە کێشە باوو بڵاوەکانی عەرەبیە بەڵام لە فارسی و کوردیدا زۆر کەم بەکار هاتووە . (سەجادی) لەگەڵ چوار کێشی تری بەرایی (بازنەی یەکەم و دووەم) لە کوردیدا وەدەری ناون. (٢٤٧) . (هەردیش) دەرهەق کێشی کامیل و هەندێ کێشی تری کەم بەکار هاتوو دەڵێ: (شاعیرانی کورد لە کۆنەوە تا ئیمرۆ گەلێ کێشی عەرووزیان بەکار هێناوە. تەنانەت لەسەر کێشی (کامیل)یش هەڵبەستیان داناوە، ئەگەرچی دوو سێ هەڵبەستیش بێ) (٢٤٨) . ئینجا دەربارەی کامیل دەڵێ: (لە ڕاستیدا هەتا ئێستا دوو سێ هەڵبەستێکم لە کوردیدا دیوە کە لەسەر کێشی کامیل ووتراون) (٢٤٩) بەڵام هەڵبەستەکانی دیار نەکردووە کامانەن، (بیمار) دەربارەی کێشی کامیل دەڵێ: (کێشی کامیل یەکێکە لەو کێشە کەمانەی کە هەڵبەستی کوردی کۆنیان پێ هۆنراوەتەوە) (٢٥٠) . ئینجا دوو نموونەی لەکامیل شی کردوەتەوە کە بریتین لە شیعرێکی (شاهۆ) و یەکێکی ئەحمەد موختار بەگی جاف. (محمد بکر) لە نامەی ماجستێرەکەیدا نموونەیەکی لە کامیل (کە شیعرێکی بێخودە)لە دەستنووسی (شێخ نووری شێخ صالح) وەرگرتووە و دەڵێ: (لە بارەی کێشی تەویل و کامیلەوە بۆ هەر یەکێکیان لە نموونەیەك پترمان لە دیوانەکاندا بەرچاو نەکەوت) (٢٥١) .

(مەلاعبدالکریمی مدرس) لە (بدیع و عەرووزی نامی)دا بۆ نموونەی کامیل هۆنراوەیەکی (١٠) دێری هۆنیوەتەوە.

ئێمە لەم پشکنینە نەختێ فراوانەی بۆ شیعری کلاسیکی کوردی کردوومانە گەیشستینە ئەو ئەنجامەی کە کامیل لە کوردیدا کەمە و لە چوار پارچە هۆنراوە زیاترمان نەدۆزیەوە کە لەسەر کێشی کامیل گوترابێ ئەوانیش بریتین لە هۆنراوەی ئەم شاعیرانە (بێخود، (٢٥٢) شاهۆ (٢٥٣)، ئەحمەد موختار (٢٥٤)، مەلا عبدالکریمی مدریس) (٢٥٥).

کامیل لە کوردیدا لەگەل کەمیشی ، دوو قالبی گرتووە:

ا-کامیلی هەشتیی تەواو:

(متفاعلن متفاعلن متفاعلن متفاعلن) ٢× شاهۆ دەڵێ:

بە هەواو سەدایی فوناغی دڵ کە لە سازی سینە دێتە گوێم

ب ب-ب-ا ب ب-ب- ا ب ب-ب-ا ب ب-ب-ا

متفاعلن متفاعلن متفاعلن مفا علن

هەر ئەڵێی نــــەوایی عیراقیە بە کزەی کەمانچە ووتارەوە (٢٥٦)

ب ب-ب ا ب ب-ب- ا ب ب-ب-اب ب-ب-ا

متفاعلن متفاعلن متفاعلن متفاعلن

عەروزەکەی توشی وەقس (وقص) هاتووە . (متفاعلن- مفاعلن).

ب-کامیلی شەشیی تەواو:

(متفاعلن متفاعلن متفاعلن) ٢×.نامی دەڵێ:

موتەقابیلم بە کەرامەت وو بە سەماحەتت

ب ب-ب- اب ب-ب- ا ب ب-ب-ا

متفاعلن متفاعلن متفاعلن

موتەکامیلم بە نەوالی فەیزی سەلاحەتت (٢٥٧)

ب ب-ب- اب ب-ب-اب ب-ب-

کامیل لەو چوار نموونەی لە کوردیدا هەیە ، دوو زیحاف (ئیزمارو وەقسی) هاتۆتە سەر.

٢-کێشی تەویل:

وشەی تەویل (الطویل) لە زمانی عەرەبیدا بە مانای درێژ هاتووە، بەلام وەکو زاراوەیەکی عەرووزی بۆ ئەو کێشە (بەحرە) بە کارهاتووەکە یەکەم کێشی بازنەی یەکەمە و پێیەکانی بەم جۆرەیە: (فعولن مفاعیلن فعولن مفاعیلن) ٢×.

ئەم کێشە بۆیە ناوی نراوە تەویل چونکە هەموو پێیەکانی تەواون (٢٥٨)، یان بۆیە وای پێ گوتراوە چونکە (لە هەموو کێشەکان زیاتر بە تەواوی بە کاردێ، تووشی جوزء و شەتر و نەهك نایە. هەندێکیش دەڵێن بۆیە وای پێ دەڵێن چونکە تیپەکانی لە هەموو کێشەکانی تر زیاترە و ئەگەر تەصریع بکرێ دەبێ بە (٤٨) تیپ و لەمەدا هیچ کێشێك خۆی لە قەرە نادات..) (٢٥٩)، یان دەشێ بۆیە ئەم ناوەی پێ درابێ چونکە (لە کێشی تەویلدا وەتەد لە سەرەتای دێرەکان دێ و ئینجا سەبەبەکان دێن، وەتەدیش لە سەبەب درێژترە، لەبەر ئەو درێژییەی وەتەد پێی دەگوترێ تەویل. دەشڵێن کاتی خۆی (عەرەب بە کێشی تەویلیان گوتوە -الرکوب- چونکە شاعیرەکان زۆر دەیان خستە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە..) (٢٦٠).

ئەم کێشە هەرچەندە لە عەرەبیدا زۆر بەکار هاتووە بە تایبەتی لای کۆنەکان و (مەعەرری) گوتویەتی: (دیوانی هەر کەلە شاعیرێك بگری زۆریەی شیعرەکانی لەسەر تەویل و بەسیتە) (٢٦١) بەڵام لە کوردیدا زۆر کەم و بە دەگمەن بەکار هاتووە. (سەجادی) لەبارەی ئەم کێشەو چوار کێشەکەی تری بازنەی یەکەم و دووەم دەڵێ (پێنج کێشەکەی تەویل، مەدید، بەسیت، وافیر، کامیل، لە کێشە تایبەتییەکانی زمانی عەرەبین، واتە هەر عەرەب هۆنراوەیان لەسەر داناوە. کوردو فارس نەچۆتە دڵیانەوە) (٢٦٢). بیمار دەڵێ: (تەویل کێشێکە تایبەت بە هەڵبەستی عەرەب و لە کوردیدا بێ نموونەیە. ئەگەر هەشبێ زۆر کەم و دەگمەنە) (٢٦٣).

بەم جۆرە کێشی تەویل لە کوردیدا زۆر کەمە، هەر بۆ گاڵتەو یاری بە وشە کردن، یان بۆ نموونەی کێش هاتووە. لە هەر دوو باریشدا زۆر کەم و ناوازەیە، بۆیە هەر بە نەبوو دادەنرێ. ئەوەی تا ئێستا لە کوردیدا بە کێشی تەویل هۆنرابێتەوە و بەرچاوی ئێمە کەوتبێ لە چوار شت تێ ناپەڕێ:

١. شیعرە عەرەبی ئامێزەکەی نالی (٢٦٤)
٢. چوارینە عەرەبی ئامێزەکەی قانیع (٢٦٥)
٣. تاکە دێرەکەی حەسەنی درلی (٢٦٦)
٤. قەسیدەکەی مەلا عبدالکریمی مدرس کە (٥٢) دێرەو لە کتێبی (بدیع و عەرووزی نامی)دا بە تایبەتی بۆ نموونەی تەویل دایناوە. (٢٦٧)

سێیەکەی بەرایی هەر دەڵێی بۆ گاڵتە گوتراون، چونکە تێکەڵاوییەکی سەیرن لە کوردی و عەرەبی. ئەمانە بە تایبەتی دووەکەی پێشەوە قالبەکەیان زیاتر عەرەبییە و

بە کوردی موتوربە کراون ، چونکە داڕشتنی ڕستە سازیبان عەرەبییەو بە وشەی کوردی پڕ کراوەتەوە . ئەوەی چوارەمیش هۆنراوەیەکی ئایینی کوردییەو تەواو کەوتۆتە قالبی تەویلەوە .

هۆنراوەکەی نالی و ئەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس هەردووکیان بریتین لە تەویلی مەقبووز. عەرووزو زەربیان تووشی زیحافی قەبز بووە ، (مفاعیلن) بووە بە (مفاعلن). یەکەم دێری شیعرەکەی نالی ئەمەیە:

دەروونی لیدار یشتا رەزووری وە بە ردیهی

ب-- ا ب--- ا ب-- ا ب- ب- ا

فعولن مفاعیلن فعولن مفاعلن

که فرمێسکن گەرمین ئیلا ئاوی سەردیهی (٢٦٨)

ب-- ا ب--- ا ب-- ا ب-ب-ا

فعولن مفاعیلن فعولن مفاعلن

لە پێی دوۆەمی لەتی دووەمدا ، دەبێ (س) بە گرانی بخوێندرێتەوە، وەك ئەوەی (ژێر - کەسرە) یەکی بچووکی لە ژێرەوە بێ و وەك بڕگەیەکی کورتی سەریەخۆ بگوترێ ئەگەر نا کێشەکە دروست نایە. عەرووزو زەرب هەردووکیان قەبزیان هاتۆتە سەر ، بونەتە (مفاعلن). یەکەم دێری شیعرەکەی مەلا عبدالکریمی مدرسیش ئەمەیە:

سەلات و سەلامی حەق لە سەرزاتی ئەنوەری

ب-- ا ب--- ا ب--ا ب-ب -ا

فعولن مفاعیلن فعولن مفاعلن

دڵ و ڕۆح و ڕوخساری سەرا سەر مونەووەری (٢٦٩)

ب-- ا ب--- ا ب--ا ب-ب-ا

فعولن مفاعیلن فعولن مفاعلن

لێرەشدا ، عەرووز و زەرب هەردووکیان قەبزیان هاتۆتە سەر.

تەویل لە کوریدا تەنیا ئەم تاکە قالبەی هەیە کە هەشتی مەقبووزە و پێیەکانی بەم جۆرەیە:

(فعولن مفاعیلن فعولن مفاعلن) ٢x.

تەیل لە کوردیدا زیحافی قەبز وەردەگرێ و جاروباریش (کەف) دەچێتە سەر (مفاعیلن) دەیکا بە (مفاعیلُ) (٢٧٠).

٣-کێشی موتەدارەك:

وشەی موتەدارەك بە مانا بەسەرگرتنەوەو پێ ڕاگەیشتن هاتووە. وەك زاراوەیەکی عەرووزی بەو کێشە دەگوترێ کە لە بازنەی پێنجەمدایە و پێیەکانی بەم جۆرەیە: (فاعلن فاعلن فاعلن فاعلن) ×٢.

ئەگەر موتەدارەك بێ گوایە بۆیە وای پێ گوتراوە چونکە (ئەخفەشی نەحوی لە خەلیلی بەسەرگرتۆتەوە، چونکە خەلیل لەگەڵ کێشەکانی تردا ناوی نەهێناوە) (٢٧١). ئەگەر موتەداریك بێ بۆیە وای پێ گوتراوە چونکە بە موتەقاریب ڕاگەیشتوە، واتە لەوەوە دەرهاتووە بە پێش خستنی سەبەب لەسەر وەتەد (٢٧٢). ئەم کێشە بە زۆر ناوی تریش ناوی هاتووە، وەکو (الخبب، دق الناقوس، المحدث، ركض الخيل، الشقيق، المخترع، المنتسق، المتدانی، ضرب الخيل، الغريب) (٢٧٣).

ئایا خەلیل ئەم کێشەی زانیوە و پشت گوێی خستووە یان نەیزانیوەو ئەخفەش داینـاوە؟ هەرچەندە ئەم پرسیارە زۆر موناقەشەی لەسەرکراوە بەلام ئەوەی ئاگاداری کاری خەلیل بێ لە لێك وەرگرتنی کێشەکان دڵنیا دەبێ، کە هەر (١٦) کێش لە دۆزینەوەو داهێنانی خەلیل خۆیەتی) (٢٧٤). دکتۆر عبدالله المجذوب ڕای وایە خەلیل بە ئەنقەست موتەدارەکی پشت گوێ خستووە، چونکە نموونەی لە عەرەبی نەبووە، یان زۆر کەم بووە (٢٧٥). موتەدارەك لە عەرەبیدا کەم بەکار هاتووە. شاعیران خۆیان لێ لاداوە (٢٧٦). لە کوردیشدا هەر زۆر کەم و دەگمەنە. بگرە بە نەبوو دادەنرێ. نموونەیەکی موتەدارەك لە کوردیدا ئەو هۆنراوەیەیە کە مەلا عبدالکریمی مدرس بە تایبەتی وەکو نموونە بۆ کێشی موتەدارەك دایناوە. لە سەرەتادا دەڵێ:

شاهەکەم ماهەکەم سەروەرم دڵبەرم

-ب- ا -ب- ا -ب- ا -ب-

فاعلن فاعلن فاعلن فاعلن

بولبولی سەرچڵم عاشقی ڕووی گوڵم (٢٧٧)

-ب- ا -ب- ا -ب- ا -ب-

فاعلن فاعلن فاعلن فاعلن

ئەم کێشە لە کوردیدا تەنها زیحافی خەبن وەردەگرێ.

٤-کێشی مونسەریح:

وشەی مونسەریح بە مانای بەرهەڵدان هاتووەو لە عەرووزدا بۆ ئەو کێشەی بازنەی چوارەم بەکاردێ کە پێیەکانی بەم جۆرەیە: (مستفعلن مفعولات مستفعلن)٢x. گوایە ئەم کێشە لە عەرەبیدا لەبەر سووکی و بەرەلایی ئەم ناوەی بەسەردا براوە (٢٧٨). یان بۆیە وای پێ گوتراوە چونکە(بەرهەڵدایەو لەسەر زمان سووکە، یان لە ئاوقووفەکانی خۆی جودا بۆتەوە. لەبەر ئەوە وای پێ دەگوترێ چونکە پێی (مستفعلن) ی وەتەدی کۆلە زەریدا دەشێ بە ساغی بێ بەڵام لە مونسەریحدا قەت بە ساغی نایێ هەر دەبێ تەی بێتە سەر (٢٧٩). ئەم کێشە بە گشتی ئاوازەکەی ناسکەو ئەوناسکییەی وای کردووە عبدالله المجذوب بە سەماکەرێکی بەلەنجە یان سترانبێژێکی مێیینانە بکەوێتە بەرچاوی (٢٨٠). هەر ئەم ناسکییەشە لە پەخشان نزیکی دەکاتەوە. ئەوەی دەیخوێنێتەوە، یان گوێی لێ دەگرێ وا هەست دەکا کێشەکە شلەژاوە.

مونسەریح لە کوردیدا لە کێشە کەم بەکارهاتووەکانە. ئەم نموونانەی کە هەیشن بە تەواوی لە قالبی خۆیان نەمەیون. زۆر دێریان لەگەڵ هەزەج، یان سەریع تێکەڵ دەبێ. شێخ ئەحمەدی نۆدێ پارچەیەکی (ئەحمەدی) یەکەی بەم کێشە داناوە (٢٨١). مەلا عبدالکریمی مدریسیش لە باسی کێشی مونسەریحدا، هۆنراوەیەکی بۆ نموونە بەم کێشە داناوە (٢٨٢).

نموونەیەکی مونسەریح وەکو شێخ مارفی نۆدێ دەڵێ:

ئایل بزی کێوی نێرو سەوت دەنگ   تووت تووە شیمەت خوە لەون رەنگ(٢٨٣)

--ب- ا-ب-ب   ا-ب-   -ب ب-   ا-ب-ب   ا-ب-

مستفعلن فاعلاتُ فاعلن   مفتعلن   فاعلاتُ   فاعلن

٥- کێشی موقتەزەب:

وشەی موقتەزەب بە مانای لێبڕین هاتووە. وەك زاراوەش بەو کێشە دەگوترێ کە لە بازنەی چوارەمدایەو پێیەکانی بەم جۆرەیە:

(مفعولات مستفعلن مستفعلن) ٢x.

گوایە بۆیە وای پێ گوتراوە چونکە لەبەر کەم بەکار هاتن وەکو ئەوە وایە لە شیعر دابڕا بێ (٢٨٤)، یان دەشێ بۆیە وای پێ گوترابێ چونکە لە مونسەریحدا بڕاوەتەوە، بەڵام ئەوەندە هەیە (مفعولاتُ)ی پێش کەوتووە (٢٨٥).

ئەم کێشە لە عەرەبیدا لە کێشە زۆر دەگمەن و کەم بەکار هاتووەکانە. (ئەبو علاء المعري) وای بۆ دەچێ ئەم کێشە و کێشی موزاریع و موجتەس لە داهێنانی خەلیل خۆیەتی (٢٨٦). ئەخفەشیش هیچ بایەخێکی وای پێ نەداوە. ئەم کێشە لە کوردیدا ئەگەر بۆ نموونە هاتبێ ئەگینا بەکار نەهاتووە. لە پشکنینی شیعری کلاسیکی کوردیدا هیچ دێرە شیعرێکی موقتەزەبمان نەهاتە پێش. لەگەل ئەوەشدا مەلا عبدالکریمی مدرس لە بدیع و عەرووزی نامیدا نموونەیەکی (٢٤) دێری بۆ ئەم کیشە هۆنیوەتەوە بەلام ئەویش بەتەواوی دەستەلاتی بەسەر کێشەکەدا نەشکاوە. هەموو دێرەکانی دروست و سوارنین. لە زۆر جێگا لەنگی تێدایەو پەڕیوەتەوە بۆ کێشی تر. لە دێری یەکەمدا دەڵێ:

دڵبەری من	نەوجەوان	شا گوڵی	باغی گوڵان (٢٨٧)
- ب -	ا --ب -.	- ب -	ا -- ب -.
فاعلن	مستفعلان	فاعلن	مستفعلان

پێی یەکەمی هەردوو لەت تووشی (تەی و کەشف) بووە. مفعولات بووەتە (فاعلن). پێی دووەمی هەردوو لەتیش توشی ئیزالە بووە، (مستفعلن) بۆتە (مستفعلان).

٦-کێشی مەدید:

وشەی مەدید لە عەرەبیدا بە مانای کشان هاتووە. لە عەرووزیشدا بەو کێشە دەگوترێ کە لە بازنەی دووەمدا دایەو پێیەکانی ئەمانەن: (فاعلاتن فاعلن فاعلاتن فاعلن) ×٢.

گوایە بۆیە وای پێ گوتراوە چونکە پێیە حەفتیەکانی بە دەوری پێیە پێنجیەکانیدا دەکشێ (٢٨٨). زەجاجیش دەڵێ بۆیە پێی گوتراوە مەدید چونکە لە هەر لایەکی پێیە حەفتییەکانی دوو سەبەب کشاون (٢٨٩). ئەم کێشە لە عەرەبیدا (کەم بەکار هاتووەو کێشێکی قورسە) (٢٩٠). لە کوردیدا ئەم کێشە هیچ لای لێ نەکراوەتەوە. سەجادی لەگەڵ کێشەکانی تری دوو بازنەی بەرایی لە فارسی و کوردیدا وەدەری ناون و بێمار لەبارەی نموونەی مەدیدەوە دەڵێ: یان نەمدیتوون وزۆر

وەکو من (٢٩١) .دڵزار لە پێشەکی (گەنجینە) دا لە باسی ئەو کێشەی پێی وەرگێڕاوە دەڵێ:

(چوارینەکانی بابا تاهیر لەسەر یەك کێش) هەڵبستراون کەوا کێشی وافیرە، بەڵام من هەموویانم لە سەر هەمان کێش نەگۆڕیوە بەڵکو تەنیا (٣٩) چوارینەکانی پێشەوەم لەسەر هەمان کێش هێشتۆتەوەو (٣٦)ی ناوەڕاستیشم لەسەر جۆرێك لەجۆرەکانی مەدید گۆڕیوە کە فەردی مەولەوی و زۆربەی شیعری کوردی بەم کێشە هۆنراوەتەوە) (٢٩٢) . ئەو چوارینانەی دەڵێ بە مەدید هۆنیومەتەوە هیچیان مەدید نین . کێشی (١٠)برگەیی خۆماڵین . سەراپای شیعری مەولەوی بە کێشی (١٠)ی (٥+٥) هۆنراوەتەوەوهیچ پەیوەندی بە مەدیدەوە نییە . چوارینەکانی باباتاهیر لەسەر کێشی وافیر نین وەکو ئەو دەڵێ بەڵکو لەسەر کێشی هەزەجی شەشی مەقسووریان مەحزووف نووسراون .مەلا عبدالکریمی مودەریس لە باسی کێشی مەدیدا هۆنراوەیەکی (١٧) دێری بۆ نموونەی مەدید هۆنیوەتەوە کە سەرەتاکەی بەم دێرە دەست پێ‌دەکا :

سیحەتی‌توچاوجوان هۆی سەلامە
-ب- - ا-ب- ا -ب-ب ا
فاعلاتن فاعلن فاعلاتُ
بوونی زاتت بێ گومان خێری عامە (٢٩٣)
-ب- -ا -ب- ا -ب-ب ا
فاعلاتن ا فاعلن ا فاعلاتُ

عەرووزوزەرب کەفیان هاتۆتە سەر(فاعلاتن) بووە بە (فاعلاتُ) . لەم پارچە هۆنراوەیەدا مەدید زیحافی خەبن وکەف وشەکلی وەرگرتوە .

٧- کێشی وافیر:

وشەی وافیر لە عەرەبیدا بە مانای (تەواو کردن) هاتووەو لە عەرووزدا بەو کێشە دەگوترێ کە لە بازنەی دووەمدایەو پێیەکانی بەم جۆرەیە: (مفاعلتن مفاعلتن مفاعلتن) ٢x. بەڵام تەنیا بە مەجزووئی بەکارهاتووە (٢٩٤) . گوایە بۆیە پێی گوتراوە وافیر چونکە پێیەکانی وەتەد بە وەتەدیان زۆرەو دەشڵێن لەبەر زۆری حەرەکەکانی وای پێ گوتراوە (٢٩٥) .

ئەم کێشە لە عەرەبیدا زۆر بەکار هاتووە ، بگرە (لە هەموو کێشەکانی تر زیاتر بەکار هاتووە) (٢٩٦) . وافیر کێشێکی نەرم و لووسەو لەگەڵ دەست دێ ، واتە توندی بکەی توند دەبێ، نەرمی بکەی نەرم دەبێ. بە زۆری بۆ شانازی دەست دەدا ئەگەرچی لە شین و لاوانەوەش بەکار هاتووە (٢٩٧) .

لە کوردیدا وافیر بە هیچ جۆرێك نییە . چونکە پێی (مفاعلتن) لە کوردیدا نەهاتووە. سەجادی و هەردی و بێماریش ڕایان وایە کە وافیر لە کوردیدا بەکار نەهاتووە. تەنیا مەلا عبدالکریمی مودەریس کە باسی وافیری کردووە نموونەی بۆ داناوە ،بەلاّم کە پێیەکانی نووسیوە هەر بە مەعسوبی نووسیون (مفاعلْتن ← مفاعیلن) (٢٩٨) . ئەو نموونەی کە بۆ وافیر داویەتی هەمووی لەسەر کێشی(مفاعیلن مفاعیلن فعولن)ە، بەوەش کێشەکە بووە بە هەزەجی شەشی مەحزووف. ڕاستە دەشێ (مفاعلتن) بە عەسب ببێ بە (مفاعیلن) بەلاّم پێویستە لە هۆنراوەکەدا هەر هیچ نەبێ یەك پێ بەساغی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بتوانین بیبەینەوە سەر وافیر. (ئەگەر قەسیدەیەك یان پارچە هۆنراوەیەك لەسەر کێشی (مفاعیلن) بێ یەك پێی تێدا بێ لەسەر کێشی (مفاعلتن) بێ، ئەوە ئەم هۆنراوەیە لەسەر کێشی مەجزووئی وافیرەو هەزەج نیە ، خۆ ئەگەر هەر هەموو پێیەکان لەسەر کێشی (مفاعیلن) بوون ئەوە لەسەر کێشی هەزەجە نەك وافیر) (٢٩٩) .چونکە (مفاعیلن) لە هەزەجدا ئەسڵەو لە وافیردا موزاحەفە. لە کوردیدا ئێمە لە پشکنینی کێشەکاندا هیچ پێی (مفاعلتن) مان نەکەوتە پێش، بۆیە هەرچەندە مەلا عبدالکریمی مدرس هۆنراوەکەی لەسەر کێشی (مفاعیلن مفاعیلن فعولن) بۆ وافیر داناوە ، ئێمە بە وافیری نازانین..

<u>سەرنج:</u>

*جگە لەو قالبەکێشە باو و کەم بەکار هاتووانەی کە لێرەدا بە نموونەوە پێشان دران، بۆی هەیە لێرە و لەوێ قالبەکێشی تریش هەبن بەلاّم لەبەر بێ بایەخی یان لەبەر ئەوەی لێکدانەوەی قالبە نووسراوەکانیان بۆ دەکرێ، نەخراونەتە ناو ئەم نامەیە.

*هەموو قالبەکێشەکان (باوەکان و کەم بەکار هاتووەکان) و ئەوەی لێرەش نەهاتبێ و هەر بەرچاوێ ئێمە کەوتبێ، خستوومانەتە ناو ئەو ڕابەرەی بۆ کێشی شیعری کلاسیکی کوردی ئامادەمان کردووە و لە دەرفەتێکدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بە ناوی <u>(ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی)</u> بلاّوی دەکەینەوە.

پەراوێزەکانی بەشی چوارەم:

(١) حكمة فرج البدري، العروض، بغداد، ١٩٦٦، ص٥٢.

(٢) د. مهدي المخزومي، عبقري من البصرة، بغداد، ٩٧٢، ص٤٩.

(٣) الصبان، شرح الصبان على منظومته، المطبعة الميمنية، ١٣٠٦، ص٤٩.

(٤) د. ئیحسان فوئاد، دوو کێشی عەروزی لە شیعری کوردی تازەدا، گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات، زانستگای بەغدا، ژمارە (١٥)، ١٩٧٢، ل٣-٤.

(٥) عبدالرزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، بەغدا، ٩٩٢، ل٦٧.

(٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨.

(٧) ئەحمەدی خانی، مەم و زین، ئامادەکردنی هەژار، پاریس، ٩٨٩. هەژار کە ئەم مەم و زینەی خانی کردووە بە موکریانی هەمان قالبە کێشی خانی بەکارهێناوە.

(٨) داماو حسێن حوزنی موکریانی، خۆشی و ترشی، چ ٢، هەولێر، ١٩٧٤.

(٩) عبدالجبار آغای کانی(وەرگێڕو دانەر)، لەیلە و مەجنون، چ ٣، هەولێر، ١٩٦٩.

(١٠) مەلا حسێن شێخانی، مەولود نامە لە پەسندی حەزرەتی ڕەسولی ئەکرەم، شنۆ، ١٣٦٢.

(١١) دیوانی صابری، کەرکوك، ٩٦٩، ل٦٧.

(١٢) دیوانی حەمدی، سلێمانی، ٩٨٤، ل٢١٤.

(١٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٤.

(١٤) دیوانی جزیری، شەرحی هەژار، تهران، ١٣٦١، ل٢٨.

(١٥) دیوانی حەمدی، سلێمانی، ٩٨٤، ل٢١٠.

(١٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٨.

(١٧) دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، د. مارف خەزنەدار، بەغدا، ٩٧٧، ل٩٨.

(١٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨.

(١٩) سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨.

(٢٠) سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩.

(٢١) سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩.

(٢٢) سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩.

(٢٣) سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١.

(٢٤) سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١.

(٢٥) سەرچاوەی پێشوو، ١٠٤.

(٢٦) دیوانی خادیم، ب ١، بەغدا، ٩٨٠، ل١٤٩.

(٢٧) سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٩.

(٢٨) سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣.

(٢٩) سەرچاوەی پێشوو ، ل١٥٣.
(٣٠) دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، د. مارف خەزنەدار، بەغدا، ٩٧٧،ل٦٠.
(٣١) سەرچاوەی پێشوو ، ل٦١.
(٣٢) دیوانی ناری، سلێمانی، ٩٨٤، ل٣٤.
(٣٣) سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٤.
(٣٤) عبدالرزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، بەغدا، ٩٩٢، ل٦٩.
(٣٥) دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، د. مارف خەزنەدار، بەغدا، ٩٧٧،ل٨٥.
(٣٦) سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٥.
(٣٧) دیوانی جزیری، شەرحی هەژار، تهران، ١٣٦١، ل٣٣٢.
(٣٨) دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، د. مارف خەزنەدار، بەغدا، ٩٧٧،ل٦٩.
(٣٩) دیوانی حاجی، بەغدا، ٩٨٦، ل١٩٥.
(٤٠)دیوانی سالم، چاپی ٢، هەولێر، ٩٧٣، ل٥٥.
(٤١) دیوانی حاجی، بەغدا، ٩٨٦، ل١٩٥.
(٤٢) دیوانی برهان آغای هەولێری، کەرکووک، ١٩٥٧،ل٣٥.
(٤٣)خەیامی هەژار، چاپخانەی عیتانی، بێروت،٩٦٨، ل١٠.
(٤٤) دیوانی حەمدی، سلێمانی، ٩٨٤، ل٢٧٨.
(٤٥) دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، د. مارف خەزنەدار، بەغدا، ٩٧٧،ل٤٥.
(٤٦) ئەحمەدی خانی، مەم و زین، ئامادەکردنی هەژار، پاریس، ٩٨٩. ل٣٢.
(٤٧) سەرچاوەی پێشوو ، ل٢١٧.
(٤٨) دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، د. مارف خەزنەدار، بەغدا، ٩٧٧،ل٧٥.
(٤٩)دیوانی بێخود، محەمەدی مەلا کەریم، بەغدا، ٩٧٠،ل١٠٩.
(٥٠) الصبان، شرح الصبان علی منظومته، المطبعة المیمنیة، ١٣٠٦، ص٥٣.
(٥١) عبدالحمید الراضي، شرح تحفة الخلیل، بغداد، ١٩٦٨، ص٢٠٣.
(٥٢) د. صفاء الخلوصي، فن التقطیع الشعري والقافیة، بیروت، ١٩٦٦، ص١٢٣.
(٥٣) دیوانی جزیری، شەرحی هەژار، تهران، ١٣٦١، ل١٧٣.
(٥٤) سەرچاوەی پێشوو ، ل١٧٥.
(٥٥) سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٣١.
(٥٦) سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٣١.
(٥٧) سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٩٢.
(٥٨) دیوانی ئەسیری، بەغدا، ٩٨٧، ل١١١.
(٥٩)ابن عباد، الاقناع، بغداد، ٩٦٠، ص٤٣.

(٦٠) الرازي، المعجم في معايير أشعار العجم، تهران، (بلا)، ص١٢٩.
(٦١) د.پرويزناتل خانلري، اوزان الشعر الفارسي، ترجمة الدكتور محمد نورالدين عبدالمنعم، القاهرة، ١٩٧٧، ص١٨٥.
(٦٢) عبدالرزاق بيمار، كێش و مۆسيقای هەڵبەستی كوردی، بەغدا، ٩٩٢، ل٨٥.
(٦٣) مەلا عەبدولكەريمی مودەرريس، بەديع و عەرووزی نامی، بەغدا، ٩٩١، ل٩٤.
(٦٤) ديوانی فانی، سلێمانی، ٩٧٦، ل٦٦.
(٦٥) ديوانی وەفايی، چاپخانەی كۆڕی زانياری كورد، بەغدا، ٩٧٨، ل٦٢.
(٦٦) ديوانی فانی، سلێمانی، ٩٧٦، ل١٨٩.
(٦٧) ديوانی ئەسيری، بەغدا، ٩٨٧، ل١١١.
(٦٨) ديوانی سافی، چ٣، هەولێر، ٩٧٣، ل٤٢.
(٦٩) ديوانی جزيری، شەرحی هەژار، تهران، ١٣٦١، ل١٤٢.
(٧٠) سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧.
(٧١) الصبان، شرح الصبان على منظومته، المطبعة الميمنية، ١٣٠٦، ص٥٥.
(٧٢) محمد الدمنهوری، الارشاد الشافي، مطبعة مصطفى البانی الحلبي، ١٩٥٧، ص٨٨.
(٧٣) الصبان، شرح الصبان على منظومته، مطبعة الميمنة، ١٣٠٦، ص٥٥.
(٧٤) د. عبدالله المجذوب، المرشد الى فهم اشعار العرب و صناعتها، جـ١، القاهرة، ١٩٥٣، ص١٣٤.
(٧٥) د. ئيحسان فوئاد، دوو كێشی عەرووزی لە شيعری كوردی تازەدا، گۆڤاری كۆليجی ئەدەبيات، زانستگای بەغدا، ژمارە (١٥)، ١٩٧٢، ل٩.
(٧٦) مەولوديا مەلايێ باتەيی، بەغدا، ١٩٨٢.
(٧٧) مەولود نامە و بروانامەی دەشتی، هەولێر، ٩٨٨.
(٧٨) ديوانی جزيری، شەرحی هەژار، تهران، ١٣٦١، ل٤٤٢.
(٧٩) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٣.
(٨٠) ديوانی حەمدی، سلێمانی، ٩٨٤، ل٢٢٠.
(٨١) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢١.
(٨٢) ديوانی جزيری، شەرحی هەژار، تهران، ١٣٦١، ل٦٢.
(٨٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤.
(٨٤) ديوانی سالم، چ ٢، هەولێر، ٩٧٣، ل٤٥.
(٨٥) ديوانی سافی، چ٣، هەولێر، ٩٧٣، ل١٤.
(٨٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦.
(٨٧) ديوانی سالم، چ ٢، هەولێر، ٩٧٣، ل٢٦.
(٨٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦.
(٨٩) سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.

(٩٠) سەرچاوەی پێشوو ، ل١٢٦.
(٩١)دیوانی زێوەر، بەرگی ١، بەغدا ، ٩٥٨، ل١٦.
(٩٢) سەرچاوەی پێشوو ، ل١٦.
(٩٣) سەرچاوەی پێشوو ، ل١٦.
(٩٤) دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، د. مارف خەزنەدار، بەغدا، ٩٧٧،ل١٢٢.
(٩٥) دیوانی سالم، چ ٢، هەولێر، ٩٧٣، ل٥٤.
(٩٦) سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٤.
(٩٧) سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٧.
(٩٨) سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٧.
(٩٩) دیوانی ناری، سلێمانی، ٩٨٤، ل٨٤.
(١٠٠) سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٤.
(١٠١) دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، د. مارف خەزنەدار، بەغدا، ٩٧٧،ل٥١.
(١٠٢) سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٢.
(١٠٣) سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٢.
(١٠٤) دیوانی جزیری، شەرحی هەژار، تهران، ١٣٦١، ل٥٠١.
(١٠٥) سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٠١.
(١٠٦) سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٠١.
(١٠٧)دیوانی لوتفی، بەغدا، ٩٨٤، ل٣١.
(١٠٨) دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، د. مارف خەزنەدار، بەغدا، ٩٧٧،ل١٣٢.
(١٠٩) دیوانی فانی، سلێمانی، ٩٧٦، ل١٣.
(١١٠) دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، د. مارف خەزنەدار، بەغدا، ٩٧٧،ل١٢٢.
(١١١) دیوانی حاجی، بەغدا، ٩٨٦، ل٤٤.
(١١٢) دیوانی ناری، سلێمانی، ٩٨٤، ل٤٣.
(١١٣) عبدالحميد الراضي، شرح تحفة الخليل، بغداد، ١٩٦٨، ص٥١.
(١١٤) الرازی، المعجم في معايير أشعار العجم، تهران، (بلا)، ص٥٣.
(١١٥) دیوانی حاجی، بەغدا، ٩٨٦، ل١٧٧.
(١١٦) دیوانی جزیری، شەرحی هەژار، تهران، ١٣٦١، ل٤٤٤.
(١١٧) الصبان، شرح الصبان على منظومته، المطبعة الميمنية، ١٣٠٦، ص٥٧.
(١١٨) عبدالحميد الراضي، شرح تحفة الخليل، بغداد، ١٩٦٨، ص٣٣٢.
(١١٩)المصدر السابق، ص٣٣٣.
(١٢٠) د. عبدالله المجذوب، المرشد الى فهم اشعار العرب و صناعتها، جـ١، القاهرة، ١٩٥٣، ص١٥٣.

(١٢١) مەلا عەبدولكەريمى مودەرريس، بەديع و عەرووزى نامى، بەغدا، ٩٩١، ل١٠٢.
(١٢٢) ديوانى فانى، سليمانى، ٩٧٦، ل٢٩.
(١٢٣) ديوانى وەفايى، چاپخانەى كۆڕى زانيارى كورد، بەغدا، ٩٧٨،ل١٢٩.
(١٢٤) ديوانى جزيرى، شەرحى هەژار، تهران، ١٣٦١، ل١٧٠.
(١٢٥) سەرچاوەى پێشوو، ل٢٧١.
(١٢٦) سەرچاوەى پێشوو، ل٣٤٤.
(١٢٧) مەلا عەبدولكەريمى مودەرريس، بەديع و عەرووزى نامى، بەغدا، ٩٩١، ل١٠١.
(١٢٨) ديوانى فانى، سليمانى، ٩٧٦، ل٢٩.
(١٢٩) د. مهدي المخزومي، عبقري من البصرة، بغداد، ٩٧٢، ص٩٧.
(١٣٠) محمد الدمنهوري، الارشاد الشافي، مطبعة مصطفى البابي الحلبي، ١٩٥٧، ص٩٨.
(١٣١) عبدالحميد الراضي، شرح تحفة الخليل، بغداد، ١٩٦٨، ص٢٥٩.
(١٣٢) عبدالرزاق بيمار، كێش و مۆسيقاى هەڵبەستى كوردى، بەغدا، ٩٩٢، ل١١٦.
(١٣٣) ديوانى سالم، چ ٢، هەولێر، ٩٧٣، ل٥٩.
(١٣٤) سەرچاوەى پێشوو، ل٥٩.
(١٣٥) سەرچاوەى پێشوو، ل٥٩.
(١٣٦) ديوانى خاديم، ب ١، بەغدا، ٩٨٠، ل١٤٣.
(١٣٧) ديوانى حاجى، بەغدا، ٩٨٦، ل٢٣٦.
(١٣٨) ديوانى شێخ ڕەزاى طالبانى، بەغا، ٩٤٦، ل٥٢.
(١٣٩) ديوانى بێخود، محەمەدى مەلا كەريم، بەغدا، ٩٧٠، ل٧٠.
(١٤٠) سەرچاوەى پێشوو، ل٧٠.
(١٤١) ديوانى سالم، چ ٢، هەولێر، ٩٧٣، ل٨١.
(١٤٢) سەرچاوەى پێشوو، ل١١٦.
(١٤٣) سەرچاوەى پێشوو، ل١١٦.
(١٤٤) سەرچاوەى پێشوو، ل١١٦.
(١٤٥) ديوانى قانع، سليمانى، ٩٧٩، ل٧٧.
(١٤٦) سەرچاوەى پێشوو، ل٧٧.
(١٤٧) ديوانى خاديم، ب ١، بەغدا، ٩٨٠، ل٧٢.
(١٤٨) ديوانى حەمدى، سليمانى، ٩٨٤، ل١٠١.
(١٤٩) ديوانى حاجى، بەغدا، ٩٨٦، ل٦٦.
(١٥٠) ديوانى خاديم، ب ١، بەغدا، ٩٨٠، ل١٤٣-١٤٤.
(١٥١) ديوانى بێخود، محەمەدى مەلا كەريم، بەغدا، ٩٧٠، ل٦٩.

(١٥٢) ديوانی حاجی، بەغدا، ٩٨٦، ل٢١٤.
(١٥٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٣.
(١٥٤) د. مهدي المخزومي، عبقري من البصرة، بغداد، ٩٧٢، ص٩٧.
(١٥٥) محمد الدمنهوری، الارشاد الشافي، مطبعة مصطفى الباني الحلبي، ١٩٥٧، ص١٠٢.
(١٥٦) حكمة فرج البدري، العروض، بغداد، ١٩٦٦، ص١٠٧.
(١٥٧) د. عبدالله المجذوب، المرشد الى فهم اشعار العرب و صناعتها، جـ١، القاهرة، ١٩٥٣، ص٩٢
(١٥٨) لەگەڵ ئەو جیاوازییەی کە (فاعلاتن) لە ڕەمەلدا بە وەتەدی کۆیە (فاعلاتن)، کەچی لە موزاریعدا بە وەتەدی بڵاوە (فاع لاتن).
(١٥٩) دیوانی جزیری، شەرحی هەژار، تهران، ١٣٦١، ل١٣٨.
(١٦٠) سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٥.
(١٦١) دیوانی فانی، سلێمانی، ٩٧٦، ل٥.
(١٦٢) دیوانی حاجی، بەغدا، ٩٨٦، ل٨٥.
(١٦٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦.
(١٦٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥.
(١٦٥) دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، د. مارف خەزنەدار، بەغدا، ٩٧٧،ل٩٣.
(١٦٦) دیوانی میرزا غەفور، عبدالله ئاگرین، ١٩٩١، ل٧٥.
(١٦٧) دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، د. مارف خەزنەدار، بەغدا، ٩٧٧،ل٩٣.
(١٦٨) ابن عباد، الاقناع، بغداد، ١٩٦٠، ص٥٩.
(١٦٩) الرازی، المعجم في معايير أشعار العجم، تهران، (بلا)، ص١٤٥.
(١٧٠) دیوانی سالم، چ ٢، هەولێر، ٩٧٣، ل٦٠.
(١٧١) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.
(١٧٢) دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، د. مارف خەزنەدار، بەغدا، ٩٧٧،ل١٢٢.
(١٧٣) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣.
(١٧٤) مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس، بەدیع و عەرووزی نامی، بەغدا، ٩٩١، ل١١٣.
(١٧٥) دیوانی ئەدەب، چ ٣، هەولێر، ٩٦٦، ل٦٢.
(١٧٦) دیوانی بێخود، محەمەدی مەلا کەریم، بەغدا، ٩٧٠،ل٣٩.
(١٧٧) دیوانی ناری، سلێمانی، ٩٨٤، ل٢٧.
(١٧٨) دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، د. مارف خەزنەدار، بەغدا، ٩٧٧،ل١٤٠.
(١٧٩) دیوانی حاجی، بەغدا، ٩٨٦، ل٨٥.
(١٨٠) د. مهدي المخزومي، عبقري من البصرة، بغداد، ٩٧٢، ص٩٧.
(١٨١) محمد الدمنهوری، الارشاد الشافي، مطبعة مصطفى الباني الحلبي، ١٩٥٧، ص١٠٣.

(١٨٢) عبدالحميد الراضي، شرح تحفة الخليل، بغداد، ١٩٦٨، ص٢٨١.

(١٨٣) حكمة فرج البدري، العروض، بغداد، ٩٦٦، ص١١٠.

(١٨٤) عبدالرزاق بيمار، كێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، بەغدا، ٩٩٢، ل١١٩.

(١٨٥) دیوانی بێخود، محەمەدی مەلا کەریم، بەغدا، ٩٧٠،ل٥٣.

(١٨٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.

(١٨٧) دیوانی حاجی، بەغدا، ٩٨٦، ل٩٦.

(١٨٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩.

(١٨٩) سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦.

(١٩٠) سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨.

(١٩١) دیوانی بێخود، محەمەدی مەلا کەریم، بەغدا، ٩٧٠،ل١٢٤.

(١٩٢) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤.

(١٩٣) دیوانی سەفوەت، بەغدا، ٩٨٤، ل٥١.

(١٩٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.

(١٩٥) دیوانی خادیم، ب ١، بەغدا، ٩٨٠، ل١٠٢.

(١٩٦) سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣.

(١٩٧) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٦.

(١٩٨) دیوانی حاجی، بەغدا، ٩٨٦، ل٣١.

(١٩٩) دیوانی شاهۆ، سلێمانی، ٩٧٦، ل٩٠.

(٢٠٠) سەرچاوەی پێشوو، ل٩١.

(٢٠١) سەرچاوەی پێشوو، ٩٠.

(٢٠٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

(٢٠٣) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس، بەدیع و عەرووزی نامی، بەغدا، ٩٩١، ل١١٢.

(٢٠٤) دیوانی مەحوی، بەغدا، ٩٧٧، ل١٦٢.

(٢٠٥) دیوانی حاجی، بەغدا، ٩٨٦، ل٩٧.

(٢٠٦) دیوانی خادیم، ب ١، بەغدا، ٩٨٠، ل٢٥٧.

(٢٠٧) دیوانی حاجی، بەغدا، ٩٨٦، ل٣٣.

(٢٠٨) دیوانی خادیم، ب١، بەغدا، ٩٨٠، ل١٧٠.

(٢٠٩) دیوانی حاجی، بەغدا، ٩٨٦، ل٣٢.

(٢١٠) د. مهدي المخزومي، عبقري من البصرة، بغداد، ٩٧٢، ص٩٧.

(٢١١) محمد الدمنهوری، الارشاد الشافي، مطبعة مصطفى الباني الحلبي، ١٩٥٧، ص١٠٥.

(٢١٢) د.پرویزناتل خانلري، اوزان الشعر الفارسي، ترجمةالدكتور محمد نورالدين عبدالمنعم، القاهرة، ١٩٧٧، ص٧٣-٧٤.

(٢١٣) محمد غنيمي هلال، الادب المقارن، مطبعة دار العالم العربي، ٩٧٣، ص ٢٥٠.
(٢١٤) عبدالحميد الراضي، شرح تحفة الخليل، بغداد، ١٩٦٨، ص٢٩٣.
(٢١٥) ديوانى سافى، چ٣، هەولێر، ٩٧٣، ل٥٠.
(٢١٦) سەرچاوەى پێشوو، ل٥٠.
(٢١٧) سەرچاوەى پێشوو، ل٥٠.
(٢١٨) ديوانى خاديم، ب ١، بەغدا، ٩٨٠، ل٣١٧.
(٢١٩) سەرچاوەى پێشوو، ل٣١٥.
(٢٢٠) ديوانى ئەسيرى، بەغدا، ٩٨٧، ل٤٩.
(٢٢١) سەرچاوەى پێشوو، ل٤٩.
(٢٢٢) ديوانى خاديم، ب ١، بەغدا، ٩٨٠، ل٣١١.
(٢٢٣) ديوانى ئەدەب، چ ٣، هەولێر، ٩٦٦، ل١١٥.
(٢٢٤) ديوانى حاجى، بەغدا، ٩٨٦، ل٥٥.
(٢٢٥) ديوانى ئەدەب، چاپخانەى هەولێر، هەولێر، ٩٩٦، ل١١٥.
(٢٢٦) ديوانى ئەسيرى، بەغدا، ٩٨١، ل٤٩.
(٢٢٧) د. مهدي المخزومي، عبقري من البصرة، بغداد، ٩٧٢، ص٩٧.
(٢٢٨) محمد الدمنهوري، الارشاد الشافي، مطبعة مصطفى البابي الحلبي، ١٩٥٧، ص٦٩.
(٢٢٩) عبدالحميد الراضي، شرح تحفة الخليل، بغداد، ١٩٦٨، ص٢٤.
(٢٣٠) علاءالدين سجادى، نرخ شناسى، بەغدا، ٩٧٠، ل٩٧.
(٢٣١) ئەحمەد هەردى، كێش لە شيعرى كورديدا، گۆڤارى (برايەتى)، ژمارە (١٠)، ٩٧١، ل٣.
(٢٣٢) عبدالرزاق بيمار، كێش و مۆسيقاى هەڵبەستى كوردى، بەغدا، ٩٩٢، ل١١.
(٢٣٣) ديوانى نارى، سلێمانى، ٩٨٤، ل٥١.
(٢٣٤) سەرچاوەى پێشوو، ل٥١.
(٢٣٥) ديوانى سەفوەت، بەغدا، ٩٨٤، ل١١٣.
(٢٣٦) تاهير مەلا عەبدوللا بەحركەيى، مەركانەى كوردى بۆ گوڵى بوردى، هەولێر، ٩٨٦، ل٩.
(٢٣٧) بێجگە لەو دووانە مەلا حسێن شێخ سەعديش قەسيدەى بوردييەى بە شيعر كردۆتە كوردى، بەلاّم كێشەكە بە رێك و رەوانى لە سەر بەسييت ناڕوا، شێوان و ئاڵۆزى تێكەوتووە.
بروانە: مەلا حسێن شێخ سەعدى، قەسيدەى بوردييە، هەولێر، ٩٧٩.
(٢٣٨) ديوانى نالى و فەرهەنگى نالى، د. مارف خەزنەدار، بەغدا، ٩٧٧، ل٨٣.
(٢٣٩) ديوانى ئەدەب، چ ٣، هەولێر، ٩٦٦، ل١١.
(٢٤٠) ديوانى سەفوەت، بەغدا، ٩٨٤، ل١١٤.
(٢٤١) تاهير مەلا عەبدوللا بەحركەيى، مەركانەى كوردى بۆ گوڵى بوردى، هەولێر، ٩٨٦، ل١٧.

(٢٤٢) ديوانى نالى و فەرهەنگى نالى، د. مارف خەزنەدار، بەغدا، ٩٧٧،ل٨٤.
(٢٤٣) دەبوايە كێشى بەسيت لە پێشەوەى ئەم كێشە باوانە بنووسين چونكە لە ڕيزى بازنە و كێشەكان پێش ئەوانەى تر دێ بەلاّم لەبەر كەم بەكارهاتنى خستمانە دواوە.
(٢٤٤) د. مهدي المخزومي، عبقري من البصرة، بغداد، ٩٧٢، ص٩٧.
(٢٤٥) الصبان، شرح الصبان على منظومته، المطبعة الميمنية، ١٣٠٦، ص٤٩.
(٢٤٦) محمد الدمنهوري، الارشاد الشافي، مطبعة مصطفى البابي الحلبي، ١٩٥٧، ص٩٧٦.
(٢٤٧) علاءالدين سجادى، نرخ شناسى، بەغدا، ٩٧٠، ل٩٧.
(٣٤٨) ئەحمەد هەردى، كێش لە شيعرى كورديدا، گۆڤارى (برايەتى)، ژمارە (١٠)، ٩٧١، ل٧.
(٢٤٩) سەرچاوەى پێشوو، ل١٣، (پەراوێز).
(٢٥٠) عبدالرزاق بيمار، كێش و مۆسيقاى هەڵبەستى كوردى، بەغدا، ٩٩٢، ل١٣٠
(٢٥١) محمد بكر، كێش و ڕيتمى شيعرى فۆلكلۆرى كوردى، نامەى ماجستێر، كۆليجى ئەدەبيات ، زانكۆى صلاح الدين، ٩٩٠، ل١٦٩.
(٢٥٢) ديوانى بێخود، محەمەدى مەلا كەريم، بەغدا، ٩٧٠،ل١٠٣.
(٢٥٣) ديوانى شاهۆ، سلێمانى، ٩٧٦، ل٤٧.
(٢٥٤) ديوانى ئەحمەد موختار، بەغدا، ٩٨٦، ل١٤١.
(٢٥٥) مەلا عەبدولكەريمى مودەڕريس، بەديع و عەرووزى نامى، بەغدا، ٩٩١، ل١٢١.
(٢٥٦) ديوانى شاهۆ، سلێمانى، ٩٧٦، ل٤٧.
(٢٥٧) مەلا عەبدولكەريمى مودەڕريس، بەديع و عەرووزى نامى، بەغدا، ٩٩١، ل١٢٠.
(٢٥٨) د. مهدي المخزومي، عبقري من البصرة، بغداد، ٩٧٢، ص٩٧.
(٢٥٩) الصبان، شرح الصبان على منظومته، المطبعة الميمنية، ١٣٠٦، ص٣٨.
(٢٦٠) الزمخشري، القسطاس المستقيم، بغداد، ٩٦٩، ص٩٥.
(٢٦١) عبدالحميد الراضي، شرح تحفة الخليل، بغداد، ١٩٦٨، ص١٠٤.
(٢٦٢) علاءالدين سجادى، نرخ شناسى، بەغدا، ٩٧٠، ل٩٧.
(٢٦٣) عبدالرزاق بيمار، كێش و مۆسيقاى هەڵبەستى كوردى، بەغدا، ٩٩٢، ل١٢٣.
(٢٦٤) ديوانى نالى و فەرهەنگى نالى، د. مارف خەزنەدار، بەغدا، ٩٧٧،ل٣١.
(٢٦٥) ديوانى قانع، سلێمانى، ٩٧٩، ل٣١.
(٢٦٦) محەمەد عەلى قەرەداغى، كەشكۆڵى كەلەپورى كوردى، بەغدا، ٩٨٤، ل١٠٥.
(٢٦٧) مەلا عەبدولكەريمى مودەڕريس، بەديع و عەرووزى نامى، بەغدا، ٩٩١، ل١٠٤.
(٢٦٨) ديوانى نالى، مەلا عەبدالكريمى مودرريس و فاتح عەبدولكريم، بەغدا، ١٩٧٦، ل٤٠١.
(٢٦٩) مەلا عەبدولكەريمى مودەڕريس، بەديع و عەرووزى نامى، بەغدا، ٩٩١، ل١٠٤
(٢٧٠) لەبەرئەوەى ئەم كێشانە لە كورديدا باو نين بە پێويستمان نەزانى نموونە بۆ زيحاف و عيللەكانيان بنووسين.

(٢٧١) محمد الدمنهوري، الارشاد الشافي، مطبعة مصطفى الباني الحلبي، ١٩٥٧، ص١٠٧.

(٢٧٢) المصدر السابق، ص١٠٧.

(٢٧٣) د.پرويزناتل خانلري، اوزان الشعر الفارسي، ترجمةالدكتور محمد نورالدين عبدالمنعم، القاهرة، ١٩٧٧، ص١٨٧.

(٢٧٤) د. مهدي المخزومي، عبقري من البصرة، بغداد، ٩٧٢، ص١٠٥.

(٢٧٥) د. عبدالله المجذوب، المرشد الى فهم اشعار العرب و صناعتها، جـ١، القاهرة، ١٩٥٣، ص٨٣.

(٢٧٦) عبدالحميد الراضي، شرح تحفة الخليل، بغداد، ١٩٦٨، ص٣٠٥.

(٢٧٧) مەلا عەبدولكەريمی مودەرریس، بەدیع و عەرووزی نامی، بەغدا، ٩٩١، ل١١٨.

(٢٧٨) د. مهدي المخزومي، عبقري من البصرة، بغداد، ٩٧٢، ص٩٧.

(٢٧٩) محمد الدمنهوري، الارشاد الشافي، مطبعة مصطفى الباني الحلبي، ١٩٥٧، ص٩٥.

(٢٨٠) د. عبدالله المجذوب، المرشد الى فهم اشعار العرب و صناعتها، جـ١، القاهرة، ١٩٥٣، ص١٨٨.

(٢٨١) شێخ مەعرووفی نۆدێ، ئەحمەدی، بەغدا، ٩٨٦، ل٣٢.

(٢٨٢) مەلا عەبدولكەريمی مودەرریس، بەدیع و عەرووزی نامی، بەغدا، ٩٩١، ل١١٧.

(٢٨٣) شێخ مەعرووفی نۆدێ، ئەحمەدی، بەغدا، ٩٨٦، ل٣٢.

(٢٨٤) د. مهدي المخزومي، عبقري من البصرة، بغداد، ٩٧٢، ص٩٧.

(٢٨٥) محمد الدمنهوري، الارشاد الشافي، مطبعة مصطفى الباني الحلبي، ١٩٥٧، ص١٠٢.

(٢٨٦) حكمة فرج البدري، العروض، بغداد، ١٩٦٦، ص١٠٩.

(٢٨٧) مەلا عەبدولكەريمی مودەرریس، بەدیع و عەرووزی نامی، بەغدا، ٩٩١، ل١١٤.

(٢٨٨) د. مهدي المخزومي، عبقري من البصرة، بغداد، ٩٧٢، ص٩٧.

(٢٨٩) محمد الدمنهوري، الارشاد الشافي، مطبعة مصطفى الباني الحلبي، ١٩٥٧، ص٦٥.

(٢٩٠) المصدر السابق، ص٦٥.

(٢٩١) عبدالرزاق بيمار، كێش و مۆسيقای هەڵبەستی كوردی، بەغدا، ٩٩٢، ل٢٢.

(٢٩٢) دڵزار، گەنجینە، بەغدا، ٩٦٠، ل٢٣.

(٢٩٣) مەلا عەبدولكەريمی مودەرریس، بەدیع و عەرووزی نامی، بەغدا، ٩٩١، ل١٠٩.

(٢٩٤) د. مهدي المخزومي، عبقري من البصرة، بغداد، ٩٧٢، ص٩٧.

(٢٩٥) محمد الدمنهوري، الارشاد الشافي، مطبعة مصطفى الباني الحلبي، ١٩٥٧، ص٧٤.

(٢٩٦) د. عبدالعزيز عتيق، علم العروض و القافية، بيروت، ٩٧٤، ص٦٩.

(٢٩٧) د. علي جابر المنصوري، النقد الادبي، بغداد، ٩٨٥، ص١٠٧.

(٢٩٨) مەلا عەبدولكەريمی مودەرریس، بەدیع و عەرووزی نامی، بەغدا، ٩٩١، ل١٢٣.

(٢٩٩) د. عبدالعزيز عتيق، علم العروض و القافية، بيروت، ٩٧٤، ص٦٩.

بەشی پێنجەم

هەندێ لایەنی تری عەرووزیی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا

١-تێکەڵ کردنی کێشەکان:

-شێوەی تێکەڵ کردنی کێشەکان.

-جۆری کێشە تێکەڵ کراوەکان.

٢-موستەزاد:

-بابەت و هۆی بەکار هێنانی موستەزاد .

-سیستەمی زیادکردنی تیکەکان.

-کێشی موستەزاد.

٣-موەششەح:

-کێشی موەششەح.

-بینای موەششەح.

-موەششەح لە شیعری فارسیدا.

-موەششەح لە شیعری کوردیدا.

-کێشی موەششەح لە شیعری کوردیدا.

٤-چوارین:

-کێشی ڕوباعی.

-چوارین لە شیعری عەرەبیدا.

-چوارین لە شیعری کوردیدا.

-نموونەی کێشە عەرووزیەکانی چوارین لە کوردیدا.

٥-کێشی عەرووزیی شیعری زاری گۆرانی.

١-تێكەڵ كردنی كێشەكان :

جگە لەو دەستكارییەی كێشەكانی عەرووزی عەرەبی كەلەكاتی بەكارهێنانیان لە فارسی وكوردیدا بەسەریاندا هاتووە، هەندێ جار شاعیری كورد پەنای بردۆتە بەر تێكەڵ كردنی دوو كێش یان زیاتر بۆ دارشتنی یەك پارچە هۆنراوە. ئەم كارە بۆ سێ مەبەست كراوە:

١-دوور خستنەوەی خوێنەر لە وەڕسی و بێزاری بە دەست یەك تاكەئاوازەوە.

٢-دەوڵەمەند كردنی ئاوازی هۆنراوەكە .

٣-پێشاندانی توانای شاعیر لە زاڵبوونی بە سەر كێشەكاندا.

هەرچەندە لێكدان وتێكەڵ كردنی دووسێ كێش لە یەك هۆنراوەدا لای عەرەب وفارس كەم كەوێتە بەرچاو، بەلاّم ئەم هونەرە هەر لە كۆنەوە لای یۆنانییەكان هەبووە (شاعیرانی غەزەلی یۆنان ورۆمان ڕەوشتیان وا بوو دێرە شیعرێكیان لەكێشی یەكەم ودێرێكیان لە كێشی دووەم دەهێنا. ئەم لێكدانەی دوو دێرو دوو كێشە پێی دەگوترێ (distique) وەكو دیستێكی پێنتامیتەرو ئیگزامیتەر)(١). كێش تێكەڵ كردنی كوردی هەر لە چوارچێوەی كێشە عەرووزییەكان نەماوەتەوە، بەڵكو كێشی خۆماڵیشی گرتۆتەوە. ئەم دیاردەیە بە تایبەتی لای شاعیرانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بەرچاو دەكەوێ ، وەكو: ئەدەب، سافی، ناری، ویسالی، شێخ نوری شێخ ساڵح، گۆران، دڵزار. دیاردەیەكی تری ئەم كێش تێكەڵ كردنە ئەوەیە كەزۆربەی ئەو كێشانەی تێكەڵ كراون لەوانەن كە لەكوردیدا زۆر باون وەكو هەزەج (مفاعیلن)، ڕەمەڵ (فاعلاتن)، ڕەجەز (مستفعلن) لەگەڵ موتەقاریب (فعولن) ئینجا كێشی خۆماڵی.

<u>شێوەی تێكەڵ كردنی كێشەكان:</u>

تێكەڵ كردنی كێشەكان زۆر شێوەی جۆر بە جۆری هەیە وەكو:

١-تێكەڵ كردنی لەت بە لەت، واتە لەتی یەكەمی دێرە شیعرێك لەسەر كێشێك بێ ولەتی دووەمی لەسەر كێشێكی تر بێ و هەموو هۆنراوەكە بەم جۆرە بڕواتە خوارەوە. ئەمە لای سافی دەبینرێ(٢).

٢-تێکەڵ کردنی دێر بەدێر. لەسەرەتاوە تا کۆتایی هۆنراوەکە دێرێک لەسەر جۆرە کێشێك بێ و دێرێکی تر لەسەر جۆرە کێشێکی تر بێ، واتە دێرە تاکەکان بە کێشێك بن و دێرە جووتەکان بەکێشێکی تر. نموونەی ئەم جۆرە تێکەڵ کردنە لای ئەدەب هەیە (٣).

(٣)تێکەڵ کردنی چوار لەت بەیەك لەت لە پێنجینەدا. چوار لەتی بەرایی لەسەر کێشێك و لەتی پێنجەم لەسەر کێشێکی تر بێ و ئەم دەستوورە لە هەموو پێنجینەکان دووبارە ببێتەوە.نموونەی ئەم جۆرە تێکەڵ کردنە لای ناری بەرچاو دەکەوێ (٤).

(٤)-تێکەڵ کردنی بێ دەستوور. ئەوەیە شاعیر لە تێکەڵ کردنی کێشە کان خۆی بە هیچ دەستوورێك نەبەستێتەوە، چۆن زەوقی بڕی وا تێکەڵیان بکا. نموونەی ئەم جۆرەش هەر لای ناری بەرچاودەکەوێ (٥). ئەمە چۆنیەتی دابەش بوون وتێکەڵ کردنی ئەو کێشانەی لەیەك هۆنراوەدا بەکار هاتوون. ئێستاش بۆ جۆری کێشەکان.

جۆری کێشە تێکەڵ کراوەکان:

١-تێکەڵ کردنی هەزەج (مفاعیلن) و ڕەمەل (فاعلاتن) : ئەمەش دوو جۆرە :

أ-یەك قالبی هەزەج و یەك قالبی ڕەمەل : هەزەج (مفاعیلن) و ڕەمەل (فاعلاتن) لە پێنجینەیەکی ناریدا یەکیان گرتووە. ئەو شیعرەی ناری دە پارچەیە. هەر پارچەیەکی پێنج لەتە. چوار لەتی پێشەوە لەسەر کێشی هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووفە (مفعول مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن) و لەتی پێنجەم لەسەر کێشی ڕەمەلی هەشتی مەقسوورە (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان). هەموو پێنجیەکان لەسەرەتا تا کۆتایی بەم دەستوورە هاتوون. ئەمەش نموونەی پێنجینەی یەکەم :

مەخمووری مەی و غەمزەیی دوو نێرگسی کالم
پامالّی خوماری مەیە، ئیدراك و کەمالم
بی شەمعی ڕوخی، شەوقی نییە گۆشەیی مالّم ← هەزەج
بۆ میهری وەفا شاهیدی مەیخانەیە حالّم
دیدە کالّ و شەمعی مالّ و ڕوو بە خالّم بۆ نەهات؟ (٦) ← ڕەمەل

ئەم دوو کێشە ژمارەی بڕگەکانیشیان جیایە. چوار لەتی پێشەوە هەر یەکە (١٤) بڕگەیە، لەتی پێنجەم (١٥) بڕگەیە.

ب-یەك قالبی هەزەج و دوو قالبی ڕەمەل : ناری لە شیعرێکی کە بۆ (حەمە سەعید بەگی سەلیم بەگی جاف) ی نووسیوە و پێنج دێرە، یەك قالبی هەزەج و دوو قالبی ڕەمەلی بەکار هێناوە.دێری یەکەم لەسەر کێشی هەزەجی هەشتییئەخرەبی مەکفووفی مەحزووفە (مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن). دێری دووەم لەسەرکێشی ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەحزووفە (فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن). سێ دێرەکەی کۆتاییش لەسەر کێشی ڕەمەلی هەشتیی مەحزووفە (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن). ئەمەش سێ دێری پارچەکە کە هەرسێ قالبەکێشی تێدایە :

هەزەج ← هەرچەندەبەعـــیدم، لە درۆو لابە بەعـــیدم
بێ شوبهە بەدڵ مایل و موشتاقی سەعـــیدم

ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەحزووف ← قیبلەی دڵ بە عەلی سوورەتی بابا عەلـــییە
کە لە جوملەی سەمەری باغی لەتیفی وەلییە

ڕەمەلی هەشتیی مەحزووف ← گەرچی تەقسیری نەهاتن کاری بەندی قاچمە
دەم بە دەم داوێنی پاکت، پاکی جێگەی قاچمە (٧)

٢-تێکەڵ کردنی ڕەمەل (فاعلاتن) و هەزەج (مفاعیلن) : ناری شیعرێکی دوازدە دێری بۆ (بابا عەلی لە قاهیرە) نووسیوەو کردوویەتی بە دوو پارچە و هەر پارچەی شەش دێرە. دوو کێشی جیاوازی تێدا بەکار هێناوە: ڕەمەل (فاعلاتن) و هەزەج (مفاعیلن). لەهەر پارچەیەکدا چوار دێری بەرایی لەسەر کێشی ڕەمەلی هەشتیی مەحزووفە(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)، دوو دێری دوایی لەسەر کێش هەزەجی شەشیی مەحزووفە (مفاعیلن مفاعیلن فعولن). جگە لە تێکەڵ کردنی ئەم دوو کێشە جیاوازە، ناری لە پارچەی یەکەمدا گۆڕانێکی تریشی کردووە بەوەی کە ڕەمەلەکەی بە دوو قالبی جیاواز بەکارهێناوە: هەشتیی مەحزووف و شەشیی مەحزووف. ئەمەش سێ دێر لە پارچەی یەکەم :

ڕەمەلی هەشتیی مەحزووف ← هەر لە بێلو تا لەبی نیلی موبارەك دەس بە دەس
سەد سەلامت بۆدەنێرم نووری چاوم هەر نەفەس

ڕەمەلی شەشیی مەحزووف	←	ئەر بە (با) بێ ئەربەبا وێران ئەبێ (با) نەبێ بانە وەکو ڕیزوان ئەبێ
هەزەجی شەشی مەحزووف	←	بەڵێ ئەمرۆ لە دونیادا مەلایە بە ئەنواعی موحەببەت موبتەلایە (٨)

جگە لە جیاوازی کێش و پێ، ژمارەی بڕگەکانی دێرەکانیش جودایە. سێ دێری یەکەم هەرلەتی (١٥) بڕگەیە، دێری چوارەم (لە پارچەی یەکەم) هەرلەتێکی (١١) بڕگەیە و دوو دێری کۆتاییش هەرلەتێکیان (١١) بڕگەیە.

٣-تێکەڵ کردنی ڕەجەز (مستفعلن) و ڕەمەل (فاعلاتن): ناری لە شیعرێکی سێ دێریدا کە بە بۆنەی تەڵاقدانی ژنی عەلی زاڵەوە دایناوە، ئەم دوو کێشەی تێکەڵ کردووە. دێری یەکەم لەسەر کێشی ڕەجەزی چواری مەرەففەلە (مستفعلاتن مستفعلاتن)×٢، دوو دێرەکەی تر لەسەر کێشی ڕەمەلی هەشتی مەحزووفن. ئەمەش دوودێر بۆ نموونە:

ڕەجەزی مەرەففەل	←	دوو تڕ بەهەر حاڵ نیم تڕ مەحاڵە دوو تڕوە نیم تڕوە قەوری زاڵە
ڕەمەلی هەشتی مەحززف	←	نانی بێ پێ خۆرو قەسری شۆخ و بێ شۆخ و پەری عیللەتی ناچارییە هەردوو بە قەولی ئەنوەری (٩)

٤-تێکەڵ کردنی موتەقاریب (فعولن) و ڕەمەل (فاعلاتن): چوار هۆنراوەی کوردیمان دیوە کێشی موتەقاریب (فعولن) و کێشی ڕەمەل (فاعلاتن) یان تێکەڵ کردووە. دوو هۆنراوەی ئەدەب (١) و یەکی سافی (١١) و یەکی ویسالی (١٢). لە هەر چوار نموونەدا تێکەڵ کردنەکە دێر بە دێرە. دێرێکی موتەقاریب و دێرێکی ڕەمەلی چواریی. بۆ نموونە ئەدەب لەسەرەتای هۆنراوەکەیدا دەڵێ:

موتەقاریب

بە باڵا بڵندو بەقەد شووش و باریک
جەمالی ڕووناکە شەوی هەورو تاریک

ڕەمەلی چواری ← بۆن وەنەوشە زۆر پێ خۆشە
بۆ مەزەی دڵ ماچی خۆشە (١٣)

جگە لە جیاوازی ڕیتم کە لەکورتی پێیەکانی کێشی یەکەم (فعولن) و درێژی پێیەکانی کێشی دووەم (فاعلاتن) پەیدا بووە، ژماری بڕگەکانی سەراپای دێرەکانیش جیایە.دێری یەکەم هەرلەتێکی (١٢) بڕگەیە، کەچی دووەم هەرلەتێکی (٨) بڕگەیە. ئەم کورت و درێژییەش جۆرە گۆڕانێکی تر بە ئاوازی هۆنراوەکە دەبەخشێ.

٥-تێکەڵ کردنی موتەقاریب(فعولن) و هەزەج(مفاعیلن) : وا دەبێ موتەقاریب (فعولن) و هەزەج (مفاعیلن) پێکەوە بەکار دێن و بەسەر دوو نیوەی دێرە شیعرێکدا دابەش دەبن. نموونەی ئەم تێکەڵ کرنە لای سافی هەیە کە لە هۆنراوەیەکدا موتەقاریبی تەواوو هەزەجی شەشی مەحزووفی تێکەڵ کردووە. سەرەتای هۆنراوەکە بەم جۆرە دەست پێ دەکا:

مەتەقاریب ← لــــــە دوولا کوژاوم، سەراپا سوتاوم
هەزەجی شەشی مەحزووف ← بە ناری ڕووت، بە دوو ئەبروت ، عەزیزم (١٣)

جگە لە جیاوازی ئاوازی (فعولن) و (مفاعیلن) ، ژمارەی بڕگەکانی لەتەکانیش جیایە، لەتی یەکەم (١٢) بڕگەیەو لەتی دووەم (١١) بڕگەیە.

٦-تێکەڵ کردنی کێشیعەرووزیو کێشی خۆماڵی : شێخ نووری شێخ سالح، وەکو هەنگاوێکی تری نوێ کردنەوەی هوشیارانە لە شیعری کوردیدا، هەوڵی داوە لە پارچە سرووەی تەمسیلی (دلاوەران) دا کێشی عەرووزی و کێشی خۆماڵی تێکەڵ بکا. هەردی لە بارەی کێشی ئەم تەمسیلییەوە دەڵێ : (شیعری دلاوەران لەچەند بەشێك یان چەند کۆپلەیەك پێك هاتووە کە.هەر یەکێکیان بەدوو بەیتی عەرووزی دەست پێ ئەکاو بە سێ بەیتی هیجایی دوایی دێ کە هەر کۆپلەیەك لەسەر زمانی کەسێك یان چەند کەسێك وتراوە)(١٤). سیستەمی کێشی هەر پارچەیەك بەم جۆرەیە. دێرە عەرووزییەکان لەسەر کێشی هەزەجی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوورن (مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ مفاعیلْ) جاروباریش پێی کۆتایی دەبێ بە مەحزووف (فعولن). دێرە خۆماڵییەکانیش لەسەر

کێشی (٧) بڕگەیین. ئەمە (شتێکی تازەیەوە لە پێش شێخ نووری و هاوڕێکانیدا هیچ شاعیرێك هەنگاوی وای نەناوە) [١٥]. ئەم تێکەڵ کردنی کێشی عەرووزی و خۆماڵییە لە (ئاواتی دووری) ی گۆرانیشدا هەیە.(ئاواتی دووری) یەکەم جار لە (هاوار) ی (٩٣٢) بڵاوکراوەتەوە. گۆران ئەم ڕون کردنەوەیەی لەگەڵ نووسیوە (ئەم شیعرانە لە سەر ئووسولی (فقرە) ڕێك خراون. هەر فەقەرەیەك عیبارەتە لە چوار بەیت. بەیتی یەکەم و چوارەم لەسەر عەرووز وتراون، دووەم و سێیەم لەسەر وەزنی پەنجە) [١٦]. حسین عەلی شانۆڤیش پەی بەوە بردووە کە گۆران لەم شیعرەدا کێشی عەرزووی وخۆماڵی تێکەڵ کردووە، بەڵام ئەو تەنیا دێری یەکەمی بە عەرووزیی داناوە، دێری چوارەمیشی هەروەکو دێری دووەم و سێیەم بە کێشی خۆماڵی داناوە، دەڵێ :(کێشی دێری یەکەم موزاریعی تەواوە - مفعولُ فاعلاتُ مفاعیلُ مفاعیلْ - کەچی دێرەکانی تر بە ڕێگەی هیجا هۆنراونەتەوە. واتە شاعیر یەك کێشی عەرووزیی بەکار هێناوە کە موزاریعە هەروەکو پێشتر باس کرا، کەچی لە هیجادا سێ جۆری بەکار هێناوە) [١٧]. حسین عەلی شانوف لە دوو شت ڕاستی نەپێکاوە:

١-ئەو پێیانەی بۆ کێشی موزاریعی دێری یەکەمی پارچەکانی نووسیوە تەواو نین. ئەو موزاریعەی گۆران بەکاری هێناوە بریتییە لە موزاریعی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف (مفعول فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لن).

٢-هەر سێ دێری دوایی بەکێشی خۆماڵی داناوە کە لە ڕاستیدا دێری چوارەم وەك گۆران خۆی گوتوویەتی لەسەر کێشی عەرووزە.

ئەمەش شی کردنەوەی پارچەی یەکەم :

ئەی چاوو چەشنی بازی قەفەس هەڵوەرێ پەڕت
کــــوا باڵە تیژەکانی نیگای حوسنی دڵبەرت
← موزاریع

- - ب | - ب - | ب - - ب | ب - ب | - ب - |

مفعول فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لن

کوانێ دووچاوی مەست؟ کوانێ؟
کـوانێ بزۆی پەیوەست؟ کوانێ؟
← خۆماڵی (٨) برگەیە

کـوانێ زولــــفی ڕەش؟
← خۆماڵی (٥) برگەیە

کــولی ئـــالْ وگەش؟
کـــوا هەیکەلی جەمال؟ ← موزاریع
کوا حوسنی بیْ میسال؟(١٨)

- - ب ا - ب - .

مفعولُ فاع لان

پەیوەندی نێوان قالبە کێشی دێری یەکەم و دێری چوارەم زیاتر بە لای موستەزا د دا دەشکێنـەوە. لـە هونـەری موستـەزادی ئـەم قالبـەی موزاریعدا دوای هـەرلـەتێك پێی یەکەم و پێی کۆتایی لەتی پێشەوە زیاد دەکرێ کەلێرەدا دەبێ بە (مفعولُ فاع لن).جا لەبەرئەوەی لە عەرووزی فارسی و کوردیدا زۆرجار مەحزووف و مەقسوور جێگەی یەکتر دەگرنـەوە(١٩) دەشـێ دێـری چوارەمـی ئـەم پارچەیـە تیکـەکانی دروسـت کردنـی موستەزاد بن ئەگەر دێری چوارەم ببەینەوە تـەك دێری یەکـەم پێیـەکان بـەم جـۆرە دەردەچن:

مفعول فاع لات مفاعیل فاع لن

مفعول فاع لات مفاعیل فاع لن

مفعول فاع لان

مفعول فاع لان

ئینجا لە نێوان دێری ئەسلی و تیکە زیادەکە دوودێری بە کێشی خۆماڵی ناواخن کردووە. ئەوەیشی ڕەچاو کردوەو کە دێری یەکەم (٨) ودووەم (٥) بڕگە بێ.کە ئەمە لە موستەزاد نزیکی دەکاتەوە.

ئەمە لە بارەی کێشەکانی ئەم شیعرە، لە بارەی کورت و درێژی لەتە دێرەکانیش ئەگەر بە ژمارەی بڕگە بەراوردیان بکەین بەم جۆرە دەردەچێ (١٤، ٦،٥،٨).واتە لە هەر پارچەیەکدا چوار قالبە کێشی جیاوازی بەکار هێناوە. ئەمەیش خوێنەر لە وەڕسی دوور دەخاتەوە و ئاوازی هۆنراوەکە بە هێزتر دەکا.

دڵزاریش لـە شـیعری (لـە لادێـدا) کێشـی عـەرووزی و خۆمـاڵی تێکـەڵ کـردووە. شیعرەکەی کردۆتە (٦) پارچە. هەر پارچەیەکی (٩) لەتە دێرە. لە هەر پارچەیەکدا لەتی یەکەم و دووەم سێ پێی هەزەجی مەحزووفن.لەتی سێیەم و چوارەم هەریەکە دوو

پێیە (مفاعیلن فعولن) کە هەزەجی چواری مەحزووفە. لەتی پێنجەم و شەشەم کێشی خۆماڵی پێنج بڕگەیین. لەتی حەفتەم و هەشتەم و نۆیەم کێشی خۆماڵی چوار بڕگەیین. دڵزار دوو قالبی هەزەج و دوو کێشی جیاوازی خۆماڵی بەکار هێناوە کە دەکاتە چوار ئاوازی جیاواز و ژمارەی بڕگەکانیان بەم جۆرەیە (٤،٥،٧،١١) (٢٠). وادیارە دڵزار وەکو شێخ نووری و گۆران بە شارەزاییەوە کێشی عەرووزیی و خۆماڵی تێکەڵ نەکردووە، چونکە ئەم سیستەمەی کێش لە هەموو پارچەکان پەیڕەو نەکراوە. لە پارچەی چوارەمدا دوو لەتی سێیەم و چوارەمی بوونەتە ڕەمەل (فاعلاتن فاعلن) و لە پارچەی شەشەم هەمان دوو لە تە دێر بوونەتە بە سیت (مفتعلن فاعلن).

٧-تێکەڵ کردنی دوو قالبی جیاوازی یەك کێشی عەرووزیی :

جاری وا هەیە شاعیر بۆ ئەوەی گۆڕانێك بە ئاوازو مۆسیقای شیعرەکەی بدا، هۆنراوەکەی لەسەر یەك کێش بەڵام بە دوو قالبی جیاواز دا دەڕێژێ. هەردی لە (شۆڕشی نا ئومێدی)دا گۆڕانێکی لەم جۆرەی کردووە. شیعرەکەی چوار پارچەیەو لەسەر کێشی هەزەجە، بەڵام هەزەجی چواریی و هەشتیی.دێری یەکەم چوار پێیەو دێری دووەم و سێیەم و چوارەم هەشت پێیین. دەڵێ :

بناغەو چینی دیواری
تەلاری بەرزی دڵداری
بەسەر لانەی دڵا ڕووخا، تەپ و تۆزی خەمی هێنا
بەدووی دڵداری ئاواتی فریوی بـێ سەرو شوێنا
دەسا ئەی پایزی ماتەم! ئەوەندەم تاسە پێ ماوە
هەموو ئەو یادگارەی لەو ژیانی عەشقە جێ ماوە
بەجارێ وەك گەڵا سروەی خەزانت گشتی ڕامالێ
بـە ووردی هەر گەڵایێکی ببا بۆ قوژبـن و چاڵێ (٢١)

ئەم جۆرە قالب گۆڕینە لای هەندێ شاعیر دەکەوێتە چوار چێوەی تایبەتی کێش و سەروای واوە کە لەخانەی (موەششەح) یان (موستەزاد) خۆی دەبینێتەوە.

هەر لە تێکەڵ کردنی دوو قالبە کێشدا،بەختیار زێوەر وردەکارییەکی وەستایانەی نواندووە لە (شەوگاری دڵداری) دا. ئەم شیعرە (٢٠) لەتە دێرەو بەشێوەی چوار

خشتەکی بەسەر (٥) بەندا دابەش بووە. هەر چوار خشتەکییەکی بە دوو قالبی جیاوازی یەك کێش نووسراون. سێ لەتی بەرایی لەسەر کێشی هەزەجی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوورە (مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلْ)، لەتی چوارەمیش لەسەر کێشی هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەقسوورە (مفعولُ مفاعیلْ مفعولُ مفاعیلْ). چوار خشتەکی یەکەم بەم جۆریە:

دیسانەوە شەو هاتەوە بۆ عاشیقی غەمبار
بتلێتەوە تا ڕۆژ بە جەخاری دڵی زامار ← هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور
بێچارە بنالێنێ وەکو بولبولی گولزار
پڕ سۆزو بە ئازار، ناکام و بە بێ یار (٢٢) ← هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەقسوور

لەتی چوارەم بریتییە لە دوو جار (مفعولُ مفاعیلْ). ئەمانەش بریتین لە پێی یەکەم وچوارەمی لەتەکانی پێشوو، بۆیە لەوە دەکا ئەمە موستەزاد بێ و ئەوەی بە لەتی چوارەم داندراوە دوو تیکە بێ لەوتیکانەی لە موستەزاد دا بۆ لەتەکانی بەرایی زیاد دەکرێن. بە گوێرەی ئەم بۆچوونە دەشێ هەر پارچەیەکی شیعرەکە بەم جۆرە بنووسرێتەوە:

دیسانەوە شەو هاتەوە بۆ عاشیقی غەمبار
بتلێتەوە تا ڕۆژ بە جەخاری دڵی زامار
بێچارە بنالێنێ وەکو بولبولی گولزار
پڕ سۆزو بە ئازار
ناکام و بە بێ یار

بە تایبەتیش هەردوو تیکەکە لە ناو خۆیان و لەگەڵ لەتەکانی پێشەوە هاوسەروان.

٢-موستەزاد

یەکێکی تر لە هونەرەکانی شیعری فارسی و کوردی هونەری موستەزادە کە لە عەرەبیدا بەوشێوەیە ناکەوێتە بەرچاو. وشەی (مستزاد) خۆی عەرەبییەو بەمانای زیاد کراو دێ. لە کوردیدا زۆریەی ئەوانەی باسی ئەم هونەرەیان کردووە هەروشە عەرەبییەکەیان بۆ بەکار هێناوە، تەنیا علاءالدین سجادی نەبێ کردوویە بە (زیادکراو)[٢٣] و هەژاریش (کلکەدار)[٢٤] ی بۆ داناوە.

هونەری موستەزاد زۆر کۆنەو بۆ سەردەمی یۆنانییەکان دەچێتەوە. ئەرەستۆ لە باسی (قوموذیا - کۆمۆدی-)دا دەڵێ: (قوموذیا جۆرە شیعرێکە کێشێکی تایبەتی هەیە، خراپەو دا شۆرینی خەڵك و ڕەوشتی خراپ و ڕەوتی ناپەسندیان باس دەکا. جاری وا هەیە هەندێ ئاواز لە بەشەکانی زیاد دەکەن و باسی ئەو ڕەوشتە خراپانەی پێ دەکەن کە مرۆڤی بەدکارو ئاژەڵ تێیدا بەشدارن)[٢٥]. ئیبن سیناش لە باسی شیعری یۆنانی کۆندا، لە باسی پێهەڵدانی مرۆی زیندوو یان مردوودا، دەڵێ: (ئەگەر مردوو بوایە دێرەکە یان ئاوازەکەیان چەند برگەیەك زیاد دەکرد. ئەمە نیشانەی ئەوە بوو کەشین و لاواندنەوەیە)[٢٦].

موستەزاد لە فارسیدا ڕەگێکی قووڵی هەیەو هونەرێکی سەربەخۆیە. لەسەرچاوە فارسییەکاندا بەم جۆرە پێناسەی کراوە: (موستەزاد بە شیعرێك دەڵێن کە بەشێك لە پێیە عەرووزییەکانی لەکۆتایی هەر لەتێکدا دووبارە دەبێتەوە. ئەم بەشانەی موستەزاد دەشێ سەروای جیایان هەبێ و دەشێ پەیڕەوی سەروای لەتی پێش خۆیان بکەن)[٢٧]. یاخود (موستەزاد بریتییە لە چوارینەیەك یان غەزەلێك یان قەسیدەیەك کە لەدوای هەر لەتێك لە لەتەکانی زیادەیەکی کێشدار دێ کە نە ماناو نەکێشی شیعرەکە پێویستیان پێ نییە. ئەم زیادانە لەگەڵ یەکتردا هاوسەروان و مانایان بە جۆرێکی وا پێکەوە بەستراوە کە دەتوانین بە هۆنراوەیەکی جیاوازی سەربەخۆیان دابنێین. دەبێ ئەوەش بزانین کە ماناو سەروای هۆنراوەکە بێ زیادەکەش هەر هەن)[٢٨]. دەولەتشا ئەم موستەزادەی خوارەوەی بە کۆنترین موستەزادی فارسی داناوە. موستەزادی حسامی هەرەوەیە دەڵێ:

آن كيست كه تقرير كند حال گدارا | در حضرت شاهي
كز غلغل بلبل چه خبر باد صبارا | جز ناله و آهى [(٢٩)]

- - ب ا ب - - ب ا ب - - ب ا ب - - | - - ب ا ب - -

مفعولُ مفاعيلُ مفاعيلُ فعولن | مفعولُ فعولن

موستەزاد لە بنچینەدا برتییە لە زیا د کردنی (پێ) ی یەکەم و دوایی لە هەرلەتە دێرێکدا کەئەمانەش بە زۆری پێیە بچووکەکانن. وەکو لە نموونەی سەرەوەدا دیارەو بەم شێوەیە ڕوون دەبێتەوە :

مفعولُ مفاعيلُ مفاعيلُ فعولن . مفعولُ فعولن

١ ٢ ٣ ٤ . ٥ ٦



لە کوردیدا یەکم کەس باسی موستەزادی کردبێ شێخ نووری شێخ سالحە کەزۆر بە وردی، زۆرلەوانەی (٥٠،٦٠) ساڵ دوای خۆی باسی موستەزادیان کردووە، وردترو قوڵتر بۆ پێناسەو هۆی بەکارهێنانی ئەم هونەرە چووە، دەڵێ : (بعضا تصادف اکا اگر منظومەیکی درێژ بنوسین او اهنکە یك نسقە کە منظومەکە حاصلی اکات لبریك نسقی کلال اورابی. لبر ئەمە بین بین لە بعضی جیکای وزنکدا لبراوی کەتنویعیك بدری بە اهنکی وزنەکە لە عین وزن بعضی شکل و پارچە علاوە اکری. مثلا وزنیك کە هموی لسر (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن) ببیژری لە بینی مصراعەکەنا شکلی بجوك لەم وزنە علاوە اکری وکو مفعول و فعولن)[(٣٠)]. پاشان شیعرەکەی نالی بە نموونە هێناوە. ئەو پێیانەی شیخ نووری لێرە داویەتی (مفاعیلُ)ێکی کەمە. دەبێ بەم جۆرەبێ (مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن) چونکە موستەزاد لە شیعری کلاسیکیدا هەمیشە بە کێشە هەشتییەکان دەبێ. جگە لەوەی کە بەگوێرەی نموونەکەی نالی کێشەکە دەبێ دووجار (مفاعیلُ)ی تێدا بێ نەك یەك. شێخ نووری هەرچەندە نەیگوتووە ئەم کێشە چ جۆرە کێشێکە، بەڵام ئەوەی گوتووە کە هەرتەنیا ئەم کێشە بۆ موستەزاد بەکار نایێ، کێشی تریش هەم بۆ موستەزاد. (لە شعرای قدیم وتازەی کردستان قسم اکثریان بۆ مستزاد

غیری ام وزنە علاوە نەکراوە، مع مافیە، ایستا لە اکثری وزنکاندا مستزاد استعمال اکری)[(٣١)] . ئینجا نموونەیەکی شیعری خۆی بۆ موستەزاد داوە کە هەم ڕێژەی تیکە زیادەکان بۆلەتەکانی پێشوو و، هەم سەرواو کێشی لەوەی نالی جیایە. وردیی شێخ نووری لە ناساندنی موستەزاد، لەم خالانەدا دەردەکەوێ :

١-هۆی پەیدا بوون و بەکارهێنانی موستەزادی ڕون کردۆتەوە کە بۆ ئەوەیە (کلال اور) نەبێ و (تنویعیك بدرێ بە وزنکە).

٢-باسی کردووە کە جگە لەو کێشەی نالی بەکاری هێناوە کێشی تریش بۆ موستەزاد بەکار دێن بەلام کێشەکانی دیار نەکردووەو نموونەی بۆ نەهێناون.

٣-دیاری کردووە کەزیادەکەبریتییە لە (شکلی بجوك لم وزنە)، بەلام دیاری نەکردووە ئەم شکلە بچووکانە چەندن وچین و لە کوێی لەتی پێشەوە هاتوون.

٤-شێخ نووری خۆی لە شیعرەکانیدا هەندێ هونەری تایبەتی نواندووە لە سەرواو قالب وکێشی موستەزاد دا کە پاشان ڕونیان دەکەینەوە.

چل سالێك دوای شێخ نووری، علاءالدین سجادی بەم جۆرە پێناسەی موستەزاد دەکا: (هۆنراوەی زیاد کراو ئەگوز   لە چوار خشتەکی وهەلبەست و چامەدا هەبێ، وە ئەمەش بریتییە لەوە، لەدوای نیوە هۆنراونکەوە تیکەیەکی کورتی ڕێ کەوتوو لەگەڵ چەشنی کێشدا زیاد بکرێ،بەلام نیوە هۆنراوە بناغەییەکان چ لە کێش و چ لە سەروادا هیچ پێویستیان بەو زیادانە نییە، هەروەها ئەم تیکە کورتانەش لە بەینی خۆیانا هاوکێش وهاوسەروان)[(٣٢)] . سجادی بێ ئەوەی تایبەتێتی موستەزادی کوردی لەبەر چاو بگرێ و لەوڕوانگەیەوە پێناسەی دا برێژێ هاتووە دەقاودەق پێناسە فارسییەکەی وەرگێڕاوە. کە دەڵێ : (ئەگونجێ لە چوار خشتەکی و چامەدا هەبێ)، ئەمە بۆ فارسی وایە ئەگەر نا لە کوردیدا هیچ موستەزادێکمان نییە بۆ چوارینە کرابێ. موستەزادی چوارینە تەنیا لە فارسیدا هەیە، ئەویش بەدوو جۆر هاتوە : یان دوای هەر لەتە دێرێك تیکەکە زیاد دەکرێ یان دوای هەردوولەت [(٣٣)] . لەبارەی تیکە زیاد کراوەکانیش دیاری نەکردوە چ جۆرە پێیێك زیاد دەکرێ.

د .عزەدین مستەفا ڕەسوول لە بارەی موستەزادەوە دەڵێ : (شیعری کوردی هەر لەسەدەی ڕابردووەوە تەوری نوێ کردنەوەی لە عەرووزی عەرەبی وەشاندووە. نالی

بەحری موستەزادی دەست پێ کرد، واتە بەزیاد کردنی یەک تەفعیلە بۆ ئەسلی تەفعیلەکانی بەحرە بەکار هاتووەکە. سەلامیش ئەم کێشەی بەکارهێناوە) (٣٤).
بەکارهێنانی هونەری موستەزاد لە لایەن نالییەوە شتێکی نوێ نیبە چونکە هەر لەسەدەی یازدەمەوە جزیری بەکاری هێناوە با بە عەرەبیش بێجگە لە جزیری ئەحمەدی خانی و پرتەوی هەکاری و...بەکاریان هێناوە. د.عیزەدین موستەزاد بە بەحر دەزانێ کەلە ڕاستیدا موستەزاد بەحر نییە، بەڵکو هونەرێکی شیعرییە لە پاڵ هۆنەرەکانی تری وەکو غەزەل و قەسیدەو تەرجیع بەندو تەرکیب بەندو ڕوباعی و دەشێ بەهەر بەحرێکی عەرووزیی یا خۆماڵی بنوسرێ. لەبارەی تیکە زیادەکەش دەڵێ (بەزیاد کردنی یەک تەفعیلە). ئەگەر کێشی موستەزاد عەرووزیی بێ دوو پێ بۆ لەتی پێشەوە زیاد دەکرێ نەک یەک، پێی یەکەم و چوارەم کە بە زۆری لە پێیە موزاحەفە کورتەکانن.
د.زاهیر لەتیف پێناسەی موستەزادی لە ئی.جی. گیب وەرگرتووە دەڵێ: (شێوەیەکی شیعری بنچینەیی تری فارسی کە تا ڕادەیەک لە سەدەی نۆزدەدا بەکار هاتووە موستەزادە کە بەوە دروست دەبێ لە پارچە هۆنراوەیەکدا بۆ هەر لەتێك (میسراعێك) تیکەیەکی کورت زیاد بکەی کە پێی دەگوترێ زیادە و دەشێ بخوێنرێتەوەو دەشی فرێ بدرێ. لەهەر دووباریشدا شیعرەکە وەکو یەك، مانای تەواوی خۆی دەگەیێنێ) (٣٥).
دوای ئەم پێناسەیە شیعرەکەی نالی بە نموونە هێناوەو لەکۆتاییدا دەڵێ(زیادەکانی ئەم چوارشەترە کە بخرێنە تەك یەك بەیتێکی مەسنەوی سەربەخۆ پێك دێنن) (٣٦).
لەسەراپای هۆنراوەکەدا ئەگەر هەموو تیکە زیادەکان جیا بکەیتەوەو پێکەوە کۆیان بکەیتەوە هۆنراوەیەکی سەربەخۆ، بەکێش و سەروای تایبەتی خۆیەوە، دەردەچێ.
دڵشاد عەلی پێناسەی موستەزادی لە د.محمد نورالدین عبالمنعم وەرگرتووە (٣٧) و پاشان ڕای شێخ نووری شێخ سالحی لە بارەی موستەزادوە هێناوەو شی کردۆتەوەو هەمان نموونەکانی ئەویشی داوە.
محمد فازلیش لەنامەی ماجستیرەکەیدا پێناسەی موستەزادی لە دڵشاد وەرگرتووەو نموونەیەکی زێوەری داوە (٣٨).
هەردی لە وتاری (بنەڕەتی کێشێکی عەرووزی وکێشی دوو هۆنراوە)، لە باسی شیعرێکی گۆراندا ئاوڕ لە هونەری موستەزاد دەداتەوەو لەو ڕوانگەیەوە لە هونەرو

کێشی شیعرەکە دەدوێ: (ئەگەر شتێکی تازەی لە ڕووی کێشەوە تیابێ، ئەو دوو تەفعیلەیە کە لەدوای هەر دێڕێکەوە زیاد کراوەو پێی دەوترێ (موستەزاد)، بەلاَم ئەبینین ئەوانیش تازەنین چونکە دووبارە کردنەوەی تەفعیلەی سێیەم و چوارەمی کێشەکەن)[39]. هەردی تەفعیلە زیادەکە بەدووبارە بوونەوەی سێیەم و چوارەم دادەنێ کەچی لەموستەزاد دا پێی یەکەم و چوارەم دووبارە دەبنەوە.بە ڕێکەوت لە شیعرەکەی گۆران دا پێی یەکەم و سێیەم وەکو یەك وان، بۆیە هەردی وای بۆچووە کە دووبارە بونەوەکە هی پێی سێیەم و چوارەمە کەچی لە ڕووی زانستی و بەراوردکردنەوە لەگەلْ کێشەکانی موستەزاد دا دەردەکەوێ کەزیادەکە بریتییە لە دووبارە بوونەوەی پێی یەکەم و چوارەم.

سیستەمی هونەری موستەزاد کە زیاد کردنی تیکەیەکە بۆ هەر لەتە دێڕێك و ئەویش پێی یەکەم و چوارەمی لەتی پێشوووە زۆر چاك لای شاعیرە کلاسیکیە کوردەکان ڕەچاو کراوە، وەکو جزیری و پەرتویێ هەکاری و حەمدی و نالی. بەلاَم لە سەدەی بیستەمدا و لە چوار چێوەی نوێ کردنەوەی شیعری کوردیدا، ئەم یاسایە گۆڕانی بەسەر داهات، بە تایبەتی لەسەر دەستی شێخ نووری کە هەم تیوریستی هونەرەکەو هەم شاعیر بوو. بە هوشیارییەوە ئەم ڕێچکەی نوێ کردنەوەی موستەزادی گرتبووەبەر. ئەو مەرجە هەلْگیرا کە زیادەکە هەر تەنیا دوای لەتە دێڕێك بێ. دەشێ دوای دوولەت یان سێ لەت بێ و دەشێ زیادەکە دوویێ یان سێ پێ بێ. بۆسەرەوایش دەشێ تیکە زیادەکە لەگەلْ لەتی پێش خۆی هاوسەروا بێ، هەروەکو دەشێ لەگەلْ تیکەی پاش خۆی هاوسەروا بێ. لەم ڕووەوە نموونەی جۆراوجۆرمان لەبەر دەستدایە.

بابەت و هۆی بەکار هێنانی موستەزاد

ئەم هونەری موستەزادە وەك لە بابەتەکانی هۆنراوە عەرووزیو خۆمالّییەکاندا دیارەزیاتر بۆ دەربڕینی بابەتی خەم و خەفەت و شین و بەهی بەکاردێ. ئەم ڕاستییە نەك هەر لەکوردیدا وایە بەلْکو لای یۆنانییەکۆنەکانیش موستەزاد بۆ بابەتی خەم وناخۆشی بەکار هاتووە. ئیبن سینا لە باسی موستەزادی شیعری یۆنانیدا دەلْێ (بطراغوذیا کە برتییە لە پەسنی مرۆیەکی زیندوو، یان مردوو، کە گۆرانییان بێ هەلْدەگوت باسی چاکەو پەسندیان دەکردو دەیاندایە پالْ کابرا. ئەگەر کابرا

مردووبایە دێرەکە، یان ئاوازەکەیان چەند بڕگەیەك زیاد دەکرد.ئەمە نیشانەی شین و لاواندنەوەیـە)(٥٥) . دیـارە موسـتەزادی بـە نیشـانەی شـین و لاواندنـەوە دانـاوە. لەکوردیشدا کاکەی فەللاح لە باسی شیعری (بەردە نووسیك) ی گۆراندا دەڵێ : (ئەم چەشنە کێشە کە شێوەی موستەزادی پێ دەڵێن و لەسەر کێشی یـازە بڕگـەیی پەنجەییە، واتە (٦ بە ٥) و لەکۆتایی هەر بەیتێکەوە وەك پاشکۆیەك چەند بڕگەیەکی (٦)ی بۆ زیاد کراوە،زیاتر لەوە دەچێت کە بۆ بابەتی شیوەن و گریان وهەنیسك دەست بدات و قوڵپ و هەناسەی مرۆڤەکە بوەستێنێ و وچانی پێ بگرن (٥٦) . واتـە ئـەویش هەستی بەوە کردووە کە هونەری (نـەك کێشی) موستەزاد زیاتر بۆ شیوەن وگریـان دەست دەدا.

چاوخشاندنێکی خێرا بە دیوانەکەی سەلام، ئەو ڕاستیەمان زیاتر بۆ دەچەسپێنێ، چونکەزۆریەی موستەزادەکانی سەلام، ئەگەر نەڵێین هەموویان، بۆبابەتی خەم و خەفەت وشین ناخۆشی بەکار هاتوون .

هۆی بەکار هێنانی موستەزاد جگە لەوەی کە خەم و شیوەن دەیهێنێ، بۆ ئەوەش دەچێتەوە کەئاوازێکی خەماوی بە هەوای شیعرەکە دەداو ڕیتم و ئاوازی دەوڵەمەندتر دەکاو خوێنەر لە بێزاری دوور دەخاتەوە

سیستەمی زیاد کردنی تیکەکان :

ئەمەی خوارەوە چەند نموونەیەکی سیستەمی زیاد کردنی تیکەکانی موستەزادە:

١- دەشێ تیکە زیادەکە دوای هەر لەتە دێڕێك بێ و تیکەکان سەروای خۆیان هەبێ، وەکو شیعرەکەی نالی کە سەرەتاکەی ئەمەیە:

ئەی تازە جوان پیرم و ئوفتادەووکەوتووم — تاماوە حەیاتم

دەستێ بدەرە دەستی شکستەم کەلە دەست چووم — قوربانی وەفاتم (٤٠)

٢-دەشێ زیادەکە دوای دوو لەت (دێڕێکی تەواو) بێ، وەکو زێوەر دەڵێ:

تۆ عیشقی جەمالت وەرە ئەی قاسیدی یەزدان

نامەم بگەیێنە دەستی مەردی سوخەندان

یاری شەکەر ئەفشان

ئەوساکنی هەولێرە کە شارێکی قەدیمە

ئوتیلی شەریف مەسکەنە بێ یارە نەدیمە

دۆستێکی سەمیمە(٤١)

لێرەدا سەروای تیکە زیادەکان هەر یەکە لەگەڵ دێری پێش خۆی یەك دەگرێتەوە هیچ پەیوەندیەك لەنێوان سەواری تیکە زیادەکاندا نییە. دەشێ زیادەکان لەنموونەی تردا خاوەنی سەروای خۆیان بن و نەچنەوە سەر دێرەکانی پێشەوە. شێخ نووری دەڵێ :

مەوەستە، رووکەرە هیوا مەپرسە دەشتە یانە کێو

مەترسە تۆ لە سەغڵەتی فرازو زەحمـــەتی نشێو

کە هەولە هەر گرەو لەدەهر ئەباتەوە

بەسە زەمانی غیرەتە، چ وەختی خوابی غەفلەتە

زەمانی هەوڵ و هەڵمەتە، هەڵێکی زۆر بە قیمەتە

نەوەك فەلەك لەدەستی تۆی بکاتەوە(٤٢)

٣-وادەبێ زیادەکە دوای چوار لەتە دێر بێ. شێخ نووری دەڵێ :

ئێوە مەداری غیرەتی ماددی میللەتن

ئێوە مودافعی وەتەن پــــاك تینەتن

ئەولادی پاکی میللەتی کوردی بە هیمەتن

لای میللەت ئێوە تاکو بفەرموون بە قیمەتن

ساحێب غیرەتن(٤٣)

لێرەشدا تیکە زیادەکان سەروایان دەچێتەوە سەر سەروای لەتەکانی پێش خۆیان و لەتەکان لە نێو خۆیاندا هاوسەروا نین.

٤-وادەبێ تیکە زیادەکـان هـەر نـاو بـەناو دووبـارە ببنـەوە و خۆیـان نەدەنـە بـەر دەستوورێکی تایبەتی. وەکو شێخ نـووری لـە هۆنـراوەی (بەمناسبەی تبدیلی نـاوی رۆژنامەی ژیانەوە بۆ ژیان)(٤٤) . زیادەکان هەندێ جار دوای پێنج لـەت و هەندێ جار دوای شەش لـەت هاتوون. هەموویشان سەروایان بۆ لەتەکانی پێش خۆیان دەچێنەوە. هـەر شێخ نـووری موستـەزادێکی تری بـە نـاوی (مـن و گـەلاوێژ) (٤٥) دانـاوە. لـەوێ زیادەکە دوای یەك لەت، یان دوو لەت، یان سێ لـەت هاتووە و سەروای وەکو سەروای لەتەکانی پێش خۆیەتی. گۆرانیش لـە (جلـوەی شـانۆ) دا (٤٦) هونـەری موستـەزادی

بەکار هێناوە، بەڵام زیاد کردنی تیکەکانی بە هیچ دەستوورێك نەبەستۆتەوە.جاری وا هەیە پاش یەك لەتە دێر یەك تیکە، یان دوو تیکەی زیاد کردووە، جاری واهەیە دوای دوو لەت (دێرێك) یەك تیکە، یان دووی زیاد کردووە، جاری وایش هەیە دوای سێ لەت، یان حەوت لەت ئینجا یەك تیکەی زیاد کردووە بەڵام لەوەدا دەستووری موستەزادی پاراستوە کە هەمیشە دوویێی زیاد کردووە، پێی یەکەم و چوارەمی لە تە دێرە ئەسلییەکان .

کێشی موستەزاد :

موستەزاد هونەرێکی کلاسیکییەو لە بنچینەدا لەسەر کێشی عەرووزی هاتووە، بەڵام دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، لە ڕەوتی نوێ کردنەوەی شیعری کوردیدا کە چمکێکی گەڕانەوە بوو بۆ کێشی خۆماڵی، وای لێ هات موستەزاد بە کێشی خۆماڵیش بهۆنرێتەوە (٤٧) . لە کوردیدا کۆنترین موستەزاد ئەوەی جزیریە هەرچەندە بە عەرەبی نووسیوە. لە دێری یەکەمدا دەڵێ:-

یارامی قلبی بسهام اللحظات — هیهات نجاتی
مازال فداء لك روحی و حیاتي — من قبل مماتی (٤٨)

ئەسلی قەسیدەکە لەسەر کێشی هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوورە (مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ مفاعیلْ). زیادەکانیش بریتین لە پێی یەکەم وچوارم (مفعولُ مفاعیلْ). بەڵام ئەوەندە هەیە دوا پێ لە باتی مەقسوور (مفاعیلْ)، مەحزووفە (فعولن) واتە زیادەکە بۆتە (مفعول فعولن). لەتی ئەسلی هەردێرێك بە بڕگە دەکاتە(١٤) بڕگەو ژمارەی بڕگەی تیکە زیادەکان هەریەکە (٦) بڕگەیە. بەمەوە ژمارەی بڕگەکانی تیکە زیادەکە ناگاتە نیوەی ژمارەی بڕگەکانی لەتی پێشەوە.

ئەو کێشە عەرووزییانەی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بۆ موستەزاد بەکار هاتوون ئەمانەن :

١-<u>هەزەجی هەشتیی موسەببەغ</u> : قالبی موستەزادی ئەم هەزەجە بەم جۆرەیە :

<u>(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان</u> — <u>مفاعیلن مفاعیلان)</u>

شێخ نووری دەڵێ :

گەلاوێژی فەلەك پەیما، ئەیا خورشیدی بێداران — ئایاهەم دەردی غەم خواران (٤٩)

٢-هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف : قالبەکەی بەم جۆرەیە :

(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن مفعولُ فعولن)

حەمدی دەڵێ :

ســاقی وەرە مەستانە بدە جامە شەرابێ یەك لوقمە کەبابێ
نێزیکە ئەجەل، فورسەتە عومرێکی‌کە مابێ با سەرفی سەفا بێ (٥٠)

٣-رەمەلی هەشتیی مەقسوور : قالبەکەی بەم جۆرەیە :

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلانْ فاعلاتن فاعلان)

حەمدی دەڵێ :

یار ئەگەر ئەم شەولە مووچەی من بکا ماچێ زیاد دێنە سەر شەوقم عیباد
شمع آسا مصرعم ازنور رویش لمعه داد لمعه باشد مستزاد (٥١)

٤-موزاریعی‌هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف : قالبەکەی بەم جۆرەیە :

(مفعول فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لن مفعول فاع لن)

شێخ نووری دەڵێ :

تا حەشر ئەبێ بناڵێ لە ژێر باری زیـللەتا
باری گرانی زیللەت و دەردی ئەســـارەتا
عومری سەرف بکا لە مەرارەت، لە میحنەتا
بی حــەق ئەبێ بژی لە حەیاتێکی وەحشەتا
قەهرو مەزەللەتا (٥٢)

٥-موجتەسی مەخبوونی ئەسلەم: قالبەکەی بەم جۆرەیە :

(مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعِلن مفاعلن فع لن)

گۆران دەڵێ :

لەجەرگی پەردەوە تك تك دڵۆپی عود ئەڕژا بە نووکی تەئسیری
تەرەب ئەهاتە خرۆش تالیعی سروور ئەپژا بە ئاهی دڵگیری (٥٣)

گـۆران لـەم قەسـیدەیەدا خـۆی بـە چۆنیـەتی و کـاتی دووبارەکردنـەوەی تیکـە زیادەکـان نەبەستۆتەوە. هونەرو وردەکـاری خـۆی نوانـدووە چۆنـی لـەبار بووبێ و چۆنی خۆش هاتبێ زیادەکەی بەم جۆرە هێناوە.

٦-رەجەزی هەشتبی مەخبوون : قالبەکەی بەم جۆرەیە :

(مفاعلن مفاعلن مفاعلن مفاعلن مفاعلن مفاعلن)

شێخ نووری دەڵێ :

مەوەستە ڕووکەرە هیوا مەپرسە دەشتە یانەکێو

مەترسە تۆ لە سەغلەتی فرازو زەحمەتی نشێو

کە هەوڵە هەرگرەو لە دەهر ئەباتەوە (٥٤)

ئەم نموونەی قالبی موستەزادە یەکێکە لەداهێنان و تازەکردنەوەکانی شێخ نووری لەبواری موستەزاد دا. لەجیاتی تیکە زیادەکە کە دووپێی یەکەم و چوارەمی لەتی پێشەوەیە، ئەو سێ پێی زیاد کردووە. ئەمە لای شاعیرانی تر ناکەوێتە بەرچاو. بەم جۆرە موستەزاد لەکوردیدا بە (٥) کێشی عەرووزی هاتووە. لە وانە یەکێکیان کە هەزەجە دوو قالبی لێ بەکار هاتووە.

٣-موەششەح

وشەی موەششەح (الموشح) لەزمانی عەرەبیدا بە زۆر مانا هاتووە (٥٧) یەك لەوانە ئەوەیە کە موەششەح لە ویشاحەوە هاتوە، ویشاحیش بریتییە لە دوو ڕشتەی مرواریوگەوهەر کە لە تەك یەك دەهۆنرێنەوەو بە جیاجیا دەکەونەوە سەریەك. ئافرەت خۆی پێ دەخەملێنێ. یان بریتیە لە قایشێکی پێستەی گەوهەربەند کە ئافرەت بە ملیەوە دەکات و تاکەمەری شۆڕ دەبێتەوە (٥٨). بۆیە بەم هونەرە شیعرییە گوتراوە موەششەح چونکە خەرجەو غوسنەکانی وەکو ویشاح وان (٥٩).

موەششەح لە بنچینەدا هونەرێکی ئەندەلوسییە. لەدەوروبەری کۆتایی سەدەی سێیەمی کۆچی لە ئەندەلوس سەری هەڵداوەو گەشەی کردوەو لەوێوە بە شوێنی تردا بڵاوبۆتەوە. یەکەم کەس کە موەششەحی داناوە کێ بووە؟ زۆر ڕای جیاواز لەم بارەیەوە هەیە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان بڕوایان وایە کەیەکەم کەس (مقدم بن معافی القبري)یە (٦٠) موەششەحی داناوە. موقەددەم لە شاعیرەکانی میرعەبدوللای کوڕی حەسەنی مەروانی بووە.

هۆی پەیدا بوونیشی بۆ گۆڕانی باری شارستانی و پەرەسەندنی بەزم وگۆرانی و گەڕەلاوژە و ڕابواردنی خەڵکی ئەندەلوس بەگشتی و خەلیفەو لێپرسراوان بە تایبەتی دەچێتەوە. جگە لە کارتێکردنی ئەدەب و ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە ئەندەلوس پاش بڵاوبونەوەی ئاینی ئیسلام لەوێ، کە ئەمە دەورێکی باڵای لە چەکەرەکردنی ئەم هونەرە نوێیە هەبوو. هەرچەندە کێشەیەکی بەردەوام و نەبڕاوە لە نێوان توژەرەوەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا لەسەرئەوە هەیە ئاخۆ عەرەب ئەم هونەرەیان لە (ترۆبادور) ی ئەسپانی و (ترۆفێر) ی فەڕەنسی وەرگرتووە کە لە شێوەو بابەتدا زۆر لە موەششەح دەکەن، یان ئەوروپیەکان هونەری موەششەحیان لە عەرەبی وەرگرتووە و لە شێوەی ترۆبادور و ترۆفێردا دایان ڕشتووەو کۆڕەکانی خۆیان پێ خۆش کردووە؟

بێ گومان بەزم و سەماو گۆرانی پەرەسەندووی ئەندەلوس پێویستی بە جۆرە شیعرێك هەبووکە لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا بگونجێ و بۆ گۆرانی دەست بدا. ئەمەش پێویستی بە جۆرە ئازادییەك هەبوو لەکۆتی کێش و سەروای جاران، بۆیە شاعیران پێش برکێیان بوو شیعری وا دابنێن لەو کۆڕانەدا بخوێندرێتەوە. ئەمەش وای دەکرد بە دوای مانای نوێ و بابەتی سەرنجکێش و سەروای جۆر بەجۆر و کێشی سووك و لەباردا بگەڕێن بۆ ئەوەی شیعرەکەیان بۆ گۆرانی دەست بدات. لە بارەی بابەتەوە موەششەح

هەموو جۆرە بابەتێکی پێ نووسراوە، وەکو (غەزەل ، پەسن ، لاواندنەوە ، داشۆرین ، وەسف ، بگرە ، تەسەووف و خواناسیش بەلاّم بە زۆری بۆ غەزەل و بەزم و ڕابواردن دەست دەدا)(٦١).

کێشی موەششەح :

لەبارەی کێشی موەششەحەوە زۆر ڕای جیاواز هەیە. ڕاستە موەششەح کێشدارە بەلاّم کێشی هەموو موەششەحێك دەق ئەو کێشە عەرووزیانە نییە کە لە عەرەبیدا ناسراون، (موەششەح یاخی بوون بوو لە هەندێ کۆت و چمکێکی یاخی بوونەکەی لەسەر موسمەتی ڕۆژهەلاّت هاتبوو. موەششەح خۆی بەکێشە عەرەبییە کۆنەکان نەبەستەوە. کێشی نوێی وای داهێنا کە لەگەلّ پەرەسەندنی گۆرانی و مۆسیقا بگونجێ)(٦٢).بەمەوە ئەو نوێ کردنەوەی موەششەحی هێنایە کایەوە کێشەکەی فراوانتر کرد. کێشی عەرزوویی و ناعەرووزیی بۆ موەششەح مەیسەر کرد. بۆیە موەششەح لە ڕووی کێشەوە بەدوو جۆر هاتووە: (یەکەم بەگوێرەی دەستووری باوی عەرەبی و دووەم بە غەیری عەرووزیی عەرەبی)(٦٣). ئەو موەششەحانەی لەسەر کێشس ناعەرەبین زۆر لەوانەزیاترن کە بەکێشی عەرووزیی نووسراون (جۆری دووەمی موەششەحات ئەوەیە کە هیچ پەیوەندی بەکێشەکانی عەرەبییەوە نییە، ئەوە زۆرەکەیە. ئەوەندە زۆرە نایەتە حیساب)(٦٤). هەر بۆیە ئەگەر موەششەحێك لەسەر کێشی عەرەبی بێ پێی دەگوترێ موەششەحی شیعری. تەنانەت ئەو موەششەحە شیعریانەی بە عەرووزیش هۆنراونەتەوە دەشێ (یەك موەششەح دوو کێشی جیاوان یان زیاتری تێدا بەکار بێ)(٦٥).

بەلاّم ئەوەش مانای وانییە نوێ کردنەوەی موەششەح بەرەلاّیی بێ.موەششەح دەستووری خۆی هەیە، چ لەبارەی کێش و چ لە بارەی سەرواوە. ئەوەندە هەیە دەستوورەکان نەرمترن و وەششاح سەربەستی جوولاّنەوەی زیاترە (شۆڕشی موەششەحات لەسەر کێش و سەروای کلاسیکی لەسەر حیسابی ئاوازو مۆسیقاو ئەستێتیکای شیعرەکە نەبووە وەك هەندێ بۆی دەچن. داوای سەربەستییەکی بەرەلاّیش ناکا بۆ تێکشکاندنی هەموو کۆتێك، بەلّکو بریتییە لە پێڕەوکردنی دەستووری نوێ لەبارەی کێش و سەرواوە بۆ ئەوەی جوانییەکی زیادەکی بدا بەدەقی موەششەح و مۆسیقاکەی دەولەمەند بکا)(٦٦). ئەم دەستوورە گۆڕانێکی وەستایانەی وای تێدایە موەششەح دەکا بەیەك پارچە مۆسیقا.

بنیاتی موەششەح :

موەششەح چۆن خۆی لەکێشی کۆن ڕزگار کرد، هەروایش وازی لە سیستەمی سەروای شیعری ستوونی هێنا. بنیاتی موەششەح لەسەر گۆڕانی کێش و سەروا دامەزراوە و گەلێ قالبی جیاوازی هەیە، بەڵام بنیاتی سەرەکی و بنچینەیی موەششەح ئەوەیە کە لەم هێلکارییەی خوارەوەدا دەردەکەوێ کە بریتییە لە ئەسکەلتی پارچەی یەکەمی موەششەح (٦٧):



ڕەگەزەکانی بنیاتی موەششەح بریتین لە (مەتلەع، غوسن، دەور، سەمت، قوفل (خرجە)، بەیت)(٦٨).

مەرج نییە هەموو جارێك (لە هەموو موەششەحێكدا) لەتە دێرەکانی مەتلەع و دەور و قوفل بەم جۆرەی سەرەوە بێت. شاعیر سەربەستە کەم و زیادیان بکا، بەڵام پارچەی یەکەمی چۆن دامەزراند دەبێ هەموو پارچەکانی تر بەهەمان شێوەبن. بەگشتیش دەور و قوفل بناغەی سەرەکی هەر پارچەیەکن و پێکەوە پێیان دەگوترێ بەیت. موەششەح بە زۆری پێنج پارچەیە، بەڵام دەشێ زیاتر بێ تا دەگاتە دە بەیت و دەشێ کەمتریش بێ، بەڵام لە چوار کەمتر بێ پەسند نییە. ئەگەر موەششەحێك وەکو ئەو هێلکارییەی سەرەوە بە مەتلەع دەست پێ بکا پێی دەگوترێ موەششەحی تەواو (التام)، خۆ ئەگەر موەششەح بەبێ مەتلەع یەکسەر بەدەور دەست پێ بکا ئەوە پێی دەگوترێ (الاقرع). مەرجی سەرەکی موەششەح خەرجەو قوفلەکانە. ئەوان نەبن موەششەح دروست نابێ (خەرجەو قوفل بنەمای سەرەکین لە بنیاتی موەششەحدا، بێ قوفل و خەرجە هۆنراوە پێی ناگوترێ موەششەح)(٦٩).

خەرجە دووجۆرە : خەرجەی عەرەبی و خەرجەی ئەعجەمی، یان زەجەلی. خەرجەی عەرەبی ئەوەیە وشەکانی عەرەبی پەتی بن. خەرجەی ئەعجەمی ئەوەیە وشەکانی عامی، یان بێگانە بن.

موەششەح لە شیعری فارسیدا :

موەششەحی فارسی لە موەششەحی عەرەبی جیایە. هونەری موەششەح لە فارسیدا ئەوەیە کە (شیعر لەسەر چەند بەشێك بنیات بندرێت کە کێشیان جیا بێ و بەهەموویان یەك هۆنراوە پێك بێنن وکە هەر بەشێکیش لەو بەشانە جیا کرایەوە ببێ بە هۆنراوەیەکی سەربەخۆ، بەکێشێکی سەربەخۆ (٧٠). وەکو ڕەشیدی سەمەرقەندی دەڵێ:

بیش از اندازەء این طایفه (بربندە نهاد)
(جود تو بارگران) زان دو کفی گوهر بار
دیگرانند چومن بندەو (من بنده زشکر)
(عاجزم چون دگران) و زخجلی گشته فکار
عجز یکسونه وانگارگی (کردستم جرم)
(سوی عفوت نگران) ماندەو دل برتیمار
تو خداوندی احسان کن و (این جرم بفضل)
(زین رهی در گذران) زانك تویی جرم گزار (٧١)

لەم هۆنراوەیەدا ئەگەر پارچەکانی ناو کەوانەکان دەربهێنرێن و بخرێنە تەك یەك، ئەم دوو بەیتەیان لێ دەردەچێ:

بـربنده نهاد جود تو بارگـران	من بنده زشکر عاجزم چون دگران
کردستم جرم سوی عفوت نگران	این جرم بفضل زین رهی در گذران

ئەم جۆرە موەششەحە لە فارسیدا پێی دەگوترێ موەششەحی (المحیز) (٧٢).

جۆرە موەششەحێکی تر لە فارسیدا هەیە ئەوەیش ئەوەیە کە شاعیر لەسەرەتا، یان لەناوەڕاستدا چەند وشەیەك، یان چەند تیپێك دێنێ کە ئەگەر کۆبکرێنەوە سەریەك دێرێك، یان بەندێك، یان ناوێك، یان نازناوێك، یان هەر وشەیەکی تری لێ پێك دێ. بۆ نموونەی ئەم جۆرە موەششەحە چوارینەکەی وەتوات دێنین کە دەڵێ:

معشوقه دلم بیتر اندوه بخـــست
حـــیران شدم کـــسم نمی گیرد دست
مسکین تن من زپای محنت شد پست
دست غم دوست پشت من خرد شکست (٧٣).

ئەگەر تیپی یەکەمی لەتەدێرەکان وەربگری (م، ح، م، د) و پێکەوە بیان لکێنی ناوی (محمد) دەردەچێ.

موەششەح لە شیعری کوردیدا :

موەششەح وەك هونەرێکی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا کەم لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. یەکەم کەس لە کوردیدا باسی موەششەحی کردبێ (سجادي)یە کەبە (ڕازاوە) ناوی دەباو دەڵێ :

(هۆنراوەی ڕازاوە لە بنچینەدا لەداهێنراوی ئەندەلوسییەکانە)[٧٤]. ئینجا سێ جۆرە موەششەح دیار دەکا کە یەکەمیان لە موەششەحی ئەندەلوسی نزیك دەبێتەوە وسێیەمیان لەجۆرێکی موەششەحی فارسی، کەچی دووەمیان هەر ئەوەیە لە فارسیدا هەیەو پێناسەکەی دووبارە کردۆتەوە، بەلاّم خۆیشی دەڵێ ئەم جۆرەیان لەزمانی کوردیدا نییە[٧٥]. نووسەری ئەم نامەیەش کاتی خۆی لە وتارێکدا کە بۆ پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی ڕای کوردستان موکریانی دەرحەق شیعرێکی دڵدار تەرخان کرابوو، لە موەششەح دواوەو نموونەی شیعرێکی دڵداری بۆ موەششەح داوە[٧٦].

د.عیزەدین مستەفا ڕەسول لە پێشەکی دیوانی بەختیار زێوەردا لە بارەی سرووی پیرەمەگروونەوە دەڵێ : (لەبەر هەمی بەختیاردا هەر لە سرووی پیرەمەگروونەوە سەرەتایەك یان جۆرە مۆسیقایەك دیارە کەلە شیعری کلاسیکی جیایە. شاعیر لە دێرێکی چەند برگەیدا سەجعێك یان قافیەیەك دروست دەکات، ئەمە لە شیعری لەمەودوای بەختیاردا هەر لە سنووری عەرووزی عەرەبیدا دەبێتە هەنگاوێك بۆ تازە کردنەوەو چەند موەششەح یان بەحری (سەریەست)هێنانێك)[٧٧]. سرووی پیرەمەگروون لەسەر کێشی خۆماڵی هاتووەو بەر عەرووز ناکەوێ. پاشان د.عیزەدین دێتە سەر پارچەی (خەوڕەوێنەکە) و (پێشکەشی نیشتمان) و پێیە عەرووزەکانیان دیار دەکا، بەلاّم بەلای ئەوەدا ناچێت کەئەمانەموەششەح بن. لە ڕاستیدا هەردووکیان نموونەی تەواوی موەششەحن، کەچی دڵشاد عەلی لەشی کردنەوەی (خەو ڕەوینەکە) دا دەڵێ : (لێرەدا دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە ئەگەر ئەم هەڵبەستەی بەختیار زێوەر تا ڕادەیەك لە موەششەحی عەرەبی بچێت ئەوا گەلێ ئاساییە)[٧٨]. دڵشاد لە باسی موسسەممەتدا جارێکی تر ئاور لە موەششەح دەداتەوە و لە باسی شیعرێکی بە کێشی خۆماڵی بەختیار زێوەردا دەڵێ : (ئەم هەڵبەستەی بەختیار زێوەریش کە شێوە ئاوازەییەکەی هەروەکو موەششەحی عەرەبی لە (غصن) یا (دور) و لە (الخرجە)-

(القفل) پێك هاتووە، بۆ خۆی جۆرێکە لەجۆرەکانی (مسمط)...)(٧٩). هەرچەندە لە عەرەبیش هەیە رای وایە موەششەح ڕەگێکی دەچێتەوە سەر موسەممەتی ڕۆژهەلات (٨٠)، بەلاّم ئەم هۆنراوەی بەختیار زێوەر موەششەحە بە هەموو دەستوورو مەرجەکانەوە وەکو مەتلەع کە چوار لەتە، دەور کەچوار لەتە، قوفل کە ئەویش هەر چوار لەتەو سیستەمی سەروای موەششەحیشی بە تەواوی پاراستووە.

موەششەح لە کوردیدا دوو جۆری هەیە : یەکێکیان دەچێتەوە سەر ڕێچکەی موەششەحی عەرەبی ، ئەوەی تر بە لای موەششەحی فارسیدا دەشکێتەوە. یەکەمیان کە باوەکەیە بەمانای تەواوی خۆی لە چلەکانەوە لە ئەدەبی کوردیدا لەسەر دەستی بەختیار زێوەرو گۆران و دلّدارو دلّزارو هەردی، وەك وردەکاری و تازەکردنەوەو داهێنانێك سەری هەلّدا. ئەمەش نموونەیەك لەموەششەحی کوردی کە دەق وەکو هێلکاری بناغەیی موەششەحی عەرەبی داڕژاوە ، دلّدار دەلّێ :

غوسن [گولّی سوور ئەی کچی نەورۆز، ئەرێ کام دەس لەباغی ژین] مەتلەع

غوسن [لە بۆ یەك دەفعە بۆن کردن بە ناکامی ئەتۆی هێنا]

ئەوئێستاکەش بە ژاکاوی	سەمت	دەور
وەها بێ قەدرو تۆزاوی	سەمت	
لەسەر ڕێگا فڕێ دراوی	سەمت	

غوسن [لەجەورو زولمی ئەو دەستە پەریزادەی بەیان لەرزین]قوفل]

غوسن [لەدەوری ئەم چلەی لێی بووی پەپوولەی زەردو سوورگریا] (٨١)

ئەمە پارچەیەکە لە موەششەحێکی سێ پارچەیی و لەبەر ئەوەی پارچەی یەکەم مەتلەعی تێدایە بە موەششەحی تەواو دادەندرێ. لە بارەی کێشەوە ئەم پارچەیە لەسەر کێشی هەزەجە. ئەوەندە هەیە غوسنەکانی مەتلەع و قوفل هەر یەکە چوار (مفاعیلن)ەو سەمتەکانی دەور هەریەکە دووجار (مفاعیلن)ە.لەبارەی سیستەمی سەروایشەوە، سەروای لەتەکانی مەتلەع و قوفل بەرامبەر یەك دەوەستن (ا ب، ا ب) و سەروای سەمتەکانی دەوریش یەك شتە (ج،ج،ج). بەرامبەر یەك وەستانی سەروای مەتلەع و قوفل جۆرە داخستنێکی هەر پارچەیەکی موەششەحەکە کە سەرەتا و کۆتایی بە سەروا، بەیەکەوە گرێ دەدرێ.

جۆری دووەمی موەششەحی کوردی ئەوەیە کەشاعیر چەند تیپێك لە کۆتایی لەتە دێڕێك یان دێڕێك دێنی کە هەموویان بخرێنە سەر یەك، وشەیەکی سەربەخۆ پێك

دێنن. ئەم وشەیە دەبێ بەیەکەم وشەی سەرەتای لەت، یان دێری پاشتر، وەکو حەمدی دەڵێ:

نیمە یارایـــی نیگـاهــی (غ ، م ، ز، هـ)
غەمـــزە دڵ دۆزە لـــەتم کــە، تۆبە (ش، ی، ر)
شیری ئەبرۆت یەك ئیشارەی بۆ منی شەیدا بەسە
تیژە چونکـــە داویە کوورەی مەحیببەت (ئا ، ب) (٨٢)

لەتی یەکەم بەم تیپانە کۆتایی هاتووە (غ،م،ز،هـ) کە پێکەوەی لکاندوون وشەی (غەمزە) لێ دروست کردوون وسەرەتای لەتی دووەمی بە وشەی (غەمزە) دەست پێ کردووە. بەگوێرەی لەتی دووەمی دێری یەکەم و هەموو دێرەکانی تریش هەمان شتە.

کێشی موەششەح لە کوردیدا :

لە کوردیدا موەششەح بە هەردوو جۆرە کێشی خۆماڵی (٨٣) وعەرووزیی هەیە. لە پشکنینی ئەو موەششەحە کوردییانەی بە کێشی عەرووزیی نووسراون، دەرکەوت ئەم کێشە عەرووزییانە لە موەششەحدا بەکار هاتوون:

١-کێشی هەزەج : موەششەحی (پێشکەشی نیشتمان)ی (٨٤) بەختیار زێوەرو (گوڵی سوور)و (٨٥) (خەندەکەی بایی (٨٦) دڵدارو (شۆڕشی نائومێدی)و (٨٧) (ڕازی تەنیایی)ی (٨٨) هەمووی نموونەی هەزەجن لەموەششەحی کوردیدا. دڵدار دەڵێ:

لە ئافاقی ژیانی ناهومێدیم خەنـــــدەکەی بایی
فریشتەی پاکی هیوامی نیشان دام وا کەبیـــــدوێنم
پریشکی تیشکی ئەستێرەی جوان ئیمشەو بە ئەسپایی
بە سۆزی هاتە نێو کونجی دڵی تاریکی پڕخــــوێنم
دەسا دەی مەسدەری هەستی
دەخێرا لادەری پـــەستی
وەرە تـامن بـــەڕازی تـــۆ نەمامـی شادی بڕوێنـم (٨٩)

هەر لەتێکی مەتلەع و لەتەکەی قوفل بریتین لە چوار (مفاعیلن) و لەتەکانی دەور بریتین لەدووجار (مفاعیلن).

٢-کێشی ڕەمەل :

(پـایزی زستـانی) ی بـەختیار زێـوەر کـە موەششـەحێکە لەهـەموو پارچـەکانیدا مەتلەع دووبارە بۆتەوە لەسەر کێشی ڕەمەلە. لە پارچەی یەکەمدا دەڵێ:

واگەڵاڕێزانە گیانە بۆ چەمە نزار هاژەهاژی بای خەزانە ڕوو بەڕووی شار

ئەو درەختانەی کە سەریان زۆر بڵندە

ئەوگوڵانەی ڕەنگو بۆیان زۆر پەسندە

ئەومەلانەی جێگەیان کاوو سەهەندە

هاتنی پایزلەبەر دڵیان گرانە چونکە توندی و گرژو مۆنی پڕجیهانە (٩٠)

هەر یەکە لە غوسنەکان و مەتلەع و قوفل و سەمتەکان و دەور بریتییە لە سێ جار (فاعلاتن)، بەڵام ئەوەندە هەیە لە مەتلەع عەرووزو زەرب تووشی تەسبیغ هاتوون و لە سەمتەکان و لە غوسنەکان و قوفلدا تووشی کەف هاتوون.

٣-کێشی ڕەجەز:

(خەو ڕەوینەکە)ی بەختیار زێوەر لەسەر کێشی ڕەجەزە. بەختیار لەم هۆنراوەیەدا وردەکارییەکی تریشی نواندووە. هەر پارچەیەك ناپارچەیەك مەتلەعی دووبارە کردۆتەوە. ئەمەش وای لەهەندێ تۆژەرەوە کردووە کەهەردوو پارچەی بەیەك پارچە حیساب بکەن. پارچەی یەکەم ئەمەیە :

هەستە لەخەو کـــوردی هەژار ئەی نەونەمامی ڕۆژگار

خۆت گورج کەوەك مەردی بەکار ڕەنجێك بدە بۆ یـادگار

تۆ دەمدەمی

کەمترخەمی

کوامەرهەمی

زامی نیهان؟(٩١)

هەرلەتێکی مەتلەع دوو (مستفعلن)ەو هەر یەکە لە سەمتەکانی دەوروقوفل یەك لەتەوئەویش یەك جار (مستفعلن) هاتووە.دەبێ تێبینی ئەوەش بکرێ کە عەرووزو زەربەکانی مەتلەع و پێیەکەی قوفل تووشی ئیزالە هاتوون، بوونەتە (مستفعلان). لە بارەی سەروایشەوە، قوفل و هەرچوار لەتی مەتلەع یەك سەروایان هەیەو سەمتەکانی دەوریەك سەروایان هەیە. پارچەی دووەمی هەمان هۆنراوە بێ مەتلەعە. بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

با ڕاپەڕین
وەك فیل بەتین
ببین ئەمین

بۆ نیشتمان

هەریەکە لە سەمتەکانی دەورو قوفلەکە یەك پێیە (مستفعلن)، کە لە قوفلدا تووشی ئیزالە هاتووە. هەرسێ سەمتی دەور یەك سەروایان هەیەو سەروای قوفل لەگەڵ قوفلەکانی تر یەك دەگرێتەوە.

٤-چوارین :

چوارین هونەرێکی کۆنەو تا ئێستایش شاعیران بەکاری دێنن. چوارین بەو پارچە هەڵبەستە دەگوترێ کە لە چوار لەتەدێر پێك دێ و یەك بیری تەواوو سەربەخۆی فیکری،سۆفیگەری، کۆمەڵایەتی، دڵداری ... دەگەیێنێ و سیستەمی سەرواى جیاوازی هەیە وەکو (اااا /ا ب ا ب /اا ب ا /ا ب جـ ب ...) بەلاّم لە هەموویان باوتر ئەمەیانە (اا ب ا). چوارین زیاتر هونەرێکی فارسییەو عەرەب و کورد لە رێگەی ئەدەبی فارسییەوە وەریان گرتووە. لە فارسیدا (ڕوباعی کەزۆر ناوی بۆ داندراوە وەکو (تەرانە) ، (دوبیتی)، دوبیت)، (چهاربیتی)، (چهارگائی)، لە [illegible]ەرە گرنگەکانی شیعری فارسییەو هەندێ کەس بڕوایان وایە کە ئەمە زەحمەترین هونەری شیعرییە چونکە بیرێکی تایبەتی و مانایەکی نوێ دەخاتە ناو ئەم چوارلەتە. جگە لەوەی کە بە کێشێکی تایبەتییەوە بەندە،(وەك ئەوە وایە شاعیر دەریاییەك لەناو دەفرێکی بچووك بکا)(٩٢) . لەم ناوانەی بۆ چوارین داندراون دوویان وەکوزاراوەی شیعری زیاتر بەکاردێن : روباعی (ترانە) و دوبەیتی (فهلویات). لە سەرەتادا دووبەیتی بەهەمان ترانە دەگوترا کە پاشان بە ڕوباعی ناسرا(٩٣) بەلاّم وردە وردە جیاوازییان کەوتە نێوان و هەریەکە لەم دوو زاراوەیە بۆ جۆرێکی تایبەتی چوارین تەرخان کرا کە زیاتر بەکێش لێك جیا دەکرێنەوە: (ڕوباعی ئەوەیە چوار لەت بێ و لەسەرکێشێك بێ لە (٢٤) لقی هەزەج کەتایبەتە بە روباعی. ئەگەرئەو چوارلەتە لەسەرکێشێکی تربوون ئەوا پێی دەگوترێ دوبەیتی)(٩٤) لەبارەی دوبیتی و کێشی دوبەیتییەوە خاوەنی (تحول شعر فارسی) دەڵێ: وردە وردە جیاوازی کەوتەنێوان ڕوباعی و دووبەیتی. دوو بەیتی لەناو هونەرەکانی شیعردا کەسێتییەکی جیاو سەربەخۆی لە ڕوباعی پەیدا کرد.

دوبەیتی هەر لەکۆنەوە بەوشەی تاکی فەهلەوی، یان کۆی فهلویات ناو دەبرێ. هۆی ئەم ناونانە وەکو (مرحوم بهار) دەڵێ: ئەوەیە کە ئەم دووبەیتانە بە زاراوەی ناوچەوی سەربەزمانی فەهلەوی نووسراون. ئەوەش بڕاوەتەوە کە فەهلەویات لەدەورەکانی یەکەمی دوای ئیسلام تا سەدەی حەفتەم ڕەواجیان زۆر بووە(٩٥) .

جیاوازییەکی تری ڕوباعی و دووبەیتی ئەوەیە کەکێشی ڕوباعی بریتییە لە (٢٤) لقی مورزاحەفاتی کێشی هەزەج و خۆشترین و ناسکترینیان ئەوەیە لەسەرکێشی (لا حول

ولا قوة الا بالله) بێ و تایبەتە بەڕوباعی و غەزەل و قەسیدەی کەم پێ نووسراوە کەچی کێشی دووبەیتی کە بریتییە لەهەزەجی شەشیی مەقسوور، یان مەحزووف بۆ غەزەل و قەسیدە تەنانەت مەسنەوی درێژی وەکو وەیس و ڕامین و خوسرەو و شیرین وشانامەی مەسعوودی ڕازی بەکار هاتووە. ئەم کێشەی دوو بەیتی لە کێشەکانی سەردەمی ساسانییە. لەسەر دەمی ئیسلامیدا دەستکاری کراوەو خراوەتە قالبی عەرووزەوە (٩٦).

قەیسی ڕازی لەبارەی چۆنیەتی داهێنانی ڕوباعییەوە بەگومانەوە دەیداتە پاڵ ڕووەکی و چیرۆکی ئەو منداڵە باس دەکا کە لە یاری گوێز گوێزانێ بەدەم خولانەوەی گوێزەوە بە ئاوازەوە گوتوویەتی: (غلتان غلتان همی رود تا بن کو) و ڕووەکی گوێی لێ بووەو کێشی ڕوباعی لەسەر بنیات ناوە (٩٧). کەچی هەیە (حنظلة البادغیسی - ٢٠٥ - ٢٠٩ك) بەنووسەری یەکەم ڕوباعی دەزانێ کەئەم ڕوباعییەی داناوە :

یارم سبد اگرچه براتش همی فکند

از بهرچشم تا نرسد مرورا گزند

اورا سپندو اتش ناید همی بکار

باروی همچو اتش و باخال جون سپند (٩٨)

کێشی ڕوباعی :

ڕوباعی لەسەر کێشی هەزەج دەنووسرێ و بریتییە لە موزاحەفاتی ئەم کێشەو هەموو لقەکانی بە (مفعولُ یان مفعولن) دەست پێ دەکاو دوو پێی ناوەڕاستیان لە نێوان (مفاعیلن ، مفاعلن ، مفاعیلُ ، مفعولن، مفعولُ، فاعلن)و پێی کۆتاییان لەنێوان (فعولْ ، فعلْ ، فعْ ، فاعْ) دایە. لە ڕوباعیدا مەرج نییە هەموو لەتەکان پێیەکانیان دەق یەك جۆرە پێ بێ، بەڵام نابێ لە سنووری ئەو پێیانەی باس کران دەربچن. سەید ئیمام حەسەن قەتتان عەرووزێکی کورت و پوختەی نووسیوەو کێشەکانی ڕوباعی بەسەر دوودرەختدا دابەش کردووە. درەختی ئەخرەب و درەختی ئەخرەم. ئەم دابەش کردنە لای قەیسی ڕازی و جامیش هاتوە (٩٩).

درەختی ئەخرەب (مفعول)



درەختی ئەخرەم (مفعولن)



لەم (٢٤) قالبەی ڕوباعی، بەگشتی قالبەکانی ئەخرەب لە قالبەکانی ئەخرەم سووکترو ناسکترن. قورسترین قالبی ڕوباعی ئەم چوارەن :

١-مفعول مفاعیلن فعولن فع

٢-مفعول مفاعیلن مفعولن فاع

٣-مفعولن مفعولن مفعولن فعْ

٤-مفعولن مفعولن مفعولن فاعْ

سووکترین و خۆشترین قالبی ڕوباعیش ئەم چوارەن:

١-مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلن فاعْ (لا حول ولا قوه الا باللّٰه)

٢-مفعولُ مفاعلن مفاعیلن فاعْ.

٣-مفعولُ مفاعلن مفاعیلُ فعلْ.

٤-مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعلْ.(١٠٠)

بۆیە ئەم چوارەی دوایی زۆر بەکار دێن و ئەوانەی تر کەمتر.

چوارین لە شیعری عەرەبیدا :

چوارین لە عەرەبیدا هونەرێکی ڕەسەن نییە، لە فارسییەوە وەرگیراوە، بەلام بەکێش و پێی تایبەتی دارژاوە. چوارین (کێشێکە شاعیرانی تازە لە فارسەکانیان وەرگرتووە)(١٠١). توژەرەوان لەسەر ئەوە یەك ڕان کە (چوارین هونەرێکی فارسییەو لەگەڵ ناسکی زمانی فارسیدا دەگونجێ. هەندێ شاعیری عەرەب ئەم هونەرەیان خواستوتەوەو ڕوباعییان داناوە. ئەم هونەرە چ لە بارەی کێش و چ لە بارەی سەرواوە تایبەتێتی خۆی هەیە. کێشەکە داهێنراو (مخترع) نییە. لە فارسییەوە وەرگیراوە. بە پەرسەندنی کێشەکانی شیعری عەرەبی داناندرێ)(١٠٢). ئەحمەد هاشمی بەدوو بەیت ناوەکەی تۆما رکردووە کە لە فارسیدا وەك دیمان ڕوباعی و دووبەیت جیان. پاش شی کردنەوەی مانای وشەکە، پێنج جۆرە کێش و قالبی جیاوازی چوارینی عەرەبی دەست نیشان کردووەو ناوی بۆداناون : (معرج وخالص وممنطق ومرفل و مردوف). چوارینی مومەنتەقی عەرەبی بە لای هونەری موستەزاد دا دەشکێتەوە، چونکە لەتی یەکەم وسێیەم هەریەکە چوار پێیەو لەتی دووەم وچوارەم هەریەکە دوو پێیەو ئەم دووپێیەش بریتین لەدووبارە بوونەوەی پێی یەکەم و چوارەمی لەتی پێش خۆیان. ئەمەش کت ومت دەستووری موستەزادە(١٠٣). هەموو قالبەکانی ڕوباعی عەرەبی لە دەوری (فع لن

مفاعلن فعولن فعلن) دا دەخولێنەوەو جیاوازی قالبەکانی زیاتر بە ڕەگەز دۆزی دیار دەکرێ. کەچی (الدمنهوري) وەکو هەرکێشێکی عەرووزی مامەڵەی لەگەڵ کێشی چوارینی عەرەبی کردووەو پێنج عەروزو حەفت زەربی جیاوازی دەست نیشان کردووەو دەری خستووە کە ڕوباعی لە عەرەبیدا بە مەجزوئیومەشتوریش بەکار دێ (١٠٤) . بەگشتی چوارین لە عەرەبیدا ئەوەدەورەی چوارینی فارسی نییە.

چوارین لە کوردیدا :

زۆر تۆژەرەوەری کورد باسی چوارینیان کردووە. پێناسەیان کردووەو نموونەیان بۆ هێناوە بەڵام زۆریان (کە باسی چوارینیان کردووە لەگەڵ چوارخشتەکی تێکەڵاویان کردووەوەك یەك جۆری هەڵبەست باسیان کردوون) (١٠٥) . ئەم دووانە جیان و هەریەکە هونەرێکی سەربەخۆیە.جیاوازیان ئەوەیە کە چوارین یەکەیەکی سەربەخۆی هەیە ، کەچی چوارخشتەکی سەربەخۆ نییە. بەندێکە لە هۆنراوەیەکی دوورو درێژ کە بەسەرکۆمەڵێ پارچەی چوار لەتیدا دابەش دەبێ. ئەگەرچوارخشتەکییەکان مانای ناڕادەیەك سەربەخۆشیان هەبێ، لە چوارچێوەی گشتی هۆنراوەکەدا تێکەڵاوییەکی عەرووزیان هەیەو پێکەوە مانای گشتی هۆنراوەکە دەگەیەنن. بۆ سەروایش وا دەبێ هەر چوارخشتەکییەك سەروای خۆی هەبێ، وایش دەبێ لەتی چوارەمی هەموو چوارخشتەکییەکانی هۆنراوەکە هاوسەروا بن. زۆریەی ئەو تۆژەرەوە کوردانەی باسی چوارینیان کردووە، لەڕوانگەی پێناسەی فارسییەوە بۆی چون.

کامیل بەسیر لە پێشەکی گەنجینەدا دەڵێ: (چوارخشتەکی دوودێرە لەهەڵبەستدا. مەرجی چوارخشتەکی ئەوەیە کە کێشرابێ لەسەرکێشێکی دەرهێنراو لە هەزەجداوهەروەها مەرجی ئەوەیە کە ئەودوودێرە مەبەستێکی تەواو بگەیەنێ) (١٠٦) . کامیل بەسیر لێرەدا وەکو فارسەکان کێشی هەزەج بە مەرج دەزانێ بۆچوارین کە لەکوردیدا ئەم مەرجە نییە.

سەجادی لەبارەی کێشی چوارینەوە دەڵێ : (لەشێوەی کۆندا وەکو باس کراوە ئەبێ هەرنیوە هۆنراوێکی لەسەرکێشی (لا حول ولا قوة الا بالله)بێت) (١٠٧) . دیارە سجادیش هەر لەڕوانگەی بۆچوونی فارسەکانەوە کێشی چوارینی دەست نیشان کردووە. ئەو کێشی (حەوقەلە)ی ئەو باسی کردووە یەکێکە لە دوازدە کێشەکەی شەجەرەی ئەخرەبی فارسی.

د.عەبدوللا محەمەد ئەحمەد حداد لە باسی ڕوباعی و دووبەیتیدا دەڵێ: (لە لایەکی تریشەوە هۆنراوەی ڕوباعی تەنیا بە پێی هەندێ کێشی تایبەتی دەهۆندرێتەوە کە لێ لادانیان شیعرەکە دەکا بەدووبەیت)(١٠٨).

دڵشاد عەلی ڕای زەنولعابدین دێنی کەکێش دەکا بە پێوانەی لێك جیاکردنەوەی ڕوباعیو دووبەیت(١٠٩).

وەك دیارە ئەم هەموو تۆژەرەوانە بەبێ لێکۆڵینەوەو دیار کردنی تایبەتێتی چوارینی کوردی یەکسەر پێناسەی فارسییان وەرگرتووە. لە ڕاستیدا چوارینی کوردی بەکێشی ڕوباعی فارسی و کێشی دوو بەیتی و زۆر کێشی تری عەرووزیی و کێشی خۆماڵیش هاتووە. بۆیە دەبێ ئێمە لە پشکنین و شیکردنەوەی کێش و تایبەتییەکانی تری چوارینی کوردییەوە بۆ پێناسەو مەرج و دەستوورەکانی چوارینی کوردی بچین. بۆ ئەمەش پێویستمان بە پشکنینی زۆربەی چوارینی کوردی هەیە. لەبەر ئەوەی باسەکەی ئێمە کێشی عەرووزییە، تەنیا لە کێشی ئەو چوارینانە دەکۆڵینەوە کەبە عەرووز نووسراون.

بۆ دەست نیشان کردنی کێشە عەرووزییەکانی چوارینی کوردی،دیوان و بەرهەمی ئەم شاعیرانەمان پشکنی (بابەتاهیری هەمەدانی، هەژار، بێخود، کەمالی، خادیم، بێکەس، ئەسعەد مەحوی، حاجی ، شاهۆ، ناری ، سەفوەت ، شوکری فەزلی، لوتفی ، تاهیر فوئاد، شێخ ڕەزا ،ئاوەڕحمان بەگی بابان ، هەردی ، زێوەر، مارف بەرزنجی ، بورهان ئاغای هەولێری ، قانع ،گۆران، ئەحول، میرزا غەفور،میهری، مەلا وەسمان ، ئەحمەد موختار..) چوارینە عەرووزییەکانی ئەم شاعیرانە هەمووی (٨٨٢) چوارینە بوو، کە بەم جۆرە بەسەر کێشە عەرووزییەکان دابەش بوون: هەزەج (٧٧٤) چوارین. لەمەیان (٣٣١) چوارین لەسەر کێشی ڕوباعی فارسین، (٣٨٠) چوارین لەسەر کێشی هەزەجی شەشی مەحزووف یان مەقسوورن نووسراون کە فارس بەدووبەیتی یان فهلویات ناوی دەبەن. ئەوەی تریش کە (١٧١) چوارینە بە قالبەکانی تری هەزەج نووسراون.دوای هەزەج ڕەمەل دێ کە (٦٥) چوارینی پێ نووسراوە.دوای ڕەمەل خەفیف(٢٤) چوارین و موجتەس (٢) چوارین و (موتەقاریب) (١) چوارین. واتە مەرج نییە لەکوردیدا چوارین هەر بەکێشێکی لە هەزەج دەرهێنراو بنووسرێ، دەشێ بەهەر کێشێکی تر بێ.

نموونەی کێشە عەرووزییەکانی چوارین لەکوردیدا :

١-کێشی هەزەج :

١-هەزەجی شەشیی مەحزووف یان مەقسوور.

هەرلەتێکی :(مفاعیلن مفاعیلن فعولن (یان مفاعیلْ) بابە تاهیر دەڵێ:

منم ان اجرین مرغی کە فی الحال
بسـوجم عالمی گر پرزنم بال
مصور گر کـشد نقشم بدیوار
بسوجم عالم از تأثیـر تمثال (١١٠)

ب---ا ب--- ا ب--.
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلْ

سەرنج : لەتی یەکەم ودووەم و چوارەم دواپێیان مەقسوورە کەچی لەتی سێیەم دوا پێی مەحزووفە .

ب-کێشی ڕوباعی فارسی :

لە کێشی ڕوباعی فارسیدا ،کورد تەنیا بە درەختی ئەخرەب چوارینی نووسیوە ئەویش زیاتر ئەو قالبانەی کەلە فارسیدا سووک و خۆشن . هەژار لە خەیامدا دەڵێ :

١-تیرێژکە بە ڕۆژو پێل بە دەریا دریا
٢-لەو ڕۆژەوە گوڵ پێکەنی، بولبول گریا
٣-خوا نووسی لەچارەی ڕەشی ئێمەش بەشمان
٤-ژینێکی هەژاری پڕلە خوزیاو بریا (١١١)

کێشی لەتەکان بە ڕیز بەم جۆرەیە:

١- --ب ا ب-ب-ا ب---ا-
مفعولُ مفاعلن مفاعیلن فع

٢- --ب ا ب--ب ا ب---ا-
مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلن فع

٣- --ب ا ب--ب ا ب---ا-٠٠
مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلن فاع

٤- --ب ا ب-ب-ا ب---ا-
مفعولُ مفاعلن مفاعیلن فع

لەم کێشەدا پێی یەکەم هەمیشە ئەخرەبە (مفعولُ)، پێی دووەم و سێیەم لەنێوان مەقبوورو مەکفووف دان (مفاعلن، مفاعیلُ)، پێی چوارەمیش لەنێوان بەتر (فعْ) و زەلەل (فاعْ) و هەتم (فعولْ) و جوب (فعلْ) دایە.

ج-کێشی هەزەجی هەشتیی تەواو:

هەرلەتێکی (مفاعیلن) × ٤ : مەلا وەسمان دەڵێ:

بەچاوی تۆ قەسەم چاوم هەمیشە چاوەڕێی ڕێتم
لەسەیری چاوەیی چاوم وەکو خاشاکی ژێر پێتم
لەحیتەی دائیرەی عەقل و مەعاریف قیسەتم ناوێ
لە خەتمی مەسحەفی ڕوخساری تۆ مەعلوومە من شێتم (١١٢).

ب - - - ا ب - - - ا ب - - - ا ب - - - ا

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

د-کێشی هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف: میهری دەڵێ:

عالەم هەموو خەندانە هەموو مەستە لەخۆشی
دەستێکی لەمل یارەو بەویکە مەی ئەنۆشی
لەم ساوە کە هاتوومەتە ئەو کاولە ئەمدی
غەیرەز ئەلەم و حەسرەت و گریان و نەخۆشی (١١٣)

- - ب ا ب - - ب ا ب - - ب ا ب - - ا

مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن

٢-کێشی ڕەمەل: ئەم قالبانەی ڕەمەل لە چوارین بەکار هاتوون.

أ-ڕەمەلی هەشتیی مەحزووف: بێخود دەڵێ:

من کە ئیسلامم لە سایەی موعجیزەی پێغەمبەری
ئەم ئەبوو جەهلانە، بێخود، پێم ئەڵێن تۆ کافری
ڕەببی ڕوو ڕەش بم ئەگەر نێزیکی ئەم بوختانە بم
خۆ ئەگەر دوورم ئیلاهی، ڕووسیا بێ، موفتەری (١١٤)

- ب - - ا - ب - - ا - ب - - ا - ب -

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

ب-ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەحزووف: حاجی دەڵێ:

ئەی ڕەفیقانی وەتەن زۆر غەزەلم ماوە لــەوێ
لەکەنارێکەوە تەقدیــرە وەکو هەڵبکــەوێ
وەك سەفین گەر بگەڕێ بیخەنە بەحری قسەم
حەیفە وەك من لە غەریــبی بمرێت و نەتەوێ (١١٥)

- ب - - ا ب ب - - ا ب ب - - ا ب ب -

فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

ج-ڕەمەلی شەشیی مەحزووف : شێخ ڕەزا دەڵێ :

حاجی عەبدولــلا لە ئــادەم فیلترە
با وجوودی مەرتەبــەی پێغەمبــەری
ئەم بەسەد شەیتان لەکۆیە دەرنەچوو
ئەو بە شەیتانێ لە جەننەت دەرپەڕی (١١٦)

- ب - - ا - ب - - ا - ب -

فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

د-تێکەڵ کردنی ڕەمەلی (٨) ی مەحزووف و (٦)ی مەحزووف :

سەلام دەڵێ :

تف لە شێخ و تف لە ئاغا، تف لە بەگ
تف لەجەردە، تف لە دن، خۆزگەم بە سەگ

- ب - - ا - ب - - ا - ب -

فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

بەچکە دز هەر دز ئەبێت و بەچکە گورگە گورگ ئەبێ
گیا لەسەر تۆوی دەڕوێ یاخود لەسەر بنجە لە ڕەگ (١١٧)

-ب - - ا - ب - - ا - ب - - ا - ب -

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

٣-کێشی خەفیف :

قالبی (فاعلاتن مفاعلن فع لن) خادم دەڵێ :

دڵ مەقامێکی خاسی دڵدارە
دوور لە بێگانەوو لە ئەغیارە
جێگەیی دۆستانی خاسی ئەو

وەکوو مەنسووره وا لەسەر داره (١١٨)
بەب - - ا ب - ب - ا - -

فعلاتن مفاعلن فع لن

سەرنج: تەنیا لەتی چوارەم، پێی یەکەمی خەبنی وەرگرتووە.

٤-کێشی موزاریع :

سێ قالبی موزاریع لە چوارین بەکار هاتوە.

أ-موزاریعی هەشتیی ئەخرەب : تاهیر فوئاد دەڵێ :

ساقی فەلەك بە كینە، زوو پڕکە سا نگینت
موتریب دڵم غەمینە ، نوایی نەیی حەزینت
ئەی دیدە تۆ شەرابێ ، ئەی سینە تۆ ڕوبابێ
ئەی دڵ ئەتۆش کەبابێ، بە سۆزی ئاتەشینت (١١٩)
- - ب ا - ب - - ا - - ب ا - ب - -

مفعولُ فاع لاتن مفعولُ فاع لاتن

ب-موزاریعی چواری ئەخرەب : میهری دەڵێ :

مەستی شەرابی عیشقم
خانە خەرابی عیشقم
وەعزم مەدە ئەی ناسیح
چونکە کەبابی عیشقم (١٢٠)
- - ب ا - ب - -

مفعولُ فاع لاتن

ج-موزاریعی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف : بێخود دەڵێ :

بێخود لە ڕووی نیازەوە ئەی نازەنین ئەڵێ :
جارجار بە چـــاوی لوتف دە بڕوانە سوورەتم
من بۆیە سەیری تۆ ئەکەم و ڕووم لە کەس نییە
تا تێ بگەی کەتـــۆی هەدەفـــی تیری حیرەتم (١٢١)
- - ب ا - ب - ب ا ب - - ب ا - ب -

مفعولُ فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لن

سەرنج:

لەتی دووەم زۆر سـوار نییـە، دەنگی (ف) لـە وشـەی (لوتـف)دا دەبێ بـە قورسی بخوێندرێتـەوە بـۆ ئـەوەی ببـێ بـە بڕگەیـەکی کورتـی سـەربەخۆ نـەوەك کێشـەکە دادەڵەنگێ.

٥-ڕەجەزی مەتوی مەخبوون :میهری دەڵێ :

ساقی بە لوتـف و مەرحەمەت هەڵسە بگێـڕە جامی مەی
قوربانی یەك سەعاتی تۆ تـەختی ڕەزاوو تـاجی کەی
لـەو مەیـە نابە بمدەرێ لابـەرێ حـوزن و دەردو غـەم
بە دەردو میحنەتی وەتـەن ئەسیـرو بەنـد تا بەکەی (١٢٢)

ب - ب - | ب ب - | - ب - ب | - ب ب - | ب - ب -

مفتعلن مفاعلن مفتعلن مفاعلن

٦-کێشی موجتەسی مەخبوونی ئەسلەم موسەببەغ. بێخود دەڵێ :

کە ساڵی مەغفیرەتی حاجی سالحم پرسی
لە شاعیرێکی وەکو بێخودی بەدیعە نکات
ئەویش مناسبی ئەوجان فیدایی ساداتە
وتـی (شهیـد صحیح محبت سادات) (١٢٣)

ب - ب - | ب ب - - | ب - ب - | - - |

مفاعلن فعلاتن مفاعلن فع لان

عەرووز و زەربەکانی ئەم چوارینەیە لە نێوان (ئەسلەم-فـع لـن) و (مـەخبوونی مەقسوور-فعلان) و (ئەسلەم موسەببەغ-فع لان) دایە.

٧-کێشی موتەقاریبی مەحزووف : حاجی دەڵێ :

لەسەر دەشتی میحنەت پەڕەی کردەوە
کەوانـی بە لالووکەیـی پەیکـەرم
بـەلا لووکـە دەرمانی دەردم دەڵێن
بـە پارە وەگیـر ناکـەوێ بیگـرم (١٢٤)

ب - - | ب - - | ب - - | ب - |

فعولن فعولن فعولن فعل

لە شی کردنەوەی سەرەوەدا دەردەکەوێ کە چوارینی کوردی جگە لە کێشی خۆماڵی بە (٧) کێشی جیاوازی عەرووزی نووسراوە. لەوانەیش هەزەج بە (٤) قالب و ڕەمەل بە (٤) قالب و خەفیف بە (١) قالب و موزاریع بە (٣) قالب و ڕەجەز بە (١) قالب و موجتەس بە (١) قالب و موتەقاریب بە (١) قالب ،کە هەمووی دەکاتە (١٥) قالبی عەرووزی.

٥-کێشی عەرووزیی شیعری زاری گۆرانی :

کۆنترین شیعری زاری گۆرانی کوردی دیوانەکەی (مەلا پەرێشانە)[١٢٥] کە هەمووی لەسەر کێشی خۆماڵی (٥ +٥) بڕگەیە. ئیتر زۆربەی هەرە زۆری شیعری کوردی ئەوزارە لەسەر ئەم تاقە کێشەیەو کاریگەری عەرووزیی زۆر کەم نەبێ زەفەری پێ نەبردووە. هەر بۆیەش زۆر لەوانەی کە بە وردی شیعری ئەو زارەیان نەپشکنیوە جارو بار ڕای گشتی وایان داوە کە لە ڕووی زانستییەوە دروست نییە. گۆران دەڵێ : (لەبارەی کێشەوە وێژەی گۆرانی کەلەناو کوردی عیراقدا لقی هەورامییان زۆرتر ناسراوە بە هەڵبەستی هونەری و فۆلکلۆرییەوە لە کێشا تاقە جۆرێکی هەیە ئەویش کێشی زانراوی دەیییە (٥ +٥) کە بریتییە لە کێشی هەڵبەستی نەتەوەیی هەموو کوردان بە گشتی)[١٢٦]. وەك دیارە گۆران حوکمێکی گشتی داوەو هیچ حەقی نەداوەتە ئەو چەند هۆنراوەی لەزاری گۆرانی بە عەرووز هۆنراوەتەوە، با ژمارەشیان کە بێ. د. عیزەدین مستەفا ڕەسول لەبارەی کێشی شیعری مەولەوی دەڵێ : (زۆر هۆنراوەی مەولەوی بەم هیجایە (١٠) هۆنراوەتەوە، شان بە شانی هۆنینەوە لەسەر شێوەی کلاسیکی عەرووزیی)[١٢٧]. هیچ هۆنراوەی مەولەوی لەسەر شێوەی کلاسیکیی عەرووزیی نییە. سەراپای شیعرەکانی مەولەوی، نەك (زۆر هۆنراوەی)؛ لەسەر کێشی خۆماڵی (١٠) بڕگەییە. لە هەموویان زیاتر محەمەد عەلی قەرەداغی ڕاستی بۆچووە کە لە بارەی کێشی شیعری گۆرانییەوە دەڵێ ئەو شاعیرانەی شیعریان بە شێوەی گۆرانی وتووە بەزۆری لەسەر یەك کێش - واتە کێشەکەی دیوانی مەولەوی و بێسارانی و وەلی دێوانە و ... تاد - شیعریان وتووە. ئەوەندەی من دیتبێتم ئەو شاعیرانەی لەو کێشە لایان دابێ بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن. (صەیدی هەورامی) یەکێکە لەوانە. وەك لێرەیشدا دەبینین شەهابیش یەکێکە لەو کەمانەو لە ڕچەی زۆربەی شاعیرانی ئەو شێوە لای داوەو خۆی بۆ کێشەکانی دیکەی عەرووز کوتاوە)[١٢٨].

بۆ دڵنیا بوون لە کێشی شیعری زاری گۆرانی، ئێمە ئەم دیوان و بەرهەمانەمان پشکنی : (دیوانی مەولەوی ، شیرین و خوسرەوی خانای قوبادی،دیوانی جەفایی، میرزا ئۆلقادر ،دیوانی ڕەنجووری،دیوانی بێسارانی ، کۆمەڵە شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، کۆمەڵە شیعری مەلا عەباس حیلمی کاکەیی،دیوانی خەلیل منەووەر، دیوانی هۆنراوەکانی ئەمین نەقشبەندی ،دیوانی وەلی دێوانە ، دیوانی صەیدی ، هەرسێ بەرگەکەی کەشکۆلی کەلەپوری ئەدەبی کوردیی محەممەد عەلی قەرەداغی، مێژووی

وێژەی کوردی سەدیق بۆرەکەیی). لە ئەنجامدا دەرکەوت کە هەمووی لەسەر کێشی خۆماڵی دە بڕگەییە (٥ +٥) تەنیا هەندێ قەسیدەی صەیدی هەورامی و شێخ شەهابی کاکۆزەکەریایی و شێخ شەهابی لهۆنی نەبێ کە بەکێشی عەرووزیی هۆنراونەتەوە .

ئەو کێشە عەرووزییانەی لەزاری هەورامی بەکار هاتوون ئەمانەن :

١-هەزەج : ئەم قالبانەی هەزەج بەکار هاتوون:

أ- هەزەجی هەشتیی تەواو. شێخ شەهابەدینی کاکۆزەکەریایی دەڵێ :

جەما لێوەم دیەن یاران تەعالا سونعی ڕەببانی

ب - - - ا ب - - - ا ب - - - ا ب - - -

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

مەلا یك یا پەریزادەن موشەککەل شکلی ئینسانی (١٢٩)

ب - - - ا ب - - - ا ب - - - ا ب - - -

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

ب-هەزەجی شەشیی مەقسوور: صەیدی دەڵێ :

بە بالینەم ئەگەر تو بەینەئەی حوور

ب - - - ا ب - - - ا ب — - .ا

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل

نەداروو بی نە تاقەت ما کنوو دوور

ب - - - ا ب - - - ا ب — - .ا

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل

ج-هەزەجی شەشیی مەحزووف : صەیدی دەڵێ :

ئەز و خەم پێو گرتەنما برایی

ب - - - ا ب - - - ا ب - -

مفاعیلن مفاعیلن فعولن

نەخەم چێمە نە من چادیم جیایی (١٣١)

ب - - ب ا ب - - - ا ب - -

مفاعیلُ مفاعیلن فعولن

پێی یەکەمی لەتی دووەم کەفی هاتۆتە سەر.

٢-کێشی ڕەمەل : ئەم قالبانەی ڕەمەل بەکار هاتوون :

أ-ڕەمەلی هەشتیی مەقسوور : شێخ شەهاب دەڵێ :

نوور دیدەم دین و ئیمان ڕوح و قالب گشت جەلات

- ب - - ا - ب - - ا - ب - - ا - ب - ا

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان

مەتلەبم ڕازم، نیازم ماوەروون جا ناوەلات (١٣٢)

- ب - - ا - ب - - ا - ب - - ا - ب - ا

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان

ب-ڕەمەلی هەشتیی مەحزووف : شێخ شەهابی لهۆنی دەڵێ :

دیدە گریان جابیابان هەمچو قەیسی عامری

- ب - - ا - ب - - ا - ب - - ا - ب - ا

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

گوڵ حەنا لەو لاوو ڕەیحان شەست پەڕو گوڵ جەعفەری (١٣٣)

- ب - - ا - ب - - ا - ب - - ا - ب - ا

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

ج-ڕەمەلی شەشیی مەحزووف : صەیدی دەڵێ :

ئەز قسێوەت ماچو گۆشم دارەنی

- ب - - ا - ب - - ا - ب - ا

فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

چۆن نەکردی دۆستی، شۆ دوژمنم

- ب - - ا - ب - - ا - ب - ا

فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

٣-کێشی ڕەجەز: ئەم قالبانەی ڕەجەز لەزاری گۆرانی بەکار هاتووون :

أ-ڕەجەزی هەشتیی موززال : صەیدی دەڵێ :

ئەی هەمنیشان ئەلەدەد، ئەی دۆستان ئەلموستەغاث

- - ب - ا - - ب - ا - - ب - ا - - ب - ا.

مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلان

باشد تر ئەز زەخمی بدل دوود بجان ئەلموستەغاث (١٣٥)

- - ب - ا - - ب - ا - - ب - ا - - ب - ا.

مستفعلن مستفعلن مستفعلن ستفعلان

پێی سێیەمی لەتی دووەم (تەی) هاتۆتە سەر.

ب-ڕەجەزی هەشتی تەواو: صەیدی دەڵێ:

دلبەر دل ئەستانای جەمن شەرت ئی دلستانی نیۆ

-- ب - ا -- ب - ا -- ب - ا -- ب - ا

مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن

جەورش مەدەی، ڕەنجش مەکەر، خۆ کافرستانی نیۆ (١٣٦)

-- ب - ا -- ب - ا -- ب - ا -- ب - ا

مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن

بەم جۆرە ئەو چەند شیعرە کەمەی زاری گۆرانی کەملیان داوە بۆ عەرووزی عەرەبی لەسەر سێ کێش و هەشت قالبی جیاواز هۆنراونەتەوە. هەر سێ کێشەکە لە بازنەی سێیەمدان و لەوانەن کە لەکوردیدا زۆر بەکار هاتون.

پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم :

(١) فانسان ، نظرية الانواع الادبية ،جـ١، ترجمة الدكتور حسن عون، منشأة المعارف بالاسكندرية، (?)، ص٦٥.

(٢) دیوانی سافی، چ٣، چاپخانەی کوردستان ، هەولێر، ٩٧٣،ل٣١.

(٣) دیوانی ئەدەب،چ٣، چاپخانەی هەولێر، هەولێر، ٩٦٦، ل١٥١.

(٤) دیوانی ناری،کۆکردنەوەی کاکەی فەلاح، سلێمانی ، ٩٨٤، ل٥٠.

(٥) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢.

(٦) سەرچاوەی پێشوو،ل٥٠.

(٧) سەرچاوەی پێشوو،ل١٢٤.

(٨) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢-١٢٣.

(٩) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤.

(١٠) دیوانی ئەدەب،چ٣، چاپخانەی هەولێر، ٩٦٦، ل١١٥، ١١٧.

(١١) دیوانی سافی،چ٣، چاپخانەی کوردستان، هەولێر،٩٧٣، ل٥٠.

(١٢) دیوانی ویسالی، جمال محمد محمد امین، بەغدا، ٩٨٦، ل٧٢.

(١٣) دیوانی ئەدەب،چ٣، چاپخانەی هەولێر،٩٦٦، ل١١٥.

(١٣ب) دیوانی سافی، چ٣، چاپخانەی کوردستان /هەولێر، ٩٧٣،ل٥٠.

(١٤) ئەحمەد هەردی،دلاوەران هی کێیە، هاوکاری،ژمارە (٩٣٣)، ٢١/٧/٩٨٨.

(١٥) سەرچاوەی پێشوو.

(١٦) د. کمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی ، بەغدا، ٩٧٨، ل١٥٨. ئەویش لە (هاوار) ی ژمارە (٩)ی ئەیلولی ١٩٣٢ی وەرگرتووە.گۆران پەنجەی بۆ ئەوە ڕانەکێشاوەکەکێشە عەرووزییەکان چین و بە چ دەستوورێك بەکار هاتوون.

(١٧)حسین عەلی شانوف، شعر الشاعر الکردی المعاصر گۆران، ترجمە شکر مصطفی، بغداد، ٩٧٥، ص١٧٩.

(١٨) محمدی مەلا کەریم، دیوانی گۆران، بەغدا، ٩٨٠، ل١٣.

(١٩) وەکو چوارینەکانی بابە تاهیر کە پێی سێیەمیان لەنێوان مەقسوورو مەحزووفدا دەخولێتەوە.

(٢٠) دڵزار، خەبات و ژیان، بەغدا، ٩٦٠، ل٢٤.

(٢١) ئەحمەد هەردی، ڕازی تەنیایی، چ٢، سلێمانی، ٩٨٤ ل٥٥.

(٢٢) دیوانی بەختیار زێوەر، کۆکردنەوەی مەحموود زێوەر، بەغدا، ٩٨١ ل١٩٧.

(٢٣) علاء الدين سجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لەئەدەبی کوردی، بەغدا،١٩٦٧، ل١٧٧.

(٢٤) دیوانی جزیری،شەرحی هەژار، تهران، ١٣٦١،ل٥٣٠.

(٢٥) ارسطو، فن الشعر، ترجمة عبدالرحمن بدوی، بیروت، ٩٧٣ ص١٥٣.

(٢٦) المصدر السابق، ص١٦٩.

(٢٧) زین العابدین مؤتمن، تحول شعر فارسی، کتابخانەی طهوری، ١٣٣٥، ص١١٨.

(٢٨) د. محمد نورالدین عبدالمنعم،دراسات فی الشعر الفارسی،دار الثقافة للطباعة و النشر بالقاهرة،٩٧٦، ص٢٣٢.

(٢٩) المصدر السابق، ص ٢٣٢.

(٣٠) شێخ نووری شێخ سالح، ادبیات کوردی — مستزاد- ، ڕۆژنامەی ژیان ، ژمارە(٣٢)، (٩)ی ئەیلوولی ١٩٢٦.

(٣١) سەرچاوەی پێشوو.

(٣٢) علاءالدین سجادی،ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لەئەدەبی کوردی، بەغدا، ٩٦٧،ل١٧٧.

(٣٣) د. محمد نورالدین عبدالمنعم،دراسات فی الشعر الفارسی، القاهرة، ٩٧٦، ص٢٣٣.

(٣٤) د. عزالدین مصطفی رسول، الواقعیة فی الادب الکردی، بیروت، (؟)، ص١٩٨.

(35)Dahir Latif Karim. A compative Study of Free Verse In Arabic and Kurdish, University of Glasgow, 1985, P.79.
(36)Ibid, p.80.

(٣٧) دڵشاد عەلی محەمەد، بنیات لە هەڵبەستی کوردیدا ، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب،زانکۆی سەلاحەدین، ٩٨٨، ل ١٣٨.

(٣٨) محمد فاضل، زێوەر — ژیان و بەرهەمی - ، نامەی ماجستێر،کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٩٨٩،ل١١٥-١١٦.

(٣٩) ئەحمد هەردی، بنەڕەتی کێشێکی عەرووزی و کێشی دوو هۆنراوە، گۆڤاری کاروان، ژمارە(٥٢)، ٩٨٧، ل١٢.

(٤٠) دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، لێکۆڵینەوەو ساغ کردنەوەی د. مارف خەزنەدار، بەغدا،٩٧٧،ل ١٦٨.

(٤١) محمد فاضل، زێوەر — ژیان و بەرهەمی - ، نامەی ماجستێر،کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٩٨٩،ل١١٦.

(٤٢) ئازاد عبدالواحد، دیوانی شێخ نووری شێخ سالح، بەغدا،١٩٨٩،ل٩٩.

(٤٣) سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠.

(٤٤) سەرچاوەی پێشوو،ل١٠٧ — ١٠٨.

(٤٥) سەرچاوەی پێشوو،ل ١٠٩ — ١١٠.

(٤٦) دیوانی گۆران ،کۆکردنەوەو ئامادەکردنی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق،بەغدا،٩٨٠، ل١١٠.

(٤٧) موستەزاد بەکێشی خۆماڵی زۆرە،زیاتر ئەم کێشانە لەموستەزاد بەکار هاتوون:

أ- دە برگەیی + ٥ برگە . سەلام دەڵێ :

گەرمای تەمووزی ئەم ساڵ بۆ گەرمە　　　دڵ ئەکا بە ئاو

ئاسۆگەی شاخان پڕ تەمی شەرمە　　　بێ سۆمایە چاو

(دیوانی سەلام، چ٢، بەغدا، ٩٩١، ل١٥٨)

ب-هەشت برگەیی + ٤ برگە. دیلان دەڵێ :

چنگێکی ئاسنینی ڕەش　　　ڕایکێشاوم

لەچوار دیواری قووچ وگەش　　　خزێنراوم

(محەمەد سالح دیلان، دیوانی شیعر ،بەغدا، ٨٧، ل١٦٣).

ج-هەشت برگەیی + ٣ برگە. دیلان دەڵێ :

شەپۆل شەپۆل لەگەڵ دەریای　　　ژیانا

هاتین، ڕۆیین، بەدووتونی　　　ئاسمانا

(محەمەد سالح دیلان، دیوانی شیعر، بەغدا، ٩٨٧،ل٣٦٢)

د-هەشت برگەیی + ٥ برگە.دیلان دەڵێ :

شیرین بەستەی گوڵاڵەی سوور　　　تریفەی مانگم

شیرین گەشەی ئەستێرەی دوور　　　گفتوگۆو بانگم

(دیلان،دیوانی شیعر،بەغدا،٩٨٧،ل١٢٩)

هـ-یازدە برگەیی + ٣ برگە . دڵزار دەڵێ:

ئەگەر گەرەکتە شادو تێرو تەژی　　　تۆ بژی

ڕێگەیی زوو ڕاستی ڕەها بوونی گەل　　　ڕێی عەمەل

(دڵزار، خەبات وژیان، بەغدا، ٩٦٠، ل٣٣).

و-یازدە برگەیی + ٥ برگە .گۆران دەڵێ :

لەخاکی گلکۆما ئەی گۆڕستان گەڕ　　　ئاخێك بنێژە

بەکێلی مەرمەڕما فرمێسکێکی تەڕ　　　لەچاو بڕێژە

(دیوانی گۆران، بەغدا، ٩٨٠، ل٢٠٩)

(٤٨) دیوانی جزیری،شەرحی هەژار،تهران، ١٣٦١،ل٥٣٠.

(٤٩) دیوانی شێخ نووری،ئازاد عبدالواحد، بەغدا، ٩٨٩،ل١٠٩.

(٥٠) دیوانی حەمدی،ساغ کردنەوەی جمال محمدمحمدأمین، سلێمانی، ٩٨٤،ل١٥٦.

(٥١) سەرچاوەی پێشوو،ل١٥٧.

(٥٢) دیوانی شێخ نووری، ئازاد عبدالواحد،بەغدا، ٩٨٩،ل١٠٢.

(٥٣) دیوانی گۆران،کۆکردنەوەی محەمەدی مەلا کریم، بەغدا، ٩٨٠، ل١٠.

(٥٤) دیوانی شێخ نووری، ئازاد عبدالواحد،بەغدا، ٩٨٩،ل٩٩.

(٥٥) ارسطو،فن الشعر، ترجمة عبدالرحمن بدوى،بيروت،١٩٧٣، ص١٥٣.

(٥٦) کاکەی فەللاح،کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەغدا، ٩٧٨،ل٦٤.

(٥٧) د. محمد رضا القريشى، الموشحات العراقيـة، بغداد، ٩٨١. (لە پێشەکییەکەدا کۆمەڵێ ماناو بۆچوونی زاناکانی هێناوە لە بارەی موەششەحەوە. بڕوانە لاپەڕەکانی (١٧-٢٣).

(٥٨) مصطفى عوض الكريم، فن التوشيح، بيروت ، ٩٥٩، ص١٨.

(٥٩) ابراهيم على ابوالخشب، تاريخ الادب العربى فى الاندلس،القاهرة، ١٩٧٠،ص٢٣٥.

(٦٠) د. مصطفى الشكعة، الادب الاندلسى، بيروت، ١٩٧٥، ص٢٧٣.

(٦١) د. سعيد غازى، في اصول التوشيح، القاهرة، ٩٧٨،ص١٢.

(٦٢) المصدر السابق، ص١٠.

(٦٣) د. باقر سماكة، التجديد فى الادب الاندلسى،بغداد، ٩٧١، ص ٧٥.

(٦٤) ابن سناء الملك،دار الطراز فى عمل الموشحات، بيروت، ٩٤٩، ص٣٣.

(٦٥) د. مقداد رحيم، عروض الموشحات الاندلسية،بغداد، ٩٩٠،ص ١٢.

(٦٦) المصدر السابق، ص٢٠.

(٦٧) د. مصطفى الشكعة،الادب الاندلسى، بيروت ، ٩٧٥، ص٣٧٩.

(٦٨) زاراوەکان بەم جۆرە بەکار دێن :

مطلع (مذهب) : دوولەتە یان زیاتر لەسەرەتای موەششەحەوە.

(غصن) : بریتییە لە هەر یەکە لەلەتەکانی مەتلەع و قوفل.

(دور) :دوو، سێ، چوار، ... لەتی هاوسەروان دوای مەتلەع دێن.

(سمط) : هەر یەکە لەلەتەکانی دەورە.

(قفل) : دوولەتە یان زیاتر لە کۆتایی موەششەحەوە دێ.

(خرجه) : ناوە بۆ قوفلی کۆتایی موەششەح.

(٦٩) د. مصطفى الشكعة، الادب الاندلسي، بيروت ، ٩٧٥، ص٣٧٨.

(٧٠) شمس الدين محمد بن قيس الرازى، المعجم فى معايير اشعار العجم، تهران، (بلا) ، ل ٤٠٠.

(٧١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٣ — ٣٢٤.

(٧٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٤.

(٧٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٥.

(٧٤) علاء الدين سجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لەئەدەبی کوردی،بەغدا، ١٩٦٧،ل١٧٩.

(٧٥) سەرچاوەی پێشوو،ل١٨٠.

(٧٦) عەزیز گەردی، هۆنراوەی کوردی و عەرووزی عەرەبی، هاوکاری، ژمارە (٢٥)، ٩٧١/٧/٢٤. هەروەها: خەندەکەی بایی و هۆنراوەی ئەمڕۆمان، هاوکاری، ژمارە (٣٣،٣٢) ڕۆژانی ١١، ١٩٧١/٩/١٨.

(٧٧) دیوانی بەختیار زێوەر ، کۆکردنەوەی مەحموود زێوەر، بەغدا، ٩٨٩، ل٣٤.

(٨٧) دڵشاد عەلی ، بنیات لە هەڵبەستی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٩٨٨، ل١٦٩.

(٧٩) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣.

(٨٠) پەراوێزی ژمارە (٦٢).

(٨١) دلدار،عبدالخالق علاءالدين،بەغدا، ٩٨٥،ل١٩٥.

(٨٢) دیوانی حەمدی، سلێمانی،٩٨٤،ل٣٧٢.

(٨٣) لەو موەششەحانەی بەکێشی خۆماڵی نووسراون وەکو :

أ-دڵزار موەششەحێکی (اقرع)ی نووسیوە بەناوی (ئاهەنگی ئۆکتۆبەر) کە هەر دەورێکی سێ سەمتەو هەر قوفلێکی (٢) غوسنە. سێ سەمتەکە سەروای خۆیان هەیەو دوو غوسنەکەش سەروایان جیایە، بەڵام سەروای قوفلەکان ناچێتەوە سەر یەك. بەکێشی (٤+٣) هۆنراوەتەوە. (دڵزار، خەبات وژیان، بەغدا، ٩٦٠، ل٤٠).

ب-کەریم شارەزا قالبێکی موەششەحی لەکێشی خۆماڵی (٥+٥) داڕشتووە بەناوی (ڕۆژهەڵاتن) موەششەحەکە مەتلەعی هەیە، واتە موەششەحی تەواوە. مەتلەعەکەی دوو غوسنی هاو سەروایە. دەورەکەی سێ سەمتی هاوسەروایەو قوفلەکەی دوو غوسنی هاوسەروا. (کەریم شارەزا، ئازادی و ژیان، بەغدا، ٩٦٠، ل٤٠).

(٨٤) دیوانی بەختیار زێوەر، بەغدا، ٩٨٩ ، ل١٤٧.

(٨٥) دلدار ، عبالخالق علاءالدين ، بغداد، ٩٨٥، ل١٩٥.

(٨٦) سەرچاوەی پێشوو،ل١٩٦.

(٨٧) ئەحمەد هەردی، ڕازی تەنیایی، چ٢، سلێمانی ، ٩٨٤، ل٥٥.

(٨٨) سەرچاوەی پێشوو،ل٧٩.

(٨٩) دلدار، عبدالخالق علاء الدين، بەغدا، ٩٨٥، ل١٩٦. وا ڕۆیشتووە لە موەششەحدا دەور سێ سەمت بێ، دەشێ لە سێ زیاتر بێ، بە مەرجێ لە هەموو پارچەکاندا بە هەمان ژمارە دووبارە بێتەوە. لەم موەششەحەدا لادانێك هەیە، چونکە ژمارەی سەمتەکانی دەوری نەگەیشتۆتە سێ، هەردەوری دوو سەمتە.

(٩٠) دیوانی بەختیار زێوەر، بەغدا، ٩٨٩، ل١٩٨.

(٩١) سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤.

(٩٢) د. محمد نورالدين عبدالمنعم، دراسات في الشعر الفارسي، القاهره ١٩٧٦، ص٢٣٦.

(٩٣) زين العابدين مؤتمن، تحول شعر فارسی ، كتابخانه طهوری، ١٣٣٥، ل١٠٠.

(٩٤) د. محمد نورالدين عبدالمنعم، دراسات في الشعر الفارسي، القاهره ١٩٧٦، ص٢٣٧.

(٩٥) زين العابدين مؤتمن، تحول شعر فارسی ، كتابخانه طهوری، ١٣٣٥، ل١٠٠.

(٩٦) سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٩.

(٩٧) قيس الرازي، المعجم في معايير اشعار العجم، تهران، بلا،١١٣.

(٩٨) د. محمد وصفي ابو مغلي،دراسات في اللغة والشعر والنثر الفارسي، ج١،البصرة، ٩٨٧، ص٧٦.

(٩٩) د. محمد نورالدين عبدالمنعم، دراسات في الشعر الفارسي، القاهرة ١٩٧٦، ص٢٤١.

(١٠٠) زين العابدين مؤتمن، تحول شعر فارسی ، كتابخانه طهوری، ١٣٣٥، ل٨٧-٩٢.

(١٠١) معروف الرصافي، الادب الرفيع في ميزان الشعر وقوافيه، بغداد، ١٩٦٩، ص١١٤.

(١٠٢) د. ابراهيم انيس، موسيقى الشعر، مكتبة الانجلوالمصريه، ٩٧٨، ص٢١٦.

(١٠٣) السيد احمد الهاشمي،ميزان الذهب في صناعة شعر العرب، المكتبة التجارية الكبرى، (بلا) ص١٤٦.

(١٠٤) الدمنهوري، الارشاد الشافي، مطبعة مصطفى البابي الحلبي، ٩٥٧،ص٥٨.

(١٠٥) دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە شیعری کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٩٨٨، ل١٣٢.

(١٠٦) دلزار، گەنجینە ، بەغدا، ٩٦٠، ل١٣-١٤.

(١٠٧) علاء الدين سجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لەئەدەبی کوردی، بەغدا ، ٩٦٧، ل١٧١.

(108) Abdullah Mohammad, Ahmed, Essai sur L'histoire de la Litterature Kurde au kurdistan Meridonial (1820-1920), L'Unversite de la Sorbonne, Paris III, 1988, p . 4II.

(١٠٩) دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە شیعری کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٩٨٨، ل١٣٢.

(١١٠) بابه تاهير، ترانه‌های بابه‌تاهير، وحيد دستگردی، سازمان چاپ و انتشارات جاويدان، (بلا)، ل٢٦.

(١١١) خه‌يامی هه‌ژار، چاپخانه‌ی عيتانی، بيروت، (بلا)، ل١.

(١١٢) د. امين موتابجی، ديوانی مه‌لا وه‌سمان، النجف الاشرف، ٩٧٣، ل٢٦٢.

(١١٣) ديوانی ميهری، بژاردن و ئاماده‌كردنی، عه‌زيز گه‌ردی، سليمانی، ٩٧٧، ل٧٩.

(١١٤) ديوانی بيخود،كۆكردنه‌وه‌ی مه‌حه‌مه‌دی مه‌لا كه‌ريم، به‌غدا، ٩٧٠، ل١٥٢.

(١١٥) ديوانی حاجی قادری كۆيی، ليكۆلينه‌وه‌ی سه‌ردار ميران و كه‌ريم شاره‌زا، به‌غدا، ٩٨٦، ل٢٦٦.

(١١٦) ديوانی شيخ رضای طالباني، علي الطالباني، به‌غدا، ٩٤٦، ل٦٤.

(١١٧) ديوانی سه‌لام، چ٢، به‌غدا، ٩٩٠، ل٢١٦.

(١١٨) ديوانی خاديم، ب ٢، به‌غدا، ٩٨١، ل٣٨٩.

(١١٩) ديوانی تاهير فوئاد، چاپخانه‌ی كوردستان، هه‌ولير، ٩٧٠، ل٥٥.

(١٢٠) ديوانی ميهری، سليمانی، ٩٧٧، ل٨٥.

(١٢١) ديوانی بيخود، به‌غدا، ٩٧٠، ل١٤٦.

(١٢٢) ديوانی ميهری، سليمانی، ٩٧٧، ل٧٩.

(١٢٣) ديوانی بيخود، به‌غدا، ٩٧٠، ل١٤٣.

(١٢٤) ديوانی حاجی قادری كۆيی، به‌غدا، ٩٨٦، ل٢٦٦.

(١٢٥) ديوانی مه‌لا په‌ريشان، پيشه‌كی زيبا جويی، كرمنشاه، ١٣٣٥.

(١٢٦) گۆران.كوردی وكيشی برگه‌يی، رۆژنامه‌ی (ژين)، ژماره (٢٠)، ١٩٧١/٤/٢٩.

(١٢٧) د. عزالدين رسول، الواقعيه فی الادب الكردی، بيروت، (بلا)، ص١٩٨.

(١٢٨) محه‌مه‌د عه‌لی قه‌ره‌داغی،كه‌شكۆلی كه‌له‌پووری ئه‌ده‌بی كوردی، ب٢، به‌غدا، ٩٨٢، ل٢٣٩.

(١٢٩) سيد عبدالصمدی توداری، چمكيكی ميژووی هه‌ورامان ومه‌ريوان، وه‌رگيرانی محه‌مه‌دی مه‌لا كه‌ريم، به‌غدا، ٩٧٠، ل٢٨.

(١٣٠) ديوانی صه‌يدی، سليمانی، ٩٧١، ل٣٧.

(١٣١) سه‌رچاوه‌ی پيشوو، ل٢٠.

(١٣٢) محه‌مه‌د عه‌لی قه‌ره‌داغی، كه‌شكۆلی كه‌له‌پووری ئه‌ده‌بی كوردی، ب٢، ٩٨٢، ل٢٤٢.

(١٣٣) صديق بۆره‌كه‌يی، ميژووی وێژه‌ی كوردی، ب١، انتشارات ناجی، بانه، ١٣٧٠، ل٤٤٩.

(١٣٤) ديوانی صه‌يدی، سليمانی، ١٩٧١، ل٢٢.

(١٣٥) سه‌رچاوه‌ی پيشوو، ل٢٥.

(١٣٦) سه‌رچاوه‌ی پيشوو، ل٩٧.

بەشی شەشەم

بەراورد کردنی کێشی شیعری کلاسیکی کوردی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسی

*گەلاڵە بوون و چەسپانی کێشی شیعری عەرەبی و فارسی و کوردی

- سەرهەڵدانی شیعری عەرەبی و چەسپانی کێشەکانی.
- سەرهەڵدانی شیعری فارسی و کێشەکانی.
- سەرەتای شیعری کوردی و کێشەکانی.

* کێشی عەرووزیی لەنێوان عەرەبی وکوردی و فارسیدا.

- عەرووز لە نێوان عەرەبی و فارسیدا.
- عەرووز لەنێوان فارسی و کوردیدا.

* بەراورد کردنی بنەماکانی کێشی شیعری عەرەبی و فارسی وکوردی.

-دەنگ

-برگە

-پێ

-زیحاف و عیللە

-دێرە شیعر

-قالبە کێشەکان

* بەراورد کردنی کێشە عەرووزییەکانی کوردی لەگەڵ عەرەبی و فارسیدا

-کێشی هەزەج

-کێشی ڕەجەز

-کێشی ڕەمەل

-کێشی سەریع

-کێشی خەفیف

-کێشی موزاریع

-کێشی موجتەس

--کێشی موتەقاریب

-کێشی بەسیت

*گەلاڵە بوون و چەسپانی کێشی شیعری عەرەبی و فارسی و کوردی:

بۆ بەراوردکردنی شیعری کلاسیکیی کوردی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسی پێویستە بگەڕێینەوە سەرەتای پەیدا بوونی شیعری ئەو نەتەوانەو چۆنیەتی گەلاڵە بوونی کێشی شیعری هەر یەکێکیان، بۆ ئەوەی بزانین لە ڕەوتی نەش و نما کردندا چۆن کاریان لەیەك کردووە.

- سەرهەڵدانی شیعری عەرەبی و چەسپانی کێشەکانی :

کەباسی ئەدەب و شارستانییەتی کۆنی عەرەبی بکرێ یەکسەر بیر بۆ شیعری عەرەبی دەچێ، چونکە لە سەردەمی جاهیلیدا (شیعر دیوانی عەرەب و تۆماری ژیانیان بوو)(١) شاعیر دەمڕاستی هۆزەکەی بوو. دەڵێن عەرەب لە سێ شت پیرۆزباییان لەیەك دەکرد (ئەگەر کوڕیان ببایە، یان شاعیرێکیان لێ هەڵبکەوتایە، یان ئەسپێکی ڕەسەنیان ناوی دەربکردایە)(٢) . لەسەردەمی جاهیلیدا کە عەرەب ژیانێکی کۆچەری خێڵەکییان دەبردە سەر، بازاڕی مەککەو حیجازو عوکاز بنکەی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی فیکری و ڕۆشنبیری بوون. شاعیرەکان لەو بازاڕانەدا بەیەك دەگەیشتن و ئەزموونی شاعیرێتیان بەیەك دەگۆڕییەوە. شیعری جاهیلی بەیەك سەدە پێش ئیسلام دوورتر ناڕوا، بەلاَم دەبێ شیعری عەرەبی ماوەیەکی دوورو درێژی بڕیبێ تا گەلاڵە بووبێ و ئەو قالبە پتەوەی گرتبێ کە لە شیعری (معلقات)دا(٣) خۆی دەنوێنێ. هەرچەندە (تەها حوسێن) ئەو بیرەی هێنایە ناوەوە کە بۆی هەیە موعەللەقات هەڵبەستراو (منتحل) بن و لەسەر دەمی عەبباسیدا نووسرابنەوە(٤) .

توێژەرەوەکان بڕوایان وایە کە شیعری عەرەبی سەرەتا لە دەستەواژەی سەروادارەوە سەری هەڵداوە، وەکو سەروادارە ئاینییەکان و پەندەکانی ناو خەڵك(٥) . ئەم سەروادارانە وردە وردە گەشەیان کردو کەوتنە قالبی ڕەجەزی(٦) کورت، واتە لەگەڵ سەرواکە، کێشیان بۆ پەیدا بوو. ئەورەجەزە لەسەرەتادا بۆ هەموو بابەتێك بەکار دەهات بەلاَم زیاتر باسەکانی لەدەوری ئەم شتانە دەسووڕایەوە : (الحداء) دەنگدان و هاژوانی وشتر، (المتح والاستقساء) ئاو هەڵێنجان و ئاودانی وشتر (الصید) ڕاو(٧) . کە ژیانی کۆچەری عەرەبی بیابان گۆڕا و پێویستییەکانی ژیان زیادی کرد، ڕەجەز بەساکاری خۆی نەیدەتوانی باری نوێی ژیانی تازە دەربڕێ، بۆیە (ناچار بوون کێشی نوێ دابنێن کە ئاوات و ئامانجییان دەربڕێ. ئەوەبوو وردە وردە

کێشە شیعرییەکانی تر پەیدا بوون کە بەرامبەر بە ڕەجەز پێیان دەگوترا (القصید)..)[(٨)]. زۆر توێژەرەوە بروایان وایەکە (بینای کێشە عەرووزییەکان - بەدوو لەت و سەروای لەتی دووەمەوە - لە ڕەجەزەوە پەیدا بووە)[(٩)]. ئیتر لە کۆنەوە شیعری عەرەبی هەر ئەم دووەی لێ زاندراوە: ڕەجەزو قەسیدە. دەوری سێزدە سەدە پێش ئێستا (الاغلب العجلي) گوتوویەتی:

أرجزا تريد ام قصيدا فقد سألت هينا موجودا[(١٠)]

ئەمە هۆکاری ناوەخۆی پەرەسەندنی کێشی شیعربوو. هۆکاری دەرەوەش دەوری خۆی تێدا گێڕاوە. عەرەب هەر لە کۆنەوە دراوسێی فارس و ڕۆم بوون. ئیمپراتۆرییەتی ساسانی لەعێراق و ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمی لە شام ماوەیەکی زۆر لەشەڕو دووبەرەکیدابوون.لەو ماوەیەدا دوو ئەمارەتی عەرەبی دروست بوون: مەنازیرە لەحیرەی نزیك کوفەی سەر فورات و غەساسینەی شام. یەکەم لای فارسەکان ودووەم لای ڕۆمەکان بوو. ڕۆشنبیری ئەم دوو ئیمپراتۆرییەتە لە ڕێی ئەم دووئیمارەتەوە بەعەرەب گەیشتووە. بەتایبەتی فارس کەهەر لەسەردەمی کۆڕشەوە هیلالی بە پیتیان داگیر کردو هەستەیان لەخەڵکەکە دەسەند. جگە لەحیرە یەمەن و عەمان و بەحرێنیش لە ژێر فەرمارەوایی فارسەکاندا بوون. جگە لەمانە شەڕو بازرگانیش دوو هۆکاری گرنگی تر بوون بۆ تێکەڵاو بوون وکار لەیەك کردنی فارس و عەرەب[(١١)]. ئەم کاریگەرە وەك لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئایینی ڕەنگی داوەتەوە، لە زمانەوانی و ئەدەب و کێشی شیعریش خۆی دەنوێنێ. وەك دەرکەوتووە هەندێ لەو کێشانەی خەلیل لە شیعری عەرەبیدا دەست نیشانی کردوون پێش ئیسلام لەفارسیدا هەبوون[(١٢)].کە ئیسلام هات هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر بە شیعرو شاعیری لەوئایەتەدا دەرکەوت کە دەڵێ: (**الشعراء يتبعهم الغاوون، الم تر انهم فی كل واد يهيمون وانهم يقولون ما لا يفعلون الا الذين امنوا وعملوا الصالحات وذكروا الله كثيرا**)[(١٣)]. ئەم هەڵوێستەی ئیسلام وای کرد شیعر بەگشتی بەرەو کزی بچێ، تەنیا شیعری لایەنگری ئیسلام مایەوە. دوای سەدری ئیسلامیش شاعیر جێگایەکی بەرزی هەبوو. خەلیفەکان ڕێزیان دەگرتن و خەڵاتیان دەکردن. نرخی شاعیر لای خەلیفەکان لە قسەی معاویەدا دەردەکەوێ کەگوتوویەتی: (پیاو دەبێ کوڕی خۆی باش پەروەردا بکا، بەرزترین پلەی پەروەردەش شیعرە)[(١٤)].

لەو سەردەمەدا ژیانی شارستانییەتی گەشەی سەندو باری سیاسی وکۆمەڵایەتی و فیکری گۆڕا. لە شیعردا وشەو خەیاڵ و بۆچوون و ڕەگەزە شیعرییەکانی تری

نەتەوەکانی تر هاتنە ناو شیعری عەرەبی. گەشانەوەی بازرگانی و دەولەمەندی و ڕابواردن بوو بە هۆی پەیدا بوونی غەزەل کە قەرەواش لە کۆڕی ڕابواردن دەیان چڕی. ئەم پەیدا بوونی غەزەل و گۆرانییەش وای دەویست کە بۆ ئاوازو ناسکی دەست بدا. ئەوە بووکێشە سووکەکان پەرەیان سەندوکێشە درێژەکان تووشی تەجزیەو تەشتیر هاتن. لەسەردەمی عەبباسییەکان، بەرمەکییەکان کەماڵباتێکی فارس بوون خۆیان خزاندە ناو بارەگای خیلافەت و دەستییان بەسەر ویزارەت داگرت. بزوتنەوەی وەرگێڕان لە پەهلەڤی و عیبری و یۆنانی و هیندی و سریانی دەستی پێ کرد. زۆر شاعیری بەڕەگەز فارس لە شیعری عەرەبی هەڵکەوتن، وەکو زیادی ئەعجەم و ئیسماعیلی کوڕی یەسارو ئەبونواس و بەششار .... کە بابەتی نوێ و کێش و ئاوازی نوێیان هێنایە ناو شیعری عەرەبی. کێشی وەکومونەقاریب و هەزەج و ڕەمەل وخەفیف برەویان سەند.

کێشی شیعری عەرەبی وەك بابەتێکی زانستی لەسەردەستی خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی قالبی خۆی وەرگرت. خەلیل زانایەکی گەورەی زانستی نەحوو سەرف و زمان و ئاواز بوو، ئاگای لە شیعری سنسکریتی و سریانی و یۆنانیش هەبوو (١٥). چی شیعری عەرەبی تا ئەوسا هەبوو کردی بە(١٦) کێشی جیاوازو پێیەکانی هەرکێشێکی بەتەرازووی (فعل) دیار کردو جیاوازییەکانی قالب ودێرەکانی بە عیللە وزیحاف دەست نیشان کرد و هەر(١٦) کێشی خستە ناوپێنج بازنەی تێکچڕژاوەوە. لەو ساوە عەرووزی عەرەبی بەهەموو لق و زاراوەکانەوە، بەو نیزامە وردەوە چەسپاو تا ئێستاش بۆ هەموونوێ کردنەوەیەك هەر دەگەڕێنەوە سەر یاساکانی خەلیل.

سەرەتای شیعری فارسی وکێشەکانی :

فارس هەر لەکۆنەوە خاوەنی شارسستانییەت و ئیمپراتۆریەتی خۆیان بوون. بەلام مێژووی شارستانییەتی و فیکرییان دوو کەلێنی گەورەی تێدایە کە لە ئەنجامی هێرشی ئەسکەندەرو هاتنی عەرەب پەیدا بووەو بۆتە هۆی هاڕینی زمان وئەدەب و ڕۆشنبیری فارسی. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ بەرهەمی کۆنی پێش ئیسلام ماون و لەنەخشە دۆزراوەکاندا دەست کەوتوون وئەم بابەتە شیعرییانەیان تێدا هاتووە:

١-سروودی ئایینی بە شیعری بڕگەیی کە بەدەنگو ئاواز دەخوێندرایەوە.

٢-داستان یان گفتوگۆی نێوان دووکەس یان دوو لا.

٣-مەسنەوی بەزم و ڕەزم (شەڕو شۆڕ).

٤-ئەو بەستەو گۆرانییانەی لەگەڵ سەماو شایی و ئاهەنگی لادێکان دەگوتران.

د-غەزەلی دیوانی پاشاو خانەدانەکان کە باسی عیشق و ئەویندار ی دەکرد (١٦).

زمانی فارسی بەزۆر قۆناغی جیا جیا تێپەڕیوە، لەوانە : قۆناغی پارسی کۆن، هەخامەنشی. قۆناغی پەهلەڤی، ساسانی و ئەشکانی، قۆناغی دەری پاش ئیسلام تا دەوری ٩٠٠ز (١٧).

پارسی کۆن زمانی نەخشەکانی پاشای هەخامەنشییەکانەو کۆنترین نەخش (ئاریامنە) یە، ئینجا نەخشەکانی کۆڕشی مەزن و نووسینەکانی داریوشی گەورەو خشایاشا و نەخشی بێستون (١٨). سەردەمی زمانی پەهلەڤی کەزۆربەی بەرهەمەکانی ئەو سەردەمە ئایینین و بەخەتی ئارامی نووسراوەنەتەوە. لە بەرهەمەکانی ئەو سەردەمە نەخشەکانی شاپووری یەکەم لە (حاجی ئاباد) کە زنجیرە میسیراعێکی (٨،٧) برگەیین و شوێنی قورساییش لەناوەندی بڕگەکاندا دیارە. بەرهەمەکانی (مانی) ش کەلە (تورفان) دۆزراونەتەوە جۆرە کێشێکیان تێدا پەیڕەو کراوە ژمارەی بڕگەکانی هەرمیسراعێکی بەزۆری هەشت بڕگەیەو (١٢،١١،١٠،٧،٦،٥) بڕگەییشی تێدا هەیە (٢٠).

بەرهەمێکی تری ئەو سەردەمە (بندهشن) یان (بنچینەی گروان) ەو لەچیرۆکی کەیقوبادا هەندێ شیعر هەن لەگەڵ کێشی هەزەجی عەرەبی وەك یەك دەردەچن (٢١).

جگە لەمانە (ئایاتکار زریران) و (درخت ئاسوریك) و (جاماسب نامە) هەموو هۆنراوەی برگەیین وکێشی شیعری بەهلەڤی بەگشتی بە ژمارەی بڕگەو بەنەبرە نووسراوە (٢٢). سەرەڕای ئەم هەموو دەقە دۆزراوانە،گۆرانی وبەیت و تەرانەی میللی هەرهەبووەو کەلێنی چاخە تاریکەکانی پڕ کردۆتەوە. ئەوانیش هەر بەکێشی بڕگەیی بوون وەك ئێستا لە کێشی شیعری میللی وناوچەییدا دەبینرێ (٢٣). نابێ باسی (ئەڤێستا)ی زەردەشت لە بیر بکەین کەبەرهەمێکی ئێرانی کۆنە و ودوای هاتنی عەرەب و هێرشی مەغۆل تەنیا چوا ریەکی ماوە (٢٤). (گاتها) و (یشتها) کەبەشە سەرەکییەکانی ئەڤێستان بە هۆنراوە نووسراون وکێشی بڕگەیان تێدا بەکار هاتووە (٢٥).

قۆناغی سێیەم فارسی دەری نوێیە ودەکەوێتەپاش ئیسلام. هەر لەوڕۆژەی عەرەب لە(٦٣٧ز) چوونە ناومەدائن ولە (٦٤٣ز) لەشەڕی نەهاوەند فارسییان شکاند،زمانی فارسی دەوری لە نووسین وخوێندندا نەما تا لەکۆتایی سەدەی دووەم وسەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچی سەری هەڵدایەوە، بەلام بە تیپی عەرەبی ولەژێر کاریگەی وشەو هونەرە ئەدەبییەکانی عەرەبی . (ئەم سەرهەڵدانەی شیعری فارسی لەگەڵ بووژانەوەی گیانی نەتەوایەتی فارسی هات کەهەوڵیان دەدا

لەخیلافەتی عەبباسی جیا ببنەوە و سەربەخۆیی خۆیان وەربگرنەوە. ئیدی کەوتنە ژیاندنەوەی زمانی فارسی خۆیان و توانیان بیگەیێننە ئاستی زمانە ئەدەبییەکانی تر)[٢٦] شیعری فارسی بەکێشی عەرووزی دەستکاری کراوی عەرەبییەوە دەرکەوت کە بنەمای داڕژانی (چەندی) بوو و لە بنەمای کێشی نەتەوەیی پێشووی فارس جیا بوو کە بنەماکەی بڕگەبوو. هەربۆیەش کەعەرووزی عەرەبییان وەرگرت (بۆیان زیاد کردو لێیان گۆڕی و هونەری نوێی وەکو مەسنەوی وڕوباعییان داهێنا)(٢٧).لەبارەی یەکەم کەس کە پاش ئیسلام بە فارسی شیعری دانابێ ڕای جیاوازهەیە. بڕاون دەڵێ یەکەم کەس شیعری بە فارسی نووسی بێ (عەبباس ئەلمروزی)یە کە ساڵێ ٨٠٩ز، کاتێ مەئموونی کوڕی هارون الرشید چووە مەرو شیعرێکی پێ هەڵدا [٢٨]. لەو ساوە شیعری فارسی هاتەوە مەیدان، بەڵام لە ژێر کاریگەری بابەت وتەکنیك وکێشەکانی شیعری عەرەبی. دوای عەبباس ئەلمروزی (بەسامی کرود) دێ کە یەکێکە لەوانەی سەرەتای شیعری فارسییان دانا. بەڵام یەکەم شاعیری گەورەی فارس ڕودەکییە (٣٢٩ ك مردووە) ئینجا شەهیدی بەلخی و دەقیقی و فیردەوسی و عونسوری و مەنوچەهری سەنائی غەزنەوی ونیزامی گەنجەوی وجەلالەدینی ڕۆمی و ... لەسەر دەستی ئەمانە شیعری فارسی لە ڕووی کێشی عەرووزییەوە قالبی تایبەتی خۆی وەرگرت. وەك زانستی لێکۆڵینەوەی کێشیش، لەسەدەی چوارەم دەستی پێ کرد. یەکەم کەس باسی عەرووزی نووسیبێ ئەبوحەسەنی کوڕی بەهرامی سەرخەسییە کە نیزامی عەرووزی لە (چهار مقالە) دا دوو کتێبی عەرووزی دەداتە پاڵ. غایة العروضیین وکنز القافیة[٢٩]. محەمەد عوفیش کتێبی (خجستەنامە)ی دەداتە پاڵ بەڵام ئەم کتێبانە هەر ناویان ماوەو خۆیان دیار نین. کۆنترین و فراوانترین کتێب لەبارەی عەرووزی فارسییەوە (المعجم فی معاییر اشعار العجم)ی قەیسی ڕازییە کە ساڵی ٦٣٠ك نووسیویەتی و باسی قالبە عەرووزییەکانی شیعری فارسی وزیحاف و عیللەکانی کردووە و لەگەڵ عەرووزی عەرەبیدا بەراوردی کردوون. لەو کاتەوە عەرووزی فارسی چەسپاو تۆژەرەوانی پاشتر ئەمەیان کرد بەبناغەو تا ئێستا هەر دەگەڕێنەوە سەری.

سەرەتای شیعری کوردی وکێشەکانی :

کورد مێژوویەکی کۆنی هەیە. چەند سەدەیێك پێش ئیسلام ناوی لەبەڵگەنامە مێژوویەکانی ئەوناوچەیە هاتووە[٣٠]، بەڵام هەرلەکۆنەوە ژێر چەپۆکی ئەم و ئەو بووەو نەیتوانیوە بەرهەمی فیکری و شارستانێتی خۆی بپارێزێ. (ئەگەر مێژوو زۆر بەرهەمی

گریك و رۆمان و عارەبی پێش ئیسلامی پاراستبێ ئەوا باری جوگرافی وئەو رووداوە مێژووییانەی بەسەر کورد هاتوون،ماوەیەکی زۆر لە دەوڵەتی تایبەتی بێ بەشی کردوون و ئەمەش بوو بەهۆی لەناو چوونی کەلەپووری کۆنی کوردی، بۆیشی هەیە لێکۆڵینەوەی شوێنەوار ناسی لەمەودوا هەندێ لەو کەلە پوورەمان بۆ دەربخات (٣١).

هەندێ تۆژەرەوە هەوڵ دەدەن سەرەتای زمان و ئەدەبی کوردی بە ئەڤێستای زەردەشت بگەیێنن (ئایینی زەردەشت هەر ئەو ئایینەیەکەلە ئیسلامدا کورد وفارس بروایان پێ هێناوە و لەسەری رۆیشتوون) (٣٢). بەلاّم ئەم رایە هێشتا یەك لا نەبۆتەوەو پێویستی بە لێکۆڵینەوەی فیۆلۆجی و مێژوویی ورد هەیە. لەبارەی سەرەتای شیعری کوردی، ئەنوەر مائی باس دەکا کەرۆژهەلاّت ناسی بەناو بانگفیلیا مینۆف بەرەنووسێکی لە ئێران دۆزیوەتەوە، دوو دێری شاعیرێکی لەسەرە بەناوی بۆرابۆژ کە ساڵی ٣٣٠ پێش زایین لە ژیاندا بووە (٣٣). حوزنی موکریانی ساڵی ٩٣٠ شیعرێکی لەزاری کرمانجی بلاّوکردۆتەوە کە باسی شپرزە بوونی شارەزوور دەکا بەدەست هێرشی عەرەبەکانەوە (٣٤). د.عیزەدین مستەفا رەسول باسی خەلیل مەندەلی دەکا کە ساڵی ٢٠ی ك مردووەو لەمەندەلی نێژراوە بەلاّم هیچ بەرهەمی نەماوە (٣٥). جگە لەوە بابە رۆخی هەمزانی، کە لەسەدەی نۆیەمی زاینیدا ژیاوەو لە ئابی ٨٤١ مردووە، پارچە شیعرێکی ماوە لە کاتی شۆرشەکانی (جعفر بن حسن الكردي) دژی خەلیفەی عەبباسی (المعتصم بالله) نووسیویەتی (٣٦). صدیق بۆرەکەیی لە شاعیرە کوردەکانی دوای ئیسلام زۆر ناوی هێناوەو نموونەی شیعری داون بەلاّم بۆ هیچ یەکیان بەلگەی زانستی بەدەستەوە نییە. شاعیرەکان وەکو بالولی ماهی، بابەلورەی لورستان، بابە حاتەمی کوردستان، بابە سەرهەنگی دەوران...تا دەگاتە بابە تاهیری هەمەدانی (٣٧). ئەوشیعرو شاعیرانەی باس کران تادەگاتە بابە تاهیر هیچ یەکیان بەرهەمەکەیان بەبەلگەی زانستی نەچەسپاوە، بابە تاهیر یەکەم شاعیری کوردە دوای ئیسلام کە بەرهەمێکی زۆری هەیەو هەمووی بە کێشی عەرووزی نووسراوە.

لە زاری گۆرانی یەکەم شاعیر مەلا پەرێشانە کە دیوانێك شیعری بە کێشی خۆماڵی (١٠) برگەیی هەیە (٣٨). لەزاری کرمانجی باکووریش یەکەم شاعیری گەورە مەلای جەزیرییە کەلە سەدەی (١٥)مدا ژیاوەو هەموو شیعرەکانی لەسەر کێشی عەرووزەو کاریگەری کێشی شیعری فارسی پێوە دیارە . لەزاری کرمانجی ناوەراستدا نالی وکوردی وسالم بەردی بناغەی شیعری عەرووزیان دانا کەتا ئێستا کەم و زۆر

بەردەوامە.

کێشی شیعری ڕەسەن ئەوەیە کە میللەت دایهێناوەو مێژوویەکی کۆنی هەیە. با تۆماریش نەکرابێ. ئەم شیعرە میللییە لەگەڵ خواست وئارەزووی میللەت ڕۆیشتووەوکێشەکەیشی لە خەسیەتەکانی زمانی کوردیدا هەڵقولاوە هەر ئەوکێشە خۆماڵییە برگەییە کە ئێستاش شیعری میللی پێ دەهۆنرێتەوە و شاعیرانی ئەم سەدەیە گەڕاونەتەوە سەریان ، کەچی کێشی عەرووزیی دیاردەیەکی غەوارەیەو لەئەنجامی تێکەڵاو بوونی ئایینی و ژیانی ڕۆژانەی کورد لەگەڵ عەرەب و فارس لە سەردەمی بابا تاهیرەوە خۆیان خزاندۆتەوە ناو شیعری نووسراوی کوردی و لە سەدەی بیستەمدا وردە وردە جێگەیان بۆ کێشی خۆماڵی چۆڵ کرد. واتاکێشی عەرووزیی لە قۆناغێکی تایبەتیدا هاتە ناو شیعری کوردی و ماوەی هەزار ساڵێك مایەوەو دووبارە کشایەوە دواوە. سەجادی لەلێکدانەوەی ئەم دیاردەیەدا دەڵێ : (بەڵێ لەدەوری ناوەڕاستی هۆنراوەی کوردیدا، ئەم هۆنراوەی کوردییە ئاڵا بەکێشی عەرووزەوە، بەڵام هەروەکو سەیر ئەکەین و بۆمان دەرئەکەوێ پێش داهاتنی کێشی عەرووز سروودەکانی (گاتها) بەوناوەوە کە سەرچاوەیەکن بۆ زمانی ئاری و هۆنراوەی کوردی تا ئەندازەیەك، گەلێ دوور بوون لەکێشی عەرووزی.پاش داهاتنی عەرووز هۆنراوەی کوردی ڕێچکەی کۆنی لەدەست بەردا. لە گێجی سێهەمی هۆنراوەکەیا ئەم هۆنراوەی کوردییە دیسان گەڕایەوە بۆ گێجی یەکەمی و خۆی رووت کردەوە لەکێشی عەرووزی تا وای لێهات ناوی هۆنراوەی ئازادی بەسەرا چەسپا)(٣٩) . شیعری کوردی هەرچەندە لەبارەی کێشەوە کەوتبووە بەر کاریگەری عەرووزی عەرەبی وکێشی شیعری فارسی بەڵام داهێنانی خۆیشی لە چوار چێوەی ئەو کێشانەدا هەر هەبووە.

کێشی عەرووزی لەنێوان عەرەبی و فارسی وکوردیدا :

زانستی عەرووز لە بنچینەدا عەرەبییە، فارس سوودیان لەو عەرووزە وەرگرتووە و لەگەڵ زمانی خۆیان گونجاندوویانەو بەکاریان هێناوە، کوردیش ئەو عەرووزەی بەکار هێناوە، بەڵام وەك لە شی کردنەوەی کێشەکاندا دیارە یەکسەر لە عەرەبییەوە وەری نەگرتووە بەڵکو لە ڕێی شیعری فارسییەوە بۆی هاتووە.

عەرووز لەنێوان عەرەبی و فارسیدا :

کاریگەری زمان وئەدەبی نەتەوەیەك لەزمان و ئەدەبی نەتەوەیەکی تر بەتایبەتی نەتەوەی دراوسێ دیاردەیەکی زۆر ئاساییە. ئەم کاریگەرە دەشێ زۆر لایەن بگرێتەوە.

یەك لەو لایەنانە كێشی شیعرە (كێشی شیعر لە مەڵبەندێكی ئەدەبیدا بە پێی چەشەو خەسیەتی زمانەوانی خەڵكەكە سەر هەڵدەدا لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هونەرێكی ئەدەبی لەزمانێكەوە بچێتە ناو زمانێكی تر بۆی هەیە كێشەكەیشی لەگەڵ بچێ)(٤٠). هەر بەم پێیە كاریگەری كێشی شیعر لەنێوان عەرەبی وفارسیدا هەر لەكۆنەوە بەردەوام بووە. (توێژەرەوەكان دەڵێن كێشی هەزەج و رەجەز و موتەقاریب لای فارسە كۆنەكان هەبووە..بگرە ڕۆژهەلاّت ناسی دانیماركی كرنستنسن بۆ ئەوە دەچێ كە عەرەب ئەم كێشانەیان لەفارسەكان وەرگرتبێ)(٤١). دەقی وا لە ولاّتی فارس دۆزراوەتەوەكەلەكۆنەوە شیعریان بەم كێشانە هەبووە، وەكو ئەوەی خوراسانییەكان بەم شیعرە گاڵتەیان هاویشتە سەر (اسد بن عبدالله القسري) كەلەسەردەمی (هشام بن عبدالملك) ی خەلیفەی ئەمەوی سەرداری خوراسان بوو، بە بەزیوی لە شەڕی خاقانی تورك (٧٢٦ز) گەڕایەوە:

أز ختلان امدیه   برو تباه امدیه

كە لەكێشی ڕەجەزی عەرەبییەوە نزیكە(٤٢). هەروەكو ڕۆژهەلاّتناسی فەڕەنسی بنفینیست لە پارچە گفتوگۆیەكی كۆنی ئێرانی جۆرە كێشێكی دۆزیوەتەوە وەكو موتەقاریبی عەرەبی وایە(٤٣). ڕۆژهەلاّتناس بیلی باسی چیرۆكی كەیقوباد دەكا لەكتێبی (بندهشن) كەهەندێ دێرە شیعری تێدایە لەسەر كێشی هەزەجن. بۆ نموونە ئەمە لەتە دێرێكی شیعرەكانە:

(قباد اندر كبوده بود)(٤٤)

دوای ئیسلام كێشی شیعری عەرەبی و زانستی عەرووز كەوتە ناو شیعرو ئەدەبیاتی فارسی، بەلاّم فارس تەنیا ئەو كێشانەیان وەرگرت كە لەگەڵ زمانی خۆیان دەگونجێ و ئەوانەیان وەرنەگرت كە كەمتر بۆ فارسی دەشێن وەكو (طویل و بسیط و مدید و وافر و كامیل)(٤٥). بۆ گونجاندنی ئەوانی تریش هەندێ زیحافیان زیاد كرد و قالبی نوێیان بۆ كێشەكان دروست كردو دەستووری دارشتنی قالبەكێشیان لەدەستووری عەرەبی جیا كردەوە. لە عەرەبیدا عیللەدەوری سەرەكی لە دیاركردنی قالبەكێش هەیە، كەچی لە فارسیدا زیحاف وعیللە پێكەوە. جگە لەمەش سێ كێشی پشت گوێ خراوی خەلیلیان زیندوو كردەوە: قەریب (منسرد)، جەدید (متئد)، موشاكیل (مطرد). بۆیە هەرچەندە عەرووزی فارسی لە عەرەبییەوە وەرگیراوە بەلاّم تایبەتییەتی خۆی وەرگرتووە.

هەرچەندە هەموو ئەو شاعیرە کوردانەی شیعری کۆنی کلاسیکییان داناوە سەر بەقوتابخانەی ئایین بوون وڕۆشنبیرییان عەرەبی – ئیسلامی بوو و یەکێ لەمادەی خوێندنیان زانستی عەرووز بوو، بەلاّم زۆربەی توێژەروانی کورد رایان وایە کەکورد لە رێی شیعری فارسییەوە کێشی عەرووزییان وەرگرتووە نەك ڕاستەوخۆ لە رێی شیعری عەرەبییەوە. لێکۆڵینەوەی زانستیش هەر ئەو رایە دەسەلمێنێ.کاریگەری شیعرو ئەدەبی فارسی لە شیعرو ئەدەبی کوردیدا لەم شتانە هاتووە:

-زمانی کوردی یەکێکە لەزمانەکانی ئەوناوچەیەو لەگەلّ زمانی فارسیدا دەچنەوە سەر یەك بنەماڵە کەبنەماڵەی زمانە ئێرانییەکانە. ئەمەش ڕێگای کاریگەری ئەدەبی خۆشتر دەکا (کاریگەری عەرەبی بریتییە لەوکاریگەرانەی کەکردویەتیە سەر فارسی لە رووی زاراوەی ئایین و زانستی و فەلسەفی وکێش و قافیەی شیعردا کە ئەوانەش لە رێی فارسییەوە بە ئێمە گیشتوون)(٤٦).

-زمانی فارسی شان بە شانی زمانی عەرەبی لەناو حوجرەی فەقێکانی کوردستان خوێنراوەو هەر لەسەرەتاوە وەك بەشێکی خوێندنەکەیان گولستانی شێخی سەعدی وکتێبی تری فارسییان بە فەقێیان گوتۆتەوە.

-هاو مەزهەبی و هاو تەریقەتیش دەوری زۆریان لە بلاّوبونەوەی شیعرەکانی سەعدی و حافزو جامی بەکورد ستاندا هەبووە کە بوونەتە سەر مەشق بۆ شاعیرانی کورد .

-زۆر شاعیری کورد ئەوەندە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری شیعری فارسی کەتوانیویانە شیعر بە فارسی دابنێن وهەیە شیعرە فارسییەکانی لەکوردییەکانی بە هێزتر نەبن بێ هێزتر نین، کەچی کەمتر بەلای هۆنینەوەی شیعری عەرەبیدا چوون و ئەوەی بە عەرەبیش شیعری گوتبێ شیعرە عەرەبییەکانی ئەو هێز و پێزەیان نییە.

-گەلێ شیاعری کلاسیکیمان شیعری فارسییان لەگەلّ شیعری خۆیان تێهەلّکێش کردووە، یان شیعری فارسییان کردووە بە پێنج خشتەکی. ئەمەش بەلّگە یەکی تری کاریگەری کێشەکەیە، چونکە پێنج خشتەکی هەر دەبێ بەکێش وسەروای شیعرە تێهەلّکێشراوەکە بێ. لەوانەی شیعری فارسییان تێهەلّکێش کردووە وەکو جزیری ، سالم، حەمدی...

-لایەنێکی تری کاریگەری شیعری فارسی لەکوردیدا بەکار هێنانی وشەو زاراوەی

فارسییە، وەکو لە شیعرەکانی جزیری ،نالی، بێخود، خانی ، زێوەر ....دەردەکەوێ.

ئەم هەموو هۆیانە ڕێگا خۆشکەر بوون بۆ ئەوەی کورد کێشی عەرووزی لە ڕێی فارسییەوە وەربگرێ نەك ڕاستەوخۆ لە عەرەبی. ئەمەش لەم خالآنەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

١-ئەوکێشە عەرووزییانەی کە لەگەڵ زمانی فارسیدا نەگونجاون و فارس شیعریان پێدانەناون وەکو تەویل و مەدید و بەسیت و وافرو کامیل نزیکەی هەر هەمان کێشن کەکورد شیعریان پێ نەگووتون یان کەم پێیان گوتوون.

٢-ئەوکێشانەی لە عەرەبیدا کەم بەکار دێن وەکو هەزەج و موزاریع لە فارسیدا لە ڕیزی هەرە پێشەوەی کێشە بەکار هاتووەکانن. لەکوردیشدا ئەم کێشانە وەکو فارسی لەکێشە باوو بلاوەکانن.

٣-لە عەرەبیدا عیللە تایبەتە بە وەتەد و دەچێتە سەر عەرووز زەرب و قالبی جیاوازی هەرکێشێك دیار دەکا کەچی لە فارسیدا وایە عیللە دەچێتە سەر وەتەد بەلآم چۆن دەچێتە سەر عەرووز و زەرب ئاواش دەچێتە سەر هەموو پێیەکانی حەشوو. لەکوردیشدا وەکو فارسییەکە، نەك وەکو عەرەبییەکە، عیللە دەچێتە سەرهەموو پێیەکانی دێرە شیعر.

٤- زیحاف لە عەرەبیدا لازم نییە بۆیە هیچ دەوری لە دروست کردنی قالبە کێشەکاندا نییە، کەچی لە فارسیدا بە زۆری وەکو عیللە لازمەو قالبە کێش دروست دەکا. لە کوردیشدا زیحاف وەکو فارسی بە زۆری لازمەو دەوری خۆی لە دروست کردنی قالبە کێشە عەرووزییەکان هەیە.

٥- ئەو کێشانەی لەبازنەی خەلیلدا هاتوون، وا دەبێ بەرەو خوار دادەکشێن، واتە پێیەکانی دێرە شیعریان کەم دەبێتەوە، بەلآم قەت بەرەو هەوراز ناچن، واتە ژمارەی پێیەکانییان لە دێرە شیعر زیاد ناکات. کەچی لە فارسی و کوردیدا زۆرجار کێشە شەش پێیەکانی وەکو هەزەج و ڕەمەل و ڕەجەزو موزاریع و موجتەس دێرە شیعریان دەبێ بە هەشت پێ.

بەراورد کردنی بنەماکانی کێشی شیعری عەرەبی وفارسی وکوردی:

١- دەنگ: کێشی شیعر پەیوەندی بە دەنگەوە هەیە. لە هەموو زمانێکدا دوو جۆرە دەنگ هەیە: بزوێن و نەبزوێن. ژمارەو سیستەمی دابەش بوونی ئەم دوو جۆرە دەنگە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێ.

- بزوێن: لە عەرەبی و فارسیدا ژمارەیان شەشە، سێی درێژ (و، ا، ی) وسێی کورت (ـُ ، ـَ ، ـِ) کە ئەمانە تیپی تایبەتییان بۆ نەکراوە بە ڕەمز، بە نیشانە لەسەر تیپی پێش خۆیانەوە دادەندرێن. کورت و درێژی ئەم دوو جۆرە بزوێنە جیاوازە، نزیکەی دوو بەیەکە، واتە درێژەکان دوو هێندەی کورتەکانن. کورتی و درێژی هەریەکێکیشیان بە پێی دەنگی پێش خۆیان و دوای خۆیان تا ڕادەیەك دەگۆڕێ. کەچی لە کوردیدا ژمارەی بزوێنەکان لەمە زیاترە. تـوێژەرەوە کوردەکـان ژمـارەی بزوێنـەکانییان بـە (٨، ٩، ١٠) داناوە (٤٨). ئەم جیاوازییەی ژمارەی بزوێن لە بناغەوە کاردەکاتە سەر داڕشتنی بڕگەو ئینجا وشەو دواتریش ئاوازی سەراپای دێڕە شیعر. هەر بۆیەش زۆرجار لە شیعری عەرووزیدا ناچار دەبین بزوێنێکی کورت درێژ بکەینەوە، یان بزوێنێکی درێژ بە کورتی دەربڕین، تا کێشەکە بە دروستی بێت. ئەوەش هەیە کە بزوێن کرۆکی بڕگەو بنەمای ئاوازە، چونکە لە دەربڕینی ئەم دەنگانەدا جوولەی هەوا سەربەستی زیاتر تێدایە تا لەگەڵ نەبزوێنەکان.

- نەبزوێن: ژمارەو جۆری نەبزوێنی عەرەبی و فارسی و کوردی وەکو یەك نین. ئاشکرایە (ص، ض ، ط ، ظ ، ث ، ذ) لە فارسی و کوردیدانین. ئەگەر لە شیعردا وشەی واش بەکاربێ کە ئەم تیپانەی تێدابێ خوێندنەوەکەیان وەکو عەرەبی نییە. بەرامبەر بەمانە (پ ، چ، ڤ، گ ، ژ) (٤٩) لە فارسی و کوردیدا هەن و لە عەرەبیدا نین. ئەم جیاوازییەی نەبزوێنەکان کاردەکاتە سەر جیاوازی ئاوازی دەنگو بڕگەو وشەو پێ و دێرە شیعر.

٢- بڕگە: جگە لەوەی بڕگە بە گشتی ماناو پێناسەی خۆی هەیە، لە سنووری دەنگسازی هەر زمانێکیش خەسیەتی تایبەتی وەردەگرێ. لە عەرەبیدا ئەم جۆرە بڕگانە هەن:

١- نەبزوێن + بزوێنی درێژ.
٢- نەبزوێن + بزوێنی کورت.
٣- نەبزوێن + بزوێنی کورت + نەبزوێن.
٤- نەبزوێن + بزوێنی درێژ + نەبزوێن.
٥- نەبزوێن + بزوێنی کورت + نەبزوێن + نەبزوێن (٥٠).

باوترینی ئەم جۆرە بڕگانە (١، ٢، ٣) یەو پێنجەمیان زۆر کەمەو چوارەمیان ئاساییە. لە فارسیدا بڕگە بەم جۆرانە هاتووە:

١- نەبزوێنی + بزوێنی درێژ.

٢- نەبزوێن + بزوێنی کورت.

٣- نەبزوێن + بزوێنی کورت + نەبزوێن.

٤- نەبزوێن + بزوێنی درێژ + نەبزوێن.

٥- نەبزوێن + بزوێنی کورت + نەبزوێن + نەبزوێن.

٦- نەبزوێن + بزوێنی درێژ + نەبزوێن + نەبزوێن (٥١).

لە کوردیشدا بە شێوەیەکی سەرەکی ئەم جۆرە بڕگانە هەن:

١- نەبزوێن + بزوێنی کورت.

٢- نەبزوێن + بزوێنی درێژ.

٣- نەبزوێن + بزوێنی کورت + نەبزوێن.

٤- نەبزوێن + بزوێنی درێژ + نەبزوێن.

٥- نەبزوێن + بزوێنی کورت + نەبزوێن + نەبزوێن.

٦- نەبزوێن + بزوێنی درێژ + نەبزوێن + نەبزوێن.

٧- نەبزوێن + نەبزوێن + بزوێنی درێژ.

ئەم جیاوازییەی کە لە سیستەمی دابەش بوونی دەنگلە ناو بڕگەی عەرەبی و فارسی و کوردیدا هەیە کاردەکاتە سەر ئاوازو ڕیتمی کێشی شیعروو دەکا هەریەکە تایبەتێتی خۆی لە دروست کردنی جۆری کێشدا بپارێزێ.

٣- پێ (تفعیلە): پێیە بنچینەییەکانی زانستی عەرووز (دە) ن. ژمارەی بڕگەیان لە نێوان (٣،٤،٥) دایە. دەشێ بە هۆی زیحاف و عیللەوە ژمارەی بڕگەکانی هەر پێیەك زیاتریان کەمتر ببێ. فارس لە (١٦) کێشەکەی خەلیل (٥) کێشی بەراییان وەرنەگرتوە. ئەگەر نموونەشیان هەبێ زۆرکەمە. بۆیە دوو پێی (متفاعلن، مفاعلتن) کە تایبەتن بە (کامیل و وافیر) لە فارسیدا بەکارنەهاتوون. بەمەوەش پێیە عەرووزییەکانی فارسی دەبن بە هەشت پێ. لەکوردیدا جگە لە چەند نموونەیەکی کەمی کێشی کامیل کە (متفاعلن)ە ، کامیل و وافیر لە کوردیدا بەرچاو ناکەون، بۆیە پێی (متفاعلن، مفاعلتن) وەکو فارسی لە کوردیدا نین. جگە لەمانە لە کوردیدا (مفعولاتُ) یش بەو شێوە تەواوەی خۆی قەت بەکارنەهاتووە، بۆیە ئەم پێیەش لەکوردیدا دەچێتە دەرەوەو ژمارەی پێیەکان دەبن بە حەفت. جێی سەرنجە ئەو پێیانە هەربە ساغی بەکارنایێن. گۆڕانی زیحاف و عیللەیان دێتە سەر.

٤- زیحاف و عیللە: لە عەرەبیدا زیحاف و عیللە جیان. هەریەکە ئەرکێکی جیاواز دەبینێ و دەچێتە سەر پێی تایبەتییەوە. جیاوازی زیحاف و عیللە لە عەرەبی و فارسی و کوردیدا لەم لایەنانەدا دەردەکەوێ:

أ- لە عەرەبیدا تەنیا عیللە لازمەو قالبە کێش دروست دەکا. کەچی لە فارسی و کوردیدا بە زۆری زیحاف و عیللە ئەو دەورە دەگێڕن. بۆیە لە فارسیدا گرنگی بە جیاوازی نێوان عیللەو زیحاف نادەن و بەزۆری هەموو گۆڕانێک بە زیحاف و پێی گۆڕاو بە موزاحەف ناو دەبن.

ب- لە عەرەبیدا (١٢) زیحاف و (١٢) عیللەو (٢) عیللەی زیحافانە هەیە. کەچی لە فارسیدا وەک قەیسی ڕازی ژماردوویەتی ژمارەیان گەیشتۆتە (٣٥) کە ئەمانەن (٥٢):

(١- قبض، ٢-قصر، ٣- حذف، ٤- خبن، ٥- كف، ٦- شكل، ٧- خرم، ٨- خرب، ٩- شتر، ١٠ قطع، ١١- تشعيث، ١٢- طي، ١٣- وقف، ١٤- كشف، ١٥- صلم، ١٦- معاقبة، ١٧- صدر، ١٨- عجز، ١٩-طرفان، ٢٠- مراقبة، ٢١- اسباغ، ٢٢- اذالة، ٢٣- جدع، ٢٤- هتم، ٢٥- جحف، ٢٦- تخنيق، ٢٧- سلخ، ٢٨- طمس، ٢٩- جب، ٣٠- ذلل، ٣١- نحر، ٣٢- رفع، ٣٣- ربع، ٣٤-بتر، ٣٥- حذذ).

زۆر تۆژەرەوەی فارس وای بۆ دەچن کە عەرەب (٢٢) زیحاف و عیللەیان هەیەو فارس (١٣) یان زیاد کردووەو بووە بە (٣٥) زیحاف و عیللە (٥٣). ئەم قسەیەشیان لە قەیسی ڕازی وەرگرتووە (٥٤). ڕاستییەکەی لە عەرەبیدا ژمارەی گۆڕانەکان (٢٦)ن، بۆ ئەوانەی تریش هەندێ هەڵە هەن دەبێ ڕاست بکرێنەوە. لەو (٣٥) زیحاف و عیللانەی سەرەوە، ڕاستە (١-٢٢) عەرەبین بەلام هەموویان زیحاف و عیللە نین. (معاقبەو مراقبە) دوو حاڵەتی دووبارە بوونەوەی زیحافن. (صدرو عجز و طرفان) جۆری موعاقەبەن. لە (٢٣ - ٣٥) هەمووی بە زیحافی تایبەتی فارسی داناوە کەچی لەمانە (بتر و حذذ) لە عەرەبیدا هەن.

هەندێ لەو زیحاف وعیللانە، وەکوزاراوە لە عەرەبی و فارسیدا یەک شت نین. لە هەر یەکێکیاندا جۆرە شتێکەو دەچێتە سەر جۆرە پێیەک. بۆ نموونە (صلم) لە عەرەبیدا بریتییە لە فڕێدانی وەتەدی بلاو لە کۆتایی پێ و تەنیا دەچێتە سەر مفعولاتُ دەیکا بە (مفعو) و (فع لن) ی دەخرێتە جێ، کەچی هەمان زاراوە لە فارسیدا بریتییە لە کۆبونەوەی (حذف و قطع) و دەچێتە سەر (فاعلاتن) و دەیکا بە (فاعلْ) و (فع لن) ی دەخرێتە جێ کە ئەمەیان لە عەرەبیدا (بتر) ە). بەتر لە فارسیدا بوە بە (جب و خرم)و

دەچێتە سەر (مفاعیلن) و دەیکا بە (فع). جگە لەمانەش ڕازی ناوی عیللەی (ترفیل)ی هەر نەبردووە کە عیللەیەکی زیادەیە، لەکاتێکدا کە خۆی لەکێشی ڕەجەزدا باسی کردووە (٥٥). ئەو زیحاف و عیللانەی فارس زیادیان کردوون ئەمانەن: (شتر، جدع، هتم، جحف، تخنیق، سلخ، طمس، جب، ذلل، نحر، رفع، ربع). (صلم و بتر) ی عەرەبیشیان بۆ مانای تر بەکارهێناوە. ئەو زیحاف وعیللانەی لە شیعری کلاسیکی کوردی بەکارهاتوون ژمارەیان لە هی عەرەبی و فارسی کەمترە. هەندێکیان لە عەرەبیدا هەن و هەندێکیان لەوانەن کە لە عەرەبیدا نین و فارس دایان هێناون. ئەوانیش ئەمانەن: (قبض ، کف ، خبن، شکل، طی، قصر، قطع، حذف، خرب، اسباغ، اذالة، ترفیل، کسف، وقف، صلم (وەکو فارسی)، بتر (وەکو فارسی)، هتم، جب، زلل). لە نموونە کەمەکانی کێشی کامیلیش لە کوردیدا (اضمار) و (وقص)هەن. دەبێ ئەوەش بزانین لەمانە چواریان (هتم ، جب، ذلل ، بتر) لە کوردیدا تەنیا لە پێی چوارەمی لە تەکانی ئەو چوارینانە هاتوون کە لە سەر کێشی روباعی فارسی هۆنراونەتەوەو لە قەسیدەو غەزەلی کوردیدا زۆر کەم و دەگمەنن.

٥- دێرە شیعر: لە شیعری کلاسیکی عەرەبی و فارسی و کوردیدا دێر لە دوو لەت پێك دێ و ژمارەی پێیەکانیان بە قەد یەکترە. لە عەرەبیدا کێشەکانی بازنەی یەکەم و پێنجەم هەشت پێین وکێشەکانی بازنەی دووەم و سێیەم و چوارەم شەش پێین. لەبەکارهێناندا دەشێ ژمارەی پێیەکانیان کەم بکرێتەوە بەلاّم قەت زیاد ناکرێ، کەچی لە فارسی و کوردیدا دەشێ ژمارەی پێیەکان زیاد، یان کەم بکرێ. لە عەرەبیدا دێرە شیعر تووشی تەجزیەو تەشتیرو نەهك دەبێ، کەچی لە فارسی و کوردیدا تەنیا تەجزیە هەیە. تەشتیرو نەهك بەرچاو ناکەون. لە عەرەبیدا عیللەی زیادە (اسباغ واذالة و ترفیل) تەنیا دەچنە سەر ئەو دێرانەی پێیەکانیان کەم کراوەتەوە ئەویش وەکو پڕکردنەوەیەك بۆ کەم کردنەوەی ژمارەی پێیەکان وایە، کەچی لەکوردیدا جاری وا هەیە پاش زیادکردنی ژمارەی پێیەکان ئینجا عیللەی زیادەشی دەچێتە سەر. ئەمە نیشانەی پشوودرێژی شاعیری کوردە لە شیعر هۆنینەوەدا. وەکو حەمدی دەڵێ:

نە عەقلم پی دەمێنێت و نەدەممێنێ زمانی عەرض

ب - - - ا ب - - - ا ب - - - ا ب - - - ا.

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان

که دەیبینم بلێم چی نیمە یارایی بەیانی عەرض (٥٦)

ب - - - ا ب - - - ا ب - - - ا ب - - - ا

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان

عەرووزو زەرب تووشی عیللەی (اسباغ) هاتوون، کەزیادکردنی تیپێکی وەستاوە بۆ سەبەب لەکۆتایی پێدا. زۆر جار بە هۆی عیللەوە دێرە شیعری عەرەبی دەکەوێتە قالبی واوە کە جیاوازی ژمارەی بڕگەکانی هەردوو لەتی دەگاتە سێ بڕگە. ئەم دیاردەیە لە دێرە شیعری عەرەبیدا زۆر دووبارە دەبێتەوە، وەکو ئەم دێرە کە لەسەر کێشی کاملی مەجزووئە:

قسما بکل مجند فی کف مقدام (٥٧)

ب ب - ب - ا ب ب - ب - ب - ا - - ب - ا - - ا

متفاعلن متفاعلن مستفعلن فع لن

لە لەتی دووەمدا پێی یەکەم تووشی (اضمــار) بووە و بۆتە (متْفاعلن)، وگۆڕاوە بۆ (مستفعلن). زەربەکەیشی تووشی (اضمار و حذذ) بووە و ماوەتەوە (متْفا) وگۆڕاوە بۆ (فع لن). ئەمانە چەندگۆڕانێکی ڕێگە دراون بەڵام دەبن بەهۆی جیاوازی ژمارەی بڕگەی هەردوو لەت. لەتی یەکەم (١٠) بڕگەیە، کەچی لەتی دووەم (٧) بڕگەیە. ئەم جیاوازییەی ژمارەی بڕگەی هەردوو لەتە دێرلە فارسی وکوردیدا لەیەك بڕگە تێ ناپەڕێ. لە فارسیدا وەکو:

جرم خورشید چواز حوت در ایدبحمل

- ب - - ا ب ب - - ا ب ب - - ا ب - - ا = (١٥) بڕگە

فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

اشهب روز کند اد هم شب را ارجل (٥٨)

- ب - - ا ب ب - - ا ب ب - - ا - - ا = (١٤) بڕگە

فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن

لەتی یەکەم (١٥) بڕگەیەو لەتی دووەم (١٤) بڕگەیە. جیاوازییەکە لەوەوە هاتووە کە عەرووز تووشی خەبن و حەزف بووە (فاعلاتن) بووە بە (فعلن) کە (٣) بڕگەیە، کەچی زەرب تووشی سەلم بووە (فاعلاتن) بووە بە (فع لن) کە (٢) بڕگەیە. ئەم جیاوازییە یەك لەکوردیشدا هەیەو هەر لە عەرووز و زەربی مەخبوونی مەحزووف و سەلمدا دەبێ وەکو نالی دەڵێ:

بەحسی سرری دەهەنی نوقتە بە نوقتە بگەڕێی

- ب - - ا ب ب - - ا ب ب - ب ا ب ب - ا = (١٥) بڕگە

فاعلاتن فعلاتن فعلاتُ فعلن

سەری موویێ نییە بێ نوکتە لە دیوانمدا (٥٩)

ب ب - - ا ب ب - - ا ب ب - - ا - - ا= (١٤) بڕگە

فعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن

پێی سێیەمی لەتی یەکەم جگە لە خەبن، کەفیشی هاتۆتە سەر (خەبن+ کەف=شەکل) تووشی شەکل بووە.

٦-قالبە کێشەکان:

هەر کێشێك لەوکێشانەی لە عەرەبی، یان لە فارسی و کوردیدا بەکارهاتوون چەندقالبێکیان هەیە، بەلاٌم بنەمای دروست بوونی قالبەکێش لە عەرەبیدا جیایە تا لە فارسی و کوردیدا. لە عەرەبیدا قالبە کێش بەو عیللانە دروست دەبێ کە دەچنە سەر عەرووزو زەرب، چونکە کە لە پێی دێری یەکەم هاتن لە هەموودێرەکانی تر دووبارە دەبنەوەو لەنگەری قالبەکە ڕادەگرن. بۆ نموونە ئەمە چەندقالبێکی کێشی ڕەمەلە لە عەرەبیدا:

- فاعلاتن فاعلاتن فاعلن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن
- فاعلاتن فاعلاتن فاعلن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
- فاعلاتن فاعلاتن فاعلن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن (٦٠)

واتە ڕەمەل لە عەرەبیدا یەك عەرووز (فاعلن) و سێ زەرب (فاعلاتن فاعلان فاعلن) ی هەیە.

کەچی لە فارسی وکوردیدا دروست بوونی قالبە کێش، نەك هەر بە عیللەی عەرووزو زەرب دەبێ، بەڵکو بەزیحاف و عیللەی هەموو پێیەکانی دێرە شیعر دروست دەبێ. بۆ نموونە ئەمە قالبێکی کێشی موقتەزەبە لە فارسیدا کەبە زیحاف و عیللە دروست بووین:

- فاعلاتُ مفتعلن فاعلاتُ مفتعلن ×٢
- فاعلاتُ مفتعلن فاعلان ×٢
- مفعولُ مستفعلن مستفعلن ×٢ (٦١)

لە قالبی یەکەمدا هەموو پێیەکان زیحافی تەیان هاتۆتە سەر.(مفعولات) بووە بە (مفعلات) و گۆڕاوە بۆ (فاعلاتُ). (مستفعلن) تەی هاتۆتە سەر، بۆتە (مستعلن)وگۆڕاوە بۆ(مفتعلن). بەمەوە دیارە زیحاف (تەی) نەك عیللە، قالبەکەی دروست کردووە کەلە عەرەبیدا شتی وا نابێ. لەکوردیشدا وەکو فارسی قالبەکێش بە زیحاف وعیللەی هەموو پێیەکان دروست دەبێ. ئەمەش نموونەی چەند قالبێکی کێشی موزاریع لە کوردیدا:

- مفعولُ فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لن ٢×
- مفعولُ فاع لاتُ مفاعیلُ فاع لان ٢×
- مفعولُ فاع لاتن مفعولُ فاع لاتن ٢×

پێی یەکەم خەربی هاتۆتە سەر، کەعیللەیەکی زیحافانەیە لە عەرەبیدا، پێیدووەم وسێیەم لە قالبی یەکەم و دووەمدا کەفییان هاتۆتە سەر، پێی چوارەم لەقالبی یەکەم حەزفی هاتۆتە سەر، لە قالبی دووەم قەسری هاتۆتە سەر. بەم جۆرە لەکوردیش وەکو فارسی، نەك وەکو عەرەبی، قالب بەزیحاف و عیللەی هەموو پێیەکان دروست دەبێ.

بەراورد کردنی کێشە عەروزییە باوەکانی کوردی لەگەڵ کێشەکانی عەرەبی و فارسی

بۆ بەراورد کردنی قالبە کێشە عەروزییەکانی شیعری عەرەبی و فارسی و کوردی. لە عەرەبی (الارشاد الشافي) ی (الدمنهوری) و لە فارسی (**المعجم فی معاییر اشعار العجم**) ی (قیس الرازي) و لەکوردی بابەتی (**کێشە عەروزییە باوەکانی شیعری کوردی**) ی ئەم نامەیەمان وەرگرتووە.

١- کێشی هەزەج:

ئەم کێشە لە فارسیدا زۆر کۆنەو لەپێش ئیسلامدا نموونەی هەبووە [٦٢]. لە کوردیشدا لەکێشە هەرە باوەکانە، کەچی لە عەرەبیدا زۆر کەم بەکارهاتووە. هەزەج لە عەرەبیدا دووقالبی هەیە:

١- مفاعیلن مفاعیلن ×٢

٢- مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن [٦٣]

ـه فارسیدا، قەیسی ڕازی، جگە لەکێشی ڕوباعی، (٢٤) قالبی تری بۆ قەسیدەو غەزەل
ـدەست نیشان کردووە کە ئەمانەن:

١- مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن ×٢
٢- مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلْ ×٢
٣- مفاعیلُ مفاعیلُ مفاعیلُ مفاعیلْ ×٢
٤- مفاعیلُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن ×٢
٥- مفاعیلن مفاعیلُ مفاعیلن مفاعیلُ ×٢
٦- مفعولُ مفاعیلن مفعولُ مفاعیلن ×٢
٧- مفعولُ مفاعیل مفاعیل مفاعیلن ×٢
٨- مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ مفاعیلْ ×٢
٩- مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن ×٢
١٠ مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن ×٢
١١- مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلْ ×٢
١٢- مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن ×٢
١٣- مفاعیلُ مفاعیلُ مفاعیلْ ×٢
١٤- مفاعیلُ مفاعیلُ فعولُ ×٢
١٥- مفعولُ مفاعلن مفاعیلن ×٢
١٦- مفعولُ فاعلن مفاعیلن ×٢
١٧- مفعولُ مفاعلن فعولن ×٢
١٨- مفعولُ مفاعیلُ فعولن ×٢
١٩- مفعولُ مفاعلن مفاعیلان ×٢
٢٠- مفاعیلن مفاعیلن ×٢
٢١- مفاعیلُ فعولن ×٢
٢٢- مفعولُ مفاعیلن ×٢
٢٣- مفعولُ مفاعیلْ ×٢
٢٤- مفاعیلن فعولن ×٢ (٦٤).

-هەزەج لەکوردیدا وەك لە پشکنینی دیوان و کۆمەڵە شیعرەکاندا دەردەکەوێ (١٦) قالبی باوی هەیە، کە ئەمانەن:

١- مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان ×٢

٢- مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن ×٢

٣- مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلْ ×٢

٤- مفعولُ مفاعیلن مفعولُ مفاعیلن ×٢

٥- مفعولُ مفاعیلن مفعولُ مفاعیلُ ×٢

٦- مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلْ ×٢

٧- مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن فعولن ×٢

٨- مفاعیلن فعولن مفاعیلن مفاعیلْ ×٢

٩- مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ مفاعیلْ ×٢

١٠- مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن ×٢

١١- مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان ×٢

١٢- مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلْ ×٢

١٣- مفاعیلن مفاعیلن فعولن ×٢

١٤-مفعولُ مفاعلن مفاعیلْ ×٢

١٥- مفعولُ مفاعلن فعولن ×٢

١٦- مفاعیلن مفاعیلن ×٢

<u>بەراورد:</u> لە بەراوردکردنی قالبەکانی هەزەج لە عەرەبی و فارسی وکوردیدا دەردەکەوێ کە :

١- یەك قالبی هاوبەش لە هەرسێ زماندا هەیە. لە عەرەبیدا ژمارە (١)، لە فارسیدا (٢٠)، لە کوردیدا (١٦).

٢- جگە لەو قالبەی کە هەرسێ زمان تێیدا بەشدارن، (٩) قالبی هاوبەشی تر لە فارسی وکوردیدا هەن. لە فارسیدا ئەمانەن: (١،٢، ٦، ٨، ٩، ١٠، ١٢، ١١، ١٧) کە بەڕیز یەك لە دوای یەك بەرامبەر بەم قالبە کوردییانە دەوەستن : (٢، ٤، ٦، ٩، ١٠، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥).

٣- عەرەب یەك قالبی تایبەتی بە خۆی هەیە (٢)، کە فارس و کورد بەکاریان نەهێناوە.

٤- فارس (١٤) قالبی سەربەخۆیان داڕشتووە کەلە عەرەبی و کوردیدا بەرامبەریان نییە: (٢٣،٢٢،٢١،٢٠،١٩،١٨،١٦،١٥،١٤،١٣،٧،٥،٤،٣).

٥- کورد شەش قالبی تایبەتی بە خۆی هەیە کە لە عەرەبی و فارسیدا بەرامبەریان نییە: (١١،٨،٧،٥،٣،١).

زیحاف و عیللەکانی ئەم کێشە لە هەرسێ زماندا:

لە عەرەبیدا : کەف و قەبزو خەرم وشەتروخەرب .(٦٥)

لە فارسیدا: قەبزو کەف و خەرم وتەخنیق وخەرب وحەزف وقەسرو شەترو ئیسباغ و هەتم و جوب و زەلەل و بەتر .(٦٦)

لەکوردیدا : کەف و قەبزو خەرب و حەزف و قەسرو ئیسباغ و هەتم و جوب و زەلەل و بەتر.

لە عەرەبیدا: (٥) و لە فارسیدا (١٣) و لە کوردیدا (١٠) زیحاف و عیللە هەن. ئەوانەی کوردی هەر هەموویان لەگەڵ ئەوانەی عەرەبی و فارسیدا هاوبەشن.

ئێستاش نموونەی شیعریی بۆ قالبە هاوبەشەکان:

*ئەوقالبەی لە هەرسێ زماندا هاوبەشە (مفاعیلن مفاعیلن)×٢.

لە عەرەبیدا، وەکو (صفي الدين الحلي) دەڵێ:

اذا لم تقض ان اسعد فلا تقض بأن اشقى(٦٧)

لە فارسیدا وەکو:

دگر کردی روا باشد دلم غمگین چرا باشد(٦٨)

لەکوردیدا وەکو جاهید دەڵێ:

دەبا لاچێ کەمێ زەحمەت غەریقی بەحری ڕەحمەت بین(٦٩)

*قالبە هاوبەشەکانی نێوان فارسی و کوردی:

١-(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)×٢.

لە فارسیدا وەکو حافیز دەڵێ:

اگر آن ترک شیرازی بدست آرد دل مارا
بخال هندوش بخشم سمرقند و بخارا را(٧٠)

لە کوردیدا وەکو جزیری دەڵێ:

گەلۆ دیسا ببینم ئەز چرایێ وەسلەتێ هل بت
بسۆژم شبهێ پەروانێ د بەروێ نوور و شەوقی دا(٧١)

٢-(مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعلْ)×٢. له فارسيدا وەكو:

نـيگارينا اگر با مــن نـدارى در دل آزار
بقول دشمنان از من چه كردى خيره بيزار (٧٢).

له كورديدا وەكو خاديم دەڵێ:

له سەحرابى جنون وەك حەلقەيى چاوى غەزالان
بە زنجيرى دوزولفت دڵ وەكو ديوانــە ڕەققــاس (٧٣)

٣-مفعولُ مفاعيلن مفعولُ مفاعيلن × ٢. لەفارسيدا وەكو :

گريارى نگارينم درمن نگرانستى بار غم عشق او برمن نەگرانستى (٧٤)

لەكورديدا وەكو نالى دەڵێ :

سەوداسەرەكەى زولفت ئەزهارى لەكن پەشمە
دور لەو گوڵە يەعنى ڕووت گوڵزارى لەكن پەشمە

٤-مفعولُ مفاعيلُ مفاعيلُ مفاعيلْ × ٢.

لەفارسبدا وەكو ڕودەكى دەڵێت :

من هست وارم هست و بت لاله رخى هست
غم نيست وگرهست نصيب دل اعد است (٧٦)

له كورديدا وەكو مەحوى دەڵێ:

نسبەت بدرێ حوورو پەرى كه بە لەتۆ چوون
باڵيده دەبن تا دەگەنە ئەوجى لە خۆ چوون (٧٧)

٥- مفعول مفاعيلُ مفاعيلُ فعولن × ٢.

له فارسيدا وەكو:

اى ملك ترا عرصه عالم سركوئى وزملك تو تاملك سليمان سرمولى (٧٨)

له كورديدا وەكو تاهير بەگى جاف دەڵێ:

قوربانى ڕوخت بم كه شكستى بە قەمەردا
حەيرانى لەبت بم كه ڕەواجى بەشەكەردا (٧٩)

٦- مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلْ × ٢.

له فارسيدا وەكو:

أگر در حيز گيتى كمالست ز آثار كمال الدين خالست (٨٠)

له كورديدا وەكو احمد مختار دەڵێ:

نموونەی چاوو ڕووتن مانگ و پەروین   نەخۆشە دڵ لە لێوت بێنە هەنگوین (٨١)

٧- مفاعیلن مفاعیلن فعولن × ٢.

لە فارسیدا حافیز دەڵێ:

بتیغم گر زند دستش نگیرم   وگر تیرم زند منت پذیرم (٨٢)

لە کوردیدا وەکو بێخود دەڵێ:

بەتاریکی دەروونم گەر بزانی   هەتا ڕۆژ وەك چرا پەروانە ئەگری (٨٣)

٨- مفعولُ مفاعلن فعولن × ٢.

لە فارسیدا وەکو:

ای جان و جهان من کجائی   وی راحت جان من کجائی (٨٤)

لە کوردیدا وەکو خانی دەڵێ:

ئەی خامە تەژی گەلەك درێژ کر   ئەڤ نامە بەسە تە پڕ قرێژ کر (٨٥)

٩- مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن × ٢.

لە فارسیدا وەکو:

نگارینا چرا بر من نسازی   بحسن خود چرا چندین منازی (٨٦)

لە کوردیدا وەکو:

گەلێ شوکری خودا کەن ئەی گەلی کوردان
کە بەختی بەد بەری دان و لە خەو هەلسان (٨٧)

سەرنج: عەروز و زەربی لە نێوان مەحزووف و مەقسوور دان.

٢- کێشی ڕەجەز:

ئەم کێشە لە عەرەبیدا کۆنترین کێشەو بە بنچینەی پەیدا بوون و پەرەسەندنی قەسیدە دادەندرێ. لە فارسیدا لە کێشە باوەکانەو لە کوردیشدا زۆر بەکارهاتوە، بەلام زیاتر لەگەڵ خەسیەتی دەنگی زاری کرمانجی سەروو دەگونجێ بۆیە لەکوردیدا لەو زارە زیاتر بەکارهاتوە تا لە زارەکانی تر. ڕەجەز لەعەرەبیدا (٥) قالبی هەیە کە ئەمانەن:

١- مستفعلن مستفعلن مستفعلن   مستفعلن مستفعلن مستفعلن
٢- مستفعلن مستفعلن مستفعلن   مستفعلن مستفعلن فعولن
٣- مستفعلن مستفعلن   مستفعلن مستفعلن
٤- مستفعلن مستفعلن مستفعلن

٥- مستفعلن مستفعلن (٨٨)

-له فارسیدا ڕەجەز (١٩) قالبی هەیە :

١- مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن ×٢

٢- مفتعلن مفتعلن مفاعلن مفتعلن ×٢

٣- مفاعلن مفتعلن مفتعلن مفتعلن مفاعلن مفتعلن مفاعلن مفتعلن

٤- مفتعلن مفاعلن مفتعلن مفاعلن ×٢

٥- مستفعلن مستفعلن مستفعلن ×٢

٦- مستفعلن مستفعلن فعولن ×٢

٧- مفتعلن مفتعلن مفعولن ×٢

٨- مفاعلن مفاعلن ×٢

٩- مفتعلن مفاعلن مفاعلن ×٢

١٠- مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن فعولن

١١- مستفعلن مستفعلن مستفعلان ×٢

١٢- مفتعلن مفتعلن مفتعلان مفاعلن مفتعلن مفتعلان

١٣- مستفعلن مفتعلن مفاعلان ×٢

١٤- مفاعلن مفتعلن مفاعلان مفاعلن مفتعلن مفاعلن

١٥- مستفعلن مستفعلن مستفعلاتن ×٢

١٦- مستعلن مستفعلن ×٢

١٧- مفتعلن مفتعلن مفتعلن مفعولن

١٨- مستفعلن مستفعلاتن ×٢

١٩- مستفعلن مستفعلاتان ×٢ (٨٩)

-کەچی ڕەجەزلە کوردیدا (٨) قالبی هەیە :

١-مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلان ×٢

٢-مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن ×٢

٣-مفتعلن مفاعلن مفتعلن مفاعلن ×٢

٤-مفاعلن مفاعلن مفاعلن مفاعلن ×٢

٥-مستفعلن مستفعلن مستفعلن ×٢

٦-مستفعلاتن مستفعلاتن ×٢

٧-مفاعلاتن مفاعلاتن × ٢

٨-مستفعلان مستفعلان × ٢

بەراورد :

بەراورد کردنی قالبەکانی ڕەجەزلەم سێ زمانەدا دەری دەخا کە :

١-دوو قالبی هاوبەش لە هەرسێ زماندا هەیە. لە عەرەبیدا (١،٥) لە فارسیدا (٥ ، ١٦) ، لە کوردیدا (٨،٥).

٢-جگە لەم دوو قالبە هاوبەشەی نێوان هەرسێ زمان، دوو قالبی تری هاوبەش لە نێوان فارسی و کوردیدا هەن. لە فارسیدا (٤،١) ، لە کوردیدا (٣،٢).

٣-لە عەرەبیدا سێ قالبی تایبەتی هەن کە لە فارسی و کوردیدا بەکار نەهاتوون (٢، ٣ ، ٤).

٤-لە فارسیدا (١٥) قالبی تایبەتی هەن کە لە عەرەبی و کوردیدا نین (٢ ، ٣، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٧، ١٨، ١٩).

٥-لە کوردیدا چوار قالبی تایبەتی هەن نموونەیان لە عەرەبی و فارسیدا نییە (١، ٤، ٦، ٧).

زیحاف و عیللەکانی ڕەجەز لە هەرسێ زماندا:

لە عەرەبیدا : خەبن، تەی، خەبل ، قەتع ، تەخلیع ، ازالە (٩٠).

لە فارسیدا: خەبن ، تەی، قەتع، ئیزالە، تەرفیل، تەخلیع (٩١).

لە کوردیدا : خەبن ، تەی، ئیزالە ، تەرفیل.

زیحاف و عیللەی هەرسێ زمان هەر ئەوانەن کە لەزانستی عەرووزی خەلیلدا بەکارهاتوون.

* نموونەی کێشە هاوبەشەکانی هەرسێ زمان:

١- مستفعلن مستفعلن × ٢.

لە عەرەبیدا وەکو:

دار لسلمی اذ سلیمی جارة   قفر تری آیاتها مثل الزبر (٩٢)

لە فارسیدا وەکو:

دل بر گرفت از من بتم یکبارگی   جاوید ماندم من درین بیچارگی (٩٣)

لە کوردیدا وەکو نامی دەڵێ:

وججودی واجب هات لەسەرئیرشادی تۆ تەوحیدی زاتی حەق لەسەرئیمدادی تۆ (٩٤)

٢- مستفعلن مستفعلن × ٢. لە عەرەبیدا وەکو:

قد هاج قلبی منزل   من ام عمرو مقفر (٩٥)

لە فارسیدا وەکو:

ای بهتراز هر داوری   بگشای کارم را دری (٩٦)

لە کوردیدا وەکو حەمدی دەڵێ:

تۆ ماهی و من ئەختەرت   تۆ شاهی و من ئەفسەرت (٩٧)

* نموونەی کێشە هاوبەشەکانی نێوان کوردی و فارسی:

١- مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن × ٢

لە فارسیدا وەکو ئەمیری معزی دەڵێ:

أی ساربان منزل مکن جز بر دیار یار من تایك زمان زاری کنم بر ربع واطلال ودمن (٩٨)

لە کوردیدا وەکو مەلای جزیری دەڵێ:

من دی سەحەرشاهی مەجەرلەبسی دبەرمەخموور بوو

ئەو دیم زەری سوڕ موشتەری، یاڕەب پەری یا حوور بوو؟ (٩٩)

٢- مفتعلن مفاعلن مفتعلن مفاعلن × ٢.

لە فارسیدا وەکو:

برشوم از نشاط دل وقت سـحر بمنظره

پشت بسوی درکنم روی بسوی پنجره (المعجم ١٢٨)

لە کوردیدا وەکو نالی دەڵێ:

تووتی یی تۆلەحیرسی دڵ بەندی تەمەع دەکاتە مل

بولبولی من لە عیشقی تۆلە تەغنییەو و تەرەب دەکا (نالی ل. ٥٣).

٣- کێشی ڕەمەل: ئەم کێشە لەهەرسێ زمانی عەرەبی و فارسی و کوردیدا باوەو لە هەر یەکێکیاندا بە چەند قالبێکی جیاواز هاتووە.

ڕەمەل لە عەرەبیدا (٦) قالبی هەیە:

١- فاعلاتن فاعلاتن فاعلن   فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

٢- فاعلاتن فاعلاتن فاعلن   فاعلاتن فاعلاتن فاعلان

٣- فاعلاتن فاعلاتن فاعلان × ٢

٤- فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتان

٥- فاعلاتن فاعلاتن × ٢

٦- فاعلاتن فاعلن × ٢ (١٠٠)

-كەچی کێشی ڕەمەل لە شیعری فارسیدا (٢٤) قالبی وەرگرتووە:

١- فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن × ٢

٢- فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان × ٢

٣-فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن × ٢

٤- فعلاتُ فاعلاتن فعلاتُ فاعلاتن × ٢

٥- فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع × ٢

٦- فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن

٧- فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاع × ٢

٨- مفعولن مفعولن مفعولن فع لان × ٢

٩- فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعل × ٢

١٠- فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلان فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعل

١١- فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن × ٢

١٢- فاعلاتن فاعلاتن فاعلان × ٢

١٣- فعلاتن فعلاتن فع لن × ٢

١٤- فاعلاتن فعلان فعلان × ٢

١٥- فاعلاتن فعلاتن فع لان فاعلاتن فعلاتن فعلان

١٦- فاعلاتن فعلاتن فعليياتن فاعلاتن مفعولن فعليياتن

١٧- فاعلاتن فاعلاتن فع × ٢

١٨- فاعلاتن فاعلاتن فاعلن × ٢

١٩- فاعلاتن فاعلاتن فاعليياتان × ٢

٢٠- فعلاتن فاعلاتُ فاعلان فاعلاتن مفعولن فعلان

٢١- فاعلاتن فعلاتُ فاعليان × ٢

٢٢- فعلاتن فعلاتن فاعلن فعلاتن فعلاتن فعلاتن

٢٣- فاعلاتن فاعلاتن × ٢

٢٤- فعلاتن فعلاتن × ٢ (١٠١)

-ڕەمەل لە کوردیدا (١٥) قالبی جۆراو جۆری هەیە:

١- فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن × ٢

٢- فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان × ٢

٣- فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلان × ٢

٤- فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن × ٢

٥- فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن × ٢

٦- فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن × ٢

٧- فعلاتُ فاعلاتن فعلاتُ فاعلاتن × ٢

٨- فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتان × ٢

٩- فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتُ × ٢

١٠- فاعلاتن فاعلاتن فاعلانْ × ٢

١١- فاعلاتن فعلاتن فعلان × ٢

١٢- فاعلاتن فاعلاتن فاعلن × ٢

١٣- فاعلاتن فعلاتن فعلن × ٢

١٤-فاعلاتن فعلاتن فع لن ×٢

١٥- فاعلاتن فاعلاتن × ٢

بەراورد: بەراورد کردنی قالبەکانی ڕەمەل لە عەرەبی و فارسی و کوردیدا دەری دەخا کە:

١- دوو قالبی هاوبەش لە هەرسێ زماندا هەیە. لە عەرەبیدا (٣،٥) لە فارسیدا (١٨، ٢٣) ، لەکوردیدا (١٢، ١٥).

٢- جگە لەو دوو قالبەی لە هەرسێ زماندا هاوبەشە، فارسی و کوردی لە هەشت قالبی تردا هاوبەشن، لە فارسیدا (١، ٢، ٣، ٦، ١٠، ١٢، ١٣، ١٥). کە لە کوردیدا بە رامبەریان ئەمانەن: (١، ٢، ٤، ٥، ٣، ١٠، ١٤، ١١).

٣- لە عەرەبیدا (٤) قالب هەن لە فارسی و کوردیدا بەکار نە هاتوون (١، ٢، ٤، ٦).

٤- لە فارسیدا (١٤) قالب هەن لە عەرەبی و کوردیدا بەرامبەریان نییە (٤، ٥، ٧، ٨، ٩، ١١، ١٤، ١٦، ١٧، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٤).

٥- لە کوردیدا (٥) قالبی تایبەتی هەن کە لە عەرەبی و فارسیدا بەرامبەریان نییە: (٦، ٧، ٨، ٩، ١٣).

زیحاف و عیللەکانی ڕەمەل لە هەرسێ زماندا:

لە عەرەبیدا : حەزف ، قەسر ، خەبن ، کەف ، شەکل ، تەشعیس.(١٠٢)

لە فارسیدا: خەبن ، شەکل ، قەسر، حەزف ، سەلم ، تەشعیس، جەحف، ئیسباغ، ڕەبع ، (موعاقەبەت، سەدر، عەجز، تەرەفان) (١٠٣).

لەکوردیدا: خەبن، کەف ، شەکل، حەزف، قەسر ، سەلم، ئیسباغ.

* نموونەی قالبە هاوبەشەکانی ڕەمەل لە هەرسێ زماندا:

١- فاعلاتن فاعلاتن فاعلن × ٢ .

لە عەرەبیدا وەك :

لا تقل اصلی و فصلی دائبا　　　انما اصل الفتی ما قد حصل (١٠٤)

لە فارسیدا وەکو جلال الدین الرومی دەڵێ:

بشنو از نی چون حکایت میکند　　　از جد اییها شکایت میکند (١٠٥)

سەراپای مەسنەوی بەم کێشە هۆنراوەتەوە بەڵام عەرووزو زەرب لە نێوان مەحزووف و مەقسووردان. لەکوردیدا وەکو جزیری دەڵێ:

مەی نە نۆشی شێخی سەنعانی غەلەت

ئەو نەچوو نێڤ ئەرمەنستانێ غەلەت (١٠٦)

٢- فاعلاتن فاعلاتن × ٢ .

لە عەرەبیدا وەکو :

ما لخدیك استعارا　　　حمرة الورد النضیر (١٠٧)

لە فارسیدا وەکو:

من همیشه مستمندم　　　وزغم عشقت نذندم (١٠٨)

لە کوردیدا وەکو لوتفی دەڵێ:

دەستە ئەژنۆ و قوڕبەسەر خۆم　　　ماڵ وێران و ڕەنج خەسەر خۆم (١٠٩)

* نموونە بۆ کێشە هاوبەشەکانی نێوان فارسی و کوردی:

١- فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن × ٢ .

لە فارسیدا وەکو:

باز دریوشید گیتی تازەو رنگین قبایی

عالمی را کرد مشکین بوی زلفی آشنایی (١١٠)

لەکوردیدا وەکو جزیری دەڵێ:

هەر دڵێ سوتی بئولفێ یار نەدەرمان کەت بزولفێ

تا ئەبەد ئەو بەندو قولفێ عیشق دەردەك بێ وەفایە (١١١)

٢- فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان × ٢ .

لەفارسیدا حافیز دەڵێ:

گفتم أی سلگان خوبان رحم کن براین غریب

گفت ور دنبال دل رە گوم کند مسکین غریب (١١٢)

لە کوردیدا وەکو بێکەس دەڵێ:

هەردوو گوێم پڕبوو لە باسی وەعزو سەرفترەو زەکات

هەر هەواڵی حەشرو نەشرم پێ دەڵێ تاکوو مەمات (١١٣)

٣- فاعلاتن فاعلاتن فاعلن × ٢ .

لە فارسیدا وەکو:

حبذا بزمی کزو هر دم دگرگون زیوری اسمان بر عالمی بندد زمین بر کشوری (١١٤)

لە کوردیدا وەکو شاهۆ دەڵێ:

کورنە ئەمڕۆ فرسەتە پیاو بن لە دەستی دەرمەکەن

پشتی یـــەکبگرن بە فیشالی درۆ بـــــاوەڕ مەکەن (١١٥)

٤- فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن × ٢.

لە فارسیدا، وەکو:

جرم خورشید چواز حوت در اید بحمل

اشهب روز کند ادهم شب را ارجل (١١٦)

لە کوردیدا وەکو سالم دەڵێ:

ڕەوشەنی داوە بە دڵ ڕەوزەنی سینەم لە خەدەنگ

دەك ئیلاهی نەڕزێ دەســــــتی کەمانت لە گلاً(١١٧).

٥- فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلان × ٢ .

لە فارسیدا، وەکو:

خردش بایدا ازاین پیش کی بس بی خرد ست
نکشد عاشق اگر هـیـج خـرد دار دی (۱۱۸)

لەکوردیدا وەکو فانی دەڵێ:

بولبولی دڵ کـــه فیراقت وەکو دێـوانەیە ئۆف
گیان لە تاو شەمعی جەمالت وەکو پەروانەیە ئۆف (۱۱۹)

٦- فاعلاتن فعلاتن فع لن × ٢ .

لە فارسیدا، وەکو:

دلم أی دوست توداری دانی   جان ببر نیز نمی توانی (۱۲۰)

